حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان

# نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا

نامەیەکە

**شیلان رحیم ابراهیم**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت:
پ.ی.د.کاروان عومەر قادر

(٢٧١٩)ی کوردی (٢٠١٩)ی زایینی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا) لە لایەن (شیلان رحیم ابراهیم)ەوە بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا.

ناو : پ.ی.د.کاروان عومەر قادر

رۆژ : ٥/ ١١ / ٢٠١٩

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو:پ.ی.د کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی کوردی

رۆژ : ٥/ ١١ /٢٠١٩

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو : پ.د.بەکر عومەر عەلی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ :      /      /٢٠١٩

ناو : پ.د.قەیس کاکل تۆفیق
ئەندام
ڕۆژ :      /      /٢٠١٩

ناو : پ .د. ئەبوبەکر عومەر قادر کاکە
ئەندام
ڕۆژ :      /      /٢٠١٩

ناو : پ .ی.د. مهاباد کامل عبدالله
ئەندام
ڕۆژ :      /      /٢٠١٩

ناو : : پ .ی. د. محمد عومەر عەول
ئەندام
ڕۆژ :      /      /٢٠١٩

ناو : : پ .ی. د. کاروان عومەر قادر
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ :      /      /٢٠١٩

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان پەسەندکرا.

ناو : پ . د. عبدالقادر حمە أمین محمد
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ :      /      /٢٠١٩

# ئەم نامەیە پێشکەشە بە

- ڕەوانی پاکی باوکم
- دایکی خۆشەویستم
- خۆشەویستەکانم ( ئاکۆ ، لانی ، لیان)
- برا و خوشکە ئازیزەکانم

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ :

- ڕاگرایەتی کۆلێجی ئەندازیاری و بەشی ئاودێری، کە بۆ خوێندنەکەم ڕەزامەندییان نیشاندا.
- ڕاگرایەتی کۆلیجی زمان و بەشی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنی دکتۆرایان بۆ ڕەخساندم .
- بەڕێز (پ.ی.د.کاروان عومەر قادر)، کە سەرپەرشتیکردنی نامەکەی لە ئەستۆگرت و بەردەوام هاوکار و ڕێنیشاندەرم بووە.
- بەڕێز (پ.ی.د.ئاکۆ ڕەشید حەمە) بۆ هەموو پاڵپشتی و هاوکاریکردنەکانی.
- دادوەرە بەڕێزەکان ( جاسم جەزا جافر سەرۆکی دادگای سلێمانی، د.سەردار عەلی عەزیز، ئیسماعیل عومەر ئەحمەد)،لەگەڵ پارێزەران (چۆمان عبدالله شیکە، هێرۆ ئەبوبەکر حمە مراد).
- شەنەخان.

**لیستی زاراوەکان**

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Semantic Categorization Tasks | ئەرکی پۆلکردنی سیمانتیکی |
| | ب |
| Subjectivism و Objectivism | بابەتێتی و خودێتی |
| Braille | برێڵ (ئەلفوبێی بەرکەوتنانە)تایبەت بە نابیناکان |
| Base | بنەما |
| Embodiment | بەجەستەکردن |
| Irregular | بەدەر لە یاسا |
| | پ |
| Pro-drop Null Subject Parameter | پارامیتەری بکەری دەرنەبڕاو |
| Adjacency Parameter | پارامیتەری هاوسێیەتی |
| Entrenched | پارێزراو ((محصن)) |
| Cognitive Commitment | پەیوەندی درکپێکردن |
| Profile | پوختە |
| Computational System | پێڕەوی هەژمارەیی |
| Perception | پەیپێبردن |
| Referential Connection | پەیوەندیی سەرچاوەییانە |
| | ت |
| Characteristic | تایبەتمەندی |
| Semantic Network | تۆڕبەندی سیمانتیکی |
| Cognition | تێگەیشتن |
| Usage Based Theory | تیۆریی بنەمایی بەکارهێنان |
| Binding Theory | تیۆریی بەستنەوە |
| Dual Coding Theory | تیۆریی جووت-کۆد |
| | ج |
| Pronominal | جێناوە کەسییەکان |
| Innateness | خۆڕسک |
| | د |
| Perceptual Structure | دارشتەی پەیپێبردنانە |
| Dependency Structure | دارشتەی پاڵپشتی |
| Referring Expression | دەربڕاوە بۆگەڕاوەکان |
| Frequency of Occurrence | دەرکەوتنی دووبارە |
| Dual-Mechanism Models | مۆدێلە جوت میکانیزمەکان |

| | |
|---|---|
| Token Frequency | دووبارەبوونەوەی فۆڕمی وشە |
| | ڕ |
| On-line | ڕاستەخۆ |
| Case Grammar | ڕێزمانی باروحاڵەت |
| Principle of Structural Dependency | ڕێسای داڕشتەی پاڵپشتی |
| | ز |
| Cognitive Science | زانستی درکپێکردن |
| Internal Genetic Language | زمانی ناوەکییانەی بۆماوەیی |
| | س |
| Frame semantics | سیمانتیکی چوارچێوەیی |
| | ش |
| Fluid | شلە |
| | ک |
| Verbal Code | کۆدی زارەکی |
| Nonverbal Code | کۆدی نازارەکی |
| Conventional Knowledge | کۆزانیاریی باو |
| Characteristic Knowledge | کۆزانیاریی تایبەتمەند |
| Intrinsic Knowledge | کۆزانیاریی کرۆکییانە |
| Generic Knowledge | کۆزانیاریی گشتی |
| | گ |
| Decompositional Hypothesis | گریمانەی داکردنی لێکهەڵوەشاوەیی |
| Full-Listing Hypothesis | گریمانەی داکردنی هەموو وشەکە وەک یەک یەکە |
| Anaphor | گەڕاوەکان |
| | ل |
| Synchronic Study | لێکۆڵینەوەی ماوە دیاریکراوی زمانیی |
| Diachronic Study | لێکۆڵینەوەی مێژووی زمان |
| Threshold | لێوار |
| | م |
| The Spreading Activation | مۆدێلی بڵاوبوونەوەی کاراکردنەوە |
| The Semantic Feature Model | مۆدێلی تایبەتمەندیی سیمانتیکی |
| The Hierarchical Network Model | مۆدێلی تۆڕبەندی پلەبەندیی |
| Logogen Model | مۆدێلی لۆگۆگین |
| Domains | مەوداکان |

| | |
|---|---|
| | ن |
| Non-Conceptual | ناچەمکییانە |
| Off-line | ناڕاستەخۆ |
| | هـ |
| Construal | هەڵهێنجان |
| | و |
| Imagen | وێنا |

**ناوەڕۆک**


| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پێشەکی | | |
| ١/٠ | ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە. | ١ |
| ٢/٠ | کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە. | ١ |
| ٣/٠ | هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە. | ١ |
| ٤/٠ | ڕێباز و تیۆری لێکۆڵینەوەکە. | ١ |
| ٥/٠ | بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە. | ١-٢ |
| بەشی یەکەم : درکپێکردنی فەرهەنگی ئاوەزی . | | |
| ١/١ | چییەتی فەرهەنگی ئاوەزی | ٣-١٠ |
| ١/١-١ | زاراوە و چەمکی فەرهەنگی ئاوەزی | ١٠-١٣ |
| ١/١-٢ | فەرهەنگی ئاوەزی لە زانستی زمانی دەروونیدا. | ١٣-١٤ |
| ١/١-٣ | ڕێکخستن و چۆنێتی ڕیزبوونی وشەکان لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییدا. | ١٤-١٨ |
| ١/١-٤ | چۆنێتی داکردنی وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا. | ١٩-٢١ |
| ١/١-٥ | چۆنێتی داکردنی وشەکان لە زانستی زمانی درکپێکردندا. | ٢١-٢٢ |
| ١/١-٦ | چۆنێتی داکردنی وشەکان لە ڕوانگەی پەیوەندیی سیمانتیکی وشەکانەوە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا . | ٢٢-٢٣ |
| ٢/١ | فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی زانستی زمانی بەرهەمێنانەوە. | ٢٣-٣٢ |
| ٣/١ | فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە. | ٣٣-٣٤ |
| ١/٣-١ | فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانینە جوداکانی نێوان زانستی زمانی بەرهەمهێنان و زانستی زمانی درکپێکردندا. | ٣٤-٣٦ |
| ١/٣-١-١ | لە خاڵە ناکۆکەکانی دوو قوتابخانەکەوە بەرەو سیمانتیکی درکپێکردن. | ٣٦-٣٧ |
| ١/٣-١-٢ | ڕێسا ڕێبەرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن. | ٣٧-٤٤ |
| ١/٣-٢ | درکپێکردنی چەمک وەک پوختەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی واتای ئینسکلۆپیدییەوە. | ٤٤-٤٩ |
| ١/٣-٣ | لە داڕشتەی پەیپێبردنانەوە بۆ داڕشتەی چەمکییانە. | ٤٩-٥٢ |
| ١/٣-٣-١ | چییەتی چەمک و پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزی. | ٥٢-٥٣ |
| ١/٣-٣-٢ | فەرهەنگی ئاوەزی فەرهەنگی داڕشتەی چەمکییە. | ٥٣-٥٦ |
| بەشی دووەم/ کارایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردییدا. | | |
| ٢/١ | گریمانەکانی شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی و چییەتی جێبەجێکردنیان لە زمانی کوردییدا. | ٥٧ |
| ٢/١-١ | شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی گریمانەی (لۆگۆگین)ەوە. | ٥٧- ٦٠ |
| ٢/١-٢ | شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی تیۆری (جووت-کۆد)ەوە. | ٦٠-٦٥ |
| ٢/١-٢-١ | یەکە بنچینەییەکانی تیۆری (جووت-کۆد). | ٦٥-٧١ |

| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢-١/٣ | شیتەڵکردنی کارەکیبانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی گریمانەی (تۆڕبەندی سیمانتیکی)یەوە. | ٧١ -٧٧ |
| ٢/٢ | پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزی لە گۆشەنیگای ڕێزمانی درکپێکردنەوە. | ٧٧-٧٩ |
| ٢/٣ | بنەمایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا. | ٧٩ -٨٦ |
| ٢/٤ | داڕشتەی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەی تیۆریی (بنەمایی بەکارهێنان)دا. | ٨٧ |
| ٢/٤ -١ | کاریگەریی ڕوانینەکانی (بنەمایی بەکارهێنان) لە داڕشتەی کۆزانیاریی وشەییدا. | ٨٨-٨٩ |
| ٢/٤-٢ | کرۆکیی ڕوانینەکانی (بنەمایی بەکارهێنان) لە گۆڕانی داڕشتەی کۆزانیاریی وشەییدا. | ٩٠-٩١ |
| ٢/٤ -٣ | بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی زمانی کوردییدا. | ٩١-٩٣ |
| ٢/٤ -٤ | بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی ڕێزمانی زمانی کوردییدا. | ٩٣-٩٩ |
| ٢/٤ -٥ | بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی دەقدا. | ٩٩-١٠٢ |
| ٢/٤ -٦ | بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە پێواژۆی زمانپژاندا. | ١٠٢-١٠٧ |
| ٢/٤ -٧ | ڕووکارە سەرەکییەکانی بنەمایی بەکارهێنان لە زماندا. | ١٠٧-١٣٥ |
| | بەشی سێیەم / بنەمایی بەکارهێنان لە درکپێکردنی کارەکیبانەی وشە و دەربڕاوە یاساییەکاندا. | |
| ١/٣ | درکپێکردنی کارەکیبانەی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان: | ١٣٦-١٣٧ |
| ٢/٣ | درکپێکردنی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی دەربڕاوە یاساییەکان | ١٣٧-١٦٢ |
| ٣/٣ | پاساودانی کارەکیبانەی کۆزانیاریی وشەیی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤی کورددا | ١٦٣-١٨٩ |
| | ئەنجام | ١٩٠ |
| | سەرچاوەکان | ١٩١-١٩٨ |
| | پاشکۆ | ١٩٩-٢٢٤ |
| | ملخص | ٢٢٥ |
| | Abstract | ٢٢٦ |

پێرستی هێڵکارییەکان


| ز | هێڵکارییەکان | لا |
|---|---|---|
| | هێڵکارییەکانی بەشی یەکەم | |
| ١. | وێنەی ئاوەزیی ئاڕاستەی جوڵەی مۆرفیمی (- هەڵـ ). | ٤ |
| ٢. | واتای ئینسکلۆپیدیی وشەی (نەورۆز ). | ٧ |
| ٣. | کاراکردنەوەی بارودۆخە نزیکەکانی (جەژنی نەورۆز) . | ٧ |
| ٤. | پەیوەندیی تۆڕبەندانەی وشەی (خوێندنگە) بە وشەکانی تری فەرهەنگی ئاوەزییەوە. | ٨ |
| ٥. | وشەی (تۆڕ). | ١٨ |
| ٦. | داڕشتەی چەمکی وشەی (پەپوولە) لە زمانی کوردیدا . | ٤٠ |
| ٧. | بەستنەوەی مەوداکانی (چێشتخانە، چایخانە، قاوەخانە). | ٤٦ |
| ٨. | داڕشتەی چەمکی وشەی (شێر). | ٥١ |
| ٩. | داڕشتەی چەمکی (منداڵ). | ٥٤ |
| ١٠. | داڕشتەی چەمکی (هۆکاری گواستنەوە لە کۆن)دا. | ٥٥ |
| ١١. | داڕشتەی چەمکی (هۆکاری گواستنەوە لە ئێستا)دا. | ٥٦ |
| ١٢. | داڕشتەی چەمکی (هۆکاری گواستنەوە لە کۆن و ئێستا)دا. | ٥٦ |
| | هێڵکارییەکانی بەشی دووەم | |
| ١. | تۆڕبەندیی سیمانتیکیی چەمکی (شەقام ). | ٧٢ |
| ٢. | خستنەڕووی پەیوەندیی پلەبەندیی چەمکی (ئاژەڵ) بە جۆرەکانییەوە. | ٧٣ |
| ٣. | خستنەڕووی پەیوەندیی چەمکی (باڵندە) بەهۆی پێناسە و تایبەتمەندی سیمانتیکی بە جۆرەکانی باڵندەوە. | ٧٥ |
| ٤. | خستنەڕووی چەمکی (ڕەنگ) و بڵاوبوونەوە و کاراکردنەوەی ئەو چەمکانەی، کە بە هۆیەوە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا کارادەبنەوە. | ٧٦ |
| ٥. | دووبارەبوونەوە و دەرکەوتنی وشەی (ژیر). | ١٠٩ |
| ٦. | نزمی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەی (قاپی ). | ١١١ |
| ٧. | بەرزی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەی (دەرگا). | ١١١ |
| ٨. | بەرزی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەی (یاری) لە ئەکسێنتی سلێمانییدا. | ١١٣ |
| ٩. | ڕێژەی دەرکەوتنی دووبارەی وشەی (گاڵتە). | ١١٤ |
| ١٠. | ڕێژەی دەرکەوتنی دووبارەی وشەی (سوعبەت). | ١١٥ |
| ١١. | دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- گەل) و بەکارهێنانی لە کۆکردنەوەی وشەدا. | ١١٦ |
| ١٢. | دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- هات) و بەکارهێنانی لە کۆکردنەوەی وشەدا. | ١١٧ |
| ١٣. | دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- جات) و بەکارهێنانی لە کۆکردنەوەی وشەدا. | ١١٧ |
| ١٤. | دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- ات) و بەکارهێنانی لە کۆکردنەوەی وشەدا. | ١١٨ |
| ١٥. | دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- ان) و بەکارهێنانی لە کۆکردنەوەی وشەدا. | ١١٨ |

| ژ | هێڵکارییەکان | لا |
|---|---|---|
| ١٦. | دەرکەوتن و کارایی مۆرفیمی (-کەر). | ١١٩ |
| ١٧. | تۆڕبەندی پەیوەندی سیمانتیکی ڕستەی (ئەمڕۆ باران ئەبارێت ). | ١٢١ |
| ١٨. | ڕستەی پرسیاری (لە چەنیت ؟). | ١٢٣ |
| ١٩. | ڕستەی پرسیاری (کەی ڕوبەهەناری تازە دەرئەچێت؟). | ١٢٥ |
| ٢٠. | ڕستەی (قەڵەمەکانتان دانێن ، هیچ مەنوسن، کاتتان تەواوبوو). | ١٢٧ |
| ٢١. | ڕستەی (لادێکان ئاوەدان ئەکرێنەوە). | ١٢٩ |
| ٢٢. | ڕستەی (دەرگای خوێندنگەکان بە ڕووی خوێندکاراندا کرانەوە). | ١٣١ |
| ٢٣. | پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییانەی وشەی (فرۆشگە). | ١٣٢ |
| ٢٤. | پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییانەی وشەی (شاخەوان). | ١٣٣ |
| ٢٥. | پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییانەی وشەی (هەڵگرتن). | ١٣٤ |
| ٢٦. | پەیوەندیی فۆنۆلۆژییانەی وشەی (کەس). | ١٣٥ |


## پێرستی وێنەکان


| ژ | وێنەکان | لا |
|---|---|---|
| ١. | وێنەی (زەنگ). | ٦٣ |
| ٢. | وێنەی (تۆپی ڕۆژووشکاندن). | ٦٣ |
| ٣. | وێنەی (چۆنیەتی کاراکردنەوەی کۆدە نازارەکییەکان) . | ٦٥ |
| ٤. | وێنەی (دەست) . | ٦٦ |
| ٥. | وێنەی (چەپڵەلێدان) . | ٦٧ |
| ٦. | وێنەی (ڕیپێنزڵ) لە فلیم کارتۆنی تەنگڵدا. | ٦٨ |
| ٧. | چۆنیەتی داکردنی وشە و وێنەی (ماسی) لە ئاوەزدا. | ٦٩ |
| ٨. | وێنەی (گوڵ). | ٧٠ |


## پێرستی خشتەکان


| ژ | خشتەکان | لا |
|---|---|---|
| | بەشی دووەم | |
| ١. | پەیوەندیی نێوان پێڕەوی هێمایی و هەستەوەرەکانی مرۆڤ. | ٦١ |
| ٢. | زانینی وشەیەک چی دەگرێتەوە(واتە کۆزانیاریی وشەیی). | ٨٢ |
| ٣. | زانینی وشەی ( شالیار) چی دەگرێتەوە. | ٨٣ |
| | بەشی سێیەم | |
| ١. | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (تۆمەتبار) لە بواری یاسادا | ١٣٨ |
| ٢. | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (کەتن) لە بواری یاسادا | ١٣٩ |
| ٣. | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (دەستەبەری) لە بواری یاسادا | ١٤٠ |

| ژ | خشتەکان | لا |
|---|---|---|
| .٤ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (ناکام) لە بواری یاسادا | ١٤١ |
| .٥ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (دەسەڵاتبەندی) لە بواری یاسادا | ١٤٢ |
| .٦ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (کۆبەش) لە بواری یاسادا | ١٤٣ |
| .٧ | کۆزانیاریی وشەیی فریزی (دابەشنامەی شەرعی) لە بواری یاسادا | ١٤٤ |
| .٨ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (گەواهیدەر) لە بواری یاسادا | ١٤٥ |
| .٩ | کۆزانیاریی وشەیی فریزی (لابرنی کۆبەش) لە بواری یاسادا | ١٤٦ |
| .١٠ | کۆزانیاریی وشەیی فریزی (دادگای بەرایی) لە بواری یاسادا | ١٤٧ |
| .١١ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (لێهاتوویی) لە بواری یاسادا | ١٤٨ |
| .١٢ | کۆزانیاریی وشەیی فریزی (دادگای پێداچوونەوە) لە بواری یاسادا | ١٤٩ |
| .١٣ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (دادوەر) لە بواری یاسادا | ١٥٠ |
| .١٤ | کۆزانیاریی وشەیی فریزی (بەڵگەی لەئامێزگرتن) لە بواری یاسادا | ١٥١ |
| .١٥ | کۆزانیاریی وشەیی فریزی (بەڵگەی بەخێوکردن) لە بواری یاسادا . | ١٥٢ |
| .١٦ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (پاشەملە) لە بواری یاسادا | ١٥٣ |
| .١٧ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (سکاڵا) لە بواری یاسادا | ١٥٤ |
| .١٨ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (ڕاسپێر) لە بواری یاسادا | ١٥٥ |
| .١٩ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (وفاتنامە) لە بواری یاسادا | ١٥٦ |
| .٢٠ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (کەلێن) لە بواری یاسادا | ١٥٧ |
| .٢١ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (پەڵپگرتن) لە بواری یاسادا | ١٥٨ |
| .٢٢ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (قەڵسکرن) لە بواری یاسادا | ١٥٩ |
| .٢٣ | کۆزانیاریی وشەیی فریزی (بەڵگەنامەی پێسپێری) لە بواری یاسادا | ١٦٠ |
| .٢٤ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (تاوانکار ) لە بواری یاسادا | ١٦١ |
| .٢٥ | کۆزانیاریی وشەیی وشەی (تاوانبار ) لە بواری یاسادا | ١٦٢ |
| .٢٦ | زانیاری لەسەر بەشداربووان لە ڕووی ڕەگەزەوە | ١٦٥ |
| .٢٧ | زانیاری لەسەر بەشداربووان لە ڕووی ئاستی خوێندنەوە | ١٦٦ |
| .٢٨ | زانیاری لەسەر بەشداربووان لە ڕووی پیشەوە | ١٦٧ |
| .٢٩ | ئەنجامی تایبەت بە بیستنی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا | ١٦٨ |
| .٣٠ | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا | ١٦٩ |
| .٣١ | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( تۆمەتبار ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧١ |
| .٣٢ | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( کەتن ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٢ |
| .٣٣ | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( دەستەبەری ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٣ |
| .٣٤ | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( ناکام ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٤ |
| .٣٥ | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( دەسەڵاتبەندی) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٥ |
| .٣٦ | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( کۆبەش) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٦ |

| ژ | خشتەکان | لا |
| --- | --- | --- |
| ٣٧. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی فرێزی ( دابەشنامەی شەرعی) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٧ |
| ٣٨. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( گەواهیدەر ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٨ |
| ٣٩. | زانیاری لەسەر بەشداربووان لە ڕووی ڕەگەزەوە | ١٧٩ |
| ٤٠. | زانیاری لەسەر بەشداربووان لە ڕووی ئاستی خوێندنەوە | ١٨٠ |
| ٤١. | زانیاری لەسەر بەشداربووان ڕووی پیشەوە | ١٨١ |
| ٤٢. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەمی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا | ١٨٢ |
| ٤٣. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا لەنێو بەشداربووان لە کاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا | ١٨٣ |
| ٤٤. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە نێو بەشداربووان لە کاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ کەسانی ئاساییدا سکاڵاکەر ، داواکار، ...( پ٣-ب) | ١٨٤ |
| ٤٥. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا لەنێو بەشداربووان لە کاتی ئاخاوتن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ( پ٣-ت) | ١٨٦ |
| ٤٦. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی نووسیندا پ-٤ | ١٨٧ |


## پێرستی چارتەکان


| ژ | چارتەکان | لا |
| --- | --- | --- |
| ١. | ڕەگەزی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە | ١٦٥ |
| ٢. | ئاستی خوێندەواری بەشداربووانی ڕاپرسییەکە | ١٦٦ |
| ٣. | بەشداربووان لە ڕووی پیشەوە | ١٦٧ |
| ٤. | ڕێژەی بیستنی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان لە زمانی کوردییدا لە لایەن چینە جیاجیاکانەوە. | ١٦٨ |
| ٥. | ڕێژەی بیستنی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان بەگشتی لە لایەن سەرجەم چینەکانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٦٩ |
| ٦. | ئەنجامی پرسیاری پێنجەم تایبەت بە بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا | ١٧٠ |
| ٧. | ڕێژەی بەکارهێنانی (وشە و دەربڕاوەکان) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٠ |
| ٨. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( تۆمەتبار ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧١ |
| ٩. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( کەتن ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٢ |
| ١٠. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( دەستەبەری ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٣ |
| ١١. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( ناکام ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٤ |
| ١٢. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( دەسەڵاتبەندی) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٥ |
| ١٣. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( کۆبەش) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٦ |
| ١٤. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی فرێزی ( دابەشنامەی شەرعی) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٧ |
| ١٥. | ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( گەواهیدەر ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | ١٧٨ |
| ١٦. | ڕەگەزی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە | ١٧٩ |

| ژ | چارتەکان | لا |
|---|---|---|
| ١٧. | ئاستی خوێندەواری بەشداربووانی ڕاپرسییەکە | ١٨٠ |
| ١٨. | بەشداربووان لە ڕووی پیشەوە | ١٨١ |
| ١٩. | بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان لە لایەن (دادوەر، پارێزەر، فەرمانبەر)انەوە | ١٨٢ |
| ٢٠. | بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە ئاخاوتنیان لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا (پ٣-أ) . | ١٨٣ |
| ٢١. | کۆی گشتی بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە ئاخاوتنیان لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا (پ٣-أ) | ١٨٤ |
| ٢٢. | بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووانەوە لە ئاخاوتن لەگەڵ کەسانی ئاساییدا ( سکاڵاکار ، داواکار ، ... (پ٣-ب) . | ١٨٥ |
| ٢٣. | کۆی گشتی بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووانەوە لە ئاخاوتن لەگەڵ کەسانی ئاساییدا ( سکاڵاکار ، داواکار ، ... (پ٣-ب) . | ١٨٥ |
| ٢٤. | بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووانەوە لە ئاخاوتن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ( تەلەفزیۆن ، ڕادیۆ ، ... (پ٣-ت) . | ١٨٦ |
| ٢٥. | کۆی گشتی بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لەلایەن سەرجەم بەشداربووانەوە لە ئاخاوتن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ( تەلەفزیۆن ، ڕادیۆ ، ... (پ٣-ت) . | ١٨٧ |
| ٢٦. | بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە زمانی نووسیندا (پ-٤) . | ١٨٨ |
| ٢٧. | بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە زمانی نووسیندا (پ-٤) . | ١٨٨ |

# پێشەکی

# بەشی یەکەم

# درکپێکردنی فەرهەنگی ئاوەزی

١/١ چییەتی فەرهەنگی ئاوەزی

١/١-١ زاراوە و چەمکی فەرهەنگی ئاوەزی

١/١-٢ فەرهەنگی ئاوەزی لە زانستی زمانی دەروونیدا

١/١-٣ ڕێکخستن و چۆنێتی ڕیزبوونی وشەکان لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییدا

١/١-٤ چۆنێتی داکردنی وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا

١/١-٥ چۆنیەتی داکردنی وشەکان لە زانستی زمانی درکپێکردندا

١/١-٦ چۆنێتی داکردنی وشەکان لە ڕوانگەی پەیوەندیی سیمانتیکی وشەکانەوە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا

٢/١ فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی زانستی زمانی بەرهەمهێنانەوە

٣/١ فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە

٣/١-١ فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانینە جوداکانی نێوان زانستی زمانی بەرهەمهێنان و زانستی زمانی درکپێکردندا

٣/١-١-١ لە خاڵە ناکۆکەکانی دوو قوتابخانەکەوە بەرەو سیمانتیکی درکپێکردن

٣/١-١-٢ ڕێسا ڕێبەرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن

٣/١-٢ درکپێکردنی چەمک وەک پوختەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی واتای ئینسکلۆپیدییەوە

٣/١-٣ لە داڕشتەی پەیپێبردنانەوە بۆ داڕشتەی چەمکییانە

٣/١-٣-١ چییەتی چەمک و پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزی

٣/١-٣-٢ فەرهەنگی ئاوەزی فەرهەنگی داڕشتەی چەمکییە

# بەشی دووەم

## کارایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردییدا


١/٢ گریمانەکانی شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی و چییەتی جێبەجێکردنیان لە زمانی کوردییدا

١/٢-١ شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی گریمانەی (لۆگۆگین)ەوە

١/٢-٢ شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی تیۆری (جووت-کۆد)ەوە:

١/٢-٢-١ یەکە بنچینەییەکانی (جووت — کۆد)

١/٢-٣ شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی گریمانەی (تۆڕبەندی سیمانتیکی)یەوە

٢/٢ پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزی لە گۆشەنیگای ڕێزمانی درکپێکردنەوە

٣/٢ بنەمایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا

٤/٢ داڕشتەی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەی تیۆری (بنەمایی بەکارهێنان)دا

٤/٢- ١ کاریگەری ڕوانینەکانی (بنەمایی بەکارهێنان) لە داڕشتەی کۆزانیاری وشەییدا

٤/٢-٢ کرۆکیی ڕوانینەکانی (بنەمایی بەکارهێنان) لە گۆڕانی داڕشتەی کۆزانیاریی وشەییدا

٤/٢- ٣ بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی زمانی کوردییدا

٤/٢- ٤ بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی ڕێزمانی زمانی کوردییدا

٤/٢- ٥ بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی دەقدا

٤/٢- ٦ بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە پێواژۆی زمانپژاندا

٤/٢- ٧ ڕووکارە سەرەکییەکانی بنەمایی بەکارهێنان لە زماندا

# بەشی سێیەم

## بنەمایی بەکارهێنان لە درکپێکردنی کارەکییانەی وشە و دەربڕاوە یاساییەکاندا


١/٣ درکپێکردنی کارەکییانەی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان

٢/٣ درکپێکردنی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی دەربڕاوە یاساییەکان

٣/٣ پاساودانی کارەکییانەی کۆزانیاریی وشەیی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤی کورددا

# سەرچاوەکان

# پاشکۆکان

## ١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە/

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا) کاری تێداکراوە و بۆ دەرخستنی چۆنێتی نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەییە لە فەرهەنگی ئاوەزیی بەکارهێنەری زمانی کوردییدا، بەپێی زانستی زمانی درکپێکردن.

## ٢/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە /

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە لە (زمانی کوردی – کرمانجی ناوەڕاست – ئەکسێنتی سلێمانی) وەرگیراوە، زۆربەی نموونە شیکراوەکان و سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی ئەم ئەکسێنتە و پەڕاو و بەڵگەنامەکانی دادگای سلێمانی وەرگیراون.

## ٣/٠) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە /

تیۆریی (بنەمایی بەکارهێنان)ی زانستی زمانی درکپێکردن شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی پێویست و گونجاو دەربارەی چییەتی کۆزانیاریی وشەیی و چۆنێتی هاتنەکایەی ئەو کۆزانیارییەی، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیی بەکارهێنەری زمانی کوردییدا دەنەخشێنرێت، بەدەستدەهێنێت، لەهەمان کاتیشدا تێڕوانین و بیری ئەبستراکتیانەی فەرهەنگی ئاوەزی دەڕەوێنێتەوە، چونکە ئەو کۆزانیارییانەی، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشەکانی زمانەوە دێنەکایەوە، بنەمای وێناکردنی ئەسکەلەی فەرهەنگی ئاوەزی دەنەخشێنن.

## ٤/٠) ڕێباز و تیۆری لێکۆڵینەوەکە /

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی ( درکپێکراوی شیکاریی ئاماریی) پەیڕەوکراوە بە جۆرێک هەنگاو بە هەنگاوی ئەم ڕێبازە بەپێی (تیۆری بنەمایی بەکارهێنان Usage – based theory)ی زانستی زمانی درکپێکردن نراون.

## ٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە /

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ورد و زانستییانە چەمکی فەرهەنگی ئاوەزی و ئەو گریمانانەی لەبارەیەوە پێشکەشکراون بەپێی زانستە جیاوازەکانی زانستی زمان بخرێنەڕوو. خودی چەمکەکەش لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردن شیدەکرێتەوە و داڕشتەکەی دیاریدەکرێت. بەپێی تیۆری بنەمایی بەکارهێنان کۆزانیاریی بەکارهێنانی زمان بنەما و بناغەی کۆزانیاریی وشەیی پێکدەهێنێت، لەپێناو چەسپاندنی ئەوەی کۆزانیاریی وشەیی لە بەکارهێنانی وشەکانەوە دێنەکایەوە وشە و دەربڕاوەکانی بواری یاسا بەنموونە وەردەگیرێن و شیکردنەوەی ئامارییان بۆ ئەنجامدەدرێت. بۆ مەبەستی زانستێتی، ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ (سێ بەش و ئەنجام) دابەشدەکرێن. بەشی یەکەم، بە

گشتی تەرخاندەکرێت بۆ فەرهەنگی ئاوەزی و شیکردنەوەی تەلیسمەکانی چەمکەکە، لە ڕوانگەی تێڕوانینە جیاوازەکانی زانستی زمانی(دەروونی، بەرهەمهێنان و درکپێکردن )ەوە دەخرێتەڕوو، پاشان لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئینسکلۆپیدییانەوە فەرهەنگەکە پێناسەدەکرێت و شیدەکرێتەوە .

لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزی دەدرێت، بە شیوەیەکی کارەکی لە ڕوانگەی چەند گریمانە و تیۆرییەکی جیاوازەوە شیتەڵدەکرێت، پاشان کارایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا بەشێوەیەکی زانستییانە بەپێی تیۆری بنەمایی بەکارهێنان خودی کۆزانیاریی وشەیی و گەیاندنەکانی دەخرێنەڕوو. هەروەها هەوڵدەدرێت ڕۆڵی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ وەک تێڕوانین، گۆشەنیگا جیاکردنەوە، پۆلکردن و ...هتد، بەپێی تیۆری بنەمایی بەکارهێنان لە داڕشتنی دەربڕاو و ڕستەکانی زمان ڕونبکرێتەوە.

لە بەشی سێیەمدا لە پێناو سەلماندنی بناغە و بنەمایی ڕەگەزی بەکارهێنان لە هێنانەکایەی کۆزانیاریی وشەییدا، بواری یاسا لە زمانی کوردییدا وەک نموونە وەرگیراوە و درکپێکراوانە چەندین چەمکی بوارەکە شیدەکرێنەوە، دواتر دەربارەی واتا و بەکارهێنانی چەند وشە و دەربڕاوێک لە چوارچێوەی فۆڕمی ڕاپرسییدا پێشکەش بە دوو توێژی جیاواز دەکرێت، توێژێک یاساناس نین و لە بواری یاسادا کارناکەن، لەگەڵ ئەو توێژەی، کە یاساناسن و لە بوارەکەدا کاردەکەن، لەدواییدا وەڵامەکانیان بەپێی بەرنامەی (SPSS)ی ئاماری شیدەکرێنەوە.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵینەوەکە پێیانگەیشتووە لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو.

## ١/١) چییەتی فەرهەنگی ئاوەزی

زمان پێڕەوێکی پەیوەندیکردنە، بە هۆی وشەکان و بەکاربردنیانەوە دێتەکایەوە، لە ژیانی مرۆڤدا وشەکان گرنگیەکی زۆریان هەیە، هەر تاکێکی ئاخێوەر بە نموونە وەربگیرێت بە بەردەوامی و بێوەستان شارەزاییانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لێبەکاردەهێنێت. ئەم وشانە دەبێت لە شوێنێکی ئاوەزییدا بە جۆرێک داکرابن، کە بەکاربردنیان ئاسان بێت و بەپێی پێویستی بەکارهێنانیان بێنەوە یاد و بە خێراییەکی زۆر لە شێوەی تۆڕێکدا ئامادەبن، واتە وشەیەک وشەکانی تر بەپێی پەیوەندی (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)، هەروەها بەپێی بارودۆخی بەکارهێنان، کارابکاتەوە. دەتوانرێت بەمە بگوترێت فەرهەنگی ئاوەزی، هەموو ئاخێوەری زمانێکی دیاریکراو خاوەنی ئەم فەرهەنگەیە لە پەیوەندی و گفتوگۆکردن و بەکارهێنانی زمانەکەیدا بەکاریدەبات، کە هەزارەها وشە و تایبەتمەندییەکانیانی لەخۆگرتووە و چۆنێتی بیرکردنەوە، پەیپێبردن، درکپێکردن، تێڕوانین و ئەزموونەکانی تاک و کۆمەڵ دەنوێنێت. ئەمە جگە لەوەی چۆنێتی ژیان، ڕەوتی پێشکەوتن، بیروباوەڕ و باری سەرنجیان بۆ خۆیان و دەوروبەر دەخاتەڕوو. بە شێوەیەکی تر هەموو گۆڕانکارییە زمانییەکان لە ڕووی واتا، تایبەتمەندی سینتاکسی، دەنگ و چۆنێتی پێکهاتن و کەتیگۆری وشەکان لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنان و تایبەتمەندی کەسیی، کات، شوێن و بارودۆخی گوتن. ئاخێوەری زمانێکی دیاریکراو ژمارەیەکی زۆری وشەکانی زمانەکەی دەزانێت بەخێرایی و ئاسانی بەکاریاندەهێنێت و دەیانناسێتەوە. ژمارەی ئەو وشانەی دەیانزانێت ئێجگار زۆرن، زۆرترن لەوەی خۆی وێنایدەکات. شایەنی گوتنە فەرهەنگی ئاوەزی تەنها لە وشەکان پێکنایەت، بەڵکو هەر وشەیەک کۆمەڵێک تایبەتمەندی و وردەکاری هەیە، کە لەم فەرهەنگەدا داکراوە و ئاخێوەر و گوێگر زانیاری تەواویان دەربارەیان هەیە، بە ڕەچاوکردنی ئەو زانیارییانە زمانەکەیان بەکاردەهێنن، وەک دەنگە پێکهێنەرەکانی وشە، چۆنێتی ڕاستی و دروستی ڕیزکردنی دەنگەکان، کە بە جۆرێک تاکە هەڵەیەکی بچووکی گۆکردن گوێگر هەستی پێدەکات. واتە بە تەواوی دەنگەکانی وشەکان و پێکهاتنیان لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە و واتا و ئەرکیان دەناسێتەوە. بۆ نموونە، لە زمانی کوردییدا ئاخێوەر درکپێکردنێکی ناوەکییانەی لە ڕێگەی پەیپێبردنی ئەزموونیانەوە دەربارەی تایبەتمەندییە (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)یەکانی مۆرفیمێکی وەک (/ - هەڵـ /) هەیە، کە وەک لە وشەکانی ژمارە(١)دا دەردەکەوێت:

(١) أ- هەڵهاتن
ب- هەڵگرتن
پ- هەڵکەندن
ت- هەڵچوون
ج- هەڵفڕین

ئەگەر لەم پێشگرە بڕوانین، دەبینین، کە لە یەک بڕگەی سێ فۆنیمی (/هـ /، /ە/، /ڵ/) پێکهاتووە، بەمەش زنجیرە دەنگێکی پەیپێبراوی فۆنۆلۆژییانەی زمانەکەی بە یاسای (CVC) داڕشتووە، ئەم زنجیرە دەنگە درک

پێکردنێکی ناوەکییانە بۆ پەیپێبردنی کرداری ڕستەکە دادەڕێژێت، بەوەی کە وێنەی ئاوەزی(ئاڕاستەی جوڵەی بەرەو سەرەوە)دادەڕێژن وەک لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا دەردەکەوێت:



هێڵکاریی ژمارە (١)

هێڵکاریی وێنەی ئاوەزی ئاڕاستەی جوڵەی مۆرفیمی(/- هەڵـ/)

هەر وەک لە هێڵکارییەکەدا دیارە، کە بەکارهێنەری زمانی کوردی بەهۆی مۆرفیمی / - هەڵ / ەوە، زۆرجار واتای (ئاڕاستەکردن بەرەو سەرەوە)، بە ناوی کردارەکان دەبەخشێت و بەهۆیەوە ئەم پێشگرە پێشبینی پەیپێبردنی واتای ئینسکلۆپیدی کردارەکەمان پێدەبەخشێت، وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت :

(٢) أ- خۆری ئازادی کورد هەڵهات.

ب- کرێکارەکە بلۆکەکانی هەڵگرت.

ت- دڕکەکان لە ڕەگەوە هەڵبکەنە.

پ- شیرەکە هەڵچوو.

ج- کۆترەکان بەرەو ئاسمان هەڵفڕین.

لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بوونی ئەم پێشگرە لە داڕشتنی نموونەکانی ژمارە (٢)دا چۆنێتی داڕشتەی مۆرفۆلۆژییان دەنەخشێنێت، بەوەی پێکهاتووە لە (پێشگر + ڕەگی کردار)، بەوەش درکپێکردنی پێشگرەکە هەروەک چۆن واتای ئینسکلۆپیدی کردارەکەی هێنایە بەرچاو، بە هەمان شێوەش پەیبە داڕشتەی داڕێژراوی مۆرفۆلۆژی پێکهاتەکەش دەبات.

ئاخێوەری زمانی کوردی، شارەزایانە ئەم مۆرفیمانە، لە کاتی قسەکردن و نووسیندا بەکاردەهێنێت و ئاگاداری وردەکاریی واتا و چۆنێتی پێکەوەهاتنیانە لەگەڵ وشەکاندا. هەموویان لە بیر و ئاوەزی تاکی کوردا داکراون، هەروەها تایبەتمەندی سینتاکسی و زانیاریی دەربارەی کەتیگۆریی جۆری وشەکان لەناو وشەکاندا جۆرەکانی (ناو، کردار، و کاتەکانی کردار، چۆنێتی سەرە و ڕیزبوونی پێکهێنەرەکانی ڕستە) هەموویان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داکراون، جگە لەمانەش دانەی وەک ئیدیۆم، کە چۆنێتی بیرکردنەوە، تێڕوانین، دنیابینی، ئەزموونی کەسی و گشتییەکانی بەکارهێنەرانی زمانێک دەنوێنێت و بە دەرخەری ڕاستەقینەی چۆنێتی ژیان، گرنگییدانەکان، بیروباوەڕ و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری کۆمەڵگە دادەنرێت لە فەرهەنگەکەدا، داکراوە.

لەم تێگەشتنەوە، دەکرێت بگوترێت، کە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا وشەکان بەپێی پەیوەندیی، لێکچوون، کەتیگۆریی، یان چەند هۆکارێکی وەک هاوواتایی، لێکچوونی فۆنەتیکی، هەروەها تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژی ڕێکخراون.

هەرچەندە زانین و سەلماندن و چۆنێتی ڕێکخستنی وشەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ناتوانرێت ئاوەز بپشکنرێت، (بەڵام کاتێک ئاخێوەر لە کاتی قسەکردندا بە بێوەستان و بیرکردنەوە بە خێراییەکی زۆر دەتوانێت وشەکان بەکاربهێنێت، تەنانەت وشەیەکی بیرنەکەوێتەوە، یان بۆی نەگوترێت، ئەوا بە ئاسانی لە بری ئەو وشەیە چەندان وشەی تر بەکاردەهێنێت، دەیسەلمێنێت، کە وشەکان لەناو ئەم فەرهەنگەدا بەپێی دەستوور و یاسا ڕێکخراون، نەک بە شێوەیەکی هەڕەمەکی. واتە زانین و ناسینەوەی ژمارەیەکی زۆری وشەکانی زمانەکە و بەکارهێنانی ئاسان و خێراییان نیشانەیە بۆ ئەوەی ئەو وشانە بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە ڕیزکراون) ( Aitchison, 2012,p:5-9).

فەرهەنگی ئاوەزی چەسپاو نییە، بەڵکو بەردەوام لە گۆڕاندایە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیاندا دەگۆڕێت وشەی بۆ زیاد دەبێت، زۆرجار لە بری هێنانەکایەی وشەی نوێ، وشە کۆنەکان بە چەمکی نوێ باردەکرێن، هەروەها ئەو وشانەی بەکارناهێنرێن لە بیردەچنەوە و لە فەرهەنگەکەدا سست دەبن، وەک لە نموونەکانی ژمارە (٣)، (٤) و (٥)دا دەردەکەوێت:

(٣) وەقە

(٤) ڕبە

(٥) ئیزرەم

ئەم وشانە لە کۆندا بەکارهاتوون و بەکارهێنەری زمانی کوردی وەک یەکەیەکی کێش و پێوان بەکاریهێناون، بەڵام لە ئێستادا لەبەرئەوەی کەرەستەی کێشانە و پێوان گۆڕاوە، بۆیە ئاخێوەری ئەمڕۆ ئەزموونی لەگەڵ ئەم کەرەستانەدا نییە. بەمەش خودی وشەکە و داڕشتە چەمکییەکەی لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئەم جۆرە مرۆڤانەدا سستە، لە بەرانبەردا، گەر لەوشەکانی ژمارە (٦)، (٧)، (٨) و (٩) بڕوانین :

(٦) لایک

(٧) کۆمێنت

(٨) شێر

(٩) مۆبایل

دەبینین ئەم وشانە پەیوەستن بە داهێنانە نوێیەکانی ژیانی ئەم سەردەمەوە، هەر بۆیە ئاخێوەری ئەمڕۆ ئەزموونیان لەگەڵیدا هەیە و بوونەتە وشەی چالاکی فەرهەنگی ئاوەزییان، تەنانەت لە لای ئەو کەسانەی، کە ئامێرە سەردەمییەکانیش بەکارناهێنن. بەهەمان شێوە ئەم فەرهەنگە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەپێی تەمەن، پیشە، کۆزانیاری، ئەزموون و جیاوازی ژیانی کەسەکان دەگۆڕێت و جیاوازییەکانیان لە فەرهەنگەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە، نەک تەنها لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، بەڵکو لەگەڵ تەمەنی کەسەکە خۆیدا گۆڕانکاری بەسەردادێت و وەک خۆی نامێنێتەوە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تا قۆناغی کۆتایی ژیان بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردادێت. بۆ نموونە

ئەگەر لە فەرهەنگی ئاوەزیی هەر تاکێک بڕوانین دەبینین بە درێژایی تەمەنی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەپێی تەمەن، قۆناغەکانی ژیان و گرنگییێدانەکانی ئەو بابەتانەی لەکاتێکی دیارکراودا باوبووە، وەک نموونەکانی ژمارە (١٠)، (١١)، (١٢)، (١٣) و (١٤) دەردەکەوێت:

(١٠) هەڵماتێن

(١١) مووشێن

(١٢) چەرخ وفەلەک

(١٣) پەتپەتێن

(١٤) ئەتاری

هەریەک لەم وشانە، لە کات و سەردەمێکی دیاریکراوی وەک (منداڵی)ی کەسەکاندا بەکارهێنراوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، گەورەبوون و هەڵکشانی تەمەنیان، ئەم وشانە بەکارهێنانیان سستبووە و وشەکانی تری سەردەم بەهۆی بەکارهێنانی بەرفراوانەوە جێگەی وشەکانی پێشووتری گرتۆتەوە.

فەرهەنگی ئاوەزی بابەتێکی ئەبستراکتە و لەناو ئاوەزدایە، بەردەست نییە، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوەی ئاسان نییە، بۆیە دەبێت لێکۆڵەر لە ڕێگەی وشەکانەوە وێنای بکات، هەروەک چۆن زانایەکی بواری شوێنەوارناسی بە هۆی پارچەی وردەوە سەرلەنوێ بینا و وێنای شارستانێتەکان دەکاتەوە. بە هەمان شێوە لێکۆڵەر بە هۆی وشەکانەوە، کە نوێنەر و دەرخەری ئەو فەرهەنگەن و بەردەستن دەبێت وێنا و هەیکەلەی فەرهەنگی ئاوەزی بکات. بە مەبەستی وێناکردن و کۆنکریتکردن و نزیکبوونەوە لەم فەرهەنگە زۆرجار پەنادەبرێتە بەر بەراوردکردنی بە وشەدان (فەرهەنگی تۆمارکراو)، هەندێکجار تەنانەت بە وشەدانی ناو ئاوەز پێناسەدەکرێت. هەرچەندە بەراوردکردن بۆ بواری زانستی پشتی پێنابەسترێت، بەڵام بۆ بابەتێکی وەک فەرهەنگی ئاوەزی، تا ڕادەیەکی زۆر بەسوودە، چونکە لە کاتێکدا فەرهەنگی ئاوەزی بەردەست نییە، وشەدان بەردەستە و بە ئاسانی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و بەهۆیەوە دەتوانرێت وێنای فەرهەنگەکە بکرێت. لێرەدا سوودی بەراوردکردنی ئەو دوو فەرهەنگە دەردەکەوێت، کە بە هۆی وشەدانەوە دەتوانرێت پەی بە فەرهەنگی ناو ئاوەز ببرێت، بە شێوەیەکی سادەش بێت دەبێتە ڕێنیشاندەر، هەر بۆیە زۆر لەوانەی خەریکی فەرهەنگی ئاوەزیین بە وشەدان بەراوردیدەکەن. گرنگترین جیاوازی لە نێوان ئەو دوو فەرهەنگەدا ئەوەیە، کە فەرهەنگی ئاوەزی ناتوانرێت تۆماربکرێت و بنووسرێتەوە چونکە تۆڕێکی نەبڕاوەیە و سنووری دیاریکراوی نییە، وشەیەک وشەکانی تری نزیک خۆی کارادەکاتەوە بەپێی دوورونزیکیان نەک تەنها لە واتای وشەکاندا، بەڵکو بارودۆخی نزیکیش، کە ئەو وشانەی تێدا بەکارهێنراوە، بۆ تێگەیشتن با لە نموونەی ژمارە (١٥) وردبینەوە:

(١٥) نەورۆز

**جگە لەوەی (نەورۆز) وشەیەکە واتای ئینسکلۆپیدی هەیە ئاخێوەرانی کوردیش هەموویان پەی بە واتاکانی دەبن، هەروەک لە هێڵکاریی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت :**




**هێڵکاریی ژمارە (٢)**

**هێڵکاریی واتای ئینسکلۆپیدیی وشەی(نەورۆز)**

**بەڵام بە بەرگوێکەوتنی دەربڕاوی (جەژنی نەورۆز) و بەکارهێنانی لە دەوروبەرێکی زمانییدا چەند بارودۆخێکی نزیک خۆی کارادەکاتەوە و لە ئاوەزی گوێگردا ئامادەدەبن، وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت :**




**هێڵکاریی ژمارە (٣)**

**هێڵکاریی کاراکردنەوەی بارودۆخە نزیکەکانی (جەژنی نەورۆز)**

کاتێک گەڕان و پشکنین بۆ وشەیەک لە وشەداندا دەکرێت، ئاشکرایە بەهۆی ئۆرسۆگرافییەکەیەوە ئەنجامدەدرێت، بەڵام لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، پەیوەندیی وشەکان بە یەکترییەوە گرنگی پێدەدرێت، نەک چۆنێتی نووسین، چونکە وشەکان بە تاکە تاکە و بە تەنها لەناو ئاوەزدا هەڵناگیرێن، بەڵکو لە شێوەی تۆڕبەنددان، هەر وشەیەک بەکۆمەڵە وشەیەک دەورەدراوە و بەپێی پەیوەندییان بە وشەکەوە شوێنیان لە تۆڕبەندەکەدا دیاریکراوە، وەک لە هێڵکاریی ژمارە(٣)دا دەردەکەوێت :




هێڵکاریی ژمارە (٤)

هێڵکاریی پەیوەندیی تۆڕبەندانەی وشەی (خوێندنگە) بە وشەکانی تری فەرهەنگی ئاوەزییەوە

لەم هێڵکارییەدا خستنەڕووی پەیوەندیی وشەکان بە وشەی (خوێندنگە)وە لە شێوەی تۆڕبەندێکدا، ئەوە دەسەلمێنێت، کە وشەی (خوێندنگە) بە تەنها لە ئاوەزدا دانەکراوە، بەڵکو بە گۆگردنی ئەو وشەیە تۆڕبەندێک لە وشەی پەیوەندار لە ئاوەزدا کارادەکرێنەوە و ئامادەدەبن، لە ڕاستییدا تۆڕبەندەکە زۆر لەوە فراوانتردەبێت، کە بتوانرێت تۆماربکرێت، ئەوەی خراوەتەڕوو، تەنها لایەکە لە لاکانی ئەو تۆڕبەندە، لێرەدا دەردەکەوێت، کە وشەکان بە تەنها دانەکراون، بەڵکو وشەیەک دەبێتە هۆی کاراکردنەوەی هەموو ئەو وشانەی، کە دوورونزیک پەیوەندییان پێوەی هەیە. لە فەرهەنگی نووسراودا توانای بەکاربردنی وشەکان بە شێوەیەکی نزیکی بۆ هەموویان وەکیەکە و بەپێی سەرە و ڕیزبوونی پیتەکان پشکنین بۆ وشەکان دەکرێت، بەڵام لە فەرهەنگی ئاوەزییدا ئەم توانای بەکاربردنەوەیە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر دەگۆڕێت، چونکە ئەو وشانەی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان زۆرترە، واتە زۆر دووبارەدەبنەوە خێراتر کارادەبنەوە و ئامادەدەبن وەک لەو وشانەی، کە ڕێژەی بەکارهێنانیان کەمترە، جگە لەدووبارەبوونەوە، دەق و توانای وێناکردن هۆکاری گرنگی بیرکەوتنەوەی وشەکانن، واتە دەق و دەوروبەری زمانی

لەگەڵ توانای وێناکردنی وشەکان هۆکارن بۆ خێراترکردنی بیرکەوتنەوەی وشەکان، چونکە هەتا وێناکردنی ئاسان بێت زووتر بە بیردادێتەوە. (Sitarek, 2015, p: 38).

فەرهەنگی ئاوەزی تەنها واتای وشە و تایبەتمەندی (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) لەخۆناگرێت، بەڵکو لە پاڵ ئەم زانیارییانەدا زانیاریی نازمانیش لەخۆدەگرێت. لە پەیوەندیکردندا ئاخێوەر و گوێگر تەنها پشت بە واتای فەرهەنگی وشەکان نابەستن، بەڵکو بۆ گەیاندن و تێگەیشتنی تەواو لەگەڵ واتای فەرهەنگی پەنا دەبەنە بەر ئەو کۆزانیارییانەی، کە هەیانە دەربارەی ئەو بارودۆخ و ژینگانەی، کە وشەکانی زمانەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت و لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا داکراون، لە کاتێکدا باشترین فەرهەنگی تۆمارکراو تەنها هەندێک لەم زانیارییانەی تێدا تۆمارکراوە. لێرەدا دەتوانرێت بەکارهێنانە میتافۆڕی و ئیدیۆمەکانی دەربڕاوە زمانییەکان بە نموونە بهێنینەوە. لە فەرهەنگی ئاوەزییدا چۆنێتی بەکارهێنانی وشەکان لەگەڵ یەکتردا بە تەواوەتی دیاریکراوە، ئاخێوەر بە پشتبەستن بەو کۆزانیارییەی، کە هەیەتی، دەزانێت ڕێکیانبخات، بۆ نموونە با لە وشەکانی ژمارە (١٦) بڕوانین:

(١٦) أ- دەستپیس، چاوپیس، دەمپیس.

ب- دەستپاک، *چاوپاک، دەمپاک.

ئێستا گەر لە وشەکانی (أ-ب)ی نموونەی ژمارە(١٦) بڕوانین، دەبینین، کە وشەکان لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە پێکهاتەکەیان وشەی لێکدراوە و بە یاسای(ناو + ئاوەڵناو) پێکهاتوون، لە ڕووی واتاشەوە زیاتر میتافۆڕییانە لە زمانی کوردییدا بەکاردێن و واتا دەگەیەنن، هەربۆیە ئاخێوەری زمانی کوردی پەیپێبراوانە بەپێی بارودۆخی ئاخاوتن و شارەزایی کۆزانیاریی زمانی و نازمانی بەکاریاندەهێنێت و تێیاندەگات. هەر ئەم کۆزانیارییەی ناو فەرهەنگی ئاوەزیشە وا لە ئاخێوەری زمانەکە دەکات، کە وشەی (چاوپاک) وەک میتافۆڕێک وێنانەکات و لە کاتی ئاخاوتنەکانیدا نیشانەی نادروستی واتایی لە ڕووی میتافۆڕییەوە بخاتەسەر. بێگومان ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە زانیاری مرۆڤی کورد دەربارەی ئەندامی بینین و چۆنێتی زانیاری وەرگرتن و زانیاری بەخشین لە ڕێگەیەوە، کە لە ئەنجامی ئەم ئەزموونەوەیەوە وێنای نائیدیۆمی بۆ واتای وشەکە دەکات، لە کاتێکدا بۆ وشەکانی تر ئەزموونی جەستەیی و هزری مرۆڤی کورد جیاوازە و زانیاریی ئیدیۆمی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داکردووە. فەرهەنگی تۆمارکراو هەر چۆنێک بێت بە بەراورد بە فەرهەنگی ئاوەزی هێشتا تەواو و کامڵ نییە، چونکە فەرهەنگی ئاوەزی بە تەواوی وشەکانی زمانەکە و پەیوەندییان و چۆنێتی بەکارهێنانیان و ژینگەی ئەو بەکارهێنانە دەگرێتەخۆ، لە کاتێکدا باشترین جۆری وشەدانی نووسراو لەگەڵ تایبەتمەندی (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)، هەندێک ڕوونکردنەوە بە دانانی وشەی هاوواتا و چۆنێتی بەکارهێنانیان دەخاتەڕوو، هەر بۆیە دەگوترێت، کە لە فەرهەنگی نووسراودا" بە زۆری وشەکان بە تەنها ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت " (Aitchison,2012,P:15) هەر وەک لە نموونەی ژمارە(١٧)دا دەردەکەوێت:

(١٧) شلەتێن .

لە فەرهەنگی نووسراودا وەک تاکە وشەیەک رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت و واتاکەی دەخرێتەڕوو، لەگەڵ چەند تایبەتمەندییەکی وشەکە لە ڕووی سینتاکسی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و چۆنێتی گۆکردنەوە، بەڵام پەیوەندیی وشەی (شلەتێن) بە وشەکانی (سارد، گەرم)ەوە لێکناداتەوە، کە چۆن ئاخێوەری زمانی کوردی پەیپێبراوانە شارەزای جیاوازی و خاڵی کۆتایی و دەستپێکردنی هەریەکێکیانی لە ڕێگەی ئەزموونەوە دیاریکردووە، واتە ئاخێوەری کورد لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەستەوەرەکەیەوە درک بە هەریەکێک لەو وشانە دەکات.

لەگەڵ ئەم جیاوازییە بنەڕەتییانەدا، هێشتا زمانەوانەکان بۆ نزیکبوونەوە لە فەرهەنگی ئاوەزی پشت بە فەرهەنگی نووسراو دەبەستن، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە فەرهەنگی ئاوەزی تۆمارناکرێت، شانبەشانی گۆڕانکارییەکانی سەردەم دەگۆڕێت، ڕیزبوون و ڕێکخستنی وشەکان بەپێی پەیوەندییانە بە یەکترەوە، "فەرهەنگی ئاوەزی تەنها گردکردنەوەی هەمەکییانەی وشەکان نییە، بەڵکو چۆنێتی بەکارهێنانی وشەکان، داکردنیان، پێواژۆکردنیان لە لایەن هەر ئاخێوەرێکی زمانەکەوە چارەسەردەکات.

## ١/١-١) زاراوە و چەمکی فەرهەنگی ئاوەزی

فەرهەنگی ئاوەزی وەک زاراوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٦٦)دا لە لایەن (OldField)ەوە خرایەڕوو، هەر لەوکاتەوە بوو بە جێگەی تێڕامان و سەرنجی زۆر لە زمانەوانەکان و ئەو کەسانەی لە بوارەکانی پەیوەندیی زمان و ئاوەز، چۆنێتی هەڵکەوتن و کارکردنی ئاوەزی مرۆڤ، لەگەڵ زۆر لە خوێندکار و پزیشکانی نەخۆشییەکانی گوتنی ڕاکێشاوە. هەریەکە لەمانە بەپێی بواری کارکردن و ئامانجی جیاوازی لێکۆڵینەوە و پشکنینەکانیان هەوڵیانداوە پێناسەی بکەن و لێیبکۆڵنەوە. لە ئەنجامی گەڕان و هەوڵدان بۆ زانینی ئەوەی چۆن مرۆڤێکی ئاسایی توانای داکردنی ئەو ژمارە ئێجگار زۆرەی وشەی هەیە، کە لە پەیوەندیکردنی ڕۆژانەدا کارامانە و شارەزایانە بە خێرایی و بێوەستان بەکاریاندەبات، نەک تەنها واتای وشەکان و لایەنی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی وشەکان، بەڵکو درکپێکردنی تاکەکەس بە لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی وشەکان، کە بەپێی کەسانی جیاواز و بارودۆخی جیاواز بەکاردەهێنرێن، پێناسەی جیاواز بۆ فەرهەنگی ئاوەزی کراوە، جگە لە تێڕوانین و گۆشەنیگا جیاوازەکان، ئەم فەرهەنگە خۆی لە خۆیدا بابەتێکی سرکە و لێکۆڵینەوە و پێناسەکردنی ئاسان نییە بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر و شیکردنەوەی فەرهەنگی ئاوەزی پێویستە چەند پێناسەیەک بخرێنەڕوو، کە هەر یەکێکیان لایەنێک لە لایەنەکانی شیدەکەنەوە.

یەکێک لە کۆنترین پێناسەکانی فەرهەنگی ئاوەزی لە لایەن (Fay and Cutler)ەوە خراوەتەڕوو، فەرهەنگی ئاوەزییان بە شێوەیەک پێناسەکردووە، وەک ئەوەی بریتی بێت لە "ڕیزکردنی وشەکان لە ناو سەردا" ( Fay and

واتە بریتییە لە ڕیزکردن و لیستکردنی وشەکان لە ناو ئاوەزی بەکارهێنەری زمانێکی (Cutler ,1977 , 508-509) دیاریکراودا.

لە لایەن (Fraklin and Emmorey)ەوە پێناسەی فەرهەنگی ئاوەزی وەک داڕشتەیەکی زمانی کراوە، کە هەموو زانیارییە (سیمانتیکی و سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی)یەکان لە خۆدەگرێت، کە ئاخێوەران دەربارەی هەر تاکە وشە، یان مۆرفیمێک هەیانە" (Sripada,2008,P.P:181). لێرەدا فەرهەنگی ئاوەزی وەک پێکهاتەیەکی ڕێزمانی خراوەتەڕوو، کە زانیاری دەربارەی هەموو وشە و مۆرفیمەکانی زمانێکی تێدا کۆکراوەتەوە و داکراوە، کە ئاخێوەر و گوێگری زمانەکە دەیانزانن و بەکاریاندەهێنن، زانیارییەکانیش لایەنەکانی گۆکردن، چۆنێتی پێکهاتن، تایبەتمەندی سینتاکسی و واتای وشە و مۆرفیمەکان دەگرێتەوە، ئەگەر لە دەربڕاوەکانی ژمارە(١٨) بڕوانین، کە ئاخێوەری زمانی کوردی زانیاری دەربارەی هەریەکێک لەم دەربڕاوانە هەیە و ڕۆژانە بەکاریاندەهێنێت:

(١٨) أ گۆشتێکم بۆ هێناوی ئەڵێی کلە ئەوەنە ناسکە.

ب گۆشتەکە، پیرە زوو ناکوڵێت.

ت *گۆشتی گەنج

دەبینین لە ڕووی واتاوە هەردوو وشەی(پیر، ناسک) پەسنی جۆری گۆشت دەکەن لە ڕووی چەندێتی کاتی پێویست بۆ پێگەیشتن، واتە، لێرەدا (وشەی پیر) بە واتای تەمەنی ئاژەڵ بەکارنایەت، تەنها دەرخەری ئەو کاتەیە، کە پێویستە بۆ(کولاندن، برژاندن ...هتد)، چونکە(پیر) یەکێکە لە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ و لە زمانی کوردییدا داڕشتەی چەمکی تەمەنی ئاژەڵ جیاوازە لە داڕشتەی چەمکی تەمەنی مرۆڤ و تێکەڵ بە یەکتر نابن، هەر چۆن دەربڕاوی (گۆشتی گەنج) لە ڕووی سیمانتیکییەوە نادروستە و ڕێگەپێنەدراوە، چونکە(گەنج) قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤە و ئاخێوەری کورد بۆ هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ ناوێکی دیاریکردووە هەروەک چۆن بۆ ئاژەڵەکان بەپێی جۆر و تەمەن و ڕەگەزیان ناویان بۆ دیاریکراوە، وەک(کار، بەرخ، مەڕ، بزن و ...هتد). ئاخێوەری کورد ئاگاداری وردەکارییەکانی زمانەکەیەتی و بەپێیبڕاوانە لە ڕێگەی ئەزموون و شارەزاییەوە داڕشتەی چەمکی تەمەنی مرۆڤ و ئاژەڵ تێکەڵناکات، هەر بۆیە وشەکانی(پیر، گەنج) لە داڕشتەی چەمکی تەمەنی مرۆڤدا دژواتان، بەڵام لە داڕشتەی تەمەنی ئاژەڵدا بە دژواتای یەکتر دانانرێن و لە ڕووی سیمانتیکیەوە ڕێگەپێنەدراوە.

لێرەدا کارامەیی و سەلیقەی زمانی ئاخێوەری زمانی کوردی دەخاتەڕوو، کە لە ڕێگەی شارەزایی و ئەزموونەکانییەوە درک بە چۆنێتی بەکارهێنانی وشە هاوواتا و دژواتاکان دەکات و دەزانێت، کە لە چ دەوروبەرێکی زمانییدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێن.

بەپێی ڕوانگەی (Singleton)"فەرهەنگی ئاوەزی مۆدولێکی(بەشێکی سەربەخۆ)یە لە یادگەی درێژخایەنی مرۆڤدا، کە هەموو کۆزانیارییەکانی ئاخێوەر دەربارەی وشەکانی زمانەکەی، لەخۆدەگرێت" (Sitarek,2015 P:36)، لێرەدا فەرهەنگی ئاوەزی بە بەشێکی سەربەخۆی یادگەی درێژخایەنی مرۆڤ دانراوە، کە لە بەشەکانی تری

یادگەکە جیاکراوەتەوە، کە بەجیا خۆی کاردەکات و هەموو کۆزانیارییەکانی دەربارەی وشەکانی زمانێکی دیاریکراوی تێدایە، واتە لایەنەکانی (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) وشەکان، شارەزایی چۆنێتی بەکارهێنانی وشەکانە لە ڕستەکاندا.

بە تێڕوانینی (Levelt) فەرهەنگی ئاوەزی "بریتییە لە کۆگا، یان سەرچاوەی کۆزانیارییە گوتراوەکانی وشەکانی زمانی ئاخێوەرە"(Levelt,1989, P:182)، لێرەدا ئەم فەرهەنگە وەک سەرچاوەی هەموو کۆزانیارییەکانی وشەکانی زمانێکی دیاریکراو دادەنێت، پێیوایە هەموو وشەیەک دوو پێکهاتەی هەیە، پێکهاتەی شێوەیی، کە بە (لێکسیم) ناوی دەبات و وەک ئەو بەشەی فەرهەنگی ئاوەزی پێناسەدەکات، کە زانیاریی شێوەیی و مۆرفۆلۆژی دەربارەی وشەکانی تێدا دادەکرێت، وەک وەشانە جیاوازەکانی ڕێنووس و گۆگردنی وشەکان. پێکهاتەی دووەمیش بریتییە لە(لێما)، کە زانیاریی سیمانتیکی و سینتاکسی وشەکانی تێدا دادەکرێت بەم شێوەیە کۆزانیاریی دەربارەی (سیمانتیک، سینتاکس، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) لە فەرهەنگەکەدا دادەکرێت.

فەرهەنگی ئاوەزی بەپێی بۆچوونی (Roux) "کۆمەڵە نواندنێکی وشەکانی ناو ئاوەزە، کە بەیەکەوە وێنەی دەوروبەری زمانی، ڕەهەندە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی واتا دەکێشن و لە زمانپێزان، لەبەرکردن و دەربڕینی زمانییدا یارمەتیدەری هەرە بنچینەیین" (Roux,2013,P.P:82) ئەوەی لەم پێناسەیەدا تیشکی خراوەتەسەر وێنەی دەوروبەری زمانییە، کە لە لایەن نواندنەکانی وشەکانەوە لە ناو ئاوەزدا وێنەی دەکێشرێت و ڕۆڵی پەیپێبردنە کەسییەکانی تاک و کۆمەڵگا و کلتور لە دیاریکردنی واتادا دەخاتەڕوو، بە یارمەتیدەرێکی بنچینەیی لە زمانپێزان و دەربڕینی زمانییدا دانیانپێدادەنێت.

بەپێی ڕێبازی درکپێکردن فەرهەنگی ئاوەزی تەنها لایەن و تایبەتمەندییە زمانییەکانی(سیمانتیک، سینتاکس، مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژی) وشەکان لە خۆناگرێت و جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەم فەرهەنگە بە تەنها بریتی نییە لە کۆگایەک بۆ ڕیزکردنی وشەکان و داکردنیان، بەڵکو لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییە، وێنەی ئاوەزی و نواندنە چەمکییەکانی، کە لە ئەزموون و بەجەستەکردنی شارەزاییەکانی ژیانەوە بەدەستهاتوون ،دەگرێتەوە. هەموو ئەو کۆزانیارییانەی دەربارەی هەر وشەیەک لە ئاراداان و چۆنێتی پەیوەندیی وشەکانی ناو فەرهەنگەکە، زانیاری دەربارەی بارودۆخی بەکارهێنانیان، تێڕوانین، پەیپێبردن، بیروباوەڕەکانی تاک و کۆمەڵ لەخۆدەگرێت .

شایەنی گوتنە، لەگەڵ ئەوەی پێناسەی زۆر بۆ ئەم فەرهەنگە لە ئارادایە، بەلام زمانەوانیش هەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەم فەرهەنگە پێناسە ناکرێت و ناتوانرێت بگوترێت (بریتییە لە ....)، چونکە هەر پێناسەیەکی بۆ بکرێت هەڵە دەبێت، یان بە تەواوەتی فەرهەنگەکە ناپێکێت، لەبەرئەوە هەر هەوڵێک بۆ پێناسەکردنی بە هەڵە دادەنێن (Jamera and libben,2007,P:2).

### ١/ ١-٢) فەرهەنگی ئاوەزی لە زانستی زمانی دەروونیدا:

زانستی زمانی دەروونی بە یەکێک لە گرنگترین لقەکانی زانستی زمانی کارەکی دادەنرێت، کە گرنگی دەدات بە پەیوەندیی نێوان زمان و ئاوەزی مرۆڤ و دیاریکردنی هۆکارە دەروونییەکانی، کە کاردەکەنە سەر توانای زمانی. ئەوەی زمانەوانەکانی ئەم بوارە زیاتر گرنگی پێدەدەن، گەیشتنە بە ئاوەزی مرۆڤ و چۆنێتی کارکردنی ئاوەزە لە ڕێگەی زمانەوە، کە ئاوێنە و ڕەنگدەرەوەی چۆنێتی ئەم کارکردنەن، زانایانی ئەم بوارە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بە زۆری بە دوای وەڵامی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێن، لەوانە چۆنێتی زمانپژانی مرۆڤ، چۆنێتی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زمان، دیاریکردن و شیکردنەوەی ئەو پێواژۆ دەروونی و بیرییانەی ئاخێوەر پێش ناردن و لە کاتی ناردنی پەیامەکەیدا ئەنجامیدەدات، چۆنێتی لێکدانەوەی ئەو شریتە دەنگییەی لە لایەن ئاخێوەرەوە ئاڕاستەی گوێگر دەکرێت، تا لە مەبەست و واتای دەربڕاوەکان تێبگات. بەهەمان شێوە گرنگیدان بەخێرایی و دیاریکردنی هەنگاوەکانی تێگەیشتن و گەڕان بەدوای ئەو هۆکارانەی کاردەکەنەسەر ئاسانی و گرانی ئاستی تێگەیشتنی گوێگر، یان خوێنەر. ئەم زانستە گرنگیدەدات بە فێربوونی زمانی دووەم، سێیەم و... هتد، هەروەها لە چۆنێتی فێربوونەکە دەکۆڵێتەوە لەگەڵ چۆنێتی هەڵگرتنی وشەی زمانەکان لەناو یادگەدا و یادگە و جۆرەکانیشی خۆی لە خۆیدا جێگەی تێڕامان و سەرنج و لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستەیە، دیاریکردنی جۆرەکانی یادگە و سروشتی هەریەک لەو جۆرانەش بابەت و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم زانستەن. چۆنێتی هەڵگرتنی زانیاریی و یەکە زمانییەکان، لەگەڵ بەکاربردنەوەی ئەو زانیاریی و یەکانە بابەتێکی گرنگی لێکۆڵینەوەکانن، چ لە کاتی قسەکردن و نووسین، یان گوێگرتن و خوێندنەوەدا بن، لەم ڕوانگەیەوە (فەرهەنگی ئاوەزی)، کە ژمارەیەکی بەرچاوی لێکۆڵەرانی ئەم لقەی زانستی زمان بە (وشەدانی ناو ئاوەز ناوی دەبەن) جێگەی سەرنج و بابەتی لێکۆڵینەوەکانیانە، بەڵام بە جۆرێک، کە زیاتر گرنگی دەدەن بە چۆنێتی هەڵگرتن و ڕێگەی ڕێکخستن و ڕیزبوونی و دانەکانی فەرهەنگەکە، هەروەها چۆنێتی بەکاربردنەوە و هێنانەوەی وشەکان، واتە زیاتر لە چۆنێتی کار و مامەڵەکردنی ئاوەزی مرۆڤ، لەگەڵ وشەکاندا دەکۆڵنەوە، واتە (چۆن بەکۆد دەکرێن؟، چۆن دادەکرێن و چۆن بەکاردەبرێنەوە؟). بۆ تیشک خستنەسەر ئەم بابەتانە و لێکدانەوەیان چەندین تاقیکردنەوە و ئەزموونیان ئەنجامداوە، بۆ گەیشتن بە چۆنێتی کارکردنی ئاوەزی مرۆڤ.

لەو تاقیکردنەوانەش هەڵخلیسکانی زمانی و بڕیاردان لەسەر وشەبوون[١]، دیاردەی کەوتنەسەر زار[٢]، هەروەها نەخۆشی و دیاردەکانی وەک ئەفاسیا[٣] و دیسلکسیا[٤] لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەنجامدراوە، هەڵەکانی قسەکردن، ئەگەر کەسێکی ئاسایی یان نەخۆش بیکات بەهەند وەردەگیرێت "ئەو پێڕەوەی، کە کەموکورتی لە بەکاربردنیدا هەیە گەلێک زانیاری دەربارەی میکانیزمە بنەڕەتیەکانی پێڕەوەکە ئاشکرادەکات، لەچاو ئەو پێڕەوەی زۆر بەباشی و بێ کەموکورتی کاردەکات" (Aitchison, 1987,p:77).

واتە ئەگەر کەسێک لەبری وشەی مەبەست، بەهەڵە وشەیەکی تر لەبری گۆبکات، دواتر بیر لە وشە مەبەستەکە بکاتەوە و پاشان بیدۆزێتەوە و بیڵێت، ئەوا ئەم بیرکردنەوە و گەڕانە بەدوای وشەیەکەدا، پێوازۆی بەکاربردنەوەی وشەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزی دەبێت، کە چۆن لە حاڵەتی ئاساییدا، هەموو کەسێک لە کاتی قسە کردن و گوێگرتندا ئەنجامیدەدات. لەبەرئەوەیە هەڵە زمانییەکانی، کە ئاخێوەر ئەنجامیاندەدات، گرنگن و جێگەی سەرنج و بەدواداچونن، نەک تەنها (هەڵخلیسکانی زمانی)، بەڵکو هەموو ئەو هەڵانەی لە کاتی گفتوگۆ کردندا چ لە لایەن کەسانی ئاسایی، یان لە لایەن منداڵ، یان کەسێکی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە لە پێوازۆیەک لە پێوازۆکاندا کێشەی هەیە، دەکرێن.

## ٣-١/١) ڕێکخستن و چۆنێتی ڕیزبوونی وشەکان لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییدا:

ڕێکخستن و چۆنێتی ڕیزبوونی وشەکان، بابەتێکی گرنگ و بە بایەخی زمانەوانەکانی ئەم بوارەیە. لە ڕاستییدا بەهۆی زۆریی ژمارەی وشەکانی کە ئاخێوەری زمانێک دەیانزانێت و بەکاریاندەهێنێت، هەروەها ئاسانی و خێرایی دەستپێداگەشتن و بەکاربردنەوەی وشەکانی ناو فەرهەنگەکە، ئەو گریمانەیەی لای زمانەوانانی دەروونی دروستکردووە، کە دەبێت ئەم فەرهەنگە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکخرابێت، چونکە ئەگەر بەو جۆرە نەبێت، بەکارهێنەری زمانێکی دیاریکراو ناتوانێت بەو ئاسانی و خێراییە و بە بێوەستان و بە شێوەیەکی ڕەوان گفتوگۆبکات و لە وشەکانیش تێبگات. ڕێکخستنی وشەکانی فەرهەنگی ئاوەزی لە کۆنەوە تا ئێستا سەرنجی دەروونناس و زمانەوانەکانی ڕاکێشاوە، لێکۆڵینەوەی زۆریان ئەنجامداوە لەپێناو گەیشتن بە چۆنێتی ڕێکخستنی وشەکان و

---

١- بڕیاردان لەسەر وشەبوون (Lexical Decision task) تاقیکردنەوەیەکە، کە تێیدا زنجیرە دەنگێک دەخرێتە بەردەست بەشداربوو، کە دەبێت لە کاتێکی دیاریکراودا ئەو زنجیرە دەنگە بناسێتەوە بڕیاربدات، کە وشەیە یان نا بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (menn and Dronkers,2017,p:202-203) .

٢- کەوتنەسەر زار (Tip-of–the-tongue) هەستکردنە بەوەی، کە ناتوانێت وشەیەک گۆبکەیت، لە کاتێکدا تایبەتمەندییەکانی تری وشەکە وەک سیمانتیک، سینتاکس، مۆرفۆلۆژی و هەندێک جار وێنەی ئاوەزی) بەکاردەبرێنەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Schwartz,2001,p:6).

٣- ئەفازیا، نەخۆشی، یان کێشەیەکی زمانییە، کاردەکاتە سەر توانای بەرهەمهێنان، یان تێگەیشتینی زمانی، لەگەڵ توانای خوێندنەوە یان، نووسین بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:(حمد، ٢٠١٤، لا:١٤٧ – ١٤٨)،(Nadeau, Rothi and Crosson,2000,p:82).

٤- دیسلکسیا : نەخۆشی، یان کێشەیەکی فێربوونە، کە کاردەکاتە سەر گرانی خوێندنەوە، بەهۆی کێشەی ناسینەوەی دەنگەکان و بەستنەوەیان بە پیتەکانیانەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:(عەبدولکەریم، ٢٠١٥، لا:١٠٠ – ١١٤)،( Snowling and Stackhouse, 2006, p:2-15).

پەیوەندییان بەیەکەوە[1]، تا ئێستا زمانەوانانی زانستی زمانی دەروونی بۆ زانین و خستنەڕووی چۆنێتی ڕیزبوونی وشەکانی ناو (فەرهەنگی ئاوەزی) و دیاریکردنی پەیوەندیی وشەکان بە یەکترییەوە، چەندین جۆر لە مۆدێلیان خستۆتەڕوو، زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیشیان لەسەر یادگە ئەنجامداوە و پێشنیازی ئەوەیان کردووە، کە وشەکان لە تۆڕبەندە (پەیوەستەکاندا) داکراون و بەبیرداد‌ێنەوە."تاکە وشەکان لە یادگەی درێژ خایەندا وەک وشەی جیاجیا نانوێنرێن، بەڵکو وەک بەشێک لە تۆڕێکی وشە پەیوەندیدارەکان دەنوێنرێن"( Bruza,Kitto,and Mcevog, 2009, p:363).

لەگەڵ ئەمەشدا بڕیاردان لەسەر دانانی مۆدێلێک بۆ (فەرهەنگی ئاوەزی) و دیاریکردنی چۆنێتی ڕیزبوونی ڕەگەزەکانی کارێکی ئاسان نییە و ناتوانرێت بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە بێت، چونکە خۆی لەخۆیدا ژمارەی وشەکانی و چۆنێتی پەیوەندییان بەیەکترەوە لەلایەک، لە لایەکی تریش هەر وشەیەک لەو وشانە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، کە وشەکەیان پێکهێناوە، وەک تایبەتمەندی سیمانتکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی، کارەکەیان تەواو گران و ئاڵۆزکردووە و لێکۆڵەرانی پەرتکردووە، هەر یەکەیان دان بە گرنگی تایبەتمەندییەک دەنێت و ئەوانیتر بە لاوەکی ئەژماردەکات، واتە هەریەکەیان تایبەتمەندییەک یان زیاتریان کردووە بە بنەما بۆ دانانی مۆدێلیکەی خۆیان، کە زۆربەی بەڵگەی کارەکانیشیان بریتییە لەو هەڵە زمانیانەی کەسێکی نەخۆش، یان کەسێکی ئاسایی لە کاتی گفتوگۆکردندا دەیکات، یان ئەو تاقیکردنەوانەی لەسەر کەسەکان ئەنجامدەدرێن .

لە ڕێکخستنی وشەکانی فەرهەنگی ئاوەزییدا زانستی زمانی دەروونی پێشنیازی دووجۆر ڕێکخستن دەکات، کە ئەمانەن :

## یەکەم: ڕێکخستن، یان نواندنی وشە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا

لەم ڕێکخستنەدا گرنگی دەدرێت بە تاکە تاکەی وشەکانی ناو فەرهەنگەکە لە ڕووی چۆنێتی داکردن و بە پشتبەستن بە کام لە تایبەتمەندیەکانی وشەکە داکردنەکە ئەنجامدەدرێت، واتە تەنها وشەیەک چۆن داکراوە بەپێی چی و گرنگی بە کام تایبەتمەندییەی وشەکە دراوە، ئایا بە کام تایبەتمەندییەی لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا نوێنراوە، ئایا بەپێی تایبەتمەندی سیمانتیکی، یان تایبەتمەندی سینتاکسی، یان تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژی و تایبەتمەندی فۆنۆلۆژییەکەی، زۆر لە زمانەوانەکانی زانستی زمانی دەروونی نواندنی ئۆرسۆگرافی و وشەکەش وەک داڕشتەیەکی جیانەکراوە لە ڕەگەزە فەرهەنگییەکە تەماشادەکەن و بەپێی ئەم تێڕوانینەیان لەو مۆدێلانەی، کە بۆ وشەکانی ناو ئاوەز دایانڕشتووە، تایبەتمەندی فۆنۆلۆژی و ئۆرسۆگرافییان بە توێژی شێوازی بە ڕوکەشبەندی فەرهەنگەکە پەسەنکردووە (sitarek,2015,p:40).

---

١- بۆ یەکەمجار تاقیکردنەوەیەکی تۆمارکراوی ڕێکخستنی فەرهەنگی ئاوەزی لەلایەن پێشەنگ و ڕابەری دەروونناسیی بەریتانی (فرانس گاڵتون) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تۆمارکرا (Aitchison,2003,P:23)، کە دواتر بوو بە بناغە بۆ کارەکانی دەروونناس و زمانەوانەکانی زانستی زمانی دەروونی.

زۆربەی زمانەوانەکانی ئەم بوارە دارشتەی سیمانتیکی، کە بریتییە لە (تایبەتمەندی سیمانتیکی و سینتاکسی) و دارشتەی رووکەش (تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)یان لەیەکتر جیاکردووەتەوە و پێیانوایە بە شێوەی سەربەخۆ هەڵگیراون، بەڵام پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئەمەش بە پشتبەستن بە دیاردەی (کەوتنەسەر زار)، واتە کاتێک کەسێک لە کاتی گفتوگۆکردندا وشەیەکی بۆ ناگوترێت هەرچەندە تایبەتمەندییە سیمانتیکی و سینتاکسییەکەی لەلا ئامادەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت وشەکە گۆبکات. ئەم بەڵگەیە دەهێنرێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی ئەو دوو دارشتەیە (سیمانتیکی و رووکەش) بەیەکەوە هەڵنەگیراون، پەیوەندییەکەیان بەیەکەوە ئەوەندەیە، کە ئاخێوەر هەردوو دارشتەکە لە کاتی قسەکردندا لەیەکدەدات، هەرئەمەشە وەهای کردووە (Levelt)، لە مۆدێلەکەیدا بۆ نواندنی وشە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا زاراوەکانی (لێکسیم و لیما) لە یەکتر جیابکاتەوە(Sitarek,2015,P:34)،ئەم جیاکردنەوانەش لەسەر بنەمای ئەو دیاردانە بنیاتنراون، کە بووونیان هەیە و هەستپێکراون، بەڵام هێشتا چۆنێتی راستی جیابوونەوەی ئەو دارشتانە یەکلاکەرەوە نین ،چونکە چۆنێتی لەیەکدان و بەستنەوەی ئەو دارشتانە لە کاتی قسەکردندا ناسینەوە و لکاندنیان بەیەکەوە روون و ئاشکرا نییە، بەڵکو تەنها بە شێوەیەکی میتافۆرییانە پێشکەشکراون و بۆ زیاتر روونکردنەوەی فەرهەنگەکەیە، کە دوو شوێنی داکردنی هەیە، یەکێکیان تایبەتمەندییە رووکەشەکانی تێدا دادەکرێت، ئەوی تریان تایبەتە بە تایبەتمەندی سیمانتیکی و سینتاکسیەکانی وشەکە .لە راستییدا ئەمە تەنها کێشەی بابەتەکە نییە، بەڵکو کێشەیەکی تریش دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا بەکارهێنەری زمان یەک گەنجینە بەکاردەهێنێت لە کاتی بەرهەمهێنانی زمان و لە کاتی تێگەیشتنی زماندا؟، ئایا کاتێک قسە دەکات، یان دەنووسێت هەمان ئەو فەرهەنگە بەکاردەهێنێت، کە لە کاتی گوێگرتن و خوێندنەوەدا بەکاریدەهێنێت؟ ئەم پرسیارەش لە لایەن زمانەوانەکانەوە وەڵامی جیاوازی دراوەتەوە هەندێکیان پێیانوایە دوو گەنجینە بەکاردەهێنرێت، واتە یەکێک بۆ بەرهەمهێنان و یەکێکی تریش بۆ ناسینەوە، هەندێکی تریش بە پێچەوانەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە تاکە یەک فەرهەنگی ئاوەزی بۆ هەردوو بەرهەمهێنان و تێگەیشتن هەیە لەبری ئەوەی دوو فەرهەنگی جیا هەبن. ئەم خەملاندنەش بنەماکەی لە شیکردنەوەکانی هەڵە زمانییە باوەکانەوە دارشتووە وەک، هەڵخلیسکانە زمانییەکان.

## دووەم: رێکخستنی پەیوەندیی وشەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزی:

چۆنێتی ریزبوون و پەیوەندیی وشەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزی بابەتێکی ترە، کە راو بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، گرنگی ئەم پەیوەندییە لەوەدایە، کە راستەوخۆ پەیوەندیی بە بەکاربردنەوەی سەرلەنوێی وشەکانەوە هەیە، دەتوانرێت دوو جۆر لەم پەیوەندییە دیاریبکرێت، کە (پەیوەندییە کرۆکییەکان) و (پەیوەندییە پەیوەستەکان)ن، ئەگەر وشەکانی فەرهەنگی ئاوەزی بە لایەنی کەمەوە لە رێگەی یەکێک لە چوار تایبەتمەندییەکانی (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی)ەوە بەیەکەوە بەسترابن، ئەوا پەیوەندییەکی کرۆکییانەیان بەیەکترەوە هەیە، بەڵام ئەگەر ئەم پەیوەندییە نەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لە کاتی قسەکردن و نووسیندا بەیەکەوە دەرکەوتن، ئەوا پەیوەندییەکەیان زیاتر پەیوەندییەکی پەیوەست بەیەکەوەیە. لەم

ڕوانگەیەوە هەموو ئەو وشانەی یەکەم بڕگە، یان کۆتا بڕگەیان وەکیەکە، بەیەکەوە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داکراون و نموونەی پەیوەندی کرۆکین هەروەک لە نموونەکانی ژمارە(١٩)دا دەردەکەوێت، هەروەها هەموو ئەو وشانەی لە ڕێگەی پەیوەندی مۆرفۆلۆژییەوە داکراون وەک ئەو وشانەی یەک پاشگر یان پێشگر وەردەگرن وەک لە نموونەکانی ژمارە (٢٠)دا دەردەکەوێت، ئەوا پەیوەندییەکەیان پەیوەندییەکی کرۆکییانەیە، هەروەکو چۆن ئەو وشانەش، کە بەهۆی پەیوەندی سیمانتیکی وەک (هاوواتایی و دژواتایی و گرتنەوە)ەوە داکراون، هەر زیاتر پەیوەندییەکی کرۆکییانەن وەک لە نموونەکانی ژمارە (٢١)دا دەردەکەوێت.

(١٩) أ/ [سەرکار، سەردار، سەربار، سەرسپی، سەر ڕەش، سەروەر ...هتد]

ب/ [دەزگا، کۆگا، لەوەڕگا، دایەنگا، زانستگا]

(٢٠) [باخەوان، شاخەوان، دارەوان، مەلەوان، فرۆکەوان]

(٢١) أ/ پاک = خاوێن، فەقیر = هەژار ← هاو واتایی

ب/ ڕووناک X تاریک، بەرز X نزم ← دژواتایی

پ/ (ڕەنگ) ← (سەوز، سپی، زەرد ...) ← گرتنەوە

ج / (میوە) ← (سێو، پرتەقاڵ، لالەنگی ....) ← گرتنەوە

ح / (پیشە) ← (کرێکار، مامۆستا، جوتیار ...) ← گرتنەوە

وەک لە نموونەی ژمارە (١٩)دا دیارە بەهۆی وەکیەکبوونی بڕگەی سەرەتا، یان کۆتایی وشەکان لێکۆڵەرەوان وەهای بۆ دەچن، کە بەیەکەوە لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا داکرابن، بەڵگەیان بۆ ئەم پێکەوەبوونەش بریتییە لە هەڵە زمانییەکان، کە کەسی ئاسایی، یان نەخۆشێک، لە کاتی قسەکردندا ئەنجامیاندەدات .

هەروەک لە نموونەی ژمارە (٢٠)دا دیارە، کە وشەکان یەک پاشگریان وەرگرتووە لەبەرئەوە لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە بانگەشەی ئەوەدەکەن، کە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا پێکەوە داکرابن. لە نموونەی ژمارە (٢١)دا پەیوەندی سیمانتیکی لە نێوان وشەکاندا بەدیدەکرێت، هەربۆیە پێیانوایە، کە ئەو وشانە بەیەکەوە لە ناو فەرهەنگەکەدا داکراون .کەواتە پەیوەندیی کرۆکیانەی وشەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزی واتە لە ڕووی سیمانتیک، سینتاکس، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەوە لە لایەن لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارەوە سەلمێنراوە، هەروەک لە پێشدا باسکرا زۆربەی بەڵگە و پاڵپشتی ڕاکان و دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان وشەکانی فەرهەنگی ئاوەزی بەهۆی نەخۆشی و کەم و کورتییەکانی گوتن و هەڵەی زمانییەوە هەڵگوێزراون، بۆ نموونە بەهۆی نەخۆشی ئەفازیاوە سەلماندوویانە، کە وشەکان لە ڕووی سینتاکسەوە پێکەوە بەستراون، چونکە نەخۆشی ئەفازیا هەندێکیان دەستیان بە پۆلێک لە پۆلەکانی ئاخاوتن ناگات، هەڵخلیسکانی زمانی ئەوەی سەلماندووە، کە وشەکان بەهۆی چوونیەکییان لە یەکەم بڕگەی وشەکان، یان کۆتا بڕگەی وشەکان بەیەکەوە بەستراون، پەیوەندی وشەکان بەیەکترییەوە لە ڕووی واتاوە جیاوازترە، چونکە وشەکان لە کێڵگە واتاییەکاندا پەیوەندیی کرۆکیانەیان هەیە و پێکەوە بەستراون، وەک دژواتا، هاوواتا، گرتنەوە... هتد، لە ڕووی مۆرفۆلۆژیەوە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە ئەو وشانەی، کە لە کێڵگە

واتاییەکاندا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، لە ڕووی داڕشتنەوە جارێکی تر پەیوەندییەکەیان نوێ دەبێتەوە، وەک لە نموونەکاندا دەردەکەوێت :

(٢٢) باخەوانی، دارەوانی، شێرەوانی (ناو + (ـەوان) + ی)

(٢٣) تاریکایی، ڕووناکایی، تروسکایی (ئاوەڵناو +(ایـ) + ی)

(٢٤) باریکەلە، درێژکەلە (ئاوەڵناو + ـ کەلە)

لێرەدا جگەلەوەی وشەکان خۆیان لە ئەندامی یەک کێڵگەی واتایین، واتە لە ڕووی واتاوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، ناوی پیشە دەگەیەنن دواتر بەهۆی مۆرفیم (/-ی/)ەوە پەیوەندییەکی نوێیان لە نێواندا پەیدابووە.

دووەم جۆری پەیوەندیی نێوان وشەکان بریتییە لە پەیوەستبوون، بە واتای هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە ڕووی (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی) لە نێوان وشەکاندا بەدیناکرێت، لەو لایەنانەوە پەیوەست نین بەیەکەوە، بەڵام لە بەکارهێناندا پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و پێکەوە بەستراون، واتە لە گفتوگۆ کردندا، یان لە هەر دەقێکی زمانی تردا بەیەکەوە دەردەکەون و ئەمە بەردەوام دووبارەدەبێتەوە، ئەم ڕاستییەش لە تاقیکردنەوەی بڕیاردان لەسەر وشە بوون[1] سەلمێنراوە.




**هێڵکاریی ژمارە (٥)**

**هێڵکاریی وشەی (تۆڕ)**

لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت، کە وشەی (تۆڕ) پەیوەندیی (سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی) لەگەڵ وشەکانی (میدیا، ماسی، جاڵجاڵۆکە)نییە، بەڵام بە ڕێگەیەکی تر پێکەوە بەستراون و لە دەقە زمانییەکاندا پێکەوە بەکاردەهێنرێن.

---

١- لەم جۆرە تاقیکردنەوەیەدا پێش وشەی مەبەست وشەیەک بە بەشداربوو دەگوترێت، کە بەهۆیەوە وشە مەبەستەکەی بیردەکەوێتەوە.

## ٤-١/١) چۆنێتی داکردنی وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا:

هەروەک چۆن گریمانەی جیاواز دەربارەی ڕێکخستنی وشەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزی بوونی هەیە، بەهەمان شێوە ڕای جیاواز دەربارەی چۆنێتی داکردنی وشەکان لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا لە ئارادان، وەک ئەوەی وشەکان بە دانەی سەربەخۆ دادەکرێن، یان شیدەکرێنەوە بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی، پاشان ئەو بەشانە لە فەرهەنگەکەدا بە جیاجیا و بە تایبەتمەندییەکانیانەوە دادەکرێن و بەکاردەبرێنەوە. ئەم بابەتە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەو تێڕوانینە جیاوازانەوە هەیە، کە دەربارەی وشە لە ئارادان، چونکە ئەگەر وشە بچوکترین دانەی واتاداری زمان بێت، ئەوا وشەکان بە شێوەی سەربەخۆ و وەک یەکیەکەی زمانی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دادەکرێن، ئەگەر مۆرفیم بچوکترین دانەی واتاداری زمان بێت، ئەوا وشەکە بۆ مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی شیدەکرێتەوە پاشان دادەکرێن.

بەمەبەستی ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە، دوو گریمانە، کە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازن دەخرێنەڕوو :

### ١-گریمانەی داکردنی هەموو وشەکە وەک یەکیەکە:

بەپێی ئەم گریمانەیە وشە ئاڵۆزەکان لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا وەک یەکیەکەی سەربەخۆ داکراون و بەهەمان شێوە کارادەکرێنەوە، واتە وشەکە لەگەڵ ئەو مۆرفیمانەی، کە پێوەی لکاون هەموویان وەک یەکیەکە دادەکرێن و کارادەکرێنەوە .(Sitarek, 2015,p:42). وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

(٢٥) (کۆڵبەر)

کە لە (کۆڵ + بەر) پێکهاتووە هەریەکە لە مۆرفیمەکان واتایەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام بەیەکەوە واتایەکی جیاواز و وشەیەکی تری پێکهێناوە، وشە ئاڵۆزەکە وەک یەک وشەی سەربەخۆ بەپێی ئەم گریمانەیە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داکراوە، هەروەک یەک وشە لە هەردوو پێوازۆی بەرهەمهێنان و تێگەیشتندا کارادەکرێتەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە وشەی ئاڵۆز پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕوونی و لێڵی سیمانتیکی بەشەکانی وشەکەوە هەیە، هەربۆیە دەبێت ڕەچاوی لایەنی واتای وشەکە بکرێت لە کاتی باسکردنی ڕێکخستنی مۆرفۆلۆژییانەی وشەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزی، چونکە زۆرجار ڕەگەکە پاشگر و پێشگری دەخرێتەسەر، بەڵام خۆی واتای لە ئێستای زمانەکەدا لێڵە، کە ئەمەش کاردەکاتە سەر بڕیاردان لەسەر ئەوەی بە یەکیەکە داکراوە، یان نا، وەک لە وشەکانی ژمارە (٢٦، ٢٧، ٢٨)دا دەردەکەوێت :

(٢٦) تاریکونوتەک

(٢٧) شەوەزەنگ

(٢٨) شەوچەرە

ئەگەر لەم وشانە وردببینەوە، دەبینین بەشێک لە وشەکان لە ئێستای زماندا بوونیان نییە و بە تەنها بەکارناهێنرێن ئەمەش کاردەکاتە سەر بڕیاردان لەسەر ئەوەی بەشەکانی ئەو وشانە بەیەکەوە یان بەجیاجیا داکرابێتن.

## ٢- گریمانەی داکردنی لێکهەڵوەشاوەیی:

جیاوازیی تێڕوانینی زمانەوانەکان دەربارەی وشەی ئاڵۆز و چۆنێتی داکردن و بەکاربردنەوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چۆنێتی تێڕوانینیان بۆ (وشە)وە هەیە، داکۆکیکارەکانی ئەم گریمانەیە مۆرفیم بە بچوکترین دانەی واتاداری زمان دادەنێن، هەربۆیە وشە وەک پێکهاتەیەکی چەند مۆرفیمی دادەنێن، کە واتاکەی بریتییە لە واتای مۆرفیمە پێکهێنەرەکانی. بەمپێیە وشە ئاڵۆزەکان وەک یەکەیەکی سەربەخۆ لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داناکرێن، بەڵکو بەشە پێکهێنەرەکانی بەجیاجیا دادەکرێن و کارادەکرێنەوە، واتە هەمان وشەی کۆڵبەر لە فەرهەنگەکەدا شیدەکرێتەوە بۆ (کۆڵ) و (بەر) پاشان بەم شێوەیە دادەکرێن و کارادەکرێنەوە.

ئەوەی پێویستە بگوترێت لێرەدا، بڕیاردان لەسەر ڕاستیی و چەوتیی ئەم دوو گریمانەیە ئاسان نییە، چونکە حاڵەتی زۆر دێنەئاراوە، کە ناتوانرێت بە گشتی بڕیاری لەسەر بدرێت، چونکە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر دەگۆڕێت، هەر بۆیە چەند بۆچونێکی تێکەڵاو هاتونەتەکایەوە لە نێوان ئەو دوو گریمانەیەدا، کە پێیانوایە " وشە ئاڵۆزەکان لە ڕێگەی ململانێی نێوان هەردوو گریمانەی داکردنی هەموو وشەکە وەک یەکەیەکە و گریمانەی داکردنی لێکهەڵوەشاوەییدا دەناسرێنەوە، باشترین نموونەش مۆدێلەکانی (دوو میکانیزمی/جوت میکانیزم)ە، کە پێیوایە وشە ئاڵۆزەکان پێدەچێت بە هەردوو ڕێگەکە بەشێوەیەکی هاوبەش پێواژۆبکرێن، بۆ نموونە وشەکان وەک یەکیەکە دابکرێن دواتر بۆ بەشە پێکهێنەرەکانیان شیبکرێنەوە(sitarek,2015,p:4) .

چۆنێتی داکردنی وشەکان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، ڕاستە چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان زمانەکاندا هەن، بەڵام ئەو هاوبەشییە نابێتە هۆی ئەوەی، کە ئەوەی بۆ زمانێکی دیاریکراو دەگونجێت و سەلمێنراوە، بکرێت بە بنەما بۆ هەموو زمانەکانی تر، بۆ نموونە لە زمانی کوردییدا، کاتێک کردارێک لە ڕابردووەوە دەکرێت بە ڕانەبردوو ئەم پێواژۆیە بە دووشێوە جێبەجێدەبێت یان بە یاسای (م.کاتی ڕانەبردوو/ دە/ + ڕەگ + ج.ل)، یان کردارەکان لە دەرەوەی ئەم یاسایە فۆرمەکانیان لە ڕووی (گۆکردن و ڕێنووس)ەوە گۆڕانیان بەسەردادێت وەک لە نموونەکانی ژمارە (٢٩)دا دەردەکەوێت :

(٢٩) أ/ (کردم ← دەکەم)

ب/ (بردم ← دەبەم)

ت/ (پاراستم ← دەپارێزم)

پ/ کوشتم ← دەکوژم)

زۆر له زمانه‌وانه‌كان به‌هۆی بوونی یاساكه‌وه، پێیان وایه كرداره‌كان به دوو شێوه داده‌كرێن، ئه‌وانه‌ی به یاسا هه‌ڵده‌گوێزرێن هه‌ر فۆرمه بنه‌ڕه‌تییه‌كه‌یان له فه‌رهه‌نگدا داده‌كرێت، به‌ڵام ئه‌وانه‌ی به یاسا هه‌ڵنه‌گوێزراون له ناو فه‌رهه‌نگدا به فۆڕمی ڕابردوو و ڕانه‌بردوویان دابكرێن.

له زماندا جگه له وشه داڕێژراوه‌كان، وشه و یه‌كه‌ی واتایی هه‌ن، كه له دوو به‌ش یان زیاتر پێكهاتوون و به هه‌ردوو به‌شه‌كه واتای وشه‌كه دروستده‌بێت، كه ده‌بێت وه‌ك یه‌كیه‌كه دابكرێن، چونكه به كه‌رتكردنیان واتای وشه‌كه له‌ناوده‌چێت، هه‌رچه‌نده ده‌توانرێت بگوترێت به‌هۆی به‌كارهێنانه‌وه وه‌ك یه‌كیه‌كه‌یان لێهاتووه و هه‌ر به‌و شێوه‌یه‌ش داده‌كرێن، له‌م ڕوانگه‌یه‌وه با له نموونه‌ی ژماره (٣٠) بڕوانین:

(٣٠) گوڵه‌باخ

گه‌ر له نموونه‌كه وردبینه‌وه، ده‌بینین كه وشه‌كه پێكهاتووه له (گوڵ + ه+ باخ) پێكه‌وه ناوێكی لێكدراویان پێكهێناوه، كه وه‌ك یه‌كیه‌كه وایه و ده‌بێت سه‌رله‌به‌ری وشه‌كه له فه‌رهه‌نگی ئاوه‌زییدا دابكرێت، ده‌نا واتاكه‌ی ونده‌بێت. به هه‌مان شێوه كۆمه‌ڵه وشه هه‌ن كه یه‌ك واتای جێگیریان هه‌یه، بۆ نموونه :

(٣١) (كه‌لله ڕه‌ق، هه‌رچی و په‌رچی، زه‌ین ڕۆشن)، ئه‌مانه ده‌بێت وه‌كیه‌ك یه‌كه‌ی دانه‌بڕاو هه‌ڵگیرابن بۆ ئه‌وه‌ی بتوانرێت سۆراخیان بكرێن (خورشید، ٢٠٠٨ ،لا :٦).

## ١/١- ٥) چۆنێتی داكردنی وشه‌كان له زانستی زمانی دركپێكردندا :

له‌م ڕێبازه‌دا بابه‌تی داكردنی وشه له فه‌رهه‌نگی ئاوه‌زییدا جیاوازه، به‌پێی تیۆری (بنه‌مایی به‌كارهێنان)(١)، كه یه‌كێكه له تیۆریه بنه‌ڕه‌تییه‌كانی زانستی زمانی دركپێكردن نه‌ك ته‌نها وشه‌كان، به‌ڵكو هه‌موو پێكهاته ڕێزمانییه‌كانیش، وه‌ك یه‌كیه‌كه‌ی په‌رتنه‌كراو له ناو فه‌رهه‌نگی ئاوه‌زییدا داده‌كرێن، ئه‌م زانسته هه‌موو یه‌كه‌یه‌كی زمانی، كه خاوه‌نی دوانه‌ی فۆرم و واتا بێت، وه‌ك پێكهاته مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدا ده‌كات و بانگه‌شه‌ی ئه‌وه ده‌كات، كه پێكهاته‌كان وه‌ك خۆیان داده‌كرێن و(پاشگر، پێشگر و...هتد) له وشه‌كان جیاناكاته‌وه، بۆ نموونه :

(٣٢) أ/ – كوڕ – كوڕه‌كان.

ب/ - گوڵ – گوڵدان.

---

١- ئه‌م تیۆرییه له پاری چواره‌می به‌شی دووه‌می ئه‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌دا خراوه‌ته‌ڕوو.

لەم تیۆرییەدا(کوڕ) بە تەنها لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دادەکرێت و (کوڕەکان) بە تەنها وەک یەکیەکەی پەرتنەکراو دادەکرێت، وشەی(گوڵ) بە تەنها لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دادەکرێت، بەهەمان شێوە (گوڵدان) یش بەتەنها وەک یەکیەکە دادەکرێت.

گرنگە لێرەدا بگوترێت بەهۆی(ڕەگەزی دووبارەبوونەوە)[1] هەندێک وشە هەیە، بەشێوە کۆکەی، یان ناسراوەکەی خێراتر کارادەکرێتەوە، بە پێچەوانەوە هەندێکی تر بەشێوە تاکەکەی خێراتر کارادەکرێتەوە.

کەواتە لەم زانستەدا وشە و ڕستە و هەموو یەکە زمانییەکان پێکهاتەن و لە دەربڕاوەکاندا هەریەکەیان وەک یەکیەکەی کەرتنەکراو و بەیەکەوە پێواژۆدەکرێن.

## ٦-١/١) چۆنێتی داکردنی وشەکان لە ڕوانگەی پەیوەندیی سیمانتیکی وشەکانەوە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا :

پەیوەندیی نێوان وشەکانی زمان و دوور و نزیکی پێکەوەبەستنیان بابەتێکی گرنگە نەک تەنها بۆ زمانەوانەکان، بەڵکو بۆ بەکارهێنەرانی زمان بەشێوەیەکی گشتی، لە کاتی بەرهەمهێنان یان تێگەیشتنی زمانییدا، چۆن وشەکان یەکتر کارادەکەنەوە،[2] چۆن وشەیەک وشەکەی دوای خۆی ئامادەدەکات بۆ بەکارهێنان لە کاتێکی ئێجگار کەمدا، بە بێوەستان و گەڕان بەدوای وشە پێویستەکاندا، لە زانستی زمانی دەروونیدا دوو تاقیکردنەوە هەن کە زمانەوانەکان پشتیان پێدەبەستن یەکێک لە تاقیکردنەوەکان بریتییە لە (ئەرکی پۆلکردنی سیمانتیکی)، کە لەم تاقیکردنەوەیەدا وشەکان پێشکەش بە کەسی بەشداربوو دەکرێن دەربارەی بوون یان نەبوونی هاوبەشی، یان لەیەکچوونی سیمانتیکی لە نێوانیاندا، کە تاقیکردنەوەکە دوو وشە پێشکەش بە بەشداربووەکان دەکات و پاشان دەربارەی هەبوونی هاوبەشی سیمانتیکی لە نێوانیاندا پرسیاری (بەڵێ / نەخێر)ی لێدەکرێت، کە بەهۆی وەڵامەکانەوە، پەیوەندی سیمانتیکی وشەکان دیاریدەکرێت و دەکرێنە بنەما بۆ دیاریکردنی ئەندامەکانی یەک کەتیگۆری .

دووەم تاقیکردنەوە بریتییە لە (ئەرکی بڕیاردانی لێکسیکی)، کە لێرەدا پاش ئەوەی وشەیەکی دیاریکراو وەک (پێشینەیەک) دەدرێت بە بەشداربوو ئینجا زنجیرە دەنگێکی یەک لەدوای یەکی پێشکەش دەکرێت، تا بەهۆی وشە پێشینەکەوە بڕیاربدات کام لەو زنجیرە دەنگانە وشەن یاخود وشە نین، لەم تاقیکردنەوەیەدا، ناسینەوەی وشەکە گرنگە چونکە تا زووتر بەشداربووەکە وشەکە بناسێتەوە، نزیکی وشەکان لە فەرهەنگی

---

١- ئەم ڕەگەزە لە وەچەپاری حەوتەمی پاری چوارەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوونکراوەتەوە .

٢- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (فەرج، مەحموود، ٢٠١٣،ل:٨١-٩١).

ئاوەزییدا دەخاتەڕوو، واتە خاياندنی كاتی ناسينەوەكە دوور و نزيكی وشەكان و چۆنێتی داكردن و ڕێكخستنيان لە فەرهەنگی ئاوەزييدا دياريدەكات[١].

## ٢/١) فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی زانستی زمانی بەرهەمێنانەوە[٢]:

قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، لە ڕاستييدا لە دوو تيۆر پێكهاتووە، كە لە لايەن (چۆمسكی)يەوە پێشكەشكراون، تيۆری بەرهەمهێنان، بريتييە لە كۆمەڵێك ياسا، كە لە ڕێگەی كۆمەڵێك يەكەی زمانييەوە ژمارەيەكی بێشومار لە ڕستە بەرهەمدەهێنرێت، تيۆری گواستنەوە[٣] لە كۆمەڵێك ياسای وەك (لابردن، گۆڕين، زيادكردن و گۆڕينی شوێنكەوتە لە ڕستەكانی زماندا)، پێكهاتووە، بە مەبەستی بەكاربردنی كۆمەڵێك ڕستەی ڕاست و دروست لە زماندا. قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە[٤] هەر لە سەرەتاوە باوەڕی وابوو، زمانی مرۆڤ چەند تايبەتمەندييەكی هەيە و تايبەتمەندييەكانيشی وەك بنەما دەخستەڕوو، لێرەدا تيشك دەخرێتە سەر سێ بنەما، كە خاڵی سەرەكين و بەردەوام جەختيان لەسەر كراوەتەوە، كە بناغەی تيۆرييەكانی ئەم قوتابخانەيەن:

**يەكەم**: زمان تايبەتە بە مرۆڤ و سيفەتێكی بۆماوەيی مرۆڤە، كە سروشت پێيبەخشيوە، ئاوەزی مرۆڤ بە شێوەيەكی زگماكی ئامادەيی بۆ زمان تێدايە، كە پێی دەگوترێت (ئامێری زمانپژان)، هەركات منداڵ داتاكانی لە ژينگە زمانييەكەوە، بەدەستهێنا، ئامێرەكەی بە شێوەيەكی خۆكارييانە دەكەوێتەگەڕ، كەواتە ئاوەزی منداڵ، زانيارييەكانی، كە لە ژينگەكەيەوە بەدەستيدەكەوێت، شيكردنەوەيان بۆ دەكات، دەيانكاتە پێوانە، دواتر بەهۆيانەوە ژمارەيەكی بێشومار لە ڕستە بەرهەمدەهێنێت. ئەم توانستە، بەبێ جياوازيی بە مرۆڤەكان بەخشراوە. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت هەموو منداڵێكی ئاسايی لە جيهاندا بەهۆی ئەم توانستە زگماكييەوە دەتوانێت ژمارەيەكی ئێجگار زۆر لە ڕستەی زمانەكەی تێبگات و بەرهەمييان بهێنێت. تەنانەت ئەوانەی، كە پێشتر بەرگوێی نەكەوتوون و بەكاريشی نەهێناون. دەتوانێت بەپێی ئەو ياسايانەی لە ئاوەزييدا هەڵيگرتوون بڕيار لەسەر دروستی و نادروستی ئەو ڕستانە بدات، كە گوێی لێياندەبێت، واتە منداڵ بەهۆی ئامێرە ئاوەزييەكەيەوە دەزانێت كام دەربڕاوانە تايبەتن بە زمانەكەی خۆی و كامانە لە پێڕەوی زمانەكەی ئەودا بوونيان نييە، بەم پێيە منداڵ بەهۆی توانستە

---

١- بۆ زانياريی زياتر بڕوانە:(Menn and Dronkers,2017,p:202-203)

٢- لە ڕاستييدا شيكردنەوەی زمانی كوردی بە تيۆريی و وەچە تيۆرييەكانی ئەم قوتابخانەيە جێگەی سەرنجی گەلێك لێكۆڵەری كورد بووە و لەم بارەيەوە چەندين لێكۆڵينەوەی بەپێز ئەنجامدراون، كە لە هەندێكياندا زۆر بە وردی و زانستييانە گفتوگۆی دروستی و چەوتی ئەنجامە بەدەستهاتووەكانی ئەم قوتابخانەيە كراوە و لەم ڕوانگەيەوە ڕەخنەی شێلگيرانە بونياتنراوە، بۆ زانياريی زياتر لە بارەی ئەم جۆرە توێژينەوانە، بڕوانە : (مەحوی، ٢٠٠١)، (مەحوی، ٢٠٠١)، (مەحوی، ٢٠٠٩)، (مەحوی، قادر، حسێن. ٢٠١٠)، (قادر، ٢٠٠٢)، (كريم، ٢٠٠٢)، (مەعروف، ٢٠٠٩)، (قادر، ٢٠٠٧)، (قادر، ٢٠٠٨)، (قادر، ٢٠١٢)، (حسێن، ٢٠١٢).

٣- بۆ زانياريی زياتر بڕوانە: (مەعروف، ٢٠٠٩، لا: ١٢٨ — ١٣٦)، (محەمەد، ٢٠١٢، لا:٢٦ — ٣٢).

٤- بەپێی سنوری لێكۆڵينەوەكە، بواری باسكردنی دوور و درێژی ئەم قوتابخانەيە نييە، لێرەدا تەنها تيشك دەخرێتە سەر چەند لايەنێك،كە پەيوەندييان بە بابەتەكەوە هەيە، ئەوانيش تێڕوانينی (عەقڵگەرايی و بۆماوەيی)يە لەم قوتابخانەيەدا، هەرچەندە بەپێی پێويستی و دەرخستنی خاڵی جياوازی و بەراوردكردن، كەم تا زۆر ئاماژە بە خاڵە هەرە گرنگ و ديارەكانی ئەم قوتابخانەيە دەدرێت.

زگماکییەکەیەوە دەتوانێت گریمانەیەکی گشتی دەربارەی زمان پێکبهێنێت، لە قۆناغە هەرە سەرەتاییەکانی ژیانیدا دەتوانێت چوارچێوە گشتییەکەی زمانەکەی خۆی دیارییکات و جیاییکاتەوە لە زمانەکانی تر، واتە لە پێشدا ئەوەی هەیەتی بە شێوەیەکی گشتییە و بۆ هەموو زمانەکانە و دواتر هەنگاو بەرەو ناسینەوە و دیاریکردنی یەکە و یاساکانی زمانەکەی خۆی دەنێت.

دووەم: جیاکردنەوەی توانست (کۆزانیاریی زمانی) لە توانا (بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان)، زاراوەکانی (توانست و توانا) لە زمانەوانییدا بەکاردێن، بە تایبەتی لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا، ئەم دوو زاراوەیە لە لایەن چۆمسکییەوە جیاکراونەتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکانی ناوەزی مرۆڤ لە بەکارهێنانی زمانییەوە، زاراوەی توانست دەگەڕێتەوە بۆ کۆزانیاریی مرۆڤ دەربارەی زمانەکەی خۆی، بریتییە لە پێڕەوێک لە یاسای ڕێزمانی، کە مرۆڤ دەیانزانێت و بەهۆی ئەو یاسایانەوە دەتوانێت ژمارەیەکی بێشومار لە ڕستە بەرهەم بهێنێت و لێیانتێبگات، کەواتە توانستی زمانی، کۆزانیاریی زمانی پێکدەهێنێت. ئەمیش کۆزانیارییەکی هەستپێکراوی داپۆشراوە، واتە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ئاگایانە بەو یاسا و ڕێسایانە ناگەن، کە لە دەنگەوە وشەکان و لە وشەکانیشەوە ڕستە پێکدەهێنن، تێڕوانینی زگماکی و خۆڕسکی هەیە لە تێگەیشتنی ڕێزمانی زمانەکاندا، چونکە یاسا گشتییەکانی زمان لەناو ناوەزی مرۆڤدا جێگیرن، لە ئەنجامدا بەکارهێنەرانی زمان بە شێوەیەکی خۆکاری لە توانایاندا دەبێت دەربڕاوە نارێزمانییەکان ڕەتبکەنەوە و بە هەڵەیان دابنێن. ئەم توانستە ڕێزمانییەی ناو ناوەزی مرۆڤ ئەو هێزەی پێدەبەخشێت، کە دەربڕاوەکانی بەرهەمبهێنێت و لێیانتێبگات و ڕاستی و دروستییان لێکجیابکاتەوە. بەم هێزەش دەگوترێت توانست، هەرکاتێک ئەم توانستە خرایەگەڕ و لە بەرهەمهێنانی دەربڕاو، ڕستە و دەقە زمانییەکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و کارەکی بەکارهات و دەربڕاو و ڕستە و دەقەکانی بەرهەمهێنا، توانای ئاخێوەر بۆ بەکارهێنانی زمان دێتەئاراوە، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت توانست ئەبستراکتە و لە ناوەزدایە و ناوەکییە، بەڵام توانا بریتییە لە بەرهەمهێنانی ڕاستەقینەی دەربڕاوەکان، واتە بەکارهێنانی توانستی زمانە لە بەرهەمهێنانی دەقە زمانییەکاندا، واتە توانست تەنها بەشێکی کۆزانیارییە زمانییەکەی بەکارهێنەری زمان پێکدەهێنێت و بەشەکەی تری کۆزانیاریی بریتییە لە توانا، کە ئەو پێوازۆ سایکۆلۆژییانەی، کە پەیوەستن بە ڕێگاکانی بەکارهێنانی توانستی زمانی، کە بەکارهێنەری زمان بە ڕاستی بەکاریاندەهێنێت، پەسندەکات، وەک بەرهەمهێنانی دەربڕاو، تێگەیشتن لە دەربڕاوەکان، بڕیاردان لەسەریان و بەکاربردنی توانای ئەنجامدانی ئەم پێوازۆیانە. توانست و توانا پێکەوە بەستراون و پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە، پێوازۆ سایکۆلۆژییەکانی تایبەتن بە بەکارهێنانی کۆزانیاریی زمانی پشت بە سروشتی کۆزانیارییەکە دەبەستن، هەروەها سروشتی کۆزانیارییەکەش لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی کۆزانیارییەکە دەوەستێت لەگەڵ ئەمەشدا پێوستە بگوترێت، کە مەرج نییە هەموو کات توانا ڕەنگدانەوەی تەواوی توانست بێت، چونکە زۆرجار بەکارهێنەری زمان هەڵەی زمانی دەکات، کە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە کۆزانیارییە زمانییەکەی ناتەواوە و کەموکورتی تێدایە، بەڵکو ئەو هەڵەیە لە ئەنجامی هۆکارێکی نازمانی دێتەکایەوە، وەک پەلەکردن و

**بەخێرایی قسەکردن، نەخۆشیی، هیلاکیی،... هتد. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە توانست و توانا بە هەردووکیان زمان پێکدەهێنن، و ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە زیاتر گرنگی بە توانست دەدەن[1].**

**سێیەم: ڕیزمانی جیهانی[2]هەر لەو ڕوانگەیەی، کە منداڵ بە ئامادەگیەکی زگماکییەوە بۆ زمانپژان لەدایک دەبێت، هەموو منداڵێک ئامێری زمان پژاندن (LAD)[3]ی لە ئاوەزدا هەیە، کە توانستی زمانپژان و فێربوونی زمانی پێدەبەخشێت، ئەم ئامادەییە بەکاردەهێنێت وەک یاسای گشتی و بۆ خستنەگەڕی توانستەکەی داتاکانی لە دەوروبەرەوە وەردەگرێت، بەو پێیەی ئاوەزی مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی ئامادەیە بۆ زمانپژان فێربوونی زمان و هەرکات گوێبستی ئاخاوتن بوو، بە شێوەیەکی خۆکارییانە ئامێرەکەی دەخاتەگەڕ، تیۆری ڕێزمانی گشتی (ڕێزمانی ئاوەزی)یشی پێدەگوترێت، کە لە لایەن (چۆمسکی)یەوە پێشکەشکراوە، کە پێیوایە هەموو منداڵێک، کە لە بارودۆخێکی ئاساییدا گەورەدەبێت، لە توانایدا هەیە زمانێک بهێنێتە ئاراوە، کە لەسەر چەند بنەمایەکی هاوبەش پێکهاتبێت. بنەمای هاوبەش لێرەدا مەبەست ئەو بنەمایەیە، کە لە هەموو زمانێکی سروشتییدا هەیە، وەک: جیاکردنەوەی(ناو و کردار)، واتە کەتیگۆرییەکان و وشە فەرهەنگی لە ئەرکییەکان، هەروەها بوونی(فۆنیم، مۆرفیم، وشە و ڕستە). چۆمسکی پێیوایە، کە فاکەڵتییەکی بۆماوەیی و خۆڕسک و نەگۆڕی زمانی هەیە، کە یاساکان دەزانێت و پێوازۆی فێربوونی زمان لەلای منداڵ ئاسانتر و خێراتردەکات، کەواتە ڕێزمانی گشتی خاسیەتێکی تایبەتی زمانی مرۆڤە و هەموو مرۆڤێک بە شێوەیەکی بۆماوەیی شتێک لە ڕێسا و پارامیتەری جیهانی هەیە، کە کۆنتڕۆڵی زمانەکەی دەکەن و شێوەکەی دیاریدەکەن (Mitchel and Myles, 2004,P:54)، زمانەکان لە یاسا گشتییەکاندا هاوشێوەن، بۆ نموونە یاسای(داڕشتەی پاڵپشتی)، هەموو زمانێک لە ڕستە پێکدێت، ڕستەکانیش لە فرێزی ناویی و فرێزی کرداری پێکدێن، واتە (بکەر، بەرکار و کردار) پێکهاتەکانی ڕستەیەکی ڕێزمانین، بەڵام زمانەکان لە پارامیتەرەکاندا جیاوازن، کە کۆمەڵێک یاسای تایبەتن، لە زمانەکاندا بە جیاوازی پەیڕەودەکرێن، بۆ نموونە، پارامیتەری (بکەری دەرنەبڕاو)، لە هەندێک زماندا ڕستەیەکی ڕێزمان دروست بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بکەرەکەی لە ڕستەکەدا لا ببرێت، وەک زمانی (ئینگلیزی)، بەڵام بۆ زمانێکی وەک زمانی (کوردی) دەتوانرێت، ئاساییە بکەر دەرنەبڕدرێت، بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر دروستی ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە.هەروەک لە نموونەی ژمارە (٣٣) و(٣٤)دا دەردەکەوێت:**

**(٣٣) کوڕەکە یارییەکەی بردەوە.**

**[ ڕ[ ف.ن/ دیارخەر[ ن. کوڕ ][ مۆرفێمی دیاریخەر—ەکە] [ ف.ک[ بەرکار یارییەکەی][ ک. بردەوە]]].**

**(٣٤) یارییەکەی بردەوە.**

---

**١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : (مەحوی، ٢٠٠٩، لا:٣٤٤-٣٥٢)، (محمد، ٢٠١٢، لا:١٨ — ٢١).**

**٢- نواندنی چەمکی ڕێزمانی جیهانی (UG)، لێرەدا خۆی لەخۆیدا بە مەبەستی خستنەڕووی هەوڵی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە لەسەر شیکردنەوەی فەرهەنگی ئاوەزی، کە لە ئێستادا وەک گریمانە و تیۆرییەک وایە بۆ شیتەڵکردن و تێگەیشتن لە فەرهەنگی ئاوەزی، کە چنراوی سەرەکی (١/٢)ی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.**

**٣-بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (حمد، ٢٠١٤، لا: ٣٧-٣٩)، (cook and Newson, 1996).**

[ ڕ [ ف.ن (pro) ] [ ف.ک[ بەرکار یارییەکەی][ ک. بردەوە]]].

هەروەها پارامیتەری سەرەو ڕیزبوونی کەرەستەکانی ناو ڕستەیەک، ڕاستە لە هەموو زمانەکاندا ڕستە لە (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کردار) پێکدێت، بەڵام ڕیزبوونیان لەناو ڕستەدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، کەواتە پارامیتەرەکان خۆیان وەک یاسا لە ئاوەزی منداڵدا هەن، بەڵام منداڵەکە بەپێی زمانی (دایکی)، کە لە ژینگە و دەوروبەریدا بەکاردەهێنرێت، یاساکان پەیڕەو و جێبەجێدەکات، واتە "منداڵ زمانی دەپژێت و زمانپژانیش پێواژۆیەکە، کە تێیدا، ڕێزمانی تایبەتی لەبەر ڕێزمانی گشتیدا پڕ دەبێتەوە". (مەعروف،٢٠١٦، لا:٥٧).

کەواتە لە زمانەوانییدا، ڕێزمانی گشتی تیۆرییەکە دەربارەی داڕشتەی بۆماوەیی فاکەڵتی زمان، کە بنەماکەی بریتییە لە کۆمەڵە یاسایەکی پێکهێنان بە شێوەیەکی بۆماوەیی لە مرۆڤدا هەیە، پەیوەندی بە ژینگە و دەوروبەر و ئەزموونی مرۆڤەکانەوە نییە، دوورە لە هەموو توانایەکی کەسی، پاشان بەکارهێنەری زمانێکی دیاریکراو، لە دەوروبەر و ئەو ژینگە زمانییەی تێیدا دەژی داتاکانی زمانەکەی جیادەکاتەوە، وەک فۆنیمەکان، مۆرفیمەکان، وشەکان، کەتیگۆرییەکان، پاشان لەبەر ڕۆشنایی یاسا گشتییەکەی، کە لە ئاوەزییدا هەیە یاسای تایبەت بە زمانەکەی خۆی دەدۆزێتەوە و وەک دەوروبەرەکەی زمانەکەی بەکاردەهێنێت، چۆمسکی پێیوایە ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت منداڵ نەیدەتوانی لە کاتێکی کورت و دیاریکراودا فێری ئەو هەموو یاسا گران و ئاڵۆزانە ببێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت، تێگەیشتنی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بۆ فەرهەنگی ئاوەزی زیاتر وەک توانستێکی بایلۆژی لێیدەڕوانرێت، کە بە ڕێسا و یاسا ڕێزمانیەکانی ڕێزمانی گشتی داگیراوەتەوە .

لێرەدا دەردەکەوێت ئەگەر، منداڵ بە شێوەیەکی بۆماوەیی ئامێری زمانپژانی هەبێت و لەو ئامێرەدا جگە لە ئامادەیی فێربوونی زمان، یاساکانی زمان پێکهێنانیشی هەبن و بەدووربن لە زمانی ژینگە و دەوروبەر و هیچ وشەیەکی زمانە دیاریکراوەکانی تێدا دانەکرابێت، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت بە تێڕوانینی ئەم قوتابخانەیە فەرهەنگی ئاوەزی، بریتییە لە (زمانێکی ناوەکییانەی بۆماوەیی). واتە فەرهەنگی ئاوەزی بە واتایی ڕێزمانی جیهانی دێت.

لەبەرئەوەی گرنگ بەلای ئەم قوتابخانەیەوە یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکانن، واتە ئەو یاسا و ڕێسایانەی، کە لە ئاوەزی بەکارهێنەرانی زماندا بوونیان هەن، گشتیین و بۆ هەموو زمانێک دەبن و لە ئاوەزدا داکراون، وشە و واتاکانیان، دوای تێکەڵبوون بە ژینگەیەکی زمانی دیاریکراو بەدەستدەهێنرێن و کۆ دەکرێنەوە، جگە لەوەی لەم قوتابخانەیەدا واتای وشەکان لە لایەن ڕێزمان و یاساکانەوە دیاریدەکرێن و دەبەخشرێن، چونکە جگە لە واتای فەرهەنگی، وشە واتایەکی تریشی هەیە، کە شوێنی لەناو ڕستەکەدا پێیدەبەخشێت. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا یاسا ڕێزمانییەکان فەرهەنگی ئاوەزی پێکدەهێنن، واتە فەرهەنگی ئاوەزی بریتییە لە یاسا ڕێزمانییە گشتییەکان، کە بە ڕێزمانی گشتی (ڕێزمانی سەراپا) و زۆرجار بە ڕێزمانی

ئاوەزیش ناو دەبرێت، بە واتە فەرهەنگی ئاوەزی[1] بریتییە لە پۆلێک ڕێسا و یاسای پارامیتەر، کە زمانی هەموو مرۆڤێکی بەندکردووە، بەم شێوەیە فەرهەنگی ئاوەزی / ڕێزمانی ئاوەزی / ڕێزمانی گشتی بەشێکە لە پەیڕەوی بۆماوەیی مرۆڤ، کە بەکۆدکراوە لە فاکەڵتی زماندا، خودی فاکەڵتی زمانیش پێکهاتەیەکی خۆڕسکی ئاوەزی مرۆڤە، کە زمانێکی تایبەتییە، کە بەهۆیەوە شارەزایی زمانی وەرگیراو دەگۆڕێت بۆ پەیڕەوی کۆزانیاریی لەسەر زمانەکە: (Chomsky,1965,P:27) بەپێی تێڕوانینی چۆمسکی ئەم توانستە زمانەوانییە (فەرهەنگی ئاوەزی / ڕێزمانی گشتی / ڕێزمانی ئاوەزی) لەسێ بنەمای سەرەکیی پێکدێت, کە بریتیین لە:

١- زمانی ناوەکی بۆماوەیی[2].
٢- داتا وەرگیراوەکان لە دەوروبەر، کە دەگۆڕێن بۆ شارەزایی زمانی، کە بەهۆیەوە، مرۆڤەکە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی زمانێک لەناو هەموو زمانەکانی جیهاندا دەدات.
٣- ڕێساکان، کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو.

لەم ڕوانگەیەوە، فەرهەنگی ئاوەزی بە تێڕوانینی چۆمسکی، زمانێکی زۆر سەرنجڕاکێشی ناو ئاوەزە، کە بۆماوەییانە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی. (Disciullo,2005, P:VII -XVI).

لەم تێگەیشتنەوە، فەرهەنگی ئاوەزی لە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاریی زمانەوانی بەرایی، کە بەشێوەیەکی بۆماوەیی مرۆڤ دەبێتە خاوەنی، کە پێکدێت لە:

١- ڕێسای ڕێزمانی گشتی:

بریتییە لەو بانگەشەیەی، کەوا ڕێزمانی گشتی بۆ هەموو زمانەکان ڕاستە، وەک ڕێسای دروستەی خراوە تەکیەک، کە لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە.

---

١- لەڕاستییدا، لەقوتابخانەکەدا، زاراوەی گشتی بەرانبەری ئەم چەمکە (ڕێزمانی گشتی) ڕێزمانی سەرەتا "Universal Grammar"ی پێدەوترێت، باسکردنەکەشیان زیاتر لە ڕوانگەی (تیۆری خۆڕسکییانە) "Nativist Theory" وە شیکردنەوەی بۆ کراوە، بەڵام لەبەر یەکخستنی زاراوەیی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەر فەرهەنگی ئاوەزی بەکاردەهێنین، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (White, 2003, p:10).

٢- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (Jackendoff, 2002, p:68-74)

### ٢- پارامیتەر[1]:

بریتییە لە کۆمەڵێک یاسای تایبەت، لە ڕوانگەی پێداویستییەکانی زمانێکی دیاریکراوەوە، کە ئەو زمانە پێویستی پێی هەیە، وەک یاسای ئاڕاستەکردنی (سەرەو ڕیزبوونی وشە، پێدانی دۆخ و ڕۆڵ لە زماندا).

### ٣- ڕێسای داڕشتەی پاڵپشتی :

ئەم ڕێسایە "جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە کۆزانیاریی زمانی زیاتر پشت بە پەیوەندی دروستەیی ناو ڕستە دەبەستێت، نەک بە زنجیرەیی و بەدوایەکدا هاتنی وشەکان". (Cook and Newson, 1996, p:4)، ڕستە لە فریزێکی ناویی و فریزێکی کرداری پێکدێت، ئەم فریزانە پێکەوە بەستراون و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، فریزە ناویی و فریزە کرداریەکە، شیتەڵدەبێت بۆ دانەی بچوکتر، کە ناو و کردارە. ئینجا ئەوانیش شیدەکرێنەوە، هەموو زمانەکان ڕستەکانیان بەم شێوەیە دروستبوون، هەر گۆڕانکارییەک لە دروستەی ڕستەکاندا ڕوودات، بەهۆی ئەم فریزانەوە پەیدادەبێت، وەک گۆڕینی ڕستەی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار، تەنها بە لابردنی بکەر و دانانی بەرکار لەجیاتی، نابێت، بەڵکو فریزەکان شوێنەکانیان دەگۆڕن و پەیوەندیی نوێ لە نێوانیاندا پەیدادەبێت، هەموو بەکارهێنەرانی زمانێکی دیاریکراو ئاگاداری ئەم دروستانەن و چۆنێتی پەیوەندیی نێوان فریزەکان دەزانن.هەروەک لە نموونەکانی ژمارە (٣٥، (٣٦) و (٣٧)دا دەردەکەوێت:

(٣٥) منداڵە چاو شینەکە پەنجەرەکەی شکاند.

[ ڕ [ ف.ن[ دەرخراو منداڵە ][ دەرخەر [ ف.ئا [ن.چاو] [ئا. شین [م.دیاریخەر —ەکە[ ]] ف.ک[ بەرکار پەنجەرەکەی][ ک.شکاند]]]].

(٣٦) پەنجەرەکە شکێنرا لە لایەن منداڵە چاو شینەکەوە.

[ ڕ [ ف.ن/ ب. ڕێزمانی پەنجەرەکە[ ف.ک[ ک. شکێنرا]]]، [ ف.لە لایەن/ ف.پ لە لایەن منداڵە چاو شینەکەوە].

(٣٧) پەنجەرەکە شکا لە لایەن منداڵە چاو شینەکەوە.

---

١- پارامیتەر خۆی لە هەموو زمانە سروشتییەکاندا بوونی هەیە و وەک ڕێسا کارییپێدەکرێت، بەڵام هەر زمانە بەپێی پێویستی و هەڵکەوتنی زمانەکەی خۆی، جۆرەکانی ڕێساکە جێبەجێدەکات، وەک پێدانی دۆخی ڕێزمانی کە تیۆریی و زاراوەیەکی زانستی زمانە، پەیوەندی سینتاکسی وشەکانی ناو ڕستەیەک دەخاتەڕوو، کە کەرەستەکان بەپێی شوێن و ڕێکەوتنیان لە ڕستەکەدا گۆڕانیان بەسەردا دێت. (مەحوی، قادر، حسێن، ٢٠١٠، لا: ٣٩). دۆخی ڕێزمانی لە ئەکسنتی سلێمانیدا دروستەییە و گۆڕانکاریی فۆنەتیکییانە و مۆرفۆلۆژییانە بەسەر وشەکەدا نایەت و دروستەییە، واتە فریزەکانی ئەم زارە، بەپێی شوێنە چەسپاوەکانیان لە ڕستەدا، دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن. (مەحوی، ٢٠٠١، لا: ١٥٦). بە پێچەوانەوە لە زمانی عەرەبیدا بەهۆی گۆڕانی فۆنەتیکی لە ڕێگەی (سەرە و بۆر)ەوە، دیاریدەکرێت، لە زمانی ئینگلیزییدا بەهۆی شکاندنەوەی مۆرفۆلۆژییانەوە دەخرێتەڕوو، وەک گۆڕینی جێناوەکان، لە بکەرەوە بۆ بەرکار، وەک :

- He → Him
- They → Them

- . من ئەوم بینی I saw him

- . ئەو منی بینی He saw me

[ ڕ[ ف.ن[ ج. ئەو] [ ف.ک[ بەرکار منی][ ک. بینی]]].

کەواتە دۆخی ڕێزمانی لە زمانەکاندا پەیڕەودەکرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو زمانەکان ئەم پەیڕەوکردنەیان بەیەک شێواز بێت.

[ ڕ [ ف.ن/ ب. ڕێزمانی پەنجەرەکە[ ف.ک[ ک. شکا]]]، [ ف.لە لایەن/ ف.پ لە لایەن مناڵە چاو شینەکەوە].

بەکارهێنەری زمانی کوردی بەپێی پەیڕەوکردنی ئەم ڕێسایە لە زمانەکەیدا، ئاگاداری وردەکارییەکانی چۆنێتی گۆڕینی ڕستەیەکی بکەردیارە بۆ ڕستەیەکی بکەرنادیار.

گۆڕانکاریی لە دروستەی ڕستەکاندا، بەهۆی جوڵاندنی تاکە ڕەگەزێکەوە ڕوونادات، یان بەهۆی زانینی کام فرێز دەجوڵێنێت و بەڵکو بەپێی ئەم ڕێسایە بەکارهێنەری زمانێکی دیاریکراو، بەپێی مەبەستی ئاخاوتن، زانیاریی هەیە دەربارەی ئەوەی ڕەگەزی پێویست لە فرێزە ڕاستەکەدا بەرەو شوێنێکی ڕاست جووڵە پێدەکات، ئەمەش کاتێک ئەنجامدەدرێت، کە بەکارهێنەری زمانەکە زۆر بە باشی ئاگاداری دروستەی ڕستەکان بێت و شارەزای پەیوەندی و کاریگەری نێوان فرێزەکان بێت.بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی ژمارە (٣٨) بڕوانین:

(٣٨) ئەفسەرەکە ئاشکرایکرد، کە باپیر خۆی دەرگاکەی شکاندووە.

[ڕ.لێکدراو[ڕ.سەرەکی[ ف.ن ئەفسەرەکە[ ف.ک ئاشکرایکرد]]]، [ ڕ.تەواوکەر [ comp کە [ ف.ن باپیر[ ف.ک خۆی دەرگاکەی شکاندووە]]]].

کاتێک بەکارهێنەری زمانی کوردی گوێبیستی ئەم ڕستەیە دەبێت، دەزانێت، کە وشەی (خۆی) بۆ کەسێک دەگەڕێتەوە، کە لە هەمان ڕستەدا بێت، واتە دەزانێت، کە وشەی (خۆی) بۆ باپیر دەگەڕێتەوە نەک بۆ ئەفسەرەکە.

ئەم ڕێسایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەموو کردەیەکی ناو ڕستەکان وەک جوڵاندن و گۆڕانکارییەکانی لە ڕستەی زمانەکاندا ئەنجامدەدرێن، (وەک پرسیارکردن، بکەر نادیار... هتد) پێویستی بە کۆزانیاریی دەربارەی پەیوەندیی دروستەیی وشەکانی ناو ڕستەکان هەیە، ئەم ڕێسایە گشتییە و تایبەتمەندییەکی هەموو زمانەکانە و یاسایەکی ڕێزمانی جیهانییە، هەموو بەکارهێنەرێکی زمان ئەم سروشتەی زمان دەزانێت، لە کۆزانیارییە زمانییەکەیدا هەیە.[1]

## ٤- پارامیتەری هاوسێیەتی

مەبەست لە شوێنی وشەکان و هاتنیانە لەپاڵیەکدا، چونکە لە زمانەکاندا دۆخی ڕێزمانی و سەری ڕێزمانی هەیە، کە دۆخی ڕێزمانی بە ئارگومێنتەکانی دەبەخشێت. دۆخی ڕێزمانی لە هەموو زمانەکاندا هەیە، بەڵام

١- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر وردەکاری چۆنێتی و چەندێتی ئەم ئاڵوگۆڕە سینتاکسییانەی زمانی کوردی، بڕوانە (قادر، ٢٠٠٨، ل:٢١ -٣٥)

جیاوازییەکە لە پابەندبوونی زمانەکاندایە بە مەرجی هاوسێیەتییەوە، لە ڕستەدا سەرەیەک هەیە دۆخ دەدات بە تەواوکەرەکەی، لە هەندێک زماندا دەبێت لە ڕستەکەدا هاوسێ بن و ڕەگەزی تر لە نێوانیاندا نەبێت[1]،

لەبەرئەوەی کردار دۆخی ڕێزمانی بە فرێزی ناوی دەبەخشێت، دەبێت لە نێوانیاندا هیچ ڕەگەزێکی تر نەبێت، بە پێچەوانەوە "دۆخی ڕێزمانی لە زمانی کوردییدا دروستە بەندە و بەپێی دروستەیە و چەند ئارگومێنتێک بۆیان هەیە لە نێوان سەرە ڕێزمانییەکە و تەواوکەرەکەیدا هەبن" (مەحوی، ٢٠٠١، لا: ١٢١).هەر وەک لە نموونەکانی ژمارە (٣٩) و (٤٠)دا دەردەکەوێت:

(٣٩) ئەو پەنجەی بڕی.

[ ڕ [ ف.ن[ ج. ئەو] [ ف.ک[ بەرکار پەنجەی][ ک. بڕی]]].

(٤٠) ئەو پەنجەی بە چەقۆیەکی کولی ژەنگاوی بڕی.

[ ڕ [ ف.ن[ ج. ئەو] [ ف.ک[ بەرکار پەنجەی[ف.پ فراوانکراو [ دەرخراوچەقۆیەکی] [ دەخەری ١ کولی [ دەرخەری ٢ ژەنگاوی[ ک. بڕی]]].

هەروەک ئاماژەی پێدرا، دۆخی ڕێزمانی لە زمانەکاندا هەیە، بەڵام چۆنێتی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە.

## ٥- پارامیتەری بەستنەوە بەپێی تیۆری بەستنەوە[2]

ئەم تیۆرییە، کۆمەڵێک ڕێسا و بەربەستە، کە دابەشکردنی فرێزی ناوی لە ئاستەکانی ڕستە و واتادا ڕێکدەخات، تیۆرییەکە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە هەموو فرێزێکی ناویی دیاربێت یان نادیاربێت، سەربەخۆیە، یان بەستراوە، سەربەخۆکان ئەوانەن واتاکانیان دیار و ئاشکران، بەستراوەکانیش ئەوانەن، کە بە بۆ گەڕاوەیەکەوە، کە حوکمیان دەکەن، بەستراونەتەوە و ئاڕاستەدەکرێن، جێناوە لکاوەکان نموونەی ئەم بەستراوانەن، کە دەبێت بۆ گەڕاوەیەکییان هەبێت، تا واتاکانیان ڕوون بن، واتە تیۆری بەستنەوە گرنگیدەدات بە پەیوەندییەکانی نێوان فرێزە واتاییەکان و ئەو تایبەتمەندییە سیمانتیکییانەی وەک پشتبەستن بە کەرەستەکانی پێشوتر لە ڕستەکەدا بوونیان هەیە، بە تایبەتی لە جێناوەکاندا ئەم پشتبەستنە ڕوونتر بەدیدەکرێت. تیۆری بەستنەوە گرنگیدەدات بە دەرخستنی چۆنێتی بەستنەوەی کەتیگۆرییەکان بە یەکترەوە، واتە چۆن لە ڕستەیەکدا هاونیشانەدەبن، بۆ نموونە:

---

١- واتە لەپاڵیەکدا بن زمان هەیە بایەخ بە مەرجی هاوسێیەتی دەدات، وەک زمانی (ئینگلیزی)، لە ڕاستییدا ئەم زمانە باشترین نموونەی ڕەچاوکردنی مەرجی هاوسێیەتیە، کە ڕێگە نادرێت هیچ کەرەستەیەک لە نێوان سەرە ڕێزمانییە دۆخ بەخشەکە و ئەوەی دۆخەکەی پێدەدرێت، هەبێت، وەک:

- I cut my finger.

-. *I cut with a knife my finger.

٢-بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (مەعروف، ٢٠٠٩، لا: ١٩)، (محمد، ٢٠١٢، لا:٣٤ – ٤١) .

(٤١)    من دەستی خۆم بڕی.

[ ڕ [ ف.ن[ ج. من] [ ف.ک[ ف. خاوەنێتی [ دەرخراو دەست[م. خستنەسەر — ی [دەرخەر خۆم][ ک. بڕی]]].

i ⟶ i

(٤٢)    *من دەستی خۆتم بڕی.

*[ ڕ [ ف.ن[ ج. من] [ ف.ک[ ف. خاوەنێتی [ دەرخراو دەست[م. خستنەسەر — ی] [دەرخەری نەگونجاو لە کەس و ژمارەدا خۆتم][ ک. بڕی]]]

i ⟶*⟶ i

لێرەدا (خۆت) ناگەڕێتەوە بۆ (من) لەبەرئەوە ناتوانرێت هاونیشانەبکرێت لەگەڵ (من)دا.

تیۆری بەستنەوە "ئاستێکی کۆتوبەندی سنووردارکەری سیمانتیکییە، کە پەیوەندیی جێناوە بۆ گێڕدراوەکان و گۆڕینیۆکەکان بە بۆ گەڕاوەکانیانەوە ڕێکدەخات" (مەحوی، قادر، حسێن، ٢٠١٠، لا: ٣٥)، واتە ئەم یاسایە پەیوەندی نێوان فرێزە ناوییەکان لە ڕستەدا بەهۆی هاونیشانەکردنەوە، دیاریدەکات. ئەم تیۆرییە سێ ڕێسای هەیە:

١- گەڕاوەکان بەستراون بەفرێزی ناوی پێش خۆیان لە مەودایەکی دیاریکراودا.

٢- جێناوە کەسییەکان، سەربەخۆن لە مەودایەکی دیاریکراودا[1].

٣- دەربڕاوە بۆگەڕاوەکان سەربەخۆن.

جێناوە خۆییەکان بە فرێزێکی ناویی پێشترەوە بەستراونەتەوە و لەگەڵیدا هاونیشانەدەبن.هەروەک لە نموونەی ژمارە (٤٣) و (٤٤)دا دەردەکەوێت:

(٤٣)    من (خۆم) ئەڕۆم.

[ ڕ [ ف.ن[ ج. من] [ ف.ک[ ج.خۆیەتی خۆ[ج.لکاو گەڕاوە بۆ بکەر —م] [ ک. دەڕۆم]]].

جێناوە کەسییەکان لە چوارچێوەی ڕستەدا سەربەخۆن و بۆ ڕەگەزەکان یان فرێزە ناوییەکانی پێش خۆیان ناگەڕێنەوە.

(٤٤)    باپیر کتێبەکەی بۆ (من) کڕی.

---

١- لە ڕێسای دووەم دا، باشترە لە بری ڕستەی شوێنکەوتوو مەودای دیاریکراو، بەکاربهێنرێت، ئەگەر ڕستەی شوێنکەوتوو بەکارهات بەهۆی ئەوەی، کە لە لایەن ڕستەی یەکەمەوە حوکم دەکرێت، نابێت جێناوەکە بۆ بکەری ڕستەکە بگەڕێتەوە لە ڕستەیەکی وەک :
- ئارام پێیوایە، کە ئەو کتێبەکانی بردووە .
[ڕ. لێکدراو [ڕ.سەرەکی[ ف.ن ئارام[ ف.ک پێیوایە]]]، [ ڕ. تەواوکەر [ comp کە [ ف.ن ئەو[ ف.ک [ بەرکار کتێبەکەی] [ک. بردووە]]]].
لێرەدا نازانرێت کە ( ئەو) بۆ( ئارام) خۆی دەگەڕێتەوە، یان بۆ کەسێکی تر، هەر بۆیە ئاخێوەر دەبێت شارەزایی لە بەکارهێنانی زمانەکەیدا هەبێت و کۆزانیاریی تەواوی هەبێت دەربارەی ئەو جێناوانە، ئایا سەربەخۆن، یان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو فرێزە ناوییانەی، کە لە پێشیدا بەکارهاتوون .

[ ر [ ف.ن[ ن. باپیر] [ ف.ک[ بەرکار کتێبەکەی] [ف.پ. (بۆ من) ] [ ک. کڕی]]].

فرێزە بۆگەڕاوەکان (فرێزی ناویی فەرهەنگی) ئەو فرێزانەن، کە سەربەخۆن، گەڕاوە و جێناوی کەسیی نین، دەبێت لە دەرەوەی ڕستەکەدا بوونیان هەبێت، وەک:( ناوی کەس، شوێن و.... هتد)

## ٦- پارامیتەری بکەری دەرنەبڕاو:

یەکێک لە پارامیتەرەکان، بریتییە لە پارامیتەری (بکەر دەرنەبڕاو)، واتە بکەر بوونێکی فۆنۆلۆژیی لەناو ڕستەکەدا نییە و دەرنەبڕاوە، ڕستە بە لایەنی کەمەوە دەبێت بکەر و کرداری تێدابێت، هەندێک زمان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیەکی دروست ڕێگە نادات (بکەر) لە ڕستەکەدا گۆنەکرێت.

لە زمانی کوردییدا، لەبەرئەوەی کردار (کات و کەسی) تێدایە، بۆیە لابردن و گۆنەکردنی بکەر لە ڕستەکەدا، کار ناکاتە سەر دروستی ڕستەکە، واتە دروستەی (کردار) لە ڕستەی کوردییدا خودی کەسی بکەری تێدایە و ئاماژەدەدات بە بکەری ڕستەکە، لەبەرئەوە لابردنی بکەر واتە گۆنەکردنی کێشە بۆ ڕاستی و دروستی ڕستەکان دروستناکات، با لە نموونەی ژمارە (٤٥) بڕوانین:

(٤٥) ئەڕۆم.

[ ر [ ف.ن (pro) ] [ ف.ک[ ک. دەڕۆم]] .

(٤٦) نان ئەخوات.

[ر [ ف.ن (pro) ] [ ف.ک[ بەرکار نان][ ک. ئەخوات]]].

کەواتە زمانی کوردی لەبەرئەوەی کرداری ڕستەکانی (کات و کەسدارە) و ڕاستەوخۆ (pro) لەناو کردارەکەدایە و لە لایەن کردارەکەشەوە دۆخی ڕێزمانی پێدەبەخشرێت، بە یەکێک لە زمانە بکەر خراوەکان دادەنرێت. (قادر، ٢٠٠٨، لا: ٢٥).

## ٣/١) فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە:

زانستی زمانی درکپێکردن[١] لە ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە وەک ڕێبازێکی نوێی لێکۆڵینەوەی زمان دەرکەوت، کە لە سەرەتادا لە شێوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی ورددا دەرکەوت و دواتر ئەو لێکۆڵینەوانە ڕەنگی زانستێکی نوێ و هاوچەرخیان ڕشت، کە لە ئێستادا بە یەکێک لە لقە هەرە گرنگەکانی زانستی زمان دادەنرێت، بواری لێکۆڵینەوەکانی زۆربەی لایەنەکانی زمانی گرتۆتەوە، بە ڕێگەی نوێ و بۆچوونی زانستیی نوێ لێکدانەوە لە زمان و ئاوەزی مرۆڤ و کایە زمانییەکان دەکات. چەقی لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستە بریتییە لە (واتا)، گرنگییەکی زۆر بە (واتا) و کردە چەمکییەکان، بەجەستەکردنی شارەزایی لە لێکۆڵینەوە لە زمان، لەگەڵ ئاوەز و ڕێگای تێکەڵبوونیان بەیەکەوە دەدرێت (Evans, 2007,P: 22). زانستی زمانی درکپێکردن قوتابخانەیەکی هاوچەرخی لێکۆڵینەوەی زمانییە، کە تێیدا کۆزانیاریی زمانی وەک بەشێک لە درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤ و بیرکردنەوە دەخاتەڕوو، توانای زمانی لە توانا درکپێکراوە گشتیەکانی مرۆڤ جیاناکاتەوە، "پێیوایە، کە زمان تەنها کۆنکریتکەری بەرفراوانی توانا درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤە، کە ئەم توانا درکپێکراوانەش بە هیچ شێوەیەک دابڕاونین لە جەستەی مرۆڤ" (قادر، ٢٠١٢، لا: ٨٤). لەم زانستەدا گرنگی دەدرێت بە کۆزانیاریی، کۆزانیاریش بە دروستبوویەکی ئەنجامی کارکردن و کارلێکردنی ئاوەز و جەستەی مرۆڤ بەیەکەوە، دەستنیشاندەکات ،کە جەستەی مرۆڤ ئەزموونی دەوروبەر و جیهانی دەرەوە دەکات و پاشان ئەو ئەزمونانە لە ئاوەزدا دادەکرێن و دواتر دەبن بە شارەزایی و بەهۆی زمانەوە ئەم ئەزموون و شارەزاییە بەکۆددەکرێن. لێرەدا زمان ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان ئاوەز و جەستەی مرۆڤە گرنگی کۆزانیاریی لەم زانستەدا بە جۆرێکە، کە زمان وەک کۆزانیاریی زمانی تەماشادەکات و لێکۆڵینەوە لە زمان دەبێت لە ڕوانگەی ئاوەز و زمان و ئەزموونەوە سەرچاوە بگرێت. زانستی زمانی درکپێکردن تەنها زانستە، کە بتوانێت لە ڕێگەی گریمانە و شیکردنەوەکانییەوە پەیوەندیی نێوان ئاوەز و جەستە و شارەزایی لە کۆزانیارییدا شیبکاتەوە. هەر لەم زانستەشدا کۆزانیاریی ئاوەزی یەکسان و پەیکاڵ دەبێت بە کۆزانیاریی زمانی،" کۆزانیاریی زمانیش لە بەکارهێنانی زمانەوە پەیدا دەبێت، بەم پێیە پۆلەکان، پێکهاتە سیمانتیکی و سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکان لە درکپێکردن و پەیپێبردنەکانی مرۆڤەوە لە بۆنە و بەکارهێنانە جیاوازەکانی زمانەوە پەیدادەبن". (Croft and Cruse,2004, p: 3-4).

---

١- دابڕینی زمان و بەدوورگرتنی لە دەوروبەر، بەکارهێنانی زمان، کۆزانیاریی و ئەزموونەکانی مرۆڤ لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە گرنگیدان بە خودی زمان، بۆماوەیی زمان و جیاکردنەوەی بۆ چەند ئاستێکی لێکدابڕاو، لە تیۆریی و لێکدانەوەکانی، کە دەربارەی زمان لە ئارادابوو، بە بەردەوامی کێشە و گرفتی دەهێنایەئاراوە، تا دەهات ژمارەی کێشەکان زیاتردەبوون، کە بە ناچاری یان بە ڕێسای ناوازەییانە دادەنران، یان هەوڵدەدرا گۆڕانکاری بەسەر خودی تیۆرییەکەدا بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کێشانە چارەسەربکات وەک هێنانە کایەی تیۆریی (سیمانتیکی پێکهێنان)، بڕوانە :( قادر، ٢٠١٧، لا٤٢١-٤٢٢)، کە هەوڵێکی چۆمسکی بوو بۆ فراوانکردنی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان . ئەم بارودۆخە وەهای لە چەند زمانەوانێکی وەک (Fillmor, Langacker and Lacoff .etc) کرد بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زمان، بیر لە ڕێبازێکی نوێ بکەنەوە لە ڕوانگەی ئەوەی، کە دەبێت زمان ڕەنگدانەوەی چۆنێتی کارکردنی ئاوەز، شارەزایی، ئەزموون، تێڕوانین و پەیبردن بۆ جیهانی دەرەوە و دەوروبەر بێت، سەر لەنوێ بیریان لە زمان کردەوە، لە سەرەتادا لە ڕێگەی چەند وتارێکەوە لە دواتردا بەهۆی لێکۆڵینەوە و کتێبەکانیانەوە بناغەی زانستێکی نوێیان داڕشت و زانستی زمانی درکپێکردن هاتەکایەوە .

ئەم تێڕوانینەی زانستی زمانی درکپێکردن ئەوە دەسەلمێنێت، کە هیچ کام لە پێکهاتە زمانییەکان بە شێوەی زگماکی و خۆیان لەناو ئاوەز و هزری مرۆڤەکاندا بوونیان نییە، بەڵکو لە بەکارهێنانی بەردەوامی زمان لە ئەنجامی ئەزموونەکانەوە دەبنە کۆزانیاریی زمانی و دواتر ئاخێوەر و بەکارهێنەری زمان بەکاریدەهێنێت و پەیڕەویدەکات.

## ٣/١ – ١) فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانینە جوداکانی نێوان زانستی زمانی بەرهەمهێنان و زانستی زمانی درکپێکردندا :

هەروەک لە پاری سێیەمی بەشی یەکەمدا خرایەڕوو، لە سەرەتادا زانستی زمانی درکپێکردن، وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر ئەو هەڵە و کەموکورتییانەی لەو کاتەدا، کە دەربارەی زمان لە ئارادابوون، هاتەکایەوە، بە تایبەتی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە) و هەوڵە بەردەوامەکانی چۆمسکی بۆ فراوانکردنی تیۆرییەکانی بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتانەش بگرێتەوە، کە لە سەرەتادا بە نائاسایی دادەنران. لێرەدا هەوڵێک دەدرێت تیشک بخرێتە سەر گرنگترین تێڕوانینە جیاوازەکانی نێوان ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لەگەڵ زانستی زمانی درکپێکردن و ئەو ڕەخنانەی لە شرۆڤە بەرهەمهێنانییەکانیان گرتووە :

### یەکەم:

جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی زمانی مرۆڤ توانستێکی بیۆلۆژی نەگۆڕە، لە هەموو مرۆڤەکاندا هەیە، واتە منداڵ لە دایکدەبێت دەزگایەکی بۆ زمانپێزان و زمان فێربوون پێیە، کە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تێدایە، کە پێیان دەگوترێت ڕێزمانی جیهانی، کە هی هەموو مرۆڤایەتییە، بە هۆیانەوە منداڵ دەتوانێت، ئەو داتایانەی، کە لە دایک و باوک و دەوروبەرەوە بەدەستیاندەهێنێت، لە زمانپێزانەکەیدا بەکاریانبهێنێت (مەحوی، ٢٠٠١، ل:١٤-١٥).کەواتە ڕێزمانی جیهانی یان ناوەکی، هەروەک پەیڕەوی هەناسەدان لە لەشی مرۆڤدا وایە. بەم شێوەیە زمانی مرۆڤ لە هەموو توانا درکپێکردنەکانی، وەک: (بینین، بیستن، جیاکردنەوە، پۆلکردن و ....هتد)، و (دەوروبەر و جیهانی دەرەوە)، دووردەخرێتەوە، بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کردە درکپێکردنەکانی مرۆڤە و سەربەخۆ و جیانییە وەک ئەوەی ڕێزمانی گشتی بانگەشەی بۆ کردووە، هەر کایەیەک لە کایەکانی زمان تێکردە و دەرهاویشتەی پێواژۆ درکپێکردنەکانن، کە پێواژۆکانی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زمانی بەرێوەدەبەن، بوونی(پەیوەندیی درکپێکردن)[1] لە زانستی زمانی درکپێکردندا، وەک بنەمایەک، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمان و ڕێکخستنی زمانی زیاتر ڕەنگدانەوەی توانا درکپێکردنە گشتییەکانی تری مرۆڤە، وەک سەرنجدان – میتافۆر- پۆلکردن (نەبی، ٢٠١٥، ل:٢٣-٢٤).

---

١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (Ibáñez,Masegosa,2014,P:23) .

**دووەم:**

سەرچاوە و چاوگی کۆزانیاریی زمانی، لە تێڕوانینی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، خاڵێکی تری ناکۆکییەکانە، کە باوەڕیان بەوە هەیە سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانی واتە بەکارهێنانی زمان بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، وەک بەکارهێنانی وشەکان و ڕیزکردنی کەرەستەکانی ناو ڕستە و یاسا زمانییەکان، منداڵ بەهۆی بوونی ڕێزمانی گشتییەوە فێریان دەبێت، ئەگەر وانەبێت منداڵ چۆن دەتوانێت لە ماوەیەکی پێوانەییدا فێری هەموو بەکارهێنانەکان بێت، کەواتە سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانی، کە کۆزانیاریی بەکارهێنانی زمانە بریتییە لە ڕێزمانی گشتی، کە لە ئاوەزی منداڵدا، بە شێوەیەکی بایلۆژی بوونی هەیە، بەڵام زانایانی زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیانوایە، کە سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانی بریتییە لە خودی بەکارهێنانی زمان خۆی، منداڵ بەهۆی فێربوونەوە فێری زمان دەبێت، فێربوونی زمان، وەک هەموو شتەکانی تر وایە، کە منداڵ بە پشتبەستن بە لاساییکردنەوە، ڕاهێنان، گوێگرتن، ناسینەوە، تاقیکردنەوە، ڕاستکردنەوە و بەکاربردنی شارەزایی فێریاندەبێت، چۆن جل لەبەرکردن، یان نانخواردن، یان سواربوونی پاسکیل فێردەبێت، زمانیش بەهەمان شێوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵیاندا، بەڵکو بۆ فێربوونیان، پشتدەبەستن بە هەمان توانا درکپێکردنەکانی (بیستن، بینین، ناسینەوە، جیاکردنەوە...هتد).

**سێیەم:**

ڕێزمانی بەرهەمهێنان، سینتاکس بە چەقی زمان دادەنێت و پێیوایە بە هۆی شوێنی وشەکان لەناو ڕستەکاندا، واتای فەرهەنگی وشەکان تەواودەبێت، واتە هەر سینتاکسە واتا دیاریدەکات. هەر بۆیە لە ڕستەوە بۆ بەشەکانی تری زمان دەڕوانن، چونکە سینتاکس بە چەقی زمان دەزانێت هەربۆیە واتای وشەکانیش بەهۆی شوێنیان لەناو ڕستەکاندا دیاریدەکات، بە پێچەوانەوە زانستی زمانی درکپێکردن باوەڕیوایە، کە ڕێزمان بریتییە لە پێڕەوی بەچەمککردن (قادر، ٢٠١٥-٢٠١٦:لا٢١٧)، لێرەدا دەردەکەوێت، کە چەق و کرۆکی لێکۆڵینەوە زمانییەکانی ئەم زانستە سیمانتیکە نەک سینتاکس.

**چوارەم:**

ڕێزمانی بەرهەمهێنان تێڕوانینێکی مۆدولارییانەیان بۆ زمان هەیە، هەربۆیە لێکۆڵینەوەی زمانییان دابەشکردووە بەسەر چەند بوارێکی جیاواز و سەربەخۆدا، هەریەکە لە (سیمانتیک، سینتاکس، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی و پراگماتیک)یان جیاکردۆتەوە، کە هەریەکەیان دوورە لەوانی تر و لە ئاوەزی مرۆڤیشدا جیاکراونەتەوە، بۆ نموونە مۆدولی سینتاکس ئەو شوێنەی ئاوەزە، کە گرنگی بە خستنەپاڵیەکی وشەکانی زمان دەدات بۆ پێکهێنانی ڕستەکان بەهەمان شێوە، مۆدولی فۆنۆلۆژی، گرنگی بە خستنە پاڵیەکی دەنگە زمانییەکان و یاسا فۆنۆلۆژییەکان دەدات، کە وشەکانی زمانەکە پێکدەهێنن... هتد، ئەم تێڕوانینە مۆدولارییانە بۆ زمان و ئاوەز ڕاستێتی جیاکردنەوە و دابەشکردنی زمان و لێکۆڵینەوە زمانییەکان بۆ لق و وەچە لقی جیاواز، دەسەلمێنێت. ئەو داڕشتانە خۆیان جیاوازن و

هاوبەشییان نییە. بە پێچەوانەوە لە زانستی زمانی درکپێکردندا تیۆری مۆدولارێتی زمان بە تەواوەتی ڕەتدەکرێتەوە، ئەم زانستە باوەڕیوایە، کە یاسا و ڕێساکان وەکیەک بەسەر ئاستە جیاوازەکاندا جێبەجێدەبن و ئاستەکانی زمان تەواوکەری یەکترن و لەیەکتر دانابڕێن[1]. لەگەڵ کارکردنی بایلۆژییانەدا دەگونجێن بە بەکارهێنانی دووبارەی کەرەستەی کۆن، کەرەستەی نوێ دەهێنێتەکایەوە، هەروەها ماوە بگوترێت، کە ئەم زانستە بە شێوەیەکی ستوونی کاردەکات، نەک ئاسۆیی، بەشێوەیەک ڕێبازێکی ستوونی لە لێکۆڵینەوەی زمانییدا پەیڕەودەکات و پێیوایە، کە زمان لە چەند چینێکی جیاواز لە ڕێکخستن پێکهاتووە دەنگەکان وشەکان پێکدەهێنن، وشەکان ڕستەکان پێکدەهێنن. ..(Evans, Bergen, and Zinken; 2007, P: 4)

### پێنجەم:

جگە لە مۆدولارێتی، (سیمانتیک، پراگماتیک) لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا جیاکراونەتەوە، وەک دوو ئاستی جیاوازی واتا سەیردەکرێن، هۆکاری ئەم جیاکردنەوەیەش تێڕوانینیانە بۆ واتای زمانی، چونکە زیاتر تێڕوانینێکی وشەنامەییە و وشە چەمکێک دەگەیەنێت، کە لە جیهانی دەرەوە بوونی هەیە، لەبەرئەوەی واتای فەرهەنگی وشەکان، هەموو کات بۆ لێکدانەوەی واتای دەربڕاو و ڕستەکان ناتوانرێت پشتیان پێببەسترێت، هەر بۆیە ئاستی سیمانتیک و پراگماتیکیان جیاکردەوە، بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە، کە واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی، هەردووکیان واتای سیمانتیکن، چونکە واتای زمانی (سیمانتیک) نواندنی ئەبستراکتانەی واتای نازمانییە (پراگماتیک)، واتە مرۆڤ کاتێک کە شارەزایی لە واتای نازمانی وشەیەکدا پەیدادەکات ئەو کاتە دەتوانێت لە ئاوەزدا نواندنی بۆ بکات و هەڵیبگرێت، کە ئەمەش خۆی واتای زمانی (فەرهەنگی) وشەکە دەگەیەنێت. (قادر، ٢٠١٧،لا:٤٣٢).

### ١ / ٣- ١-١) لە خاڵە ناکۆکەکانی دوو قوتابخانەکەوە بەرەو سیمانتیکی درکپێکردن:

سیمانتیکی درکپێکردن لە ساڵەکانی حەفتاکانەوە، وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر ئەو تیۆرانەی لەو کاتەدا دەربارەی زمان بە گشتی و واتای زمانی بە تایبەتی لە ئارادابوون، هاتەکایەوە، بە تایبەتی تێڕوانینی بابەتییانە بۆ جیهان[2] لەگەڵ تیۆری مەرجی ڕاستەقینەی ڕێزمانی شێوازبەندانە، کە تێیدا تێڕوانین بۆ واتای زمانی وەک

---

١- بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە: ( قادر، ٢٠١٥-٢٠١٦، لا: ٢٢-٣٤)، (Evans and Green,2006,P:28-40) کە هەردووکیان ئەوە دەسەلمێنن، کە دیاردەکان لە هەموو ئاستەکاندا وەکیەک بوونیان هەیە، تایبەت نین بە ئاستێکی دیاریکراوەوە وەک پۆلکردن، هاوواتایی، میتافۆڕ لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا.

٢- (Obejectivist Worldview) فەلسەفەیەکە لە لایەن (Ayn Rond)ەوە دامەزراوە،وەک پەیڕەوێکی فەلسەفی ڕاستەقینانە دەڕوانێتە سروشت و جیهان و کۆزانیارییەکانی مرۆڤ، پێیوایە ڕاستی ڕەهایە، ڕاستیی ڕاستییە بێ گەڕانەوە بۆ هیوا و ترس و ئۆمێدی تاکەکەس، جیهانێک هەیە سەربەخۆیە لە ئاوەزی مرۆڤ، کە دەبێت بیرکردنەوەی مرۆڤیش دەربارەی ئەو جیهانە بەهەمان شێوەبێت، بیروباوەڕی تاک و کۆمەڵگا ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە ئەو بیروباوەڕانە هەرچۆنێک بن ناتوانن ڕاستییەکان بگۆڕن (Cunningham,1973 , P:1-23)

پەیوەندیی نێوان وشە و جیهانی دەرەوەیە، کە بەشێوەیەک بوونی لە جیهانی دەرەوەدا چۆن بێت دەبێت لە زمانیشدا بەو شێوەیە بێت، ڕاستیی واتای وشە و دەربڕاوەکان مەرجە بە بوونی ڕاستەقینەیان لە دەرەوەی زمان،[1] هەروەها جیاکردنەوەی واتای زمانی و واتای نازمانی و سپاردنی لێکۆڵینەوە لە واتای نازمانی بە ئاستی پراگماتیک، کە بەناچاری و بۆ بریندارنەکردنی ڕاستیی بیروبۆچون و تیۆرییەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ئاستی پراگماتیک و سیمانتیکیان لەیەکتر جیاکردبووەوە. دانانی کرۆکە واتا بۆ هەموو وشەیەکی زمانی وەک پەیوەندیی لە نێوان وشەو جیهانی دەرەوە، بەپێی مەرجی ڕاستەقینە، بە تەواوەتی درکپێکردنی لە پێڕەوی زمانییدا دەرهێنا. .(Evans and Green. 2006, p: 156)

لە ئەنجامی ئەمانەدا سیمانتیکی درکپێکردن، لە لایەن چەند زمانەوانێکەوە، وەک کارانەوەیەک پێشکەشکرا، کە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی بۆ زمان و واتای زمانی هەیە، پێیوایە، کە خودی واتای زمانی دەرخستن و خستنەڕووی داڕشتەی چەمکییە، کە پێکهاتوویەکی واتای زمانی و نازمانییە و بەدەستهاتووی ئەزموون، شارەزایی و پەیپێبردنەکانی تاک و کۆمەڵی بەکارهێنەری زمانە، لە هەمان کاتیشدا چۆنێتی ڕێکخستن و نواندنەکانی ناو ئاوەزی بەکارهێنەری زمان دەخاتەڕوو، هەروەک (Talmy)، کە یەکێکە لە پێشەنگە دێرینەکانی زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە کە: " لێکۆڵینەوە لە سیمانتیکی درکپێکردن، لێکۆڵینەوەیە لە ناوەڕۆکی چەمکییانە و ڕێکخستنی لە ناو زماندا". .(Talmy, 2000,P:4)

بوار و کاری لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی درکپێکردن، بریتییە لە گەڕان و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان شارەزایی و پێڕەوی چەمکییانە لەگەڵ داڕشتەی سیمانتیکی بەکۆدکراو لە لایەن زمانەوە، واتە لێکۆڵینەوە لە نواندنی کۆزانیاریی (داڕشتەی چەمکی) لەگەڵ داڕشتنی واتا (بەچەمککردن)، ڕوونتر نواندنی کۆزانیاریی واتە نواندنی هەموو شارەزایی، ئەزموون، پەیپێبردن، تێڕوانین و خوێندنەوەی بەکارهێنەری زمان بۆ وشەیەک، یان دیاردەیەک، کە هەموو ئەمانە پێکهاتوویەک پێکدەهێنن، کە داڕشتەی چەمکییە، بەچەمککردنیش بەچەمککردنی گشت شارەزاییە زمانییەکانی مرۆڤە، کە سەرجەم دروستە چەمکییەکانی دنیابینیی، بیرکردنەوە و تێڕامانەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، لێرەوە دەردەکەوێت، کە سیمانتیکی درکپێکردن لە ڕێگەی زمانەوە لە توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، واتە لەبری گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی زمانی زیاتر گرنگیدەدات بە کارکردن و ڕێکخستنی ئاوەز.(.Evans .(2007, p: 24-25

### ٣/١-١-٢)ڕێسا ڕێبەرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن:

سیمانتیکی درکپێکردن خۆی لە خۆیدا، وەک تیۆرییەک چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە و جەمسەرەکانی دیاریکراونین و چوارچێوەی کارکردن و لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرەوانی دیاریکراو و سنوور بۆ کێشراونین، واتە لێکۆڵەرەوانی

---

١- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : (غەریب، ٢٠١٦، ل: ٥٩ — ١١٧)، (عەلی، ٢٠١٤، ل: ٥٢ - ٧٦).

**ئەم بوارە بەشێوەیەکی گشتی لە گۆشەنیگای جیاواز و تیشکۆ و گرنگی پێدانی جیاوازەوە لە بابەتەکانیان ڕوانیووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چەند ڕێسایەک هەیە، کە ڕێبەر و ڕێنشاندەرن و پێکەوە بە هەموویان سیمانتیکی درکپێکردن دەناسێنن و زیاتر بریتیین لە :**

**١- داڕشتەی چەمکیی داڕشتەی بەجەستەکردنە:**

**یەکێک لە تیۆرییە بنچینەییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن بریتییە لە بەجەستەکردنی زمان، لەم زانستەدا زمان گرنگترین سەرچاوەی پەیوەندیکردنە و بەپێی ئەم زانستە ناتوانرێت بە دابڕاوی لە زمان بکۆڵرێتەوە، واتە زمان دانابڕێت لە جەستە و توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ.**

**لە سیمانتیکی درکپێکردندا (بەجەستەکردن) یەکێکە لە تیۆرییە سەرەکییەکان، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە واتای زمانی بەجەستەکراوە، واتە لە گفتوگۆکردنی ئاخێوەر و گوێگردا وەک بەکارهێنەری زمان، ئەزموونە جەستەییەکانی ئاخێوەر بزوێنەر و سەرچاوەی دەربڕاوە زمانییەکانیەتی، کە هەڵگری واتان و گوێگر لێیان تێدەگات، ئەگەر لەم دوو دەربڕاوەی ژمارە (٤٧) و(٤٨) بڕوانین:**

**(٤٧) کوڕەکە هاتە ژوورەوە.**

**(٤٨) کوڕەکە هاتە دەرەوە .**

**لە دەربڕاوی ژمارە (٤٧)دا ئاخێوەر لە شوێنی خۆیەوە دەڕوانێتە ئاڕاستەی جوڵەی (کوڕەکە) واتە ئاخێوەر خۆی لە کاتی قسەکردنەکەدا لە ژوورەوەیە، بە پێچەوانەی دەربڕاوی (٤٨)، کە تێیدا ئاخێوەر لە دەرەوەیە و لەوێوە دەڕوانێتە ئاڕاستەی جوڵەی (کوڕەکە) .**

**بە شێوەیەکی ڕوونتر هەڵهێنجانی مرۆڤ بۆ ڕاستیی و جیهانی دەرەوە بە ڕێژەیەکی زۆر لە لایەن سروشتی جەستە و پێڕەوە دەمارییی و توانا درکپێکردنەکانییەوە، دێتەئاراوە. کاتێک سەرنجی منداڵ دەدرێت، دەردەکەوێت منداڵ لە ڕێگەی جەستە و هەستەوەرەکانییەوە ژینگە و دەوروبەری ئەزموونەکات و جیهانی دەرەوە تاقیدەکاتەوە، لە ئەنجامدا تێگەیشتنەکانی بنیاتدەنێت، ئەو تێگەیشتنانە لە ئاوەزدا دادەکرێت و بەکۆددەکرێت و بەهۆی وشە و دەربڕاوەکانەوە جارێکی تر دەردەبڕێنەوە. مرۆڤەکان لەناو جەستەیاندا قەتیسن، واتە جەستەیان وەک دەفرێک وایە، کە هەموو پەیپێبردن و تێگەیشتن و شارەزاییەکانی لەو دەفرەوە دادەڕێژرێن و دێنەکایەوە، لە جەستەی خۆیانەوە دەڕوانە جیهانی دەرەوە** (Johnson,1987 , P:331).

**ئەگەر (منداڵ) بە نموونە وەربگرین دەردەکەوێت، کە سەرەتای کۆزانیاریی و شارەزاییەکانی لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە دادەڕێژێت وەک :**

- **کاتێک نان دەخوات، نان دەخاتە ناو دەمییەوە.**

- کاتێک تامی خواردنێکی حەز لێنابێت، خواردنەکە لە دەمی دەردەهێنێت .
- بەدەستەکانی شتومەک دەگرێت .

ئەم ئەزموونکردنانە لە ڕێگەی جەستەوە، لە قۆناغێکی تری تەمەنیدا دەبن بە چەمک و لە تێڕوانین و پەیپێبردنەکانی بۆ جیهانی دەرەوە بەکاریاندەهێنێتەوە وەک :

- چوونە ژوورەوەی خواردن، ئاو ...هتد، بۆ ناو دەمی.
- هاتنە دەرەوەی خواردن، ئاو ...هتد، بۆ دەرەوەی دەمی.
- کەوتنەدەستی دوژمن، وەک بەکاربردنێکی میتافۆرییانەی گرتنی کەس و شتومەک بە دەستەکانی مرۆڤ.

چونکە هەڵکەوتنی لەشی مرۆڤ ستوونییە و (سەر)ی لە لوتکەی جەستەیدایە، (پێ)یەکانی لە خوارەوەن، ئەزموونی شتومەک و ئاڕاستەی جوڵەکانیان بە شێوەیەکە کە (هەر بەرزبوونەوەیەک) لە لای بە (چوون بەرەو سەرەوە)دادەنێت ،بە پێچەوانەوە لە بەرانبەردا (کەوتنە خوارەوە) بەکاردەهێنێت، کە شتێک لە بەرزەوە بەرەو خوارەوە بجوڵێت. هەروەها لە زمانی کوردییدا زۆر دەربڕاو هەن، کە بەکارهێنانی میتافۆرییان هەن، کە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە پێکهێنانی وێنەی ئاوەزیی و گەیاندنی واتاکانیان دا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن، وەک لە دەربڕاوەکانی ژمارە(٤٩)دا دەردەکەوێت :

(٤٩) (گوێ ئاو، پێ دەشت، دەمی ڕووبار، دامێنی چیا، چاوی کامێرا و ...هتد) .

ئەگەر لە هەریەکێک لەم دەربڕوانە وردبینەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە واتاکانیان بەهۆی یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە نەخشێنراون، کە ئاخێوەری کورد شارەزاییانە پەی بە واتاکانیان دەبات و لە ڕێگەی ئەرک و کارکردن، یان شوێنی هەر یەکێک لە ئەندامەکانەوە داڕشتەی چەمکیی دەربڕاوەکانی داڕشتووە، لێرەوە گرنگی بە جەستەکردن لە سیماتیکی درکپێکردندا دەردەکەوێت، کە داڕشتەی چەمکی لە ئەنجامی بەجەستەکردنەوە دێتەکایەوە. (قادر، ٢٠١٥-٢٠١٦).

### ٢- داڕشتەی سیمانتیکی، داڕشتەیەکی چەمکییانەیە:

لێرەدا باس لە دوو تێڕوانینی جیاواز بۆ واتا دەکرێت، تێڕوانینی داڕشتەی سیمانتیکی لەگەڵ تێڕوانینی داڕشتەی چەمکییانە، وەک دەزانرێت تێگەیشتنی باو بۆ واتای زمانی واتە (داڕشتەی سیمانتیکی) لەسەر بنەمای وشەکان و پەیوەندییان بە جیهانی دەرەوەیە، بە جۆرێک هەر وشەیەک، یان هەر یەکەیەکی زمانی بەرانبەرە بە شتێکی دیاریکراو لە دەرەوەی زماندا، بەپێی نیشانەی واتایی و مەرجی ڕاستەقینە (واتای وشەکان) دیاریدەکرێت، واتە بەپێی تێڕوانینی باو و شیکردنەوەی وشە وەک داڕشتەیەکی سیمانتیکی خاوەنی چەند نیشانەیەکی واتاییە، کە واتاکەی دیاریدەکەن بۆ نموونە وەک :

(٥٠)      پەپوولە

+ زیندەوەر
+ مێروو
+ باڵدار

لێرەدا (پەپوولە) زیندەوەرێکە لە جۆری مێرووی باڵدارە. تێڕوانینی دووەم بەپێی تێڕوانین و بانگەشەی سیمانتیکی درکپێکردنە بۆ واتا، کە داڕشتەی چەمکییانەیە و تەواو جیاوازە لە داڕشتەی سیمانتیکی، کە پێیوایە خودی زمان و واتای زمانی پەیوەستە بەو چەمکانەی، کە لە ئاوەزی مرۆڤدا بوونیان هەیە، نەک بە تەنها ئەوانەی، کە لە جیهانی دەرەوەدا هەن، چونکە سیماتیکی درکپێکردن لە ڕێگەی ڕێسای بەجەستەکردنەوە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە خودی ئەو واتا و چەمکانەی لە ئاوەزدا (فەرهەنگی ئاوەزییدا)داکراون بەرئەنجامی ئەزموون و شارەزایی مرۆڤەکانن، کە لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە و لە کاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دنیای دەرەوە چنگی کەوتوون و لە ئاوەزییدا بەکۆدیکردوون. بەمپێیە ئەگەر هەر لە نموونەی ژمارە (٥٠) بڕوانین دەبینین، کە وشەی (پەپوولە) لە کۆمەڵگەی کوردییدا تەنها واتای (زیندەوەرێکی باڵداری لە جۆری مێروو) ناگەیەنێت، بەڵکو واتاکەی لەم چوارچێوەیە فراوانترە و لە زمانی کوردییدا واتای (هێمنی، لەسەرخۆیی، بێدەنگی و جوانی) دەگەیەنێت، کە بۆ پەسنکردنی مرۆڤ بەکاردێت، وەک لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت :

(٥١)      لانی پەپوولەیە .




هێڵکاریی ژمارە (٦)

(هێڵکاریی داڕشتەی چەمکی وشەی (پەپوولە) لە زمانی کوردییدا)

ئەم دوو تێڕوانینەی باسکران، دوو تێڕوانینی تەواو جیاوازن بۆ واتا، لەگەڵ ئەمەشدا سیمانتیکی درکپێکردن بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەتوانرێت ئەم دوو داڕشتەیە یەکسان بن، واتە داڕشتەی سیمانتیکی و داڕشتەی چەمکییانە، بەڵام ئەم یەکسانبوونە واتای پەیکاڵبوون ناگەیەنێت، چونکە زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە، کە ئەو واتایەی، کە پەیوەستە بەیەکە زمانییەکانی وەک وشەکان، لە ڕاستییدا هەموو چەمکەکە ناگەیەنن، بەڵکو تەنها

وەچە پۆلێکی چەمکەکە پێکدەهێنن، نەک پۆلی چەمکەکە، کەواتە هەردوو داڕشتەکە لەوەدا یەکسانن، کە وشەکان چەمکە بەکۆدکراوەکانن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پەیکاڵنین، چونکە هەموو چەمکەکە بەتاکە وشەیەک بەکۆدناکرێت.

بەڵام ئاشکرایە، کە داڕشتەی سیمانتیکی فۆڕمێکی باوە یان قاڵبێکە، کە داڕشتە چەمکییانەکەی پێ بەکۆددەکرێت و ئەو بیچمەیە، کە کۆزانیارییە داکراوەکە دەنوێنێت، هەرچەند هەموو چەمکەکە بەکۆدناکات. (Evans and Green.2006, p:365-366).

لێرەوە دەردەکەوێت، کە سیمانتیکی درکپێکردن بە تەواوەتی جیهانی دەرەوە ڕەتناکاتەوە، واتای زمانی بە تەنها و تەنها نابەستێتەوە بە چەمک و ئەوەی، کە لەناو هزری مرۆڤدایە، چونکە پێیوایە، کە چەمکەکان باشترین ڕێگان بۆ تێگەیشتن لە جیهانی دەرەوە، بەمەش پردێکی پەیوەندیی لە نێوان دوو دژ دا بنیاتدەنێن، کە ئەوانیش (خودیەتی و بابەتی بوون)ن. (Sinha,1999,P.P:223-255).

## ٣- واتای زمانی واتاییەکی ئینسکلۆپیدییە

سیمانتیکی درکپێکردن، خستنەڕووی فەرهەنگ ئاسا و پێناسە ئاسا بۆ واتای وشە، ڕەتدەکاتەوە، زیاتر جەخت لەسەر خستنەڕووی ئینسکلۆپیدییانەی واتای وشەکان دەکاتەوە، پێیوایە،کە داڕشتەی سیمانتیکی سروشتێکی ئینسکلۆپیدی هەیە، بە واتە وشەکان خاوەنی واتایەکی دیاریکراو نین وەک ئەوەی لە فەرهەنگی نووسراوی زمانەکاندا بەدیدەکرێت، کە بەرانبەر هەر وشەیەک دەستەیەک واتای یەک بەدوای یەک و ڕێکخراو ڕیزکراون، بەڵکو زیاتر ڕێگەیەکن بۆ گەیشتن بە گەنجینەی کۆزانیارییەکان دەربارەی چەمکێک لە ئاوەزی مرۆڤدا.

بەکارهێنەری زمان بەپێی ئەزموون و شارەزایی و تێگەیشتنە جیاوازەکانی خۆی و ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی، بەرانبەر هەر چەمکێکی وەک (خۆشەویستی، نیشتمان پەروەری، ...هتد) دەیان وشە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا و لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی بەکۆدکردووە و تەنها یەکێک لەو وشانە وەک (شاوەچە)ی چەمکەکە دەناسێنێت و چەمکەکەی پێدەردەبڕێت و دەناسرێتەوە، بەڵام لە ڕێگەی وشەکانی تری ناو فەرهەنگی ئاوەزییەوە دەتوانێت لە کۆی قسەی بەرانبەرەکانی بگات کاتێک، کە لەسەر ئەو چەمکە دەدوێن، چونکە بەکارهێنەری زمانێکی دیاریکراو بەرانبەر هەر وشەیەک کۆمەڵێک کۆزانیاریی هەیە، کە بە هەموویان چەمکی وشەکەیان لە ئاوەزییدا داڕشتووە، کۆزانیارییەکان چ گشتی بن، واتە تایبەت بن بە کۆمەڵێکی زمانییەوە لەسەر بنەمای ئەزموون و تاقیکردنەوەکان و مێژوو و بەسەرهات و تێگەیشتن و پەیپێبردنەکانی کۆمەڵەکەوە هاتبنەکایەوە، کە ئەوانیش بەدەستهاتووی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤەکانن، یاخود کۆزانیارییەکە تایبەت بن بە تاکێکی دیاریکراو، کە بەپێی ئەزموونی کەسی و پیشە و پسپۆڕی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تێڕوانینی بۆ دەوروبەر هاتبێتەکایەوە، چونکە زمان ڕەنگدانەوەی جیهانی ڕاستیی و واقیع نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پەیپێبردن و خوێندنەوە و تێگەیشتنی کەسەکانە بۆ واقیع.

لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە کۆزانیاریی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و مەرج نییە هەموو بەکارهێنەرێکی زمانێکی دیاریکراو چەمکەکانیان، کە بەرهەمهاتووی کۆزانیارییەکانیانە، وەک یەک بن، بەڵکو بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت. هەروەها گرنگیدان بە واتایەکی دیاریکراوی چەمکێک و دانانی بە شاوەچەی چەمکەکە دیسان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، لێرەدا دەتوانرێت وشەی (ڕەگ) وەک نموونە لەم ڕستانەدا وەربگیرێت. بۆ نموونە:

(٥٢)　ڕەگەکەی وشک بووە.

(٥٣)　ڕەگەکەی کلۆرە.

(٥٤)　ڕەگەکەی هاوبەشە.

ئەگەر لە ڕستەکان ڕابمێنین جیاوازی واتای وشەی (ڕەگ) لە هەرسێ ڕستەکەدا دیار و ئاشکرایە، ئەم جیاوازیەش لە جیاوازی کۆزانیاریی مرۆڤەکانەوە سەریهەڵداوە هەریەکە لە ڕستەکان دەریدەخەن، کە ئاخێوەر گرنگی بە چ واتایەکی چەمکەکە داوە، لێرەدا ڕوونە بەپێی پیشەکەیان هەریەکەیان شاوەچەی بۆ چەمکەکە دیاریکردووە. لە ڕستەی ژمارە (٥٢) زیاتر بە واتای(ڕەگی ڕووەک) دێت لە ڕستەی ژمارە (٥٣)دا واتای (ڕەگی دان) و لە ڕستەی ژمارە (٥٤) واتای (ڕەگی وشە) دەگەیەنن.

هەر لەم ڕوانگەیەوە با لە وشەی (تەناف) لە ڕستەکانی ژمارە (٥٥) و (٥٦) وردبینەوە :

(٥٥)　جلەکان بە بە تەنافەکەدا.

(٥٦)　تەنافەکە دەریئەخات، کە دیوارەکە ڕێکە.

لێرەدا دەردەکەوێت، کە لە ڕستەی ژمارە(٥٥)دا وشەی (تەناف) مەبەست لە پەت، یان گوریسێکە، کە بۆ جل هەڵخستن بەکاردێت، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (٥٦)دا ئەم وشەیە تایبەتە بە پیشەی کرێکاری و هەڵچنینی دیوار.

ئەم نموونانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە ناتوانرێت بۆ لێکدانەوەی چەمکی وشە تەنها پشت بە واتای فەرهەنگی وشە ببەسترێت و بنەمای بەکارهێنانی کۆزانیاریی دەربارەی چەمکەکە پشتگوێبخرێت، چونکە لە بنەڕەتدا کۆزانیارییە ئینسکلۆپیدییەکە، چوارچێوەی چەمکەکە دیاریدەکات. ئەم کۆزانیارییەش لە ئەنجامی ئەزموون و شارەزاییەکانی مرۆڤەوە دێتەکایەوە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لە ناو کۆمەڵدا دەژی و کۆمەڵیش خاوەنی بیروباوەڕ و کلتور و بەها کۆمەڵایەتییەکانە، کە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت. سیمانتیکی درکپێکردنیش پێیوایە ئەو واتایەی لە ڕێگەی زمانەوە بنیاتدەنرێت، ڕەنگدانەوەی سەرجەم شارەزاییەکانی مرۆڤە، کە بەهۆی کارلێکردنی لەگەڵ توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ وەک بیستن و بینین و بۆنکردن ...هتد کۆزانیارییەکان پێکدەهێنن. بەم شێوەیە ئۆرگانەکانی تری مرۆڤ کاریگەرییان لەسەر شارەزایی مرۆڤ هەیە. ئەم شارەزاییەش لە زماندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە لە کاتی دیاریکردنی ئەندامەکانی هەموو کەتیگۆری (گوڵ) یان (باڵندە)، یان

هەرشتێکی تر، بێگومان کەتیگۆرییەکە بەپێی شارەزایی دیاریدەکردێت، بۆ نموونە لە پۆلی باڵندەدا ئەوانە دادەنرێت، کە بەکارهێنەرانی کۆمەڵێکی زمانی شارەزاییان تێیدا هەیە، وەک پۆلی میوەکان، کە تاکی کورد شارەزایی هەموو میوەکان نییە، وەک هەموو جۆری میوە ئیستیوائییەکان، یان هەموو تووەکان ... هتد، بۆیە تەنها ئەوانە دادەنرێن. کە کەسەکان شارەزایانن. (قادر، ٢٠١٥-٢٠١٦).

## ٤- پێکهێنانی واتای زمانی بریتییە لە بەچەمککردن:

سیمانتیکی درکپێکردن، بە تەواوەتی جیهانی دەرەوە ڕەتناکاتەوە، پێیوایە، کە جیهانی دەرەوە کاریگەری هەیە، بەڵام بەو شێوەیەی ئاوەزی مرۆڤ پەیپێدەبات و وێنایدەکات، واتە ئەو پەیپێبردنەی، کە لەسەر بنەماکانی ئەزموون و شارەزایی هاتووەتەکایەوە، کەواتە واتای زمانی لە ئاوەزی مرۆڤدا بەکۆددەکرێت، چونکە یەکە زمانییەکانی وەک وشەکانی زمان خۆیان تیاهەڵگری واتا نین و زمان خۆی واتا بەکۆدناکات، بەڵکو ئەو یەکانە تەنها هاندەرێکن، یان یاریدەدەرێکن بۆ واتا پێکهێنان. واتا پێکهێنانیش یەکسان دەکرێت بە بەچەمککردن، بەچەمککردنیش بریتییە لە پێوازۆیەکی داینەمیکی بەهۆیەوە یەکەی زمانی وەک هاندەر و یاریدەدەرێک کاری تێدەکات، ڕوونتر بەچەمککردن بریتییە لە کردەی واتا پێکهێنان، یەکە زمانییەکان تێیدا بەشدارن بە پێدانی ڕێگەی گەیشتن بە کۆزانیاریی دەوڵەمەندی ئینسکلۆپیدی، بۆ داڕشتنی چەمکەکان، لەلایەکی تریشەوە لە ڕوانگەی درکپێکردنەوە، دەتوانرێت پەیوەندی نێوان یەکەی زمانی و چەمک دەستنیشان بکرێت بەوەی کە "داڕشتەی سیمانتیکی ئەو فۆرمە باوەیە، کە کاتێک داڕشتەی چەمکی لە زماندا بەکۆددەکرێت، ئەوا داڕشتە سیمانتیکییەکە بیچمی کۆزانیارییە داکراوەکە دەنوێنێت، کە بە ئاسانی واتای زمانی تێیدا ڕەنگدەداتەوە". (Evans and Green.2006, p:365-366).

لێرەدا دەبێت ئەوە ڕوونبێت، کە بەکۆدکردنی چەمکەکان لە ڕێگەی یەکە زمانییەکانەوە خۆی لەخۆیدا، هەموو چەمکەکە نانوێنێت و زۆر لە کۆزانیارییەکان بەهۆیەوە ونده‌بن، چونکە ناتوانێت هەموو کۆزانیارییەکان بگەیەنێت، لەلایەکی ترەوە ئەم کۆزانیارییە ونبووە لە ڕێگەی دەقەکانەوە واتە دەقی گفتوگۆکانەوە بۆ چەمکەکە دەگەڕێتەوە. لە زانستی زمانی درکپێکردندا ئاستەکانی سیمانتیک و پراگماتیک لەیەکتر جیاناکرێنەوە. ئەم زانستە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە هەردووکیان دوو لایەنی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیین و بە هەردووکیان چەمکی یەکەیەکی زمانی دەنوێنن. لە سیمانتیکی درکپێکردندا بەچەمککردن لەناو دەقەکانەوە ڕێنوێنی دەکرێت، لە پێوازۆی بەکۆدکردندا بەشێکی زۆر لە چەمکەکە وندەبێت، ئەم بەشە ونبووە بەهۆی بەکارهێنانەکەیەوە لە دەقەکاندا بۆ چەمکەکە دەگەڕێنرێتەوە، بەپێی ئەم بۆچوونە واتا دەبەسترێتەوە بە شوێن و حاڵەتی بەکارهێنانەوە، کەواتە بەهۆی داڕشتەی سیمانتیکی، کە یارمەتیدەری بەکۆدکردنەکەیە و بەهۆی بەکارهێنانی لە دەقەکاندا، کە بەهۆیەوە بەشە ونبووەکانی چەمکەکە بۆ چەمکەکە دەگەڕێتەوە، کە پراگماتیکەکەیە، (لەڕوانگەی باوەوە) بە هەردووکیان پڕ واتایی بە چەمکەکان دەبەخشن.

پێوازۆی بەچەمککردن پێوازۆیەکی ئاڵۆزە و کردەیەکی ئاوەزی مرۆڤە، دەرخەری ئەوەیە، کە ئەوەی لەبارەی زمان بەکارهێنانەوە دەزانرێت، لە ڕاستییدا بەشێکی کەمێتی و بەردەوام گۆڕانکاری تێداڕوودەدات، وەک هێنانەکایەی مەودای نوێ، پەیپێبردن، خوێندنەوەی نوێ، بارکردنی واتا کۆنەکان بە چەمکی تازە، بەپێی تێپەڕبوونی کات و بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاریەکانی، کە بەسەر تاک و کۆمەڵدا دێن، بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە. وەک لە ڕستەی ژمارە (٥٧)دا دەردەکەوێت :

(٥٧) چەند دەفتەرت پێیە ؟

ئەگەر لە وشەی (دەفتەر) وردبینەوە، دەبینین لە ئاوەزی ئاخێوەری کورددا دوو واتای هەیە، واتایەکی تا ڕادەیەک کۆنە و بە واتای (پەڕاو) دێت، واتاکەی تری، کە بەکارهێنانەکەی لە ناو زمانی کوردییدا بۆ چەند ساڵێک دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە، کە مەبەست لێی بڕێک پارەی ئەمریکی دیاریکراوە، کە ئاخێوەری کورد ئاشنای پارەی ئەمریکی بووە و لە کوردستاندا سەودا و مامەڵەی پێوەدەکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی سیمانتیکی درکپێکردن، پێکهێنانی واتا وەک پێوازۆیەکی ئاڵۆز، سەیردەکات و پێیوایە، ئەوەی ڕوودەدات لە پێکهێنانی واتادا بە نهێنی ڕوودەدات، بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینەی، کە کردەی پێکهێنانەکە زۆر بە ئاسانی شیدەکاتەوە، پێیوایە پێکهێنانی واتا بەهۆی لێکدانەوەی کۆدەکانەوە بۆ واتا، کە سروشتێکی خۆڕسکی زمانی مرۆڤە، ئەنجامدەدرێت.

لێرەدا دەردەکەوێت واتای وشە لەبری ئەوەی دیاریکراو بێت و خستنەڕوویەکی فەرهەنگ ئاسای بۆ دابنرێت، سیمانتیکی درکپێکردن مۆدێلێکی کۆزانیاریی بۆ واتای زمانی دەخاتەڕوو، کە لە ڕاستییدا خستنەڕوویەکی ئینسکلۆپیدییانەی هەیە، واتە مۆدێلێکی پەیڕەوبەندی کۆزانیاریی چەمکییانە دەخاتەڕوو، کە بنەمای واتا زمانییەکەیە.

## ٣/١-٢) درکپێکردنی چەمک وەک پوختەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی واتای ئینسکلۆپیدییەوە:

لێرەدا هەوڵدەدرێت بەپێی ڕێسا و بیروبۆچوونەکانی زانستی زمانی درکپێکردن و سیمانتیکی درکپێکردن فەرهەنگی ئاوەزی دیاریبکرێت و بۆ ئەم دیاریکردنەش تێڕوانینی ئینسکلۆپیدییانە دەکرێتە بنەما. لەم ڕوانگەیەوە واتا یەکەیەکی ئاڵۆزی زمانە، زمانەوانەکان بەپێی ڕێچکە و ڕێبازی قوتابخانە جیاوازەکانیان، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە زانستی و فەلسەفییەکانەوە، ئەم ئاڵۆزییەی واتا بڕەوێننەوە و لێی تێبگەن. لەم پێناوەشدا واتا لە گۆشەنیگا و تێڕوانینی جیاوازەوە سەیرکراوە.

سیمانتیکی درکپێکردن هەوڵدەدات مۆدێلێکی کۆزانیاریی چەمکییانە بۆ واتا پێشکەشبکات، لە بری پشتبەستن بە کرۆکە واتا و پێناسەئاسای وشەکان، پشت بە بەکارهێنانی وشەکان لە دەقەکان و گرنگیدان بە بارودۆخی گوتن و خودی بەکارهێنەرەکانی زمان، هەروەها شارەزایی و تێڕوانینی کلتوری و کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی تاک و کۆمەڵ، دەبەستێت.

هەموو ئەمانەش کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیی پێکدەهێنن و لەگەڵ تایبەتمەندییە (سیمانتکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)ی وشەکاندا دارِشتە چەمکییەکانیان دادەرِێژن، لەم رِێبازەدا واتای زمانی و واتای نازمانی لە یەکتر جیاناکرێنەوە، بەڵکو بە هەردوکیان دارِشتەی چەمکی دادەرِێژن، بەهەمان شێوە ئاستی واتا بۆ ئاستەکانی سیمانتیک و پراگماتیک دابەشناکرێت، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە، کە کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیی کۆزانیارییەکە، کە کۆزانیاریی پراگماتیکیش (واتای نافەرهەنگی) دەگرێتەوە، چونکە سیماتیکی درکپێکردن پێیوایە، کە کۆزانیاریی سیمانتیکی بە تەنها ناتوانێت تێگەیشتن بهێنێتەئاراوە، واتە بەکارهێنەری زمان ناتوانێت بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان، تەنها پشت بە واتای فەرهەنگی ببەستێت، چونکە کاریگەری چێوەی دەق و بەکارهێنانی وشە لە دەقەکاندا لێکدەرەوەی بەشێکی زۆری واتای وشەن. لێرەوە دەردەکەوێت، کە جیاوازی لە نێوان کۆزانیاریی وشە و بەکارهێنانی وشەدا نییە؛ هەر بۆیە سیماتیکی درکپێکردن نکۆڵی لە بوونی جیاوازییەکی رِوون و ئاشکرا لە نێوان کۆزانیاریی سیماتیکی، کۆزانیاریی پراگماتیکیدا دەکات و پێیوایە هەردوکیان کۆزانیاریی سیمانتیکین لەبەرئەوەی بە رِوانینی ئەمان واتای پراگماتیکی (کە زیاتر مەبەست لە واتای بەکارهێنانی یەکە زمانییەکانە) لە رِێگەی ئەزموون و شارەزایی و پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤەوە کۆدەکرێنەوە و بەکۆددەکرێن و (واتای سیمانتیکی) لە ئاوەزدا پێبونیاددەنرێت، واتە لە بنەرِەتدا واتای پراگماتیکی بنەمای واتای سیمانتیکییە ج جای ئەوەی لێیجیابێت.

سیمانتیکی درکپێکردن، لە رِێگەی هەردوو تیۆری(مەوداکان)ی (Langacker) و تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی)ی (Fillmore)ەوە،[1] جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە واتا سروشتێکی ئینسکلۆپیدی هەیە و هیچ وشەیەک بە تەنها واتای نییە و بەکارهێنەری زمان کاتێک لە چەمکی وشەکان دەگات، کە لە دارِشتەی کۆزانیاریی گەورەتردا دەبن، کە(Langacker) بەم دارشتە کۆزانیارییە دەڵێت (مەوداکان)(Evans and Green ,2006,p:211)

بەمپێیە، بەکارهێنەری زمانی کوردی کاتێک لە وشەیەکی وەک(خوێنبەر) تێدەگات، کە دەیبەستێتەوە بە مەودای(کۆئەندامی دەمار)ەوە و کاتێکیش لە وشەی(کۆئەندامی دەمار تێدەگات، کە پەیوەستیدەکات بە (جەستەی مرۆڤ)ەوە.

بۆ رِوونکردنەوەی زیاتر با لە هەرسێ مەودای(چێشتخانە و قاوەخانەوە و چایخانە) برِوانین :

---

١- بۆ تێگەیشتنی ورد و زانستییانە دەربارەی شیکردنەوەی چوارچێوەی چەمکییانە و مەودای چەمکەکان لە دارِشتەی واتای زمانی کەرەستە زمانییەکانی زمانی کوردییدا برِوانە : (قادر، ٢٠١٧)، (عثمان و قادر ،٢٠١٨).




**هێڵکاریی ژمارە (٧)**

**هێڵکاریی بەستنەوەی مەوداکانی(چێشتخانە، چایخانە، قاوەخانە)**

بەرفراوانی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی مانای ئەوە ناگەیەنێت، کە کۆزانیارییەکی ڕێکنەخراو و پەرشوبلاوە، بە تێڕوانینی سیمانتیکی درکپێکردن، ئەم کۆزانیارییە پەیڕەوێکی داڕێژراوی کۆزانیارییە و تۆربەندئاسا ڕێکخراوە، هەر وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٧)دا دیارە.

پێویستە بگوترێت، کە هەموو لایەنەکانی کۆزانیاریی ئینسکلۆپیدی وەک یەک بۆ چەمکێکی دیاریکراو دەرکەوتوونابن، واتە هەموو لایەنەکان بە یەکسانی لەسەر چەمکێک ئامادەنابن، لە پێناوی دەرخستنی جیاوازیی دەرکەوتنی لایەنەکانی کۆزانیاریی لەسەر چەمکەکان، کە بۆ هەر چەمکێک چەند لایەنێک زیاتر دەرکەوتووتر دەبن و تیشکیان دەخرێتە سەر، هەر لە پێناوی دەرخستنی ڕێکخراویی و تۆڕبەندیی کۆزانیارییەکان (Langacker) چوار جۆری کۆزانیاریی

دیاریکردووە، کە پێکەوە تۆڕێک پێکدەهێنن و هەریەکەیان ڕەهەندی تایبەتی خۆی هەیە بەپێی جۆری کۆزانیارییەکە لایەنێکی چەمکەکە زەقدەکەنەوە و دەریدەخەن، (Langacker،1987،P:52-91 )،(قادر،٢٠١٧، ل:٤٣١).

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با لە وشەکانی ژمارە(٥٨) و (٥٩) و(٦٠) ڕابمێنین :

(٥٨) دراگن فروت

(٥٩) ئەنەناس

(٦٠) ترێ

دەتوانرێت بگوترێت، کە تاکی کورد دەربارەی وشەی(دراگن فروت) زانیارییەکی کەم، یان هیچ زانیارییەکی نییە، نازانێت کە میوەیەکی ئیستوائییە، توێکلێکی سووری هەیە، ناوەکەی، یان سوورە، یان سپییە و ناوکی ڕەشی وردی تێدایە، بۆ نەخۆشیەکانی شەکرە، ئیسکە نەرمە بەسوودە و کالسیۆمی تێدایە، چونکە ئەم میوەیە لە زۆربەی بازاڕەکانی کوردستاندا بوونی نییە، لەبەرئەوەی تاکی کورد ئەزموونی نەکردووە، ئاشنا نییە بەم جۆرە میوەیە، بۆیە نە(تام، نەڕەنگ، نەبۆن و نە شێوە)ی ئەم میوەیە نازانن.

بەڵام کۆزانیاریی تاکی کورد دەربارەی وشەی(ئەنەناس) زیاتر(تام – بۆن – شێوە – ڕەنگ)ەکەی دەگرێتەوە، هەرچەندە دەربارەی(چاندن، شوێنی گونجاو بۆ ڕواندن، چۆنێتی ئاودان، جۆرەکانی) زانیارییەکی ئەوتۆی نییە، کەواتە کۆزانیاریی(تام، بۆن، شێوە و ڕەنگ)ی (ئەنانەس) دەرکەوتووترە لە کۆزانیاریی (چاندن، شوێنی گونجاو بۆ ڕواندن، چۆنێتی ئاودان و جۆرەکانی)ی ئەنەناس، بە پێچەوانەوە لەبەرئەوەی زۆربەی جۆرەکانی(ترێ) لە کوردستاندا بەرهەمدەهێنرێت، کۆزانیاری تاکی کورد دەربارەی ترێ بریتییە لە (جۆرەکانی، شوێنی ڕواندن، جۆری ئاودان، جۆری گەڵا، ڕەنگ، تام، بۆن، قەبارە، شێوە، ...هتد)، بەڵام پلەی دەرکەوتویی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەوانەیە ئەم کۆزانیارییانە لە لای کەسێکی جوتیار لە پلەیەکی دەرکەوتوویدابن، بەڵام بۆ کەسێکی ئاسایی، لەوانەیە لە ناو ئەو تۆڕە کۆزانیارییەدا، تەنها(ڕەنگ، تام، قەبارە)ەکەی دەرکەوتووتربن.

لەم ڕوانگەیەوە و لەسەر بنەمای شرۆڤەکانی(Langacker و قادر) دەکرێت کۆزانیاری وەک چەمکێک ئەم جۆرانەی لێدیاریبکرێت :

## ١- کۆزانیاریی باو :

کۆزانیارییەکی کرۆکییە، بۆ نواندنی ئاوەزییانەی چەمکی وشەیەک، کە بەهۆی زۆری بەکارهێنانەوە لە زمانی ڕۆژانەدا بۆتە هۆی ئەوەی، کە بەکارهێنەرانی زمانەکە شارەزایی دەربارەی پەیدابکەن و لە ئەنجامدا ڕێکدەون لەسەر ئەوەی کام بەشەی کۆزانیارییەکە بکەن بە کۆزانیاریی باو لەناو خۆیاندا. (قادر، ٢٠١٧، ل:٤٣٣ -٤٣٤).بۆ نموونە

کۆزانیاریی باو لە شاری سلێمانی وەک کۆمەڵێکی زمانیی بۆ چەمکی وشەی (چا)، بە گشتی ئەوەیە، کە لە دوای ژەمە خواردنەکان، دەخورێتەوە.

## ٢- کۆزانیاریی گشتی :

واتای گشتێتی ئەم کۆزانیارییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بۆ هەموو جۆرەکانی کەتیگۆرییەک دەگونجێت، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەک :

(٦١)  جلی کوردی لەجلی نەتەوەکانی تری ناوچەکە جوانترە.

لێرەدا کۆزانیاریی (جلی کوردی جوانترین جلی ناوچەکەیە) بەسەر هەموو جۆرەکانی جلی کوردییدا دەچەسپێت و دەگونجێت، جلی پیاوانە، ژنانە، جلی کوردیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات، باشوور، باکوور، سلێمانی، سنەیی... هتد).

## ٣- کۆزانیاریی کرۆکییانە :

ئەم جۆرە کۆزانیارییە ناوەکییە و پەیوەندی تەنها بە بوونێکی تایبەتەوە هەیە، کە لە ناوەوەی بوونەکە پەیدابووە و پەیوەندیی نییە بە کاریگەری دەرەوە، وەک کۆزانیاریی دەربارەی (شێوە) بۆ نموونە شێوەی مانگ (چواردە، یەک شەوە)، بەلام پەیوەندیی نییە بەوەی، کە بە یەکێک بگوترێت مانگی چواردەیە، چونکە لە کۆزانیاریی دەربارەی شێوەی مانگ دوورکەوتۆتەوە و بووە بە وەسف بۆ کەسێکی دیاریکراو.

## ٤- کۆزانیاریی تایبەتمەند :

ئەم جۆرە پەیوەستە بە دەرخستنی پلەی بێهاوتایی کۆزانیارییەک بۆ پۆلێکی دیاریکراو، شێوە و ڕەنگ کەم تا زۆر تایبەت بن بۆ شتێکی دیاریکراو بۆ نموونە: شێوەی هەرمێ تایبەتمەندترە بۆ هەرمێ، وەک لە تایبەتمەندیی شێوەی خڕی بۆ سێو، چونکە شێوەی هەرمێ بێهاوتایە، بەلام زۆر میوەی تری جگە لە سێو هەیە، کە شێوەیان خڕە.

جیاکردنەوەی جۆرەکانی کۆزانیاریی، جیاکردنەوەیەکی ئەبستراکتە و تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیە، بەلام لە ڕاستییدا تێکئالاون و تۆڕئاسا بە یەکترییەوە بەستراون، گۆڕانکاریی و پەڕینەوەی بەردەوام لە نێوانیاندا هەیە، کۆزانیاریی تایبەتمەند دەبێت بە کۆزانیاریی گشتی، کۆزانیاری گشتی دەبێت بە کۆزانیاری باو، کۆزانیاریی باو و کۆزانیاری کرۆکییانە دەبن بە کۆزانیاریی گشتی، بەم شێوەیە کۆزانیارییەکان تێکەڵ بە یەکتر دەبن و گۆڕانکارییان بەسەردادێت.

لێرەوە دەردەکەوێت، کە بنەمای چەمکەکان، واتە واتای ئینسکلۆپیدیی لە ئاوەزی مرۆڤدا، بەهۆی هەر چوار جۆرەکەی کۆزانیارییەوە، نیشاندەدرێت و داڕشتەی چەمکەکان دادەڕێژن، دەبێت ئەوە ڕوونبێت، کە بۆ داڕشتنی داڕشتەی

چەمکی، بوونی هەر چوار جۆرەکەی کۆزانیاریی مەرج نییە لای هەموو بەکارهێنەرانی زمان وەک یەک هەبن، بەڵکو بوونی ئەو جۆرانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، کە پەیوەستە بە چۆنێتی تێڕوانین، پەیپێبردن، درکپێکردن، بۆچوون و بیروباوەڕ، هەروەها ئەزموون و شارەزایی، کە بەهۆی بەردەوامیی بەکارهێنان و بەرکەوتن لەگەڵ ئەو بوونەی چەمکەکەی بۆ داڕێژراوە دێنەکایەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە کۆزانیارییەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت، کەواتە بنەمای بەچەقبوونی هەر کۆزانیارییەک، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵەکان و کەسەکان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بە بارودۆخی گوتنەکانەوە هەیە، کە ئەزموون و شارەزایی کەسەکان و گرنگیدان بە ختنەڕووی چ لایەنێکی کۆزانیاری لەلایەک و پێویستی تایبەتمەندیی دەقەکان لەلایەکی ترەوە. پلەی بەچەقبوونی کۆزانیارییەکان دابڕاونین لەیەکتر و تۆڕبەندئاسا پێکەوە بەستراون و کارلێکی بەردەوامییان پێکەوە هەیە.

## ٣/١-٣) لە داڕشتەی پەیپێبردنانەوە بۆ داڕشتەی چەمکییانە:

داڕشتەی چەمکی لە ئەنجامی ئەزموون و شارەزاییەکانی مرۆڤەوە دادەڕێژرێت بۆ داڕشتنیشی لە پێشدا دەبێت مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانییەوە ئەزموونی جیهانی دەرەوە بکات و شارەزاییەکانی بنیاتبنێت، واتا پێش داڕشتەی چەمکی دەبێت مرۆڤ داڕشتەی پەیپێبردنی هەبێت. (پەیپێبردن) بریتییە لە پێواژۆی گۆڕینی کارلێکردنی جەستەی مرۆڤ بەهۆی هەستەکانەوە لەگەڵ جیهانی دەرەوە بۆ شارەزایی، (تێگەیشتن) بریتییە لە نواندنی ناوەزییانەی شارەزایی و هەڵگرتنی لەناو ناوەزدا بە جۆرێک، کە شارەزاییەکە بۆ پێڕەوی چەمکییانە بەردەست بێت، لە ڕێگەی نواندنی وەک چەمک لەگەڵ ئەو پێواژۆییانەی بەسەر چەمکەکاندا دێن. ( Evans and Green,2006, p:240).

کاتێک لە ڕێگەی هەستەکانەوە ئەزموونی دیاردەیەک لە جیهانی دەرەوەدا دەکرێت، ئەم ئەزموونکردنە لە ئەنجامی کارلێکردنی جیهانی دەرەوە و هەستەکانی مرۆڤەوە دێتەکایەوە، واتە جیهانی دەرەوە لەگەڵ جەستەی مرۆڤ کارلێکدەکەن و کاردانەوەیەک دێننەکایەوە، کە پێی دەگوترێت شارەزایی. ئەم شارەزاییە لەم قۆناغەدا نواندنی ناوەزی بۆ ئەنجام نادرێت و لە ناوەزدا داناکرێت، هەر بۆیە بە پێواژۆیەکی (ڕاستەخۆ)دادەنرێت، واتە بۆ ئەوەی هەست بە دیاردەیەک بکرێت، دەبێت ئەو دیاردەیە هەموو جارێک ڕووبداتەوە و دووبارەبێتەوە، بەڵام هەرکاتێک ئەو شارەزاییە لەناو ناوەزدا داکراو نواندنی ناوەزی بۆ کرا، ئەو کاتە تێگەیشتن دێتەکایەوە، هەر بۆیە ئەم پێواژۆیە بە پێواژۆیەکی (ناڕاستەخۆ)دادەنرێت، لەبەرئەوەی لە ناوەزدا داکراوە پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، جیاوازی نێوان پەیپێبردن ((Perception)) و تێگەیشتن ((Cognition)) بریتییە لەوەی پەیپێبردن بە ڕێگەی کارلێکی هەستەکان و جەستەی مرۆڤ و دەوروبەرەوە دێتەکایەوە و هەمیشە دووبارەدەبێتەوە، بەڵام تێگەیشتن زیاتر پێواژۆیەکی ناوەزییە و تێیدا پەیپێبردنەکان دەبن بە شارەزایی مرۆڤ و لە ناوەزدا هەڵدەگیرێن، ئەوەی لە ئەنجامی پەیپێبردنەوە دێتەکایەوە بریتییە لە (داڕشتەی پەیپێبردنانە)، کە پێشینە و بنەمای ئەو داڕشتەیەیە، کە لە ئەنجامی تێگەیشتنەوە دێتەکایەوە داڕشتەیەکی چەمکییانەیە. واتە سەرەتا دەبێت داڕشتەی

پەیپێبردنانە لە ئارادابێت، ئینجا دەتوانرێت داڕشتەی چەمکییانە بهێنرێتە ئاراوە، کە مەبەست لە خودی درکپێکردنە، بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئەوەیە، کە تا جەستە لە ڕێگەی هەستەکانەوە ئەزموونی دیاردەکان نەکات، ناتوانێت نواندنیان لەناو ئاوەزدا بۆ بکات، بۆ نموونە، ئەگەر کەسێک توانای بینینی نەبێت و ئەوا توانای بیرکردنەوە لە دیاریکردن و پۆلکردنی چەمکییانەی پۆلی ڕەنگەکانی نابێت و توانای جیاکردنەوە و ناسینەوەی دیاردەکانی نابێت، واتە ئەوەی بەهۆی هەستی بینینەوە درکپێدەکرێت، یان کەسێک هەستی تامکردنی نەبێت، ناتوانێت تامەکانی وەک (ترش، شیرین، سوێر، تاڵ، تفت) ئەزموونبکات و بیانناسێتەوە، دواتر لە ئاوەزدا نواندنیان بۆ بکات و لە ئەنجامیشدا داڕشتەی چەمکییانەیان بۆ دابڕێژێت. بەڵگەیەکی تر، بریتییە لە سروشتی لەیەکچووی هەردوو داڕشتەکە، چونکە هەستەکان جیاناکرێنەوە و بەیەکەوە کاردەکەن و لە کاتی هەستکردنەکەدا پێڕەوە دەمارییەکان لە هەرێمەکانی بزوێنەر (ماتۆڕ)ی هەستەکانی ناو ئاوەزەوە وێنەی تێکەیشتنی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی جەستە دەگرن لە کاتی پەیپێبردن بە دیاردەکانی جیهانی دەرەوە، واتە وێنەی کارلێکردنی جەستە و جیهانی دەرەوە لە ڕێگەی هەستە جیاوازەکانی مرۆڤەوە دەگرن(Barsalou,1999,PP:603)، بۆ نموونە، بۆ چەمکی (گوڵ) ئەو زانیارییانەی بەپێی کارلێکردنی هەستەکان دێنەکایەوە تایبەتدەبن بە(شێوە، جۆر، ڕەنگ، بۆن، ڕووی بەرکەوتن و قەبارە...هتد)ی گوڵەکە، کەواتە چوارچێوەیەک لە زانیاریی ئامادەدەبن، بەهەمان شێوە داڕشتەی چەمکییانەش سروشتی چوارچێوەیی هەیە و تەنها واتای فەرهەنگی وشەکە لەخۆناگرێت بەتەنها، بەڵکو چوارچێوەیەک لە زانیاریی دەربارەی چەمکەکە لەخۆ دەگرێت، ئەگەر هەر بۆ چەمکی گوڵ (ڕەنگ، بۆن، شێوە و جۆرەکان، بەکار هێنان، ....هتد) هەبێت کەواتە کۆمەڵێک زانیاریی بەیەکەوە داڕشتەی چەمکی چەمکێک دادەڕێژن، هەر چۆن داڕشتە پەیپێبراوەکان فرە شێوەن، بەهەمان شێوەش داڕشتەی چەمکییانە فرە لایەنن، هیچ کات ئەم داڕشتانە بەتەنها و بە دابڕاوی بوونیاتنابێت.

شایەنی گوتنە لە سیمانتیکی باو (شێوازبەندانە)دا، لەبەرئەوەی پەیوەندیی وشەکان بە جیهانی دەرەوە بنەمایەکی چەمکییانەی نییە، بە شێوەیەک، کە پەیوەستبێت بە هەستەکان و شارەزایی و نواندنی ئاوەزیی و لە ئەنجامیشدا چوارچێوەیەک لە کۆزانیاریی دەربارەی وشەکە بێتەئاراوە، بەڵکو زیاتر بەهۆی پەیوەندی ڕاستەخۆی وشەکان و جیهانی دەرەوە بەپێی نیشانە واتاییەکان و مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی واتای فەرهەنگی وشەکان دیاریدەکرێت(قادر، ٢٠١٧، لا ٤٢٥-٤٢٨)، کە ئەمەش سنووری چەمکەکان بە تەواوەتی تەسکدەکاتەوە بەشێوەیەک چەمکێک بەرانبەر تاکە وشەیەکە، کەواتە لە سیمانتیکی باودا چەمکەکان لەسەر بنەمای پەیپێبردن دانارێژرێن، بەڵکو داڕشتنێکی ماتماتیکی بۆ واتای وشەکان پەیڕەودەکرێت، کە بنەمای هاتنەکایەی تیۆری نیشانەی سیمانتیکییە، واتە بۆ دیاریکردنی واتای وشەکان پشت بە نیشانە سیمانتیکییەکان دەبەسترێت، کە ئەزموون، گۆشەنیگا، پەیپێبردن و بیروباوەڕەکانی تاک و کۆمەڵگا ڕۆڵیان لەو دیاریکردنەدا نییە، لەم ڕوانگەیەوە با لە نموونەی ژمارە (٦٢) بڕوانین :

(٦٢)      لیان شێری پۆلە .

لەم نموونەیەدا وشەی (شێر) بەپێی تیۆرییە شیکارییەکانی سیمانتیکی شێوازبەند، واتاکەی دیارکراوە، کە بریتییە لە:

+ زیندەوەر
+ شیردەر
+ دڕندە
+ گۆشتخۆر
- مرۆڤ

بەڵام لە فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤی کورددا وشەی (شێر) جگە لە واتای (زیندەوەرێکی شیردەری دڕندەی گۆشت خۆر) واتای (زیرەکی، ئازایەتی، چاونەترسی ...هتد) دەگەیەنێت، کە لەگەڵ نیشانە واتاییەکاندا داڕشتەی چەمکی وشەی (شێر)ی پێکهێناوە وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٦٣) و (٦٤)دا دەردەکەوێت :

(٦٣)      کوردستان جێی شێرانە .

(٦٤)      کوڕەکەم شێرە .




هێڵکاریی ژمارە (٨)

هێڵکاریی داڕشتەی چەمکی وشەی (شێر)

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەو کاتەی، کە (مۆدێلی عەقڵگەرایی زمان)ی چۆمسکی سەریهەڵدا، کە هەمان کاتی سەرهەڵدانی (زانستی درکپێکردن) بوو، زمان وەک دیاردەیەکی درکپێکردن تیشکی دەخرایەسەر، لەو کاتەدا تێڕوانینی (ناچەمکیینانە) لە لایەن تیۆرییەکانی نواندنی ئاوەزییەوە پەیڕەودەکرا، هەندێک جار بە تێڕوانینی (ڕواڵەتی) ناودەبرێت، ئەم تێڕوانینە لەژێر کاریگەریی شێواز گەراییەکانەوە هاتەکایەوە، کە لە بەشەکانی فەلسەفە و ماتماتیک و زمانەکانی کۆمپیوتەر، زیرەکی دەستکرددا سەریانهەڵدابوو، لەلایەکی ترەوە، تیۆری مۆدولارێتی

جگە لە زمان، زانستی درکپێکردنیشی گرتبووەوە، کە سستەمەکانی (پەیپێبردن) و (تێگەیشتن) و ڕێساکانی کارکردنی هەردووکیانی لەیەکتر جیاکردبووەوە. (Barsalou,1999,PP:577).

کەواتە سیمانتیکی باو داڕشتەی پەیپێبردن بە بنەمای داڕشتەی چەمکیی دانانێت و بە دوو سستەمی جیاواز ئاماژەی پێدەدات، بەم شێوەیە بەردەوام بوو، تا لە دوایین گەشەکردنەکانی سایکۆلۆژیای درکپێکردن پێشنیازی ئەوە کرا، کە داڕشتەی پەیپێبردنانە بنەمای داڕشتەی چەمکییە و ئەم تێڕوانینەش لەگەڵ بانگەشەکانی سیمانتیکی درکپێکردندا، یەکدەگرنەوە.

## ٣/١-٣-١) چییەتی چەمک و پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزی :

چەمک بەجەستەکردنی کۆزانیارییە کەڵەکەبووەکانی مرۆڤە، دەربارەی جۆر و شێوە تایبەتمەندییەکانی ئەو بوونانەی لە ژینگە و دەوروبەر و جیهاندا هەن. مرۆڤ بەهۆی چەمکەکانەوە شارەزاییە کۆنەکانی بە شارەزاییە نوێیەکانییەوە دەبەستێتەوە، کە لە ئەنجامی کارلێکردنی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هاتوونەتەکایەوە، بۆ نموونە کەسێک، کە ڕووبەرووی حاڵەتێک یان بابەتێکی نوێ دەبێتەوە پەنا بۆ شارەزاییە کۆنەکان دەبات، هەروەک کاتێک ناوی خواردنێکی نوێ دەبیستێت، کە ئەزموونی نەکردبێت پرسیار لە کەرەستە پێکهێنەرەکانی دەکات وەک ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە خواردنەکە، واتە بەپێی ئەزموونی خۆی لەگەڵ کەرەستەکاندا بڕیار لەسەر خواردن یان نەخواردنی دەدات.چەمکەکان توانای ناسینەوە و تێگەیشتن لە ڕووداوە نوێیەکان بەهۆی ڕووداوە کۆنەکانەوە، بە مرۆڤەکان دەبەخشن، چونکە چەمکەکان خۆیان بە داڕشتەیەکی گەورەتری کۆزانیارییەکانی مرۆڤەوە لێکنراون، کەواتە چەمکەکان بەجەستەکردنی کۆزانیارییەکانی مرۆڤن، چونکە بەهۆیانەوە دەزانێت چی لە جیهان و دەوروبەریدا هەیە و تایبەتمەندی هەریەکەیانی دیاریکردووە. چەمک جیاوازە لە پێناسەکردن، چونکە پێناسەکردن بریتییە لە دەرخستنی ئەوەی کە شتێک چییە، چۆنە و چۆن بەکاردێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با لەم ڕستانە بڕوانین :

(٦٥) منداڵەکە بە دەست نان ئەخوات .

(٦٦) دەستم ئەیەشێت .

(٦٧) پەرستارەکە دەستی سووکبوو .

(٦٨) خۆزگە مامۆستا دەستی سووکبگرتایە .

(٦٩) ئیشکەرەکە دەستپاکە.

(٧٠) باپیر دەستی بڵاوە.

لە ڕستەی (٦٥) و (٦٦)دا مەبەست لە وشەی (دەست) ئەندامێکی جەستەی مرۆڤە، کە لە لەپێک و پێنج پەنجە پێکهاتووە، بۆ هەڵگرتن، نانخواردن، نووسین ...هتد بەکاردەهێنرێت، کە ئەمەش دەقاودەقی واتای فەرهەنگی وشەی دەستە بەپێی تیۆریی سیمانتیکی شێوازبەند. بەڵام لە ڕستەکانی (٦٧) و (٦٨) و (٦٩) و (٧٠)دا وشەی

(دەست) ئاماژە نییە بە (دەست وەک ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ)، بەڵکو ئەو واتایانە دەگەیەنن، کە ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە چوارچێوەیەکەوە، کە بە هەموویان داڕشتەی چەمکی (دەست)یان داڕشتوە .

کەواتە چەمک و واتای وشە لەیەکتر جیاوازن، چونکە بە شێوەیەکی گشتی واتای وشە بریتییە لە بەستنەوەی فۆڕمێک لە جیهانی دەرەوە بە وشەیەکی زمانەوە، بەڵام چەمک زیاتر فۆڕمێکی زمانی نییە، بەڵکو نواندنێکە و لە ئاوەزدا هەڵگیراوە (وێنە، وێناکردن، جیاکردنەوە، پۆلکردن و تایبەتمەندیی و چۆنێتی بەکارهێنان) لە شێوەی تۆڕێکدا لەناو ئاوەزدایە، بەڵام بەهۆی وشەوە دەکرێت بە یەکەیەکی زمانی و بەکۆددەکرێت.

## ٣/١-٣-٢) فەرهەنگی ئاوەزی فەرهەنگی داڕشتەی چەمکییە:

لە ئەنجامی شیکردنەوە و لێکدانەوەکانی تێڕوانین و بۆچوون و باوەڕەکانی زانستی زمانی درکپێکردن بە گشتی و سیمانتیکی درکپێکردن بە تایبەتی، دەتوانرێت بگوترێت فەرهەنگی ئاوەزی بریتییە لە فەرهەنگی داڕشتەی چەمکی، واتە لەبری ئەوەی لە ئاوەزی مرۆڤدا وشەکانی زمان بە تایبەتمەندییە سیمانتیکی و سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکانیانەوە داکرابن و وشەنامەی ئاوەزی مرۆڤ بن، یان لەبری ئەوەی فەرهەنگی ئاوەزیی یاسا و ڕێسا زگماکییە ڕێزمانییەکانی تێدا داکرابێت، فەرهەنگی ئاوەزی بریتییە لە فەرهەنگی داڕشتەی چەمکی، کە تێیدا لەگەڵ تایبەتمەندی سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و یاسا و ڕێسای بەکارهێنانی دا و جۆرەکانی کۆزانیاریی (باو)، (گشتی)، (کرۆکی)، (تایبەتمەند) داکراون، لەبەرئەوەی واتای زمانی سروشتێکی ئینسکلۆپیدیی هەیە، ئەم واتایەش سروشتێکی خۆگۆڕی هەیە و بەپێی کات و بەرەو پێشچوون و گەشەکردن و گۆڕانەکانی سەردەم دەگۆڕێت، هەروەها بەهۆی ئەزموون و تاقیکردنەوە بەردەوامەکانەوە شارەزایی و پەیپێبردن و تێڕوانینەکانی تاک و کۆمەڵیش دەگۆڕێن، واتە واتای زمانی لە گۆڕاندایە، بە پێچەوانەی قوتابخانەکانی ترەوە، لە زانستی زمانی درکپێکردندا واتای وشە واتایەکی نەگۆڕ و چەسپیووی نییە، بەردەوام لە گۆڕاندایە .بەپێی (Fillmore) کاتێک مرۆڤ لە واتای وشە و پێکهاتە ڕێزمانییەکان تێدەگات، کە دەیانخاتە ناو چوارچێوەیەکی سیماتیکییەوە، واتا مرۆڤ ناتوانێت بە جیاجیا لە واتاکەیان تێبگات، ئەو چوارچێوە سیمانتیکەییەش بە نەخشاندنی کۆزانیارییەکان پێناسەدەکات، کە خودی داڕشتەی کۆزانیارین و لە ئاستی چەمکدا لە یادگەی درێژخایەندا داکراون، واتە ئەو ڕەگەزانەی، کە پەیوەستن بە دیاردەیەک، یان بابەتێکی دیاریکراوەوە، لەناو چوارچێوەیەکدا کۆدەکرێنەوە. چوارچێوەکانیش خۆیان داڕشتەی چەمکەکان پێکدەهێنن(Fillmore,1985,P.P:225-230)، واتە هەر وشەیەک، یان پێکهاتەیەکی ڕێزمانی خاوەنی چوارچێوەیەک لە کۆزانیارییە، کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لەو وشە و پێکهاتەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با لەم نموونەیە ڕابمێنین :

(٧١) مندال

ئەگەر داڕشتەی چەمکی (منداڵ) دیاریبکەین، دەبێت چوارچێوەیەک لە کۆزانیاریی دەربارەی منداڵ ئامادە بێت، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی واتا بگەیەنێت، وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٩)دا دەردەکەوێت:




هێڵکاریی ژمارە (٩)

هێڵکاریی داڕشتەی چەمکی (منداڵ)

لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت، کە هەریەکێک لە ئەندامانی چوارچێوەکە، لە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی چەمکی منداڵ و ئەو پەیوەندییەی، کە بە خێزان و دایک و باوکییەوە دەیبەستێتەوە، بەشداریدەکەن.لێرەدا دەردەکەوێت، کە بەرانبەر هەر وشەیەک لە وشەکانی زمانێکی دیاریکراو چوارچێوەیەکی تۆڕئاسا لە کۆزانیاریی لە ئاوەزی بەکارهێنەرانی زمانەکەدا داکراوە، کە تێگەیشتن، هەروەها وەڵامدانەوە و پەیوەندیکردن دەهێننەکایەوە. کەواتە تیۆری (سیمانتیکی چوارچێوەیی) بریتییە لە تۆمارکردنی شارەزاییەکانی مرۆڤ، کە دەبنە کۆزانیاریی لەسەر چەمکەکان و دواتر داڕشتەی چەمکی چەمکەکان پێکدەهێنن و لە یادگەی درێژخایەندا دادەکرێن. کەواتە بەبێ بوونی چوارچێوەکان داڕشتەی چەمکەکان پێکنایەن و ناتوانرێت چەمکێک بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە لە ئاوەزدا بنوێنرێت و دابکرێت.

شایەنی باسە بەپێی تێڕوانینەکانی سیمانتیکی درکپێکردن دەردەکەوێت، کە وشەکان یەک چەپکە نیشانەی واتایی دیاریکراویان نییە، واتە وشەکان بەهۆی کرۆکە واتاکانیانەوە بەکۆدناکرێن، بەڵکو بەپێی مەبەستی ئاخێوەر و ویستی ئاخێوەر یان بەکارهێنەری زمان بەهۆی پلەی دەرکەوتن و زەقکردنەوەوە، واتای وشەکە دیاریدەکرێت، واتە

بەرانبەر هەر چەمکێک چوارچێوەیەک لە کۆزانیاریی لە ئارادایە و لە ئاوەزدا داکراون، بەکارهێنەری زمان خۆی بڕیاردەدات چ لایەنێکی واتاکەی یان چەمکەکەی مەبەستە، بەهۆی زەقکردنەوەی ئەو لایەنەوە. (Fillmore) دوو زاراوەی (پوختە Profile) و (بنەما Base)ی پێشکەشکرد، کە "زیاتر بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان بووە وەک ڕێبازێکی لێکۆڵینەوە بۆ دیاریکردنی بەهای واتای چەمکی وشەیەک بەرانبەر بەها چەمکییەکانی ئەو چوارچێوە واتاییەی وشەکە ئەندامە تێیدا". (قادر، ٢٠١٧، ل:٤٤٢)، واتە زاراوەی (بنەما) ئەو چوارچێوە واتاییە دەگرێتەوە، کە وشەکە ئەندامێکی پێکهێنەرێتی، زاراوەی (پوختە)ش بریتییە لەو وشەیەی، کە بەهای زیاتری هەیە و لە کاتی ئاخاوتندا زەقدەکرێتەوە دەبێتە نمایندەی چەمکەکە.

کۆزانیارییەکانی مرۆڤ سەرچاوەیان لە شارەزاییەکانییەوە گرتووە، واتە مرۆڤەکان لە ئەنجامی ئەزموونەکانیانەوە شارەزاییان پەیداکردووە، دواتر شارەزاییەکانی کۆزانیارییەکانی پێکهێناوە. بێگومان ئەزموونەکانی مرۆڤ و بەرکەوتنەکانی لەگەڵ کەسانی تر (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان) و ژینگە و جیهانی دەرەوە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە خودی مرۆڤەکە و تێڕوانین و باوەڕەکانی لە گۆڕانداان و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا دەگۆڕێن، لەبەرئەوە کۆزانیارییەکانی مرۆڤیش گۆڕانی بەسەردادێت و دواتر داڕشتەی چەمکەکانیشی وەک خۆیان نامێننەوە. هەر بۆیە چەق بەستوویی واتا لە سیمانتیکی درکپێکردندا ڕەتدەکرێتەوە و پێیوایە واتای زمانی لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکان و جیهانی دەرەوەدا گۆڕانی بەسەردادێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە چوارچێوەی واتای وشەکانی زمان گۆڕانیان بەسەردادێت، ئینجا ئەم گۆڕانە بە نەمانی ئەندامێکی چەمکەکە بێت، یان بە زیادکردنی ئەندامی نوێ بەپێی کاریگەری کات و شوێن و سنوری بەکارهێنان بێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با لە نموونەی ژمارە(٧٢)بڕوانین :

(٧٢)    (هۆکاری گواستنەوە)




هێڵکاریی ژمارە (١٠)

داڕشتەی چەمکی (هۆکاری گواستنەوە) لە کۆندا




**هێڵکاریی ژمارە (١١)**

**داڕشتەی چەمکی (هۆکاری گواستنەوە) لە ئێستا دا**




**هێڵکاریی ژمارە (١٢)**

**داڕشتەی چەمکی (هۆکاری گواستنەوە) لە کۆن و ئێستا دا**

**کەواتە وشەیەک بەتەنها واتاکەی دیار و ئاشکرا نییە، تا نەبێتە ئەندام لە چوارچێوەی سیمانتیکی چەمکێکدا و تا نەبەسترێتەوە بە مەودایەکی لە خۆی فراوانتر و گەورەتر، کە داڕشتەی کۆزانیارییەکانن و داڕشتەی چەمکەکان پێکدەهێنن. داڕشتەی چەمکەکانیش بەردەوام لە گۆڕاندان و ئەمانن، کە لە ئاوەزدا دادەکرێن و فەرهەنگی ئاوەزیی پێکدەهێنن.**

## ١/٢ گریمانەکانی شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی و چییەتی جێبەجێکردنیان لە زمانی کوردییدا :

لێرەدا چەند گریمانەیەک دەربارەی چۆنێتی نواندن، داکردن و ڕێکخستنی فەرهەنگی ئاوەزی دەخرێنەڕوو، بۆ ڕوونکردنەوە، یان نزیکبوونەوە لە ڕاستی چۆنێتی داکردن و بەکاربردنەوەی زانیارییەکان و چەمکەکانە لە فەرهەنگەکەدا و سەرجەم شرۆڤەکانیش بە نموونەی فەرهەنگی ئاوەزی مرۆڤی کورد پاساودان دەکرێن .

### ١-١/٢ شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی گریمانەی (لۆگۆگین)ەوە:

مۆدێلی لۆگۆگین[١]، مۆدێلی پێوازۆکردن و ناسینەوەی ئاخاوتنە، کە چەند یەکەیەک بە ناوی (لۆگۆگین)[٢]ەوە بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنێتی تێگەیشتنی مرۆڤ لە وشە گوتراو و نووسراوەکان، بەکاردەهێنرێت. لۆگۆگین ژمارەیەکی زۆری یەکەی تایبەت بە ناسینەوەن، هەر یەکێک لەو یەکانە دەتوانێت یەک وشەی دیاریکراو بناسێتەوە، کە پێشتر لە ناو یادگەدا داکراوە. ئەم مۆدێلە لە سەرەتادا دەربارەی ناسینەوەی وشەی بینراو بوو، بەڵام دواتر گەشەی پێدرا و فراوانکرا، تا ناسینەوەی وشەی گوتراو و هەڵاوێرکردنی وشەکانیشی لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتندا گرتەوە. "مۆدێلەکە سێ ڕەگەزی" لەخۆ گرتووە (Sitarik, 2015, p: 56):

١- پێڕەوی لۆگۆگین.
٢- پێڕەوی درکپێکردن.
٣- پێڕەوی وەڵامدانەوە.

پێڕەوی لۆگۆگین بە چەند شێوەیەکی جیاواز پێناسەکراوە، لە سەرەتادا وەک بەشێک لە کۆئەندامی دەمار ناسێنرا، کە بەرپرسە لە داکردن، ناسینەوە و بەکاربردنەوەی وشەکانی زمان، دواتر لە پێناسەیەکی تردا وەک یەکەیەکی دەماریی پەسنکراوە، بەپێی (Singleton) "پێڕەوی لۆگۆگین بریتییە لە کۆمەڵێک میکانیزم، کە تایبەتن بە کۆکردنەوەی زانیاریی پەیپێبراو، کە لەگەڵ بەڵگەی سیمانتیکی دەربارەی وشەی گوتراو ،یان بینراوەکانی، لەگەڵ لۆگۆگینەکاندا دەگونجێت". (singleton,1999 , P:86).

لەم پەیڕەوەدا وشەی دیاریکراو بە هۆی لۆگۆگینی گونجاوی وشەکەوە دەنوێنرێت، کە وشەکە شیدەکەنەوە بۆ تایبەتمەندییە (فۆنۆلۆژی و ڕێنووس)ەکەی، ئەو کاتەی تێکردەیەکی بیستراو یان بینراو دەگاتە لۆگۆکین دەگۆڕێت بۆ نواندنێکی گونجاوی دەنگی، یان ڕێنووسی، لەوکاتەدا پێوازۆی گەڕان بەدوای وشەکە دەستپێدەکات، قۆناغی دواتر

---

[١]- ئەم مۆدێلە لەساڵی (١٩٦٩) لە لایەن دەروون ناسی بەریتانی (John Martn) پێشکەشکرا .
[٢]- لۆگۆگین: لەدوو وشە پێکهاتووە (Logos)، کەوشەیەکی یۆنانییە، بەواتای (وشە)، (genus) ی لاتینی، بەواتای لەدایکبوون، یان هێنانە ناو ژیان.(singleton,2000,P:171) .

زانیارییەکە دەنێرێت بۆ پێڕەوی درکپێکردن، کە تایبەتە بە ئەسپێکتە سیمانتیکی و چەمکییەکانی وشەکە، لە کۆتاییدا بۆ پێڕەوی دەرکردەی لۆگۆگین دەنێردرێت، واتا تەنها لە پەیڕەوی درکپێکردندا گرنگی بە تایبەتمەندی واتای وشەکە دەدرێت (sitarik,2015,P:56)

شایەنی تێبینییە لۆگۆگینەکان بە تەنها وشەکان هەڵناگرن، بەڵکو ئەو زانیارییانەش دەربارەی وشەکان هەڵدەگرن، کە بۆ پێوازۆی بەکاربردنەوەیان پێویستن و ئاسانتری دەکەن. هەر کاتێک، کە بەدوای وشەکەدا گەڕان، لۆگۆگینی پێویست بەهۆی وروژاندنی سایکۆلۆژی یان بەهۆی وشەکانەوە، کە خۆیان و تایبەتمەندییەکان و لۆگۆگینە دیاریکراوەکەیان تێدایە، کە لۆگۆگینەکان کاراکرانەوە ئینجا بۆ ئاستێکی سەروتر بەرزدەبنەوە، کە پێی دەگوترێت ئاستی (لێوار) و دواتر گۆکردنی وشەکە دەنێرێت بۆ ئاستی دەرکردە.

هەموو لۆگۆگینێک لێوارێکی هەیە، کە ئاستێکی پێش قۆناغی کۆتاییە لە پێوازۆی ناسینەوەی وشەکاندا واتە هەر کاتێک زانیاری تەواو بە پێڕەوەکە ناسێنرا لەو کاتەدا وشەکە کاراکراوەتەوە و گەیشتوەتە ئەم ئاستە بۆ نموونە لە کاتی بینین یان بیستنی دوو پیت یان دوو دەنگی سەرەتای وشەیەک، یەکسەر زانیارییەکە لەلایەن پێڕەوەکەوە دەناسرێتەوە و دەگاتە ئاستی لێوار، دواتر کۆدەکەی بۆ پێڕەوی درکپێکردن دەنێردرێت، دەتوانرێت بگوترێت، کە ئاستی لێوار وەک فلتەرێک وایە، کە وشە کاراکراوەکان دەپاڵێوێت و یەک وشەی دیاریکراویان بۆ ئاستی درکپێکردن دەنێرێت، کە لەوێدا بەپێی تایبەتمەندی واتا، چەمک و دەقی بەکارهێنان، وشە گونجاوەکە بۆ ئاستی دەرکردە دەنێرێت .

لۆگۆگینەکان پێوانەی ئاماژە پێدانی ئاستی کاراکردنەوەیان هەیە، هێمای ئاخاوتنی هاتوو (واتە هێمای دەنگی وشەکانی ئاخاوتنەکە) پێشکەش بە هەموو لۆگۆگینەکان دەکرێت، ئەوانەی لەگەڵ هێماکەدا پەیکاڵن، دەکەونە پێشبڕکێی کاراکردنەوە، کاراکردنەوەکە فراواندەبێت، تا ئاستی لێوار لەو کاتەدا وشەکە و زانیارییەکانی دەربارەی وشەکە بەردەست دەبن، ئەوانەی ماونەتەوە دەگەڕێنەوە جێگەی خۆیان، پەیکاڵەکانیش لە ئاستی لێواردا یەکێکیان هەڵدەبژێردرێت و دەچێتە ئاستی دەرکردە و دەگۆڕێت بۆ نواندنی فۆنۆلۆژی، یان ڕێنووسی گونجاو بە وشەکەوە. واتە کە وشەیەکی دیاریکراو دەبینرێت یان دەبیسترێت بەهۆی بڕگەی سەرەتای وشەکەوە کۆمەڵێک وشەی هاوبڕگەی سەرەتای وشە مەبەستەکە کارادەبنەوە و دەگەنە ئاستی لێوار، چونکە ئەم کاراکردنەوەیە بەهۆی بینین یان بیستنی بڕگەی یەکەمەوە دەستپێدەکات ئەم پەیڕەوە، تا بینین یان بیستنی هەموو وشەکە ناوەستێت، هەربۆیە لە سەرەتادا چەند وشەیەک کارادەبنەوە، تا لە ئاستی لێواردا گونجاوترینیان لێدەپاڵێورێت بۆ ئاستێکی تر دەنێرێت، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەکانی ژمارە(١)، (٢) و (٣) بڕوانین:

(١) (وێنە)

لە سەرەتادا بەهۆی بینین یان بیستنی بڕگەی (وێـ) چەند وشەیەک کارادەبنەوە وەک وشەکانی (وێنا، وێنجە، وێران، وێستگە، ... هتد)

(٢)  (سەرۆک)

لە سەرەتادا تەنها بەهۆی بینین یان بیستنی بڕگەی (سەر) کۆمەڵێک وشە کارادەبنەوە وەک وشەکانی (سەردار، سەرکار، سەروەر، سەرناو، ... هتد)

(٣) (بندەست)

بەهۆی بینین و بیستنی بڕگەی یەکەمی ئەم وشەیەوە، کۆمەڵێک وشە کارادەبنەوە و ئامادەدەبن وەک وشەکانی (بنکۆڵ، بنبڕ، بندیوار، بنبەست ... هتد)

بەڵام دواتر تەنها یەک وشە لە ئاستی لێواردا هەڵدەبژێرێت و وشەکانی تر بۆ ناو یادگە دەگەڕێنەوە .

زۆرجار ڕوودەدات، کە وروژێنەرێکی دیاریکراو، لەیەک کاتدا لە بری وشەیەک دوو وشە، یان زیاتر بگەیەنێتە ئاستی کاراکردنەوەوە، لەو کاتەدا نزیکی و لەیەکچوونی وشەکان ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام هەروەک ئاماژەی پێدرا، یەکێک لە وشەکان دەگاتە ئاستی دەرکردە، کە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە وروژێنەرەکە یان دەوروبەری زمانی و دەقەکەوە هەیە و ئەو وشەیەی، کە دەچێتە ئاستی دەرکردە، گۆدەکرێت.

ئاستی (لێوار) بۆ هەموو وشەکانی زمان وەکیەک نییە، بەڵکو لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر دەگۆڕێت، کاریگەریی ڕێژەی دووبارەبوونەوە، یان زۆرتر بەکارهێنانی وشەکان لەناو دەقە زمانییەکاندا (ئاخاوتن — نووسین) کار دەکەنە سەر خێرایی بەکاربردنەوەی وشەکان، هەموو لۆگۆگینێک ئاستێکی لێواری هەیە بۆ ناسینەوە و دیاریکردن. هەر بۆیە ئەو وشانەی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان بەرزە، ئەم ئاستەیان نزمترە، چونکە بەهۆی زۆری دووبارەبوونیانەوە پێویستیان بە کەمتر بەکارهێنانی هەستەکانە بۆ ناسینەوە زۆر زووتر دەناسرێنەوە، لەو وشانەی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان نزمە.

جگە لە دووبارەبوونەوە، بەهەمان شێوە ئەو وشانەی، کە مرۆڤ لە سەرەتای تەمەنیدا واتە لە منداڵیدا فێریان دەبێت، ڕێژەی بەکارهێنانیان بەرزتر دەبێت و خێراتر دەناسرێنەوە، لەو وشانەی لە گەورەییدا فێریان بووە. ئەمەش دەریدەخات ،کە بۆچی منداڵ لە گەورە زووتر فێری زمانی دووەم دەبێت. کەواتە ئەم گریمانەیە ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە، کە (کۆزانیاریی وشەیی) و کارایی (کۆزانیاریی وشەیی) فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤ لە ڕووی ڕێژەی دووبارەبوونەوە و زۆر بەکارهێنانیان دەبنە پێوەر بۆ زۆر زووتر ناسینەوە و هەڵبژاردنی وشەیەک لە هەمبەر وشەکانی تردا لە ئاستی (لێوار)دا. ئەمەش دروستی ئەم گریمانەیە دەردەخەن لە شیتەڵکردن و نواندنی ڕاستی کۆزانیاریی وشەیی و کاراییەکەی لە ناسینەوەی وشەکانی فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردی بە شێوەیەکی تایبەت و فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی .

## ٢-١/٢) شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی تیۆری (جووت-کۆد[١])ەوە:

تیۆریی جوت کۆد [٢]،تیۆرییەکی درکپێکردنە، چونکە پێیوایە هەموو توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ بەشداری لە ناسینەوە، نواندن، داکردن و بەکاربردنەوەی زانیارییەکان دەکەن. ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر بوونی دوو کۆدی جیاواز و سەربەخۆ و لە هەمانکاتدا پێکەوەبەستراو دەکاتەوە، کە بە هەردووکیان درکپێکردنی مرۆڤ پێکدەهێنن. هەردوو پێڕەوەکە تایبەتن بە بەکۆدکردن، داکردن، ڕێکخستن و بەکاربردنەوەی زانیارییە جۆراوجۆرەکان، دوو کۆدەکەش، بریتیین لە (کۆدی زارەکی) و (کۆدی نازارەکی)،کۆد یان پێڕەوی زارەکی، تایبەتە بە زانیاری زمانی و تەرخانە بۆ وروژێنەر و وەڵامدانەوەی زمانی، زانیارییە زمانییەکان، لە فۆڕمی گونجاودا دادەکرێن، کۆد یان پێڕەوی نازارەکی تایبەتە بە پێواژۆکردن و نواندنی ئەو زانیارییانەی، کە بنەماکەیان وێنەیە، واتە تایبەتمەندییە هەستییەکان و شتومەکە نازارەکییەکان و ڕووداوەکان دەگرێتەخۆ، شایەنی گوتنە هەریەک لەم دوو پێڕەوەش دابەشدەبن بە وەچە پێڕەوی ترەوە، کە ئەوانیش دیسان بۆ پێڕەوی زارەکی و نازارەکی دابەشدەبن. (paivio,1990,P:53)

ئەم تیۆرییە بە پێچەوانەی گریمانەکانی ترەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ بۆ تێگەیشتنی لە دەوروبەر و بۆ ئەوەی بتوانێت شتومەکەکانی جیهانی دەرەوە پۆلبکات و لە ئاوەزییدا دایانبکات، هەموو هەستەکانی پێکەوە کاردەکەن (بیستن، بینین، دەستلێدان، بۆنکردن، تامکردن)، بەڵام لە هەموو هەستەکان زۆرتر (بیستن و بینین)ە، کە ڕۆڵیان لە هەستەکانی تر زیاترە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی بیستن بۆ گوێگرتن لە ئاخاوتن و وشەی گوتراو لەگەڵ دەنگە نازمانییەکانی، کە لە ژینگەدا هەیە بەکاردەبرێن، کە سەرچاوەی یەکەمی زانیاری وەرگرتنن و بینینیش بۆ بینینی وشەیەکی نووسراو یان دەوروبەر و جیهانی دەرەوە و وێنەکانە. بێگومان ئەم دوو کۆدە لە دوو کەناڵی جیاوازی ئاوەزی مرۆڤدا کاردەکەن، کە هەردووکیان سەربەخۆن، بەڵام لەیەک دابڕاونین و بەیەکەوە کاردەکەن، تێگەیشتنی مرۆڤ و پۆلکردن و وەڵامدانەوە بەهۆی کارلێکردنی ئەم دوو کۆدەوە دێتەکایەوە. کۆدی زارەکی پەیوەندی هەیە بە زمان و ئەوەی بە هۆی ئەم کۆدەوە دێتەکایەوە زیاتر بریتییە لە داڕشتەی چەمکی، کۆدی نازارەکیش پەیوەندی هەیە بە وێنە، ڕووداو، هەست و سۆز، ئەوەی بەهۆی ئەم کۆدەوە دێتەئاراوە زیاتر بریتییە لە داڕشتەی درکپێکردن (paivio,2010,P.P:207) .

---

[١]- بنەما سەرەتاییەکانی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا، کە وێنەی ئاوەزی بە زمانەوە بەستبوو، بۆ مەبەستی بیرکەوتنەوە و لەبەرکردنی ئاخاوتنەکان لە لایەن فێرخوازانی (ڕەوانبێژی) دەخوێندرا، واتە پەیوەندی نێوان زمان و وێنەی ئاوەزی زۆر کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان.(Paivio,2010,P.P:205-206)

[٢]- ئەم تیۆرییە لە لایەن (Allan Paviio)ەوە، ساڵی (١٩٧١ز) پێشکەش کرا.

## پێڕەوی هێمایی

| پێڕەوی هەستەوەرەکان | زارەکیی (Verbal) | نازارەکیی (Non Verbal) |
|---|---|---|
| بینین | وشە بینراوەکان | شتومەکی بینراو |
| بیستن | وشە بیستراوەکان | دەنگە ژینگەییەکان |
| بەرکەوتن | تەرزەکانی نووسین | هەست کردن بەشتومەک |
| تامکردن | نیەتی | یادکردنەوەی تامکردن |
| بۆنکردن | نیەتی | یادکردنەوەی بۆنکردن |
| سۆز | نیەتی | نیەتی |

خشتەی ژمارە (١)

(پەیوەندیی نێوان پێڕەوی هێمایی و هەستەوەرەکانی مرۆڤ، لەگەڵ نموونەی جۆری نواندنی زانیارییەکانی لە هەر وەچە پێڕەوێک) وەک خۆی لە (paivio,1978,P:39)وە وەرگیراوە

ئەم تیۆرییە پێیوایە، کە جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان کۆدی زارەکی و کۆدی نازارەکییدا هەیە، کۆدی زارەکی تایبەت و دیاریکراوە بە نواندن و پێواژۆکردنی زمان لە هەموو فۆڕمە جیاوازەکانیدا (بەرهەمهێنان – قسەکردن، تێگەیشتن _نووسین) بە پێچەوانەوە، کۆدی نازارەکی تەرخانە بۆ نواندن و پێواژۆکردنی شتە هەست پێکراوەکان و ڕووداو و حاڵەتەکان. وێنای ئاوەزی سەرەتا و بنچینەی فۆڕمی درکپێکردنی نواندنی نازارەکییە. لەم تیۆرییەدا هەموو کۆزانیارییەکان، واتاکان و بەبیردا هاتنەوەکان بەهۆی نواندن و پێواژۆکردنەکانی ناو و نێوان دوو کۆدەکە لێکدەدرێنەوە، کە کۆزانیاریی وشەیی و واتاکانیان دەگرێتەوە. (Sadoski, 2005, P.P:222).

وشەکانی زمان بریتیین لە هێمای زمانی بۆ ئەو چەمکانەی لە ئاوەزی مرۆڤدان و تاقیکردنەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەو چەمکانەی شتومەک، ڕووداو و پەیوەندییە کۆنکرێتییەکان دەنوێنن بە ئاسانی ئاشکرادەبن و بە ئاسانی مرۆڤ فێریاندەبێت، بە پێچەوانەی ئەو چەمکانەی، کە بار و ڕووداو و جۆرێتی و پەیوەندییە ئەبستراکتەکان دەنوێنن، فێربوونیان لەسەرخۆدەبێت و کاتی دەوێت، تا مرۆڤەکان فێریان بن( Eysenck and Keane,2000,P:289-292). بەشێوەیەکی تر جیاوازی لە نێوان وشە کۆنکریت و ئەبستراکتەکاندا لەوەدایە، کە وشە کۆنکرێتییەکان بە دوو کۆدی زارەکی و نازارەکی دادەکرێن، واتە وشە و وێنەکانی بەرانبەریان، بەڵام وشە ئەبستراکتەکان تەنها بە یەک کۆد دادەکرێن کۆدی نازارەکییان نییە، لەبەرئەوە بە بەراورد بە وشە کۆنکرێتییەکان ئەم وشانە درەنگتر بە بیردادێنەوە، وەک لە نموونەکانی ژمارە (٤)، (٥) و (٦)دا دەردەکەوێت :

(٤) قەڵەم

(٥) دێو

(٦) شەولەبان

وشەی (قەڵەم) وشەیەکی کۆنکرێتییە، بۆیە هەم کۆدێکی زارەکییە و هەم نازارەکیشە، چونکە هەستی بەرکەوتن لە ناسینەوە و داکردنیدا ڕۆڵ دەبینێت، هەر بۆیە ئەم وشەیە بەهۆی هەردوو کۆدەکەوە کاراتر هەم دادەکرێت و هەم بۆ درکپێکردن دەشناسرێتەوە. بەڵام وشەیەکی وەک (دێو) وشەیەکی ئەبستراکتە و تەنها کۆدێکی زارەکییە، کە زیاتر دەنگی یان نووسراوە، هەر بۆیە وشەکە تەنها بەهۆی کۆدە زارەکییەکەیەوە دادەکرێت و بە کاتێکی زیاتر و ماندووبوونێکی زۆرتر درکپێدەکرێت، بێگومان لە قۆناغی زمانپژانی منداڵدا ئەم ڕاستییە زۆر ئاشکرا دەردەکەوێت، تەنانەت بۆ ئەو وشانەی، کە لە بنەڕەتدا کۆنکرێتین و هەردوو کۆدی زارەکی و نازارەکییان هەیە، بەڵام جۆری بەکاربردنەکەی لای فەرهەنگی ئاوەزیی منداڵێکی کەم ئەزموونندا وەک یەک وشەی یەک کۆدی (کۆدی زارەکی)دادەکرێت و درکپێدەکرێت و لە (کۆدی نازارەکی) دەکەوێت، هەر بۆیە کارایی ئەمجۆرە وشانەش لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئەو جۆرە مرۆڤانەدا کەمترە. بەمەش درەنگتر بەکۆددەکرێن و درکییانپێدەکرێت هەروەک لە وشەی (شەولەبان)دا بەرچاو دەکەوێت.

هەریەک لەم دوو کۆدە، بەپێی ئەو هەستانەی، کە بەهۆیانەوە پەیدابوون نواندنی جیاوازییان لە ئاوەزیی مرۆڤدا هەیە، نواندنە بینراوەکانی کۆدی زارەکی، یەکە زمانییەکان وەک ئەوەی دەبینرێن ،دیاریدەکرێن وەک پیتەکان، وشەکان و فرێزەکان، بەهەمان شێوە نواندنە بینراوەکانی کۆدی نازارەکیی فۆڕمە نازمانییەکان وەک ئەوەی دەبینرێن دیاریدەکرێن، کە دیمەن و وێنەکان دەگرێتەوە، نواندنە بیستراوەکانی کۆدی زارەکی، یەکەکانی ئاخاوتن، چۆن دەبیسترێن بەو جۆرە دیاریدەکرێن وەک فۆنیم و وشە گۆکراوەکان، بۆ نموونە، پیتەکانی وشە بینراوەکان لە کاتی خوێندنەوەی ڕستەی ژمارە (٧)دا دەردەکەوێت:

(٧) ژنانی کوردستان چەمکی ژنێتییان گۆڕی .

کاتێک خوێنەر ئەم ڕستەیە دەخوێنێتەوە وێنەی دەنگەکان، واتە پیتەکان و وێنەی وشەکان و دواتریش وێنەی ڕستەکەی بەرچاو دەکەوێت .

بەهەمان شێوە نواندنە بیستراوەکانی کۆدی نازارەکی دەنگە ژینگەییە نازمانییەکان، وەک ئەوەی دەبیسترێن، دیاریدەکرێن، وەک لە نموونەکانی ژمارە (٨) و (٩)دا دەردەکەوێت :

(٨) زەنگی قوتابخانە لێیدا.



وێنەی ژمارە (١)

وێنەی (زەنگی قوتابخانە)

(٩) ئێستا تۆپی ڕۆژووشکاندنەکە تەقی .



وێنەی ژمارە (٢)

وێنەی (تۆپی ڕۆژووشکاندن)

جگە لە نواندنی بینراو و بیستراو[1]، نواندنی (هەست پێکردن، یان دەستلێدان)یش هەیە، کە لە هەردوو کۆدەکەدا نواندنیان هەیە، لە کۆدی زارەکییدا، وەک خستنەگەڕ و کارکردنی زمانی، وەک گۆکردن، ئاخاوتن، نووسین دیاریدەکرێت، وەک (گۆکردنی فۆنیمەکانی وشەیەکی وەک (دەست) (/د/، /ە/، /س/، /أ/، /ت/)، یان نووسینی پیتەکانی وشەی (دەست) ((د)،(ە)،(س)،(ت)) .

١- هەستەکانی بۆنکردن و تامکردن جیاوازن، وەک هەستەکانی (بینین، بیستن و بەرکەوتن) نواندنیان ئاسان نییە، چونکە سروشتی خۆیان بەجۆرێکە کەمتر دەنوێنرێن و دەبێت لە کاتی نواندنیاندا کاریگەری وەک (هەست و سۆز و کاردانەوە... هتد)ەکانیان بۆ زیاد بکرێت(paivio,2010,P:208) .

لە کۆدی نازارەکییدا وەک چالاکی، جووڵە، هەستکردن بە چۆنێتی و جۆری شتومەکەکانی دەوروبەر دیاریدەکرێت.وەک چۆنێتی جوڵاندنی دەست و پەنجەکان لە کاتی نووسیندا، یان دەستلێدانی هێمای (برێڵ)ی ((د)،(ە)،(س)،(أ)،(ت)) .

لێرەدا پێویستە بگوترێت لەم تیۆرییەدا کۆدی زارەکی (وشەکان) لەگەڵ کۆدی نازارەکی (وێنەکان) پێکەوە بەستراون (پەیوەندییەکی سەرچاوەییانە) لە نێوانیاندا هەیە، بەهۆی ئەم پێکەوە بەستنەوەیەوە وێنەکان بە وشەکان و وشەکان بە وێنەکانەوە بەستراونەتەوە، وەک لە نموونەکانی ژمارە (١٠، ١١)دا هەستی پێدەکرێت :

(١٠) قوتابخانە

بە بیستنی کۆدی زارەکی (قوتابخانە) لەوانەیە وێنەیەکی بینراوی (ئەرێنی و نەرێنی)ی قوتابخانە بهێنێتەوە یادی گوێگر و هەستێکی قوڵی خۆشی، یان ناخۆشی لە لا بوروژێنێت، واتە کۆدی زارەکی (قوتابخانە) و وێنەیەکی بینراوی ئەرێنی یان نەرێنی بە یەکەوە بەستراونەتەوە .

(١١) کوردستان

کۆدی زارەکی (کوردستان) لە وانەیەکی جوگرافیادا، وێنەیەکی ڕوونی بینراوی نەخشەی (کوردستان) لە ناو ئاوەزیی خوێندکارەکاندا دەکێشێت، بە پێچەوانەوە بینینی وێنەی (نەخشەی کوردستان) کە کۆدی نازارەکییە، وشەی (کوردستان) دەهێنێتەوە یاد .

لەم تیۆرییەدا جۆرێکی تر لە پەیوەندی و پێکەوەبەستن هەیە، کە بەهۆیەوە وشەکان کە پێڕەوی زارەکیین لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییدا پێکەوە دەبەسترێنەوە، واتە وشەیەک بە وشەیەکی تری ناو فەرهەنگی ئاوەزییەوە دەبەسترێتەوە، بۆ نموونە وشەیەکی وەک (قوتابخانە) وشەکانی وەک (هاوڕێ، مامۆستا، ناوی وانە، جل و بەرگ ...هتد) کارادەکاتەوە .

بەهەمان شێوەش کۆدە نازارەکییەکان لە ناو خۆیاندا ئەوانەی بەهۆی یەک هەست یان هەستی جیاوازەوە هاتونەتەکایەوە پێکەوەبەستراون، بۆ نموونە بینینی وێنەی قوتابخانە وێنەکانی (تەختەڕەش، مامۆستا، کورسی خوێندن (ڕەحلە)، گۆڕەپانی قوتابخانە، جل و بەرگ، پەڕاوگە، کتێب و ...هتد) کارادەکاتەوە .




وێنەی ژمارە (٣)

وێنەی (چۆنێتی کاراکردنەوەی کۆدە نازارەکیەکان)

یان بەهۆی بینینی (کەمۆڵە)یەک زۆربەی کەلوپەلەکانی تاقیگە وەک (بۆن و شێوەی مادەکان، دەنگی کارکردنی ئامێرەکان، دوکەڵ ...هتد) کارادەکەنەوە (Clark and Paivio,1991,P.P:153). کەواتە ئەم تیۆرییەش جارێکی تر بۆ شیتەڵکردنی فەرهەنگی ئاوەزی کاردەکات، کارکردنەکەشی زیاتر لە ڕێگەی کارایی کۆزانیاریی وشەیی وشەکانەوە دەبێت، کە ئایا وشەیەک (جووت – کۆد)ە، واتە خاوەنی هەردوو کۆدی زارەکی و نازارەکییە، یان وشەکە(یەک – کۆد)ە، واتە تەنها خاوەنی کۆدی زارەکی، یان نازارەکییە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو وشانەی، کە (جووت – کۆد)ن کاراتر دادەکرێن و کاراتریش درکییانپێدەکرێت. بەمەش کارایی کۆزانیاریی وشەکان بڕیار لەسەر بوونیان لە چێوەی فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤی کورددا دەدات .

## ١/٢-٢-١ یەکە بنچینەییەکانی تیۆری (جووت-کۆد) :

لەم تیۆرییەدا، یەکەی بنچینەیی کۆدی زارەکی بریتییە لە (لۆگۆگین)، یەکەی بنچینەیی کۆدی نازارەکیش بریتییە لە (وێنا)، لێرەدا ئەم دوو زاراوەیە لە زاراوەی تەکنیکی و بیری ئەبستراکتی و وەستاویی دەردەچن و دەبن بە دوو زاراوەی کۆنکرێتی و گوزارشت لە گۆڕانی بەردەوام و نەرمی و لەباری دەکەن. بەپێی ئەوەی کۆزانیاریی

وشەیی بەردەوام دەگۆڕێت و دەوڵەمەند دەبێت، بەهۆی شارەزایی لە بەکارهێنانی وشەکان لە دەقە جیاوازەکاندا، یان بەهۆی پێکهێنانی وێنە و دیمەنی نوێ بەهۆی دیمەنە کۆنەکانەوە.

لۆگۆگینەکان ئەو یەکانەن، کە ئەرکیان ناسینەوەی وشەکانی زمانە، لە کۆدی زارەکییدا، لە نواندنە بیستراوەکاندا، لۆگۆگینی بیستن هەن ئەرکیان ناسینەوەی فۆنیم و وشە گۆکراوەکانن، لە نواندنە بینراوەکانیشدا لۆگۆگینی بینین هەن، کە تایبەتن بە ناسینەوەی پیتەکان و وشە نووسراوەکان. هەروەها لۆگۆگینی هەستپێکردن هەیە، کە کردەی گۆکردن، نووسین و دیاریکردنی یەکە زمانییەکانن. کەواتە لۆگۆگینەکان دیاریکەری فرەچەشنن بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی پیت و دەنگ و نووسین و گۆکردنی وشەکان یان یەکە زمانییەکان، لە بەرانبەر لۆگۆگینەکانی کۆدی زارەکیی، (وێنا)کان هەن لە کۆدی نازارەکییدا، کە ئەرکیان ناسینەوە و دیاریکردنی وێنەکانە، کە وێنەی ئاوەزی و توانای ناسینەوە و بیرکەوتنەوە دەهێنێتەکایەوە، وێناکانیش فرە شێوەن، وەک لۆگۆگینەکان بینراو و بیستراو و جوڵاو، یان هەست پێکراون.(Sadoski and Paivio, 2004,P:7) بۆ نموونە، با لە وشەی (دەست) لە نموونەی ژمارە (١٢)دا وردبینەوە:

(١٢) — منداڵەکە دەستی سوتاووە.

وشەی (دەست) لە دەقێکی بینراودا، لۆگۆگینەکان بەم شێوەیە دەیانناسنەوە:

((د)،(ە)،(س)،(ت))

لە دەقێکی بیستراودا لۆگۆکینەکانی بیستن بەم شێوەیە دەربڕاوەکە شیتەڵدەکەن بۆ فۆنیمە پێکهێنەرەکانی (/د/،/ە/،/س/، /أ/،/ ت/)

لە کۆدی نازارەکییدا لە بەرانبەر وشەی بیستراو و بینراوی (دەست) وێنایەک هەیە، کە لە ئاوەزی قسەکەر و گوێگردا بوونی هەیە و وشەکەی پێدەناسرێتەوە، وەک لە وێنەی ژمارە (٤)دا دەخرێتەڕوو:



وێنەی ژمارە (٤)

وێنەی (دەست)

مەبەست لە وێنای بیستراو ئەو دەنگەیە، کە بە هۆی جوڵە یان لە ئەنجامی بەکارهێنان یان بەریەککەوتنی کەلوپەلەکان، یان لە ژینگەیەکی سروشتییدا بەرگوێدەکەون، وەک لە نموونەی ژمارە (١٣)دا دەردەکەوێت:

(١٣) — منداڵەکان بە چەپڵەلێیان پێشوازییان لە مامۆستاکان کرد.



وێنەی ژمارە (٥)

وێنەی (چەپڵەلێدان)

لە کاتی چەپڵەلێداندا دەنگێک دروستدەبێت، کە لە ئاوەزدا وێنایەکی بیستراوی دیاریکراوی هەیە و لە دەنگەکانی تر جیایدەکاتەوە .

بەهەمان شێوە مەبەست لە وێنای هەسپێکراو، ئەو هەستەیە، کە لە حاڵەتێکی دیاریکراودا لە لای کەسەکان دەوروژێنرێت، بۆ نموونە (بینین، یان بیستنی وشەی تاقیکردنەوە، یان بینینی دیمەنی هۆڵێکی تاقیکردنەوە) چەندین هەست لە ناخی کەسەکاندا دەوروژێنێت، وەک ترس، دڵەڕاوکێ، ...هتد .

تیۆریی جووت-کۆد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە (وێنە Picture) لەگەڵ (وشە Word) لە ڕووی خێرایی داکردن، نواندن، ناسینەوە و بەکاربردنەوە، جیاوازن، وێنەکان خێراتر دادەکرێن و خێراتریش بەبیردادێنەوە، ئەم بۆچوونە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا پەیڕەودەکرێت و هۆکاری بەکارهێنانی وێنەکانە بۆ فێرکردنی منداڵەکانی باخچەی ساوایان و قۆناغەکانی تری خوێندن[1] .

---

[1] - لەئێستادا ئەم تیۆرییە، بە تیۆری خوێندەواری یان فێربوونی خوێندن و نووسین دادەنرێت، کە بەهۆی بەکارهێنانی وێنەکانەوە کاری فێرکردن ئاساندەکات و خوێندکاران بۆ بەبیرداهاتنەوە و ڕەوانکردن و بەکاربردنەوەی زانیارییەکان پشت بە وێنەکان دەبەستن.(paivio,2010,P.P:206).

بۆ نموونە، وێنەی ژمارە(٦) و ڕستەی ژمارە(١٤) بەیەکەوە بەشدارن لە پێوازۆکانی داکردن، نواندن، ناسینەوە و کاراکردنەوەی بابەتەکان و بەهۆی وێنەکانەوە وشەکان ئاسانتر بەبیردادێنەوە و لە یادگەدا دەچەسپێن.

(١٤)      ڕیپێنزڵ لە قەڵاکە هاتە خوارەوە



وێنەی ژمارە(٦)

وێنەی (ڕیپێنزڵ لە فلیم کارتۆنی تەنگڵ)دا

لێرەدا مەبەستی دانەری کتێبەکان لە دانانی وێنەی گونجاو بۆ چیرۆک یان پەڕتوکەکانی قوتابخانە، زیاتر بۆ ئاسانکردنی داکردن، ناسینەوە و بەبیرداهاتنەوەیانە لە لای خوێنەر، یان خوێندکارەکان، هەروەها بۆ چەسپاندنی بابەتەکانە لە ناو یادگەیاندا .

کەواتە هەردوو کۆدەکە لە کردەکانی داکردن، نواندن، ناسینەوە، کاراکردنەوە و بەکاربردنەوەی زانیارییدا بەشدارن و بەیەکەوە ئەو توانایانە ئاساندەکەن، بۆ نموونە بوونی وێنە و وشە بەیەکەوە توانای داکردنی وشە لە ناو ئاوەزدا ئاساندەکات. دواتر ناسینەوەی لە هەموو جۆرە بەکارهێنانەکانی زماندا ئاسانتردەکەن. ئاسانترین نموونەی ئەم پەیوەندییە، بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان شتێک و ناوەکەیدا هەیە، کاتێک بوونێکی بینراوی وەک (ماسی) دەبینرێت، لە کاتی بینیندا بەهۆی وێناکردنەوە دەناسرێتەوە، ئینجا پەیوەندی نێوان وێناکە و لۆگۆگینی بیستراوی وشەکە (ماسی)کارادەکەنەوە، لە ئەنجامدا وشەی (ماسی) لە ئاوەزی گوێگردا واتای دەبێت، بۆ تێگەیشتن بڕوانە وێنەی ژمارە (٧).




**وێنەی ژمارە(٧)**

**چۆنێتی داکردنی وشە و وێنەی (ماسی) لە ئاوەزدا**

**کەواتە بەهۆی دوو کۆدەکەوە ڕێژەی فێربوون و ناسینەوە و بەبیرداهاتنەوەی زانیارییەکان بەرزتر دەبێتەوە، وەک لەوەی بەتەنها بەیەک کۆد بنوێنرێت.**

**جیاکردنەوەیەکی گرنگی ئەم تیۆرییە بریتییە لە جیاکردنەوەی وشەی کۆنکرێتی و وشەی ئەبستراکت. ئەم تیۆرییە پێیوایە، کە وشە ئەبستراکتەکان ڕێگەی گەیشتنیان بۆ وێناکردنی نازارەکی کەمترە لە وشە کۆنکریتییەکان، وشەی ئەبستراکت لە بنچینەدا بۆ گەیاندنی واتاکەی، پشت بە تۆڕێکی پەیوەستی زارەکی دەبەستێت، وەک لە نموونەی ژمارە (١٥)دا دەردەکەوێت:**

**(١٥)　　باپیر نموونەی دەستپاکییە .**

**وشەی (دەستپاک) وشەیەکی ئەبستراکتە، واتە وێنەیەکی دیاریکراوی لە جیهانی دەرەوەدا نییە، هەربۆیە بۆ گەیاندنی واتاکەی پشت بە چەند وشە (کۆدی زارەکی)ی تر دەبەسترێت و بەهۆیانەوە واتاکەی دیاریدەکرێت، وەک وشەکانی (دزینەکردن، متمانە، پاراستن)، بەڵام وشەی کۆنکرێتی لەگەڵ ئەوەی تۆڕێکی زمانی بانگهێشتدەکات، لەگەڵیدا وێنای نازارەکی دەهێنێتە پێشەوە، واتاکەی پێدەبەخشێت، لێرەدا یارمەتیدەری زارەکی بۆ وشەیەکی کۆنکرێتی وەک (گوڵ) لەوانەیە وشەکانی (بۆن، ڕەنگ، پەڕە)، یارمەتیدەری گەیاندنی واتای (گوڵ) بن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا وشەی (گوڵ) وێنەی جۆرە جیاوازەکانی (گوڵ) بەپێی ئەزموونی کەسەکە، دەهێنێتەوە بیری کەسەکە، ناسینەوە، کاراکردنەوە و بەکاربردنەوەکەی ئاسانتر و خێراتردەکات، هەروەک لە نموونەی ژمارە(١٦)دا دەخرێتەڕوو:**

**(١٦)　　لە بەهاردا گوڵەکان ئەگەشێنەوە .**



وێنەی ژمارە (٨)

وێنەی (گوڵ)

کەواتە توانای بەکۆدکردنی زانیارییەکان بە دوو ڕێگەی جیاواز دەبێتە هۆی ئەوەی هەلی بەبیرداهاتنەوە زۆر زیاتر و خێراتربێت، وەک لەوەی بەکۆدکردنەکە بە یەک ڕێگا، یان لە ڕێگەی یەک کۆدەوە ئەنجامبدرێت.

پێویستە بگوترێت، کە واتای وشەکان، هەندێک جار گۆکردنی وشەکانیش بەهۆی پەیوەندییانەوە بە زنجیرەیەک لە نواندنەکانی (زارەکی و نازارەکی)ی ترەوە دیاریدەکرێن، واتە دەقی بەکارهێنان بۆ دیاریکردنی واتای وشەکان گرنگە و واتای وشەکان بەهۆی پەیوەندییان بە وشەکانی تری ناو دەقەکەوە دیاریدەکرێن، ئینجا هەریەک لەو وشانە کۆدی زارەکی و نازارەکییان هەیە، کە بە هەردوو کۆدەکەوە کار لەسەر واتای وشەکە دەکەن و واتاکەی دیاریدەکەن، بۆ نموونە وشەی (لق) خۆی لە خۆیدا کۆدی زارەکی و نازارەکیی هەیە، بەڵام واتا دیاریکراوەکەی بەهۆی دەقی بەکارهێنانەکانیەوە دیاریدەکرێت، لەم تێڕوانینەوە با لە وشەی (لق) لە نموونەکانی ژمارە (١٧)،(١٨) و (١٩) بڕوانین :

(١٧) باخەوانەکە لقی دارەکانی بڕی .

(١٨) ئارا لقی زانستی هەڵبژارد .

(١٩) تەنها وەڵامی یەک لق بدەرەوە .

وەک لەم نموونانەدا دیارە وشەی (لق) بەهۆی ئەو دەقانەی، کە تێیدا بەکارهێنراوە واتاکەی دەگۆڕێت، هەروەها دەقی بەکارهێنانەکە خودی وێنای (لق)ی دیاریکردووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە بەهۆی کردنەوەی کۆدی فۆنیمییەوە واتای تەواوی وشەکە، بەبێ ڕەچاوکردن و گرنگیدان بەو دەقەی تێیدا بەکارهاتووە، ناتوانرێت

دیاریبکرێت، بەهەمان شێوە کۆزانیاریی جیهانی نازارەکی گرنگە بۆ دیاریکردنی واتای وشەکان[1].بەم شێوەیە کارایی کۆزانیاریی وشەیی وشەیەک لەم تیۆرییەدا پشت بە داکردنی (جووت- کۆد)انەی وشەکە دەبەستێت، تا وشەکە داکردنەکەی جووت کۆدانەتر بێت، ئەوا کارایی زیاتردەبێت و درکپێکردنیشی ساناتردەبێت. بەمەش درکپێکردن و چێوەبەندکردنی کۆزانیاریی وشەیی ئەم وشانە لە فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤی کورددا وردتر و ساناتردەبێت.

## ٢/١-٣) شیتەڵکردنی کارەکییانەی فەرهەنگی ئاوەزی لە ڕوانگەی گریمانەی (تۆڕبەندی سیمانتیکی[2])یەوە:

هەر بەکارهێنەرێکی زمانێکی دیاریکراو، بە نموونە وەربگیرێت ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانی زمانەکە دەزانێت و کۆزانیاریی تەواوی لە چۆنێتی بەکارهێنانیاندا هەیە. ژمارەی وشەکان و خێرایی و ئاسانی بەکاربردنەوەیان، لەگەڵ ئەنجامی تاقیکردنەوەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە لە ئاوەزدا داکراون. زۆربەی زۆری لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەم ڕایە کۆکن، بەڵام لەسەر چۆنێتی ڕێکخستنی فەرهەنگەکە ڕای جیاواز هەیە. لێرەدا باس لە تیۆری تۆڕبەندی سیمانتیکی دەکرێت، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە وشەکانی زمان لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا بەپێی نەخشەیەک ڕێکخراون و بنەمای نەخشەکەش بریتییە لە پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوان وشە و دەربڕاوەکانی زمان.

تۆڕبەندیی سیمانتیکی بریتییە لەو تۆڕبەندەی، کە پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوان چەمکەکان دەنوێنێت و داڕشتەیەکی نەخشەییە، نەخشەی ئەو پەیوەندییانە دەکێشێت، کە وشەکانی زمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە(کە نمایندەی چەمکەکانن)، بە شێوەیەکی گشتی تۆڕبەندەکە لە گرێ و هێڵ پێکهاتووە ،گرێکان چەمکەکان دەنوێنن و هێڵەکانیش پەیوەندییەکان دەخەنەڕوو، چەندێتی پەیوەستەگی و نزیکی چەمکەکان بە یەکترەوە، بەهۆی بەهێزی پێکەوەبەستنیانەوە لە تۆڕبەندەکەدا دەخرێتەڕوو، واتە جۆری هێڵەکان چۆنێتی پەیوەندییەکان دیاریدەکەن (Sowa,1991,P:7)، بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە هێڵکاریی ژمارە (١) وردبینەوە:

---

[1]- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم تیۆرییە بڕوانە:,(Eysenck and Keane, 2000, P: 287-293) (Sadoski and Paivio , 2004, P: 1-52).

[2]- لە سەرەتادا تۆڕە سیمانتیکییەکان، لە لایەن (Richard H.Rechens)ەوە بۆ زانستی کۆمپیوتەر لە سەرەتای شەستەکاندا، وەک (interlingua) بۆ وەرگێڕانی ئامێریی زمانە سروشتییەکان، پێشکەشکرا، واتە تۆڕبەندی سیمانتیکی لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بۆ زیرەکی دەستکرد و وەرگێڕانی ئامێریی بوو، بەڵام دواتر لە بوارەکانی زمانەوانی و فەلسەفە و دەروونناسییدا بەکارهێنرا.بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :(Collins and Quillian,1969,P.P:240-247)




**هێڵکاریی ژمارە (١)**

**هێڵکاریی تۆڕبەندیی سیمانتیکیی چەمکی (شەقام)**

**خستنەڕووی ئەو چەمکانەی، کە نزیکین، لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داکراون**

لەم هێڵکارییەدا پەیوەندیی چەمکی (شەقام) و دوورونزیکی لەگەڵ ئەو چەمکانە لەگەڵیدا لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داکراون و بەهۆیەوە کارادەبن، لێرەدا کورت و درێژی هێڵی نێوان چەمکەکان جۆری پەیوەندییەکە، واتە دوور و نزیکی چەمکەکان لە یەکترەوە و لەگەڵ چەمکی (شەقام)دا دەخەنەڕوو .

مەبەست لە پێشکەشکردنی تۆڕبەندی سیمانتیکی خستنەڕووی پەیوەندیی چەمکەکانی زمانێکی دیاریکراوە، بۆ گەیشتن بە ڕاستی چۆنێتی ڕێکخستنی وشەکان (نمایندەی چەمکەکان)ی ناو فەرهەنگی ئاوەزی، بۆ ئاشکراکردنی چۆنێتی داکردنی چەمکەکان و دوور و نزیکییان لەناو فەرهەنگەکەدا، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کارابکرێنەوە، واتە هەرکاتێک چەمکێک لە ڕێگەی گوتن، یان بینینەوە بەکاردەبرێتە، ئەو وشانەی لە نزیکیدا داکراون کارادەکرێنەوە، کە ئەمەش وەک تەزوویەک بەناو گرێ و هێڵەکاندا تێدەپەڕێت، هەر بۆیە لە تاقیکردنەوەکانی وەک بڕیاردان لەسەر (وشەبوون یان وشە نەبوون)، لە پێشدا (وشەیەک) وەک (پێشینە) بە کەسی بەشداربوو دەگوترێت، تا بتوانێت بڕیاربدات، ئەم وشە پێشینەیە کردەی کاراکردنەوە ئاسانتر و خێراتردەکات. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە وشەکان لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا پێکەوە بەستراون و وشەیەکیان وشەکانی تر دەهێنێتە پێشێ، واتە پوختەکان بەردەوام تۆڕبەندی بنەماکانی خۆیان دەکەن و بەکاربردنی پوختەکە سەرجەمی بنەما داکراوەکان کارادەکاتەوە. تۆڕبەندی سیمانتیکی، هەر لە سەرەتای پێشکەشکردنیەوە، بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕبووە،

**کە لە هەریەکەیاندا، بە مەبەستی چاکسازی دەستکاریکراوە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لێرەدا سێ لەو قۆناغانە دەخرێنەڕوو:**

### یەکەم: مۆدێلی تۆڕبەندی پلەبەندی[1]:

**ئەم مۆدێلە لەلایەن (Collins and Quillian)ەوە پێشەکەشکرا، لەم مۆدێلەدا چەمک وەک گرێ دەنوێنرێت، کە بەستراوە بە گرێکانی تری ناو تۆڕبەندەکەوە، چەمکەکانیش لە قوچەکێکی گرێی پێکەوە بەستراودا ڕێکخراون. چەمکی هەرە گشتی و سەرەکی لە لوتکەی قوچەکەکەدا جێگیرە و لە پلەیەکی نزمتردا چەمکێکی تر بە چەمکە سەرەکییەکەوە بەستراوە هەروەک لە هێڵکاریی ژمارە (٢)دا دەخرێتەڕوو :**




**هێڵکاریی ژمارە (٢)**

**هێڵکاریی خستنەڕووی پەیوەندیی پلەبەندیی چەمکی (ئاژەڵ) بە جۆرەکانییەوە**

**لەم هێڵکارییەدا چۆنێتی پێکەوەبەستن و پەیوەندیی پلەبەندیی جۆرەکانی ئاژەڵ و بە شێوەیەکی تایبەتمەندی هەریەکەیانی تێدا خراوەتەڕوو .**

**سروشتی ئەم مۆدێلە پلەبەندیی لە گەورەوە بۆ بچوکە، واتە چەمکە ئاست نزمەکان بەشێکن، یان جۆرێکن لە چەمکە ئاست بەرزەکە، هەر بۆیە پێی دەگوترێت پلەبەند، بۆ نموونە (تووتی) دەکەوێتە ژێر گرێی چەمکی (باڵندە)، باڵندەش دەکەوێتە ژێر چەمکی ئاژەڵ، هەروەها تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی هەر چەمکێک لەلای چەمکەکەوە تۆماردەکرێت، وەک (توانای فڕین، پەڕو باڵداری...هتد).**

---

١- مەبەست لە وشەی پلەبەندی، ئاستی بەرز و ئاستی نزمە، واتە لە چەمکی سەرەکییەوە، کە زۆربەی چەمکەکان تێیدا هاوبەشن، تا دەگاتە (چەمکیلە)، کە چەمکە لاوەکییە بەستراوەکانن بە چەمکە سەرەکییەکەوە.

جێی تێبینییە ئەم مۆدێلە کەموکورتی تێدایە، گرنگترینیان، وەکیەک (بەتریق) و (تووتی) بە چەمکی باڵندەوە دەبەستێتەوە. هەرچەندە (بەتریق) بەپێی تایبەتمەندییەکانی بە بەراورد لەگەڵ (تووتی)دا، لە چەمکی باڵندە دوورترە واتە چەند تایبەتمەندیەکی باڵندەی تێدانییە وەک توانای فڕین لە بەرئەوە دەبێت (تووتی)، کە هەموو تایبەتمەندیەکانی تێدایە لە چەمکی باڵندەوە نزیکتربێت لە (بەتریق) .

## دووەم: مۆدێلی تایبەتمەندیی سیمانتیکی:

لە ئەنجامی ئەو کەم و کورتییانەی، کە لە مۆدێلی پلەبەندیدا هەبوو، مۆدێلی تایبەتمەندیی سیمانتیکی لە لایەن (Simth و هاوەڵەکانی[١])یەوە، پێشکەشکرا. ئەم مۆدێلە واتای وشەکانی وەک چەپکێک نیشانە یان تایبەتمەندی سیمانتیکی پیشاندەدات، کە دەتوانرێت بکرێت بە دوو بەشەوە: پێناسەکردن و تایبەتمەندێتی، کە هەردووکیان گرنگ و کرۆکن لە جیاکردنەوەی چەمکەکاندا، واتە چەمکەکان بەهۆی پێناسەکردن و تایبەتمەندی جیاوازەوە لەیەکتر جیادەکرێنەوە، بۆ نموونە، کە دەگوترێت (تووتی) باڵندەیەکە دەتوانێت لاسایی مرۆڤ بکاتەوە، توانای لاساییکردنەوە گرنگترین تایبەتمەندییە لە پێناسەکردنی (تووتی)دا، کە دەتوانرێت بەهۆیەوە لە باڵندەکانی تر جیابکرێتەوە، بەڵام نیشانە یان تایبەتمەندییەکانی وەک (پەڕ و باڵداری، یان توانای فڕین... هتد) گرنگییان کەمترە لە جیاکردنەوەی (تووتی) لە باڵندەکانی تر. ئەوەی گرنگە لەم مۆدێلەدا ئەوەیە، کە هەموو جۆرەکانی باڵندە وەکیەک پەیوەست ناکرێن بە گرێی چەمکی (باڵندە)وە، بۆ نموونە (بەتریق) وەک (تووتی) بە چەمکی (باڵندە)وە نەبەستراوە، چونکە لە تایبەتمەندی پەڕوباڵ و هێلکەکردندا لەگەڵ (باڵندە)دا یەک دەگرێتەوە، بەڵام لە(توانای فڕین، شێوەی باڵ...)دا یەک ناگرنەوە، هەر بۆیە لە تۆڕبەندەکەدا پەیوەندییەکە بەو شێوەیەی، کە هەیە نیشاندەدرێت، بەهەمان شێوە هاوبەشی (تووتی) لەگەڵ (باڵندە)دا دەخرێتەڕوو، بە پێچەوانەی مۆدێلی پلەبەندی، کە وەکیەک و لەیەک ئاستدا چەمکی (تووتی) و چەمکی (بەتریق)ی بە چەمکی (باڵندە)وە دەبەستەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی چەندێتی هاوبەشی هەریەکەیان لەگەڵ چەمکی (باڵندە)دا، بۆ تێگەیشتن لە داڕشتەی ئەم پەیوەندییە چەمکییە، با لە هێڵکاریی ژمارە (٣) ڕابمێنین :

---

١- بۆ .زانیاریی زیاتر بڕوانە : (Simth,Shoben and Rips,1974,P.P:214-241).




**هێڵکاریی ژمارە (٣)**

**هێڵکاریی خستنەڕووی(پەیوەندیی چەمکی باڵندە بەهۆی پێناسە و تایبەتمەندی سیمانتیکی بە جۆرەکانی باڵندەوە) .**

هەرچەندە هەردوو (پێناسەکردن و دیاریکردنی تایبەتمەندیی چەمکەکان) گرنگن بۆ ناسینەوە و جیاکردنەوە و کاراکردنەوەی چەمکەکان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، بەڵام هێشتا کەم و کورتی لەم مۆدێلەدا بەدیدەکرێت، کە لە هەموویان گرنگتر بریتییە لەوەی، کە مۆدێلەکە تایبەت دەکات بەیەک بابەتەوە، تەشەنەناکات بۆ بەکاربردنەوەی چەمکەکانی تر، کە بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان بە چەمکەکانەوە بەستراونەتەوە، بۆ نموونە (ڕەنگاو ڕەنگ) نابەستێتەوە بە چەمکی (ڕەنگ)ەوە، یان بە چەمکی (گوڵ)ەوە...هتد، واتە لە چەمکی باڵندە ناترازێت بۆ چەمکەکانی تری وەک(ڕەنگ، گوڵ، بۆن) .

## سێیەم: مۆدێلی بڵاوبوونەوەی کاراکردنەوە

ئەم مودێلە لەلایەن (Collins and Loftus)[1]ەوە خرایەڕوو، کە هەوڵێک بوو بۆ چاککردنی مۆدێلی پلەبەندی و کەمکردنەوەی ئەو چەسپیوویی و قاڵبئاسایەی، کە بە مۆدێلەکەوە دیاربوو، جیاوازی ئەم مۆدێلە و مۆدێلی پلەبەندی سیمانتیکی لەوەدایە، کە لەم مۆدێلەدا چەمکەکان بەپێی پلە و ئاست بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە، هەر چەمکێک دەتوانێت بە ئاسانی بکەوێتە نێوان گرێکان، هەروەها لە گرنگترین خاڵە جیاوازەکانی لەگەڵ مۆدێلی تایبەتمەندیی سیمانتیکی لەوەدایە، کە لەم مۆدێلەدا تەنها پشت بە پێناسە و تایبەتمەندیی نابەسترێت و تەنانەت تایبەتمەندییەکان هەریەکەیان وەک چەمک لەناو تۆڕبەندەکەدا دەنوێنرێن، بەپێی ئەم مۆدێلە چەمکەکان بەبێ ئەوەی سەر بەیەک جۆر، یان یەک کەتیگۆری بن، بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، وەک بەستنەوەی چەمکی (تووتی) بە

[1]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە : (Collins and Loftus,1988,P.P:126-136).(Kresten,2010, P:18-20).

(ڕەنگاوڕەنگ) بە (گوڵ) بە (بۆن) ... هتد)، بۆ وێناکردنی چۆنییەتی پەیوەندییەکان، با لە هێڵکاریی ژمارە (٤) بڕوانین :




**هێڵکاریی ژمارە (٤)**

**هێڵکاریی خستنەڕووی چەمکی ڕەنگ و بڵاوبوونەوەی کاراکردنەوەی ئەو چەمکانەی، کە بە هۆیەوە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا کارادەبنەوە**

بەپێی ئەم مۆدێلە هەرکاتێک وشەیەک گۆکرا، بیسترا، یان بینرا، کارادەکرێتەوە و لەگەڵیدا جوڵەیەکی تەزووئاسا بەناو هەموو ئەو گرێیانەدا تێپەڕدەبێت و یەک لەدوای یەکی چەمکەکانی، کە پێکەوە بەستراون کارادەبنەوە، واتە وەک تەزویەکی کاراکردنەوە بەناو گرێکاندا تێپەڕدەبێت و بەهۆیەوە چەمکەکان کارادەبنەوە. هەرچەندە ئەم مۆدێلەش بێ کەموکورتی نییە، بەڵام لە هەردوو مۆدێلەکەی تر نەرم و لەبارترە و تاقیکردنەوەکان تاڕادەیەکی زۆر بەکەڵکی ئەم مۆدێلە دەسەلمێنن.

## ٢/٢ پەیپێبردنی فەرهەنگی ئاوەزی لە گۆشەنیگای ڕێزمانی درکپێکردنەوە :

زانستی زمانی درکپێکردن تێڕوانینی بۆ جیهان و دەورووبەر، تێڕوانینێکی پەیپێبراوانەیە، بەهۆی ڕەتکردنەوەی مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکییەوە ئەم زانستە، پێیوایە، کە هەموو زمانێکی سروشتی ژمارەیەک بژاردە دەخاتە بەردەست بەکارهێنەرەکانی و توانای گوزارشتکردنی جیاوازییان بۆ یەک دیاردە پێدەبەخشێت، کە هەر یەکەیان بەپێی بۆچوون و تێڕوانینی خۆی دیاردەکە بخاتەڕوو. ئەم توانایەش لە فەرهەنگی ئاوەزی و چۆنێتی ڕێکخستنی فەرهەنگەکەدا ڕەنگدەداتەوە . فەرهەنگی ئاوەزی فەرهەنگی چەمکەکانی زمانە، کە لە لایەن بەکارهێنەرانی زمانەوە بە چەمککراون. بەچەمککردنیش خۆی لەخۆیدا بەهۆی هەڵهێنجان و خوێندنەوەی کەسەکانەوە بۆ دیاردەکان، دێتەکایەوە. هەر بۆیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و دواتر ئەم جیاوازییە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. جیاواز لە بۆچوون و مۆدێلەکانی، بۆ فەرهەنگی ئاوەزی خراونەتەڕوو، زانستی زمانی درکپێکردن لە ڕێگەی بنەما سەرەکییەکانییەوە، جەخت لەسەر ڕۆڵی تاکەکەس و پەیپێبردن و تێڕوانینەکانی بۆ دەورووبەر دەکاتەوە و لە ئەنجامیشدا تێڕوانینی بۆ فەرهەنگی ئاوەزی و چۆنێتی ڕێکخستنی جیاوازە. لە مۆدێلەکانی تردا هەوڵ نەدراوە بەشێوەیەکی پەیپێبراوانە چەمکەکان بەیەکەوە ببەستنەوە، بەڵکو وەک ئەوەی، کە هەیە داڕێژراون، بە پێچەوانەوە لەم زانستەدا لەسەر بنەمای پەیپێبردنی کەسەکان فەرهەنگەکە دادەڕێژرێت و چەمکەکانی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە و گەر لە گۆشەنیگای ڕێزمانی درکپێکردنەوە لە فەرهەنگی ئاوەزی ڕابمێنین، ئەوا دەکرێت بگوترێت هەموو چەمکێکی درکپێکراو لە ڕێزمانی درکپێکردندا بریتییە لە کردەی (هەڵهێنجان[١])، کە ڕاستییەکی بنچینەیی درکپێکردنی مرۆڤە و پێواژۆی داڕشتن و دەربڕینی جیاوازیی یەک بابەت، یان یەک بارودۆخی دیاریکراوە، کە بەکارهێنەری زمان خۆی جۆری دەربڕینەکە (داڕشتنەکە) دیاریدەکات، "هەڵهێنجان بریتییە لەو زاراوەیەی، کە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێگە جیاوازەکانی پیشاندان و خستنەڕووی یەک حاڵەتی دیاریکراو". (Geeraerts and Cuuyckens, 2007, p:48).

---

[١]- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی هەڵهێنجان بڕوانە: (Geeraerts and Cuuyckens, 2007, p:47-48)، ( Croft and Cruse, 2004, p: 40-73)، (نەبی، ٢٠١٥، لا: ٥٠-٥٩).

واته هەموو زمانێک ڕێگەی جۆراوجۆر دەستەبەردەکات بۆ بەکارهێنەرەکانی، تا بتوانن بە ڕێگەی جیاواز گوزارشت لە یەک دیاردەبکەن. بەم شێوەیە ئاخێوەر هەمیشە لە کاتی گفتوگۆکردندا چەندین ڕێگای بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی بە گوێگر، لە بەردەستدادەبێت.

یەکێک لە گرنگترین کردەکانی هەڵهێنجان بریتییە لە (پەیپێبردن) و زانستی زمانی درکپێکردنیش جەخت لەسەر توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ لە زماندا بە گشتی و لە بەچەمککردندا بە تایبەتی، دەکاتەوە و زیاتر گرنگیدەدات بە (توانا و هەستی بینین)، کە بەهۆیەوە مرۆڤ لە خۆی و دەوروبەرەکەی دەڕوانێت. "ئەگەر بەشێوەیەکی میتافۆرییانە بەچەمککردن بریتیی بێت لە تێڕوانینی دیمەنێک ئەوا پەیپێبردن بریتییە لە ڕێکخستنی تێڕوانینەکە". (Radden,Kopcke,Berg and Siemund, 2007, p: 73).

مەبەست لە ڕێکخستنی تێڕوانین، یان پەیپێبردن ئەوەیە، کە کاتێک ئاخێوەر، یان کەسی بەچەمککەر لە دیمەنێک دەڕوانێت، تەنها دیمەنێکی ڕاستەقینە نابینێت، وەک ئەوەی لە ڕاستییدا بوونی هەیە، بەڵکو بەپێی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ دیمەنەکەدا هەیەتی، بەپێی (تێگەیشتن، هەست و سۆز، بیروباوەڕ، بۆچوون و گرنگیدان)ەکانی، پەیپێبردنەکەی بنیاتدەنێت. ئەم پەیوەندییەش ئاڵۆزە و هەمیشە ئاخێوەر و گوێگر لەیەک کات و شوێندا بەیەکەوە نابن، بەڵکو ئەگەر بەهێزی و توانای زمانی مرۆڤ نەبێت تێگەیشتن لە نێوانیاندا ڕوونادات، زۆرجار گوێگر لەپێناو بنیاتنانی پەیپێبردنەکەی بە ناچاری پەنا بۆ لابردنی یەکێک لە ڕەگەزەکانی شوێنکات، یان هەردووکیان پێکەوە، دەبات، وەک لە نموونەکانی ژمارە (٢٠)،(٢١)،(٢٢) و(٢٣)دا دەردەکەوێت:

(٢٠) - ئەمڕۆ ئێرە گەرمە.

(٢١) - کاتژمێرێکی تر دەرگاکە دەکرێتەوە.

(٢٢) - من لە ئێستادا لێرە نیم.

(٢٣) - دەبێت ئەم دەرمانە لە دەستی منداڵ بەدووربێت.

پەیپێبردنی ئەم ڕستانە، ئاسان نییە، چونکە لە ڕستەی ژمارە(٢٠)دا (ئێرە) لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت ئەگەر ئاخێوەر و گوێگر گفتوگۆکردنەکەیان ڕووبەڕووبێت، (ئێرە) واتایەکی دەبێت بە پێچەوانەی ئەو واتایەی، کە ئەگەر بە تەلەفون بەیەکەوە قسەبکەن، هەر یەکەیان لە وڵاتێک یان کیشوەرێک بن. لە ڕستەی ژمارە(٢١)دا لێرەدا کەسی بەرانبەر بە تەواوەتی ناتوانێت پەی بە کاتەکە بەرێت، لەوانەیە ئەو کاتەی ئەو نووسراوەکەی بەرچاو دەکەوێت نیو کاتژمێر لە کاتەکە بەسەر چووبێت، یان کاتی کردنەوەی دەرگاکە بێت. لە ڕستەی ژمارە(٢٢)دا، کە وەڵامی ئامێری وەڵامدانەوەی ئامێرێکی تەلەفونە، کە پێشتر ئاخێوەر تۆماریکردووە، کەسێک کە پەیوەندی پێوەدەکات، گوێ ناداتە (ئێستا) ئەو کاتەیە، کە ئاخێوەر لە ماڵەوەیە و دەنگی خۆی تۆماردەکات، ئەگەر لەوێ نییە چۆن دەنگەکەی تۆماردەکات، بەڵکو تێدەگات، کە (ئێستا) ئەو کاتەیە، کە خۆی تەلەفونی بۆ دەکات و ئەو کاتەیە، کە ئەو لە ماڵەوە نییە. دیارە ڕستەی ژمارە (٢٣)ش، ئاگادارییەکی سەر دەرمانێکی دیاریکراوە،

که کەسێک ئەم ئاگادارییە دەخوێنێتەوە، بیر لە کات و شوێن و کەسی نووسەر ناکاتەوە، کێ نووسیویەتی، بەڵکو هەموو ئەمانە جێی گرنگیدانی ئەو نین، ئەوەی گرنگە جێبەجێکردنی ئاگادارییەکەیە. لە ڕاستییدا زمان زۆر لەو دەربڕاو و ڕستانەی تێدایە، کە ئەگەر توانای زمانی مرۆڤ نەبێت بۆ پەیپێبردن، تێگەیشتن ڕوونادات.

پەیپێبردن وەک کردەیەکی هەڵهێنجان لە بنەڕەتدا بابەتی ڕێزمانی درکپێکردنە، بەڵام دەربڕاوە لێکسیکی (وشەکان) و ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە، چونکە هەروەک چۆن پەیپێبردنی کەسەکان بۆ تێگەیشتنی ڕستە و دەربڕاوە ڕێزمانییەکان گرنگە، بۆ کردەی بەچەمککردنیش بەهەمان شێوە گرنگە و هەموو بەکارهێنەری زمانێکی دیاریکراو وەک یەک پەی بە چەمکی وشەکان (بوونەکان) نابەن. هەر بۆیە فەرهەنگی ئاوەزی و چۆنێتی ڕێکخستنیشیان جیاواز دەبێت، هەر بەکارهێنەرێکی زمان بە جۆرێکی جیاواز دەڕوانێتە بوونەکان و وێنایاندەکات و پەییانپێدەبات، دواتر لەسەر بنەمای پەیپێبردنەکەی بوونەکە بەچەمکدەکات و لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دایدەکات، هەر بۆیە کاتێک باس لە فەرهەنگی ئاوەزی دەکرێت دەبێت بەکارهێنەرانی زمان، واتە بەچەمککەرەکان گرنگییان پێبدرێت، ڕۆڵی چۆنێتی پەیپێبردنیان، کە بەپێی (کۆزانیاریی، بیروباوەڕ، شوێنکات، پیشە، کەسێتی، بیرکردنەوە...هتد) بنیاتدەنرێت.

## ٣/٢) بنەمایی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەبەندکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا

وشەکان و کۆزانیاریی وشەیی لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدەدرا، بە ڕووکارێکی گرنگی زمان ئەژمارنەدەکران، بەڵام لە ئێستادا کۆزانیاریی وشەیی بە یەکێک لە ڕووکارە هەرە گرنگەکانی زمان دادەنرێت، بەتایبەتی لە پێواژۆکانی (زمانپژان و فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم و...هتد). وشەکان پێکهێنەری زمانن و ڕووکارە هەرە گرنگەکانی پێکدەهێنن، چونکە هێما و ئامازەن بۆ بوونەکان، ڕووداوەکان، هەست و بیروڕاکانی بەکارهێنەری زمان، وشەکانی زمان، زنجیرە دەنگەکان، یان پیتەکانی فۆڕمە فۆنۆلۆژی و ئۆرسۆگرافییەکان، لەگەڵ بوونە ئامازە پێدراوەکانی جیهانی دەرەوەدا، پێکەوە گرێدەدەن، کە لە ئەنجامدا یەکەی واتایی دێتەکایەوە و مرۆڤەکان بەهۆیانەوە پەیوەندیدەکەن. بۆ بەدیهێنانی ئەم پەیوەندییە، بەکارهێنەری زمان پێویستی بە کۆزانیاریی وشەیی دەبێت. دەتوانرێت بگوترێت کۆزانیاریی وشەیی گشت ڕووکارەکانی وشەکانی زمان، وەک (بەکارهێنان، واتا، تایبەتمەندی سینتاکسی، فۆڕمی مۆرفۆلۆژی، فۆڕمی فۆنۆلۆژی، فۆڕمی ئۆرسۆگرافی، کەتیگۆری، ژینگەی وشەیی و پەیوەندی وشەکان بەیەکترەوە)، دەگرێتەوە. ئەم ڕووکارانە لە فەرهەنگی ئاوەزیی بەکارهێنەرانی زماندا دادەکرێن، خودی فەرهەنگی ئاوەزی کۆگایەکە بۆ داکردنی کۆزانیارییە وشەییەکانی بەکارهێنەری زمان. بۆ بەدیهێنانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی باشتر، واتە باشترین ئاستی پەیوەندیکردن، بەکارهێنەری زمان پێویستی بە بوونی بەرزترین ڕێژەی کۆزانیاری دەبێت دەربارەی وشەکانی زمان، چونکە لە کاتی قسەکردن و نووسین، یان گوێگرتن و خوێندنەوە، ئاخێوەر و نووسەر، لەگەڵ گوێگر و خوێنەر پێویستییان بە کۆزانیارییەکی وشەیی دەوڵەمەند هەیە، لە حاڵەتی بەرهەمهێناندا بە بێبوونی ئەم کۆزانیارییە بەرهەمهێنەر ناتوانێت واتا و مەبەستەکانی بە باشی وەک ئەوەی، کە پێویست و خوازراوە بگەیەنێتە کەسی بەرانبەر، بە هەمان شێوە بۆ تێگەیشتنی باشتر گوێگر، یان خوێنەر دەبێت هەموو کۆزانیارییە وشەییەکانی خۆی بخاتەگەڕ.

پێویستە بگوترێت، بەکارهێنەرانی زمانێکی دیاریکراو، هەموویان وەکیەک خاوەنی کۆزانیاریی وشەیی نین، هەندێکیان خاوەنی کۆزانیارییەکی چڕوپڕ و دەوڵەمەندن و بەهۆی بەکارهێنانەوە زۆر لە ڕووکارەکانی وشەکانی زمانەکە دەزانن، بەکارهێنەری زمانیش هەن، کە خاوەنی کۆزانیاریەکی هەژارن و شارەزاییان دەربارەی وشەکان کەمترە. ئەمەش بە ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بە خودی تاکەکەسەوە هەیە، بەهۆی بەکارهێنان، ئەزموون، سەلیقە، تەمەن، پیشە، ژینگە و....هتد کۆزانیارییە وشەییەکەیان لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا دەنەخشێنرێت.

گرنگە بزانرێت مەبەست چییە لە زانینی وشەی زمانێکی دیاریکراو، ئایا زانینی وشەکان، هەموو کۆزانیاریی دەربارەی وشەکان پێکدەهێنن، لێرەدا ڕاوبۆچوونی جیاواز دەربارەی گرنگی و لاوەکێتی ڕووکارەکانی وشە لە ئارادان، ڕا هەیە تەنها واتای وشە بە گرنگترین ڕووکار دادەنێت، ڕا هەیە واتا و ڕێنووسی وشەی پێ گرنگترە، بەپێی (Thornbury,2002,P:15) یەکێک لە ڕووکارە هەرە گرنگەکانی، کە پەیوەستە بە زانینی وشە، بریتییە لە زانینی فۆڕم و واتای وشە، ئینجا فۆڕمی گوتراو بێت، واتە ئەو زنجیرە دەنگەی، کە وشەکە پێکدەهێنن، لەگەڵ چۆنێتی گۆکردنی وشەکە، یان فۆڕمی نووسراوی وشەکە بێت، واتە چۆنێتی نووسینەکەی (ڕێنووس)، واتای وشەش خۆی لە خۆیدا چەمکی وشەکە، پەیوەندی سیمانتیکی لەگەڵ وشەکانی تردا و هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، کە واتای وشەکە پێکدەهێنن، بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە نموونەکانی ژمارە (٢٤)، (٢٥)، (٢٦) و (٢٧) بڕوانین:

(٢٤) هۆکارەکانی بوونی گرفتی (پەریزادە)لەناو ژنانی کورددا ونە.

(٢٥) یان (گاڵ)ئەهێنێ، یان پەموو.

(٢٦) نەخۆشەکە پێویستی بە دەرزی (دەردەکۆپان)ە.

(٢٧) عەمری وەک (گەپڵە)بێت.

گەر لە وشەکانی (پەریزادە)، (گاڵ)، (دەردەکۆپان) و (گەپڵە)ی نموونەکانی (٢٤)،(٢٥)،(٢٦) و (٢٧) وردبینەوە، دەبینین، کە ئاخێوەری کورد لە فەرهەنگی ئاوەزییدا کۆزانیارییەکی وشەیی تەواوی دەربارەی فۆڕمی گوتراو و نووسراوی ئەم وشانە نییە، بەهۆی کەمی ئەزموونی زمانییان لەسەریان و کەمی بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانەی ئێستادا، هەر بۆیە ئەگەر داوای نووسین یان گۆکردنی ئەم وشانە لە هەر خوێندکارێکی سەرەتایی، یان تەنانەت خوێندکارێکی بەکالۆریۆسی بواری زانستەکان، بکرێت، ئەوا یەکسەر نیشانەی سەرسوڕمان لە وێنای هزرییدا دەخوێنرێتەوە، چونکە کۆزانیاریی وشەیی لەسەر وشەکان لە ڕووی چۆنێتی گۆکردن و چۆنێتی ڕێنووسکردنەوە نییە، دەربارەی چەمکی وشەکانیش، گەر پێشتر (گوێگر/ خوێنەر) ئەو وشانەی نەبیستبێت، یان لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکارینەهێنابێت، ئەوا زۆر ئەستەمە بتوانێت لە واتای ڕستەکانی سەرەوە تێبگات، چونکە لە لایەک واتای وشەکان نازانێت، لە لایەکی تریشەوە لە پەیوەندی واتای وشەکانیش بە وشەکانی تری زمانەوە تێناگات، بۆ نموونە، لە ڕستەی ژمارە (٢٤)دا، (گوێگر/ خوێنەر)، لە بەرئەوەی نازانێت وشەی (پەریزادە) بە واتای (غودە) دێت، بۆیە لە واتای ڕستەکەش تێناگات، چونکە ناتوانێت پەیوەستییبکات بە واتای وشەی (گرفت) و هۆکارەکانی گرفت و بوونی لە ناو ژنانی کورددا، هەروەها لە ڕستەی ژمارە (٢٥)دا لە بەرئەوەی (گوێگر / خوێنەر) واتای وشەی (گاڵ) نازانێت،

که بەرانبەر وشەی (شۆفان)ە، بۆیە ناشتوانێت پەیوەستییکات بە واتای وشەی (پەموو)، بەمەش خودی چەمکی وشەکە و چەمکی گشتی ڕستەکەش تێناگات، بەهەمان شێوە، لە ڕستەی ژمارە (٢٦)دا نەبیستنی وشەی (دەردەکۆپان) لە لایەن (گوێگر / خوێنەر)ەوە، وا دەکات نەچەمکی وشەکە بزانێت و نە لە توانایدا بێت بە وشەکانی تری زمانەکەوە گرێیبدات، هەر بۆیە لە چەمکی ڕستەکەش تێناگات، نازانێت مەبەست لە دەردەکۆپان نەخۆشی (گزاز)ە. هەروەها لە ڕستەی ژمارە (٢٧)دا بەهۆی بەکارنەهێنان و نەبیستنی وشەی (گەپڵە) لە لایەن (گوێگر /خوێنەر)ەوە وەهای کردووە، کە نەتوانێت لە چەمکی وشەکە و چەمکی ڕستەکەش تێبگات ،کە هەڵگری واتای تەمەن کورتییە، چونکە نازانێت، کە (گەپڵە) جۆرە گیایەکە ماوەی ژیانی چەند ڕۆژێکە، هەر بۆیە لە چەمکی ڕستەکە تێناگات و پەیوەندی نێوان وشەکانی بۆ نادۆزرێتەوە.

بەپێی (Nation,2001,p: 23-24) زانینی وشە، یان کۆزانیاریی وشە بریتییە لە زانینی فۆڕم و واتای وشە، لەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنانەکەی، واتە زانینی فۆڕمی نووسراو و گوتراو، لەگەڵ واتا و چەمکی وشە و ئامازەکەی، هەروەها بەکارهێنانی وشە و کۆزانیاریی پێکەوەهاتنی وشەکان و بۆنە و بوار و کۆتوبەندەکانی بەکارهێنان دەگرێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بالە خشتەی ژمارە (٢) بڕوانین :

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | دەنگە پێکهێنەرەکانی چۆنن ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | چۆن دەنگەکانی گۆدەکرێن ؟ |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەکە چۆنە ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | چۆن وشەکە دەنووسرێت و ڕێنووس دەکرێت ؟ |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە چ تەرزێکدا دەردەکەوێت ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لەچ تەرزێکدا بەکاربهێنرێت ؟ |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | چ وشەیەک پێشبینی / چاوەڕوان دەکرێت لە پێش، یان لە دوای وشەکە دەربکەوێت ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | چ وشەیەک یان جۆرە وشەیەک دەبێت لەگەڵ وشەکەدا بەکاربهێنرێت ؟ |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | وشەکە تا چ ڕادەیەک بڵاوە ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە چەندجار دەتوانرێت بەکاربهێنرێتەوە ؟ |
| گونجاوێتی | وەرگر | وشەکە لە چ شوێنێک، یان ژینگەی زمانییدا لەوانەیە بەرگوێ، یان بەرچاو بکەوێت؟ |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە چ شوێنێک و ژینگەی زمانییدا بەکاربهێنرێت؟ |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | وشەکە واتای چی دەگەیەنێت ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | چ وشەیەک پێویستە بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی ئەو واتایە ؟ |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەکە، کام وشانەی زمان بەبیر دێنێتەوە ؟ |
| | بەرهەمهێنەر | کام وشانەن، کە دەتوانرێت لە بری وشەکە بەکاربهێنرێت ؟ |

خشتەی ژمارە (٢)

زانینی وشەیەک چی دەگرێتەوە(واتە کۆزانیاریی وشەیی)

بە دەستکارییەوە لە (Nation,2001,P:23) دوە وەرگیراوە

بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی ژمارە (٥) وردبینەوە:

(٢٨) (شالیار)دەبێت شان و شەوکەتی شالیارییانە بێت.

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
| --- | --- | --- |
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | /ش + ا +ل+ ی + ا + ر/ |
| | بەرهەمهێنەر | / شالیار/ |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی دارێژراوە بەپێی یاسای (ناو + پاشگر) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (شالیار)بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ئاوەڵناوی ناوئاسا دا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار،...هتد) وەک (فەرمانڕەوا، دەوڵەت، دەبێت...هتد)دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار.... هتد)<br>وەک (فەرمانڕەوا، دەوڵەت، دەبێت...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتا کۆن و نوێیەکەی زۆر، یان کەم بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ئاوەڵناوی ناوئاسایە،<br>بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە . |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی ناونان، یان بواری کلتوریدا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری کارگێڕیدا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | وشەکە دوو واتای هەیە، واتا ڕەسەنەکەی بە واتای(وەزیر) دێت و واتاکەی ئێستاکەی بۆ ناونان بەکاردێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (وەزیر) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (شالیار) وشەکانی (حوکم، دەسەڵات، دەولەتداری... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (وەزیر) دەتوانرێت لە بری (شالیار) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٣)

زانینی وشەی (شالیار) چی دەگرێتەوە

(واتە کۆزانیاریی وشەیی بۆ وشەی(شالیار) بریتییە لە خشتەی ژمارە (٣))

بەپێی خشتەکە، کۆزانیاریی وشەی (شالیار)بریتییە لە زانینی فۆرم و واتای وشەکە، لەگەڵ چۆنێتی بەکارهێنانەکەی، هەروەها واتا و چەمکی وشەکە و کۆزانیاریی پێکەوەهاتنی وشەکان، بۆنە، بوارەکانی بەکارهێنان، دووبارەبوونەوە و بڵاوی بەکارهێنانەکەی دەگرێتەوە.

لەم تێگەیشتنانەوە دەکرێت بگوترێت کۆزانیاریی وشەیی زیاتر بریتییە لە کۆزانیاریی لەسەر بەکارهێنانی وشە واتە (کۆزانیاریی بەکارهێنان)ی، چونکە کۆزانیاریی بەکارهێنانی وشەیی بەشێوەیەکی گشتی هەموو ڕووکارەکانی تری وشەی زمان دەگرێتەوە، کە بەکارهێنەری زمان هەر لە سەرەتای زمانپژانییەوە کەڵەکەی دەکات، لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بەپێی بانگەشەکانی تیۆری بنەمایی بەکارهێنان (Usage based theory)، (بەکارهێنان) بنەمای زمانپژان و فێربوون و بەکارهێنانی زمانە، بەهۆی بەکارهێنانەوە واتای وشە، تەرزی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی وشە و دەبڕاوە زمانییەکان دیاریدەکرێت و بەهۆی دەرکەوتنی دووبارەوە لە بۆنەکانی بەکارهێناندا واتا و تەرزەکانی (یاسا ڕێزمانییەکان) دەچەسپێن. هەر بەکارهێنانیشە دەبێتە هۆی هێنانەکایەی گۆڕانکاری بەسەریاندا، واتە بەپێی ئەم ڕێبازە بنەمای کۆزانیاریی وشەیی و تەنانەت کۆزانیاریی زمانیش، بریتییە لە کۆزانیاری بەکارهێنانی ڕاستەقینەی وشەکانی زمان و خودی زمان، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با لە نموونەی ژمارە (٢٩) بڕوانین :

(٢٩) لالەی خۆمان بەرەوە.

ئێستا گەر لە وشەی (لالە) لە ڕستەی ژمارە (٢٩)دا وردبینەوە، دەبینین، کە تا سەردەمی پێش ڕاپەڕین لە کۆمەڵگەی زمانی سلێمانییدا بە جۆرە میوەیەکی گروپی مزرەمەنی دەگوترا (لالەنگی)، بەلام لە دوای ڕاپەڕین، پێدەچێت بەهۆی تێکەڵبوونی گوند و لادێشینان لەگەڵ دانیشتوانی شاری سلێمانیدا، گۆڕانکاری بەسەر گۆکردنی وشەکەدا هاتبێت لە (لالەنگی)ەوە بۆ (لالە)، کە لە ئێستادا لەلایەن زۆربەی میوە فرۆشان و لە ئاخاوتنی خەڵکی شاریشدا گۆڕانەکە ڕوویداوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە. گەر لە وشەی (گرد) لە ڕستەکانی ژمارە (٣٠)، (٣١)، (٣٢)، (٣٣)دا ڕابمێنین:

(٣٠) (گردی زەرگەتە) یەکێکە لە گردە بە ناوبانگەکانی سلێمانی.
(٣١) زۆربەی کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی لە (گردی سەیوان) نێژراون.
(٣٢) ماڵی تارا لە (گردی سەرچنار)ە.
(٣٣) (گردی ئابلاخ) لە ئێستادا کراوە بە گۆڕستان.

ئەوا دەبینین، کە شاری سلێمانی کۆمەڵێک گردی تێدایە، کە لە ناویاندا (گردی زەرگەتە) یە، لە سەردەمێکدا ئەم گردە وەک هەموو گردەکانی تری سلێمانی وەهابوو، بەلام چەند ساڵێکە لە ئەنجامی بەکارهێناندا لە ڕووی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و چەمک و واتاوە، گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و بەستراوەتەوە، بە لایەنێکی سیاسییەوە، لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، لە بنەڕەتدا دەربڕاوەکە پێکهاتووە لە :

(ناو + ی + ناو) پێکهاتووه

بەڵام لە ئێستادا، گۆڕاوە بۆ :

(ناو + دیاریخەر (- ەکە)

کە جگە لە واتای گرد چەمکێکی نوێی پێکهێناوە، بە جۆرێک، کە گوێگر گوێبیستی ئەو وشەیە دەبێت، واتای گرد، لە ئاوەزییدا ناگەیەنێت و وێنەی ئاوەزیی (گرد)ی لە لا ناکێشرێت، بەڵکو کۆمەڵێک دروشم و ئاڵایەک و چەند کەسایەتییەکی لە لا ئامادەدەبێت. هەروەک لە نموونەکانی ژمارە (٣٤) و (٣٥)دا دەردەکەوێت :

(٣٤) باپیر لە (گردەکە)یە.

(٣٥) لایەنەکان لە (گردەکە)کۆبوونەوە.

هەر لە ڕوانگەی گرنگی و بنەمایی (بەکارهینان) لە تێگەیشتن و درکپێکردنی چەمکی دەربڕاوە زمانییەکاندا، با لە نموونەکانی ژمارە (٣٦)، (٣٧) و (٣٨) ڕابمێنین :

(٣٦) ئارام چۆتە دەرەوە.

(٣٧) باپیر خۆی و براکەی لەودیون.

(٣٨) باپیر دەمێکە لە دەرەوە پێشمەرگەیە.

لە سەردەمی پێش ڕاپەڕیندا وشەی (ئەودیو) لە فەرهەنگی ئاوەزیی شارنشینەکاندا چەمکی ئەو ناوچانەی دەگەیاند، کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئەو سەردەمەدا نەبوون و زیاتر لادێ و کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئەو ناوچانەی دەگرتەوە ،کە (پێشمەرگە)ی لێبوو، بەهەمان شێوە وشەی (دەرەوە) چەمکی چوونە ناو پێشمەرگە و چەکهەڵگرتنی دەگرتەوە، لەو سەردەمانەدا ئەو وشانە بەو واتایانە بەکاردەهاتن و بەکارهێنەری زمان ئەو وشانەی بە چەمکی دژایەتیکردنی حکومەتی ئەو سەردەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە بە شۆڕشی کوردییەوە گرێدابوو، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ئەم وشانە ئەو چەمکانە ناگەیەنن و گۆڕانکاری بەسەر واتاکەیاندا هاتووە. لێرەدا دەردەکەوێت، کە بارودۆخی سیاسی، ژیانی خەڵکی، بەکارهێنانی وشەکان و بارودۆخ و بۆنەی بەکارهێنانیان، چەمک و واتای وشەکانی نەخشاندووە، چونکە لە ئێستادا وشەکانی (ئەودیو، دەرەوە) چیتر بەو واتا و چەمکە بەکارناهێنرێن، گۆڕانیان بەسەرداهاتووە و ئەو چەمکانە لە وشەکان بوونەتەوە، لە ژینگەی ئێستادا وشەی (ئەودیو) زیاتر بە تەنها بۆ گەیاندنی واتای ( ئێران، بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات) بەکاردێت و وشەی (دەرەوە)ش زیاتر مەبەست لێی (دەرەوەی وڵات / هەندەران)ە، هەروەک لە نموونەکانی ژمارە (٣٩) و (٤٠)دا زیاتر بەرجەستە دەبن :

(٣٩) بەخێربێن، بەڕێزتان لەودیوەوە هاتوون ؟

(٤٠) کوڕەکانی حاجی هەموویان چوونەتە دەرەوە.

سەرجەمی ئەم نموونانە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە کۆزانیاریی وشەیی ئاخێوەر بریتییە لە شارەزایی لە چۆنییەتی بەکارهێنانی وشەکان لە دەربڕاو و ڕستە و دەقەکاندا، چونکە شارەزایی لە بەکارهێنانی وشەکان هەموو ڕووکارەکانی تری وشەکە لە خۆدەگرێت، کەواتە ئەو کۆزانیارییەی کە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا چوارچێوەی بۆ دادەڕێژرێت و دەنەخشێنرێت بریتییە لە کۆزانیاریی بەکارهێنانی وشەکان و هەر بەکارهێنانیش بنەمای چەسپاندن، یان گۆڕانکارییە تێیاندا. لێرەدا دەتوانرێت نموونەی وشە خواستراوەکانی، کە لە ئێستادا لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە بە نموونە وەربگیرێن، کە کۆمەڵێک وشە لە لایەن بەکارهێنەری زمانی کوردییەوە، بەکاردەهێنرێت، کە لە پێشدا بوونی نەبووە و بەکارنەهاتووە، بە شێوەیەک، کە ڕاستەوخۆ هاتۆتە ناو زمانەکەوە و لە لایەن بەکارهێنەرانی ئامێرەکانی مۆبایل و کۆمپیوتەر، لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەک خۆیان بەکاردەهێنرێن، هەر وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٤١)، (٤٢)، (٤٣)، (٤٤) و (٤٥)دا دەردەکەوێت :

(٤١) شێری بکە.

(٤٢) ئەوە چییە ؟ بە لایکێک، یان کۆمێنتێکیش بەسەرمان ناکەیتەوە.

(٤٣) لایکیکە.

(٤٤) لای من دلیتە.

(٤٥) چوونە دەرەوەکەمان کانسڵبوو.

ئەگەر لەو ڕستانە بڕوانین، دەبینین، کە ئەو وشانە وشەی زمانی ترن و بەهۆی ئامێر و تۆڕی میدیایی، کە لە ئێستادا باون و خەڵکی بەکاریاندەهێنێت، هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و بەکارهێنەری زمانی کوردی وەک خۆیان و بێدەستکاری بەهەمان چەمک و واتا و فۆڕمی فۆنۆلۆژییەوە بەکاریاندەهێنێت. ئەمەش بەڵگەی دروستی بنەمایی بەکارهێنانە لە چەسپاندن، یان گۆڕانکاری لە چەمکی وشەکاندا و چوارچێوەکردنی کۆزانیاریی وشەیی دەربارەی وشەکانە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری کورددا.

نموونە و شرۆڤەی نموونەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە (بەکارهێنان)ی وشەکان لە ژینگە زمانییە جیاوازەکاندا شارەزایی جودا بۆ ئاخێوەر دادەمەزرێنن دەربارەی خودی وشەکە و ئەو واتایەنەی دەیگەیەنێت، ئەمەش جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە، کە (بەکارهێنان) سەرچاوەی ڕاستەوخۆی وەرگرتنی زانیاری مرۆڤە لە ژینگە و دەوروبەرەوە بۆ نەخشاندن و شێوەداڕشتنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەردا. هەر بۆیە شرۆڤەکردنی (بنەمایی بەکارهێنان) هەم وەک چەمکێک و هەم وەک (تیۆرییەک) لە زانستی زمانی درکپێکردن و ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا بە گرنگ و کرۆک دادەنرێت.

## ٢/٤)داڕشتەی کۆزانیاریی وشەیی لە چێوەی تیۆری (بنەمایی بەکارهێنان)دا:

تیۆری بنەمایی بەکارهێنان، بۆ یەکەمجار لە لایەن (Michal Tomasello)ەوە پێشکەشکرا [1]، سەرەتا لە شێوەی گریمانەیەکی زمانپژاندا خرایەڕوو، دواتر گەشەیکرد و بوو بە ڕێبازێکی نوێ بۆ زمانەوانی، ئەم تیۆرە بۆ زانستی زمانی درکپێکردن بە گشتی و بۆ ڕێزمانی درکپێکردن بوو بە بناغە، بە جۆرێک، کە خودی زانستی زمانی درکپێکردن وەک مۆدێلی بنەمایی بەکارهێنانی زمان ناسێنرا(Geeraerts,2006,P:17)

پێویستە بگوترێت، کە لە پێش (Tomasello و Langacker)ەوە چەند بیروبۆچوونێک دەربارەی گرنگی، یان دەرخستنی ڕۆڵی ژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی لەسەر زمانپژان و فێربوونی زمانی دووەم لە ئارادابوون (Bybee,2013,P:2) وەک بۆچوونەکانی (Firth)، کە پێیوابوو گرنگترین بنەما بۆ زمانپژان و فێربوونی زمانی دووەم دەوروبەرە، بەتایبەتی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەر، دوا بەدوای (Firth) چەندین زمانەوانی دیکە کاریان لەسەر ئەم بۆچوونە کردووە، کە کارەکانیان کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر زمانەوانیی هەبووە بە زانستی زمانی درکپێکردنیشەوە، لەگەڵ ئەمانەشدا بۆچوونی دژ لە ئارادابوون، کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە زمان پەیڕەوێکی جێگیر و نەگۆڕە، هەر بۆیە باسکردنی زمانپژان و فێربوونی زمانی دووەم دەبێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دابڕاوبێت لە دەروبەر و بەکارهێنانی زمان و سەرجەم توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ وەک (پەیپێبردن، سەرنجدان، پۆلکردن، خستنەپاڵیەک، جیاکردنەوە، لەیەکچوون و....هتد)، بەڵام لە ئێستادا بەتایبەتی لە ڕێزمانی درکپێکردندا جەخت لەسەر ڕوانگەی (بنەمایی بەکارهێنان) دەکرێتەوە، نەک تەنها لە زمانپژان و فێربوونی زمانی دووەمدا، بەڵکو خودی تێڕوانین بۆ زمان، ڕێزمان، و داڕشتە زمانییەکانی گرتۆتەوە و لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا شیدەکرێنەوە.

شایەنی تێبینییە ئەم تیۆرییە بیروبۆچوونەکانی هەردوو ڕێزمانی دروستەکاریی و بەرهەمهێنان و گواستنەوە ڕەتدەکاتەوە، کە ساڵانێکی زۆر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە دەبێت لێکۆڵینەوە لە پێرەوی زمانی (توانست، "Langue or Competence") لە لێکۆڵینەوەی بەکارهێنانی زمان (توانا، "Parol or Performance") جیابکرێتەوە[2].

---

[1]- (Tomasello) تیۆری بنەمایی بەکارهێنانی لە زمانپژاندا پێشکەشکرد، کە ڕەتکردنەوەی تیۆری (ڕێزمانی گشتی) قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بوو.(Langacker )یش لە ڕێزمانی درکپێکردندا، ئەم تیۆرییەی خستەڕوو لە ئەنجامی هەستکردن بە ئەو بۆشاییەی، کە لە نێوان داڕشتەی چەمکیی و داڕشتەی زمانییدا هەبوو .

٢- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر (توانست و توانا) لە ڕێزمانی بەرهەمێناندا بڕوانە : (محمد، ٢٠١٢، لا: ١٨-٢١).

## ٢/٤- ١) کاریگەریی ڕوانینەکانی (بنەمایی بەکارهێنان) لە داڕشتەی کۆزانیاری وشەییدا:

خاڵی بنەڕەتی لە تیۆری بنەمایی بەکارهێناندا، بریتییە لەوەی، کە (کۆزانیاریی زمانی) لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوە دێتەکایەوە، لەبەرئەوەی توانای بەکارهێنانی زمان لەژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکانی وەک(هیلاکی، نەخۆشی، گرنگینەدان، کارلێکنەکردنی ئاخێوەر و...هتد)دا دەگۆڕێت و ناتوانێت ڕەنگدانەوەی تەواوەتی کۆزانیاریی زمانی (توانست) بێت، هەر بۆیە ئەو تێڕوانینەی بەرهەمهێنان ڕەتدەکاتەوە، کە پێیوایە کۆزانیاریی زمانی (توانست)، بەکارهێنانی زمانی (توانا) دیاریدەکات. (Evans and Green,2006,P: 756)

دەتوانرێت بگوترێت، کە لەم تیۆرییەدا توانستی زمانی تەنها بریتییە لە شارەزایی لە چۆنێتی بەکارهێنانی زماندا، کەواتە ڕێکخستنی کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەر بەرهەمی بەکارهێنانی زمانەکەیەتی لە دەوروبەر، یان دەربڕاو ( Usage event)ە جیاوازەکاندا، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با لەم دوو گفتوگۆیە ژمارە (٤٦) و (٤٧) بڕوانین :

(٤٦) أ- ئەوە چییە ؟ ئەم هەموو جوانیەت لە کوێ بوو ؟.

ب- فەرموو ؟ ئیشەکەت چییە بیڵێ ؟ ماستاوم بۆ مەکە.

(٤٧) أ- ئەرک نەبێت ماستاوێکم بۆ ناهێنیت.

ب- ماستاو نەماوە، ئاو نابێت ؟

ئەم دوو گفتوگۆیە، دوو بارودۆخ یان دوو بەکارهێنانی جیاوازی وشەی (ماستاو)ن، کە هەر هەمان وشەیە، بەڵام لە دوو دەقی بەکارهێنانی جیاوازدا، بەکارهاتووە، لە بەکارهێنانی ژمارە (٤٦)(ب)دا، وشەی (ماستاو) بە واتای ئەوە هاتووە، کە ئاخێوەر ئیشێکی بە گوێگرە و پێش داواکارییەکەی وەک هۆکارێک بۆ کارتێکردنە سەری، کۆمەڵێک وەسف و پیاهەڵدانی پیاهەڵدەدات، تا کارەکەی بۆ جێبەجێبکات. بەڵام لە بەکارهێنانەکانی ژمارە (٤٧)(آ و ب)دا وشەی (ماستاو) بەو واتایە بەکارهاتووە، کە شلەیەک لە (ماست + ئاو) پێکهاتووە و لە کوردەوارییدا باوە لەگەڵ نان خواردندا دەخورێتەوە. هەر بۆ تێگەیشتن و سەلماندنی گرنگی بنەمایی (بەکارهێنان) و بارودۆخی گوتن، لەگەڵ چۆنێیەتی پەیوەندی بەکارهێنانی زمان، لە دیاریکردنی واتا و چەمکی وشەکاندا، با لە نموونەکانی ژمارە (٤٨)، (٤٩) و (٥٠) ڕابمێنین :

(٤٨) أ- شووتییەکە چۆن بوو ؟

ب- ئەڵێی کەللە شەکرە، لە شووتی جاران دەچێت.

(٤٩) أ- چیت ئەوێت وەستا ؟ بیڵێ تا بۆت بهێنم.

ب- ئەو کەللەیەم نادەیتێ.

(٥٠) أ- ئەرێ مێژووی ئێسکوپروسکەکانیان دیاریکرد ؟

ب- هەموویان نا، تەنها هی دوو کەللەیان دیاریکردووە.

له گفتوگۆكانی ژماره (٤٨) و (٤٩) و (٥٠)دا، دەتوانرێت سێ بەكارهێنان و بارودۆخی گوتنی جیاوازی وشەی (كەڵله) دەستنیشانبكرێت بەپێی ڕستەكان و پەیوەندیی نێوان ئاخێوەر و گوێگر دەتوانرێت واتاكانیان له هەر سێ گفتوگۆكەدا دیاریبكرێت، له ڕستەی ژماره (٤٨)(ب)دا، مەبەست له وشەی (كەڵله) ئەو شەكرەیه، كه له سەردەمێكی دیاریكراودا، بوونی هەبوو، خەڵكی كڕیویانه و دواتر به شەكرشكێن پارچه پارچەیانكردووه و لەگەڵ چای تاڵدا پێشكەشكراوه، كه لەم گفتوگۆیەدا وشەی (كەڵله) بۆ دەرخستنی تامی (شووتییەكه) ئاماژەی پێدراوه.له ڕستەی (٤٩)(ب)دا، وشەی كەڵله له بارودۆخ و ژینگەی كاركردندا بەكارهاتووه، كه واتای (كەڵلەی بلۆك) دەگەیەنێت و بەكارهێنانەكەی له ژینگەی كاركردنی نێوان كرێكار و وەستادا، واتاكەی دیاریدەكات، له ڕستەی ژماره (٥٠)(ب)دا وشەی كەڵله، به واتایەكی جیاواز له دوو ڕستەكەی پێشوو، بەكارهاتووه، كه مەبەست لێی واتای كەڵله سەری بوونەوەره، كه له شوێنێكدا وەك پاشماوه و ئاسەوار دۆزراوەتەوه.بۆ تێگەیشتنی زیاتر و خستنەڕووی گرنگی بەكارهێنان، با لەم نموونەكانی ژماره (٥١)، (٥٢) و (٥٣) وردبینەوه :

(٥١) أ- چەند سەر خێزانن ؟

ب-چوار سەر خێزان.

(٥٢) أ- چەند سەر حەیوانت هەیه ؟

ب- سێ سەد سەر.

(٥٣) أ- ئەو سەره سەری خۆی نییه.

ب- خەمت نەبێت ئەونەی نەماوه، دایدەنێت.

نموونەی ژماره (٥١)، بریتییه له پرسیاری ئاخێوەر، كه له گوێگری دەكات بۆ وەرگرتنی زانیاری، كه مەبەست له بەكارهێنانی وشەی (سەر) ئەندامانی خێزانه، بەڵام له نموونەی ژماره (٥٢)دا وشەی (سەر) به واتایەكی تر بەكارهاتووه، كه ئاماژەیه بۆ ژمارەی ئاژەڵەكانی، كه گوێگر خاوەنیانه. واتای وشەی (سەر) له نموونەی ژماره (٥٣)دا، بریتییه له ئەندامێكی جەستەی مرۆڤ و لێرەدا به شێوەی میتافۆڕییانه بەكارهاتووه، بۆ ئاماژەدان به هەڵسوكەوت و بیركردنەوەكانی كەسێك، كه دەبنه هۆی له ناوچوون و نەمانی.

كەواته (بەكارهێنانی وشەكان) ڕۆڵی سەرەكی له دیاریكردنی واتای وشەكاندا دەگێڕێت و هەر ئەویشه بەپێی بەكارهێنانەكان داڕشته و تەرزه ڕێزمانییەكان دیاریدەكات. ئەمەش بۆچوونەكەی سەرەوه پشتڕاستدەكاتەوه، كه پێیوایه له ڕاستییدا (بەكارهێنانی زمان) و پەیداكردنی شارەزایی تێیدا و دواتر بەكۆدكردنی له ئاوەزدا دەبێته بنەما بۆ (توانست / كۆزانیاری زمانی)، نەك به پێچەوانەوه (توانست / كۆزانیاری زمانی) بنەما بێت بۆ (توانای زمانی / واته بەكارهێنانی زمان). دیاره ئەم تێڕوانینەش هەم نوێیه و هەم تێڕوانینێكی تەواو جودایه له تێڕوانینەكانی پێش خۆی و تەنها له دركپێكردنی زماندا بەرجەستەدەبێت.

## ٢/٤-٢) كرۆكی ڕوانینەكانی (بنەمایی بەكارهێنان) لە گۆڕانی داڕشتەی كۆزانیاریی وشەییدا:

تیۆری بنەمایی بەكارهێنان، بیروبۆچوونی نەگۆڕی و چەسپاوی زمان ڕەتدەكاتەوە، دژی جیاكردنەوەی لێكۆڵینەوەی (ئێستای زمان) لەگەڵ (مێژووی زمان)ە و گرنگییەكی زۆر بە گەشەكردنی پلە بە پلەی زمان و گۆڕانی زمان دەدات، لەبەرئەوەی زمان هۆكاری پەیوەندیكردنی مرۆڤەكانە، لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا، ئەو گۆڕانكارییەی بەسەر ژیانی بەكارهێنەرانی زماندا ڕوودەدەن كار لە زمانەكەیان دەكەن و دەبنە هۆی گۆڕینی باوەكان لە پەیڕەوی زمانەكەیاندا، واتە زمان بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە، ئەم گۆڕانەش پلە بە پلەیە و لە ئەنجامی بەكارهێنانی زماندا دێتەكایەوە، كە زۆرجار لە سەرەتادا لە بەكارهێنانێكی تاكە كەسیدا سەرهەڵدەدات و بڵاودەبێتەوە، كەواتە بەهۆی ئەزموونی تاكە كەسێكەوە گۆڕانەكە ڕوودەدات. ئەم تیۆرییە پێیوایە، كە گۆڕانی زمانی بەهۆی گۆڕانی پەیڕەوی ناوەكیی زمان خۆیەوە نایەتەكایەوە، بەڵكو بەهۆی كارلێكردنی كۆمەڵایەتی و بۆنە و بوارەكانی بەكارهێنانەوە دێتەكایەوە، واتە گۆڕان لە زماندا پەیوەندی نییە بە خودی زمانەوە، بەڵكو پەیوەستە بە بەكارهێنانی زمانەوە، كە بە هۆیەوە گۆڕان لە باوەكانی پەیڕەوی زمانییدا دەهێنێتەكایەوە. بە شێوەیەكی گشتی دەتوانرێت بگوترێت تیۆری بنەمایی بەكارهێنان جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە پێكهاتەی زمانی بەهۆی دووبارەبوونەوەی تەرزە دیاریكراوەكانەوە لە بەكارهێنانی زماندا، شێوە وەردەگرن و بەپێی بەكارهێنەرانی زمانەكە، پێكهاتە زمانییەكان و زمانیش بەردەوام لە گۆڕاندا دەبن، گۆڕانەكەش پلە بە پلەیە و بەپێی تێپەڕبوونی كات، دەچەسپێت، ئەم خاڵاندنەش وایكردووە، كە ڕێبازەكانی تری زمانەوانی بانگەشەی نەگۆڕی و چەسپاوی زمان بكەن، بەڵام زمان خاوەنی هەردوو سروشتی ڕێكخراوی و گۆڕانە لەیەك كاتدا. (Bybee,2010,P:1-2) بۆ نموونە، گەر لە بواری خواستنی وشەدا لە وشەی (دیموكراسی) بڕوانین، لە نموونەكانی ژمارە (٥٤) و (٥٥)دا :

(٥٤) (دیموكراسی)ئەمڕۆ دیموكراسییەكی پلە بەندە.

(٥٥) دیموكراتی ئێران لە كۆبوونەوەكەدا بەشداربوون

گەر لە هەردوو وشەی (دیموكراسی) و (دیموكرات)ی نموونەكانی ژمارە (٥٤) و (٥٥) بڕوانین، دەبینین، كە چۆنێتی دەربڕین و ڕێنووسكردنیان جیاوازە و دوو تەرزی جیاوازیان لە بەكاربردنە خواستراوەكەیاندا وەرگرتووە، لە ڕووی واتاشەوە بەهەمان شێوە، چونكە وشەی (دیموكراسی) لە ڕستەی ژمارە (٥٤)دا، زیاتر وەرگرتنێكی ڕاستەوخۆیە لە زمانی ئینگلیزییەوە خواستراوە و هەمان واتاشی هەیە، بەڵام وشەی (دیموكرات) لە ڕستەی ژمارە (٥٥)دا، وەرگرتنێكی ناڕاستەوخۆیە و لە وشەی (الدیمقراطیة)ەی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و لە ئێستادا وەك ناوێك بۆ یەكێك لە حیزبە كوردییەكان بەكاردێت. بەمشێوەیە دەردەكەوێت، كە ئەم وشەیە لە زمانی كوردییدا پێكهاتەكەی و ئەو واتایەی دەیگەیەنێت بەهۆی دووبارەبوونەوەی تەرزە دیاریكراوەكانی وشەكەوە لە بەكارهێنانی زماندا شێوەیان وەرگرتووە و گۆڕانی پلە بە پلەیان تێدا ئەنجامدراوە، هەر لە ئەنجامی بەكاربردنی بەردەوامی وشەكەشەوە گۆڕانكارییەكە لە بارێكدا دەچەسپێت، وەك ئەوەی لە ئێستادا وشەی (دیموكرات) لە ڕستەی ژمارە (٥٥)دا زیاتر

وەک ناوی حیزبێکی کوردی لێهاتووە، هەر بۆیە لە بری ئەوەی بگوترێت (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) دەگوترێت (دیموکرات). بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە نموونەی ژمارە (٥٦) ڕابمێنین:

(٥٦)    سەیارەکەی باپیر علوجە.

وشەی (علوج) وشەیەکی زمانی عەرەبییە، مێژووەکەی بۆ سەرەتاکانی پەیدابوونی ئایینی ئیسلام و فتوحاتی ئیسلامی دەگەڕێتەوە، لەو کاتەدا وشەکە بەو جەنگاوەرە بێباوەڕانەی، کە لە دژی موسوڵمانەکان دەجەنگان دەگوترا، لە کاتی هێرشەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ (بەغداد) وشەکە سەرلەنوێ بەکارهاتەوە، چونکە کاربەدەستانی (بەغداد) لە لایەکەوە نەیاندەویست بە جەنگاوەرێکی بێباوەڕی داگیرکەر بڵێن سەرباز (جندي) و لە لایەکی تریشەوە بۆ وروژاندنی هەستی ئایینی و نەتەوایەتی، وشەی (علوج)یان بۆ بەکارهێنان، دواتر وشەکە بەشێوەیەکی بەرچاو هاتە ناو زمانی کوردییەوە، بەڵام بە واتایەکی تەواو جیاواز لەو واتایەی لە زمانی عەرەبیدا هەیبوو، لە ئێستادا بۆ کەلوپەلێک بەکاردەهێنرێت، کە خاوەنە ڕاستەقینەکەی دیارنەبێت و نەزانرێت لە بنەڕەتدا هی کێیە و سەرچاوەکەی لە کوێوە هاتووە لێرەدا وشەکە لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە وەک خۆی وەرگیراوە، بەڵام بە واتایەکی جوداوە و (تەنانەت لە شاری سلێمانی شوێنێک بەو ناوەوە ناونراوە). هەر لەم ڕوانگەیەوە، با لە نموونەی ژمارە (٥٧) وردبینەوە :

(٥٧)    مامۆستایان لە بەرانبەر پێنەدانی موچەکانیان بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد.

وشەی (بایکوت) ماوەیەکە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، لە زمانی ئینگلیزیەوە، وەرگیراوە، بە هەمان واتا ئینگلیزییەکەیەوە بە کاردێت، کە واتای (پەیوەندی نەکردن، دەوام نەکردن) دەگرێتەوە، بە واتای کەسەکان (کار، ئەرک، چوونەژوورەوە، کۆبوونەوە، بەشداریکرن....هتد)ەکانیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و تا جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، هەڵدەپەسێرن. ڕاستە بە هەمان واتا بنەڕەتییەکەی بەکاردەهێنرێت، بەڵام گۆکردنەکەی لە زمانی کوردییدا جیاوازە، لە گۆکردنی وشەکە لە زمانی ئینگلیزییدا، لە زمانی کوردییدا وشەی (Boycott) وەک (بایکۆت) گۆدەکرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزییدا بە /بۆیکۆت/ دەخوێنرێتەوە، گۆڕانکارییەکە تەنها لە گۆکردنی وشەکەدا ڕوویداوە.

## ٢/٤- ٣) بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی زمانی کوردییدا:

بە گشتی تیۆرییەکانی بنەمایی بەکارهێنان، تەرخانن بۆ بانگەشە و سەلماندنی ئەوەی، کە داڕشتەی زمانیی لە بەکارهێنانی زمانەوە سەرچاوەدەگرێت و ناتوانرێت لە داڕشتەی زمانی بکۆڵرێتەوە بە بێڕەچاوکردن و بەهەند وەرگرتنی سروشتی بەکارهێنانی زمان. زمانپژان بەپێی تێڕوانینی بنەمایی بەکارهێنان وەک کاراکردنی پەیڕەوێکی ڕەمەکی دیاریکراوی کۆزانیاریی ناناسرێت، واتە بوونی کەتیگۆری و یاسا ڕێزمانییەکان بە شێوەی خۆڕسک لە ئاوەزی مرۆڤدا (ئامێری زمانپژان) ڕەتدەکاتەوە و جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی یەکە زمانییەکان، یان پێکهاتەکان پوختەیەکن، کە لە تەرزەکانی بۆنەکانی بەکارهێنانەوە، کە لە لایەن منداڵەوە ئەزموونکراون، دێنەکایەوە و بەهۆی

دووبارەکردنەوەی بەردەوامەوە دەچەسپێن، واتە منداڵ تەرزەکان لە بۆنە و بوارەکانی بەکارهێنانە تاقیکراوەکانەوە وەردەگرێت و لاساییاندەکاتەوە لەگەڵ خستنەگەڕی توانا درکپێکراوەکانی خۆی، وەک(کەتیگۆریکردن، جیاکردنەوە بەپێی لێکچوون و جیاوازی، خستنەپاڵیەک، یادگەی زەوەند و...هتد). بەمەش گەنجینەی کۆزانیارییە زمانییەکەی پێکدەهێنێت. (Evans and green,2006,P:111). لێرەدا دەتوانرێت فێربوونی ناوی کەس، زیندەوەر، کەلوپەل، ئەندامەکانی جەستە و....هتد) بە نموونە بهێنرێتەوە، هەر وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٥٨)، (٥٩)، (٦٠) و (٦١)دا دەسەلمێنرێت :

(٥٨) نانی ات (لانی هات).

(٥٩) وەووەو کخە (سەگەکە پیسە).

(٦٠) چەچی عەت (کێشاوێتی بە دەستمدا)

(٦١) تاوی ویە (چاوم دەیەشێت).

لەم نموونانەدا دەردەکەوێت، کە منداڵ ناولێنانەکانی، چۆنێتی ڕیزکردنی دەربڕاوەکانی بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی خۆی دادەڕێژێت. سەرجەم گۆڕانکارییەکانیش، کە لە وشەکانی نموونەکاندا بەرچاودەکەون ڕاستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

دانانی زمان بە هۆکاری پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی داڕشتە ڕێزمانییەکان لە لایەن جۆری پەیوەندیکردنەوە دیاریدەکرێن، بە پێچەوانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان،[1] کە زیاتر وەک (پێڕەوێکی ژمێریاری) لە زمان دەڕوانێت. بەو پێیەی بە شێوەیەکی گشتی ڕێزمان بە دەستەیەک کەتیگۆری خۆڕسک و سەرەتایی و ڕێسا یەک لە دوایەکەکانی، کە بە شێوەیەکی بایلۆژی لە لایەن فاکەڵتی تایبەتی بیری مرۆڤ دیاریکراون، لێکدەداتەوە.(Diessel,2017,P:2)، بە پێچەوانەوە تیۆری بنەمایی بەکارهێنان گریمانەی (خۆڕسک)ی ڕێزمانی بەرهەمهێنان ڕەتدەکاتەوە، کە لە چوارچێوەی ڕێزمانی جیهانیدا خراوەتەڕوو. بەو پێیەی لەم ڕێبازەدا زمان پێکهاتووە لە داڕشتە (شلەکان)، واتە داڕشتە زمانییەکانی پێڕەوی زمان، وەک چۆن (شلەکان) شێوەی دەفرەکان وەردەگرن، داڕشتەکانی زمانیش بەهەمان شێوە لە لایەن جۆری پەیوەندیکردن، یادگە و پێواژۆکان لە قاڵب دەدرێن و شێوەکانیان وەردەگرن، کە ئەم بۆچوونە تەواو جیاوازە لە تێڕوانینی بەرهەمهێنان، کە پێیوایە داڕشتەی زمانی بەپێی چەند چەمکێکی زمانی خۆڕسکی بۆماوەیی بنیاتنراون. گەر لە جۆری پەیوەندیکردن و ژینگەی پەیوەندیکردن وردبونەوە بکرێت، دەبینرێت، کە وردەکاری جۆری پەیوەندیکردن، داڕشتە زمانییەکەی ئاخاوتنی پێدەکرێت، دیاریدەکات، هەر بۆیە دەبینرێت ئاخاوتنی ڕامیاری کۆڕ و کۆنفرانس و چاوپێکەوتن لە ڕاگەیاندنەکان داڕشتەیەکی فەرمین و کەمتر داڕشتەی زمانی گۆڕاو و وشەی نافەرمی تێدا بەکاردێت، لە کاتێکدا جۆری پەیوەندی و ژینگەی زمانیی

---

١- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی زمانێژان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بڕوانە : (حمد،٢٠١٤، ل:٣٧-٣٩).

ئاخاوتنی ناو بازاڕ و ماڵەوە، تا ڕادەیەک زمانی هونەر و شیعر و گۆرانی... هتد زمانێکی گۆڕاو و داڕشتەیەکی جیاواز وەردەگرن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با بەراوردێکی ئاخاوتنی (آ و ب)ی نموونەی ژمارە (٦٢) بکەین :

(٦٢) أ– ئەگەر جەنابتان قبووڵ بفەرموون، ئەو داواکارییەم بۆ واژۆ بکەن، مەمنون ئەبم قوربان.

ب – کاکە دەوەرە، سەعاتێکە چاوەڕێم، ئەو وەرەقەیەم بۆ ئیمزا کە زۆرم پەلەیە.

ئەگەر لە نموونەکانی ژمارە (٦٢-أ) و (٦٢- ب) وردبینەوە، دەبینین کە نموونەی ژمارە (٦٢-أ) زیاتر لە داواکارییەکی فەرمی دەچێت لە ژینگەیەکدا ،کە پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر، بریتییە لە پەیوەندییەکی فەرمی، هەر بۆیە وشەکان و ڕێکخستنیان زیاتر کلێشەئاسایە، واتە لەم جۆرە ژینگانەدا وەک کلێشەیەک بە بەردەوامی دووبارەدەبێتەوە، بەڵام لە نموونەی ژمارە (٦٢- ب) لەگەڵ ئەوەی ژینگەکە ژینگەی کارکردنە، بەڵام پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر، پەیوەندییەکی هاوڕێیانەیە، واتە نافەرمییە، هەر بۆیە داواکارییەکە لە قاڵبی ئاخاوتنێکی ڕۆژانەی ئاساییدایە، زیاتر لە قسەی دوو هاوڕێ دەچێت، کە بەردەوام و بەپێی گۆڕانە باوەکانی سەردەم، گۆڕانکاری بەسەردادێت.

## ٢/٤- ٤) بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی ڕێزمانی زمانی کوردییدا:

ئامانجی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی ڕێزمان لە زانستی زمانی درکپێکرندا، لە پێناو هێنانەکایەی ئەسکەلە(Schema)یەکە بۆ شیکردنەوەی داڕشتەی زمانی، کە لەسەر بنەمای پێواژۆ گشتییەکانی درکپێکردن بنیاتنرابێت. ئەو پێواژۆیانەش تەنها پەیوەستنین بە زمانەوە، بەڵکو بە هەموو دیاردە درکپێکردنەکانی، وەک : (بینین، سەرنجدان، گۆشەنیگا، پەیپێبردن و...هتد) ەوە پەیوەستن، کە ئەمەش تەواو پێچەوانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنانە، کە تێیدا چەق و ناوەڕۆکی کۆزانیاریی ڕێزمانیی بەکارهێنەری زمان دەگەڕێنرێتەوە بۆ فاکەڵتییەکی تایبەتی ئاوەز، کە کەتیگۆرییە باوەکانی (بکەر، بەرکار، فرێزی ناوی،...هتد) و کۆت و بەندەکانن و بۆ زمان گرنگن. لە ڕێبازی درکپێکردندا فاکەڵتی تایبەتی زمان بوونی نییە، لەم تێڕوانینەوە ڕێزمان لە شارەزاییەوە سەرهەڵدەدات و لە بری ئەوەی نەگۆڕ و چەسپاو و ڕێسای بۆماوەیی و هەڵگیراو بێت، وەک پێڕەوێکی گۆڕاو، یان وەک تۆڕبەندێکی گۆڕاو سەیردەکرێت، کە هەموو هێما زمانییەکانی تێدا بەهۆی لقی جۆراوجۆرەوە پێکەوە بەستراون، کە دەتوانرێت، وەک تۆڕبەندی کارلێکردنی هێما زمانییەکان دابنرێت.(kapatsinski,2014,P.P:2). هەر لە ڕوانگەی گرنگی دیاردە درکپێکردنەکان لەسەر چۆنێتی ڕێکخستن و ڕیزکردنی وشەکانی ڕستە، ئەگەر دیاردەی (سەرنجدان) لە دیاریکردن و ڕێکسختنی وشەکانی ناو ڕستەیەک، بە نموونە وەربگیرێت، دەردەکەوێت، کە تاکە دیمەنێکی دیاریکراو، دەتوانێت بە چەندین ڕستە دەرببڕێت، بۆ نموونە (دیمەنی بە تۆپ یاریکردنی باپیر و شکاندنی پەنجەرەیەک بە هۆی هەڵدانی تۆپەکەیەوە)، بەپێی سەرنجدانی ئاخێوەر و گرنگێتی و زەقکردنەوەی دیمەنەکان، چۆنێتی ڕیزکردنی وشەکانی ناو ڕستەکان دەگۆڕێت، ڕستەکانی ژمارە (٦٣)، (٦٤)، (٦٥) و (٦٦) سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن:

(٦٣)	پەنجەرەکە شکێنرا.

(٦٤)	پەنجەرەکە بە تۆپ شکێندرا.

(٦٥)	بە تۆپ پەنجەرەکە شکێندرا.

(٦٦)	باپیر پەنجەرەکەی شکاند.

لەم ڕستانەدا (دیمەنێکی دیاریکراو) بەپێی خاڵی سەرنجدانی ئاخێوەر و گرنگیدانی بە خاڵێکی دیاریکراوی دیمەنەکە، بە چەند داڕشتەیەکی ڕێزمانی جیاواز دەربڕاوە، لە ڕستەی ژمارە (٦٣)دا سەرنجی ئاخێوەر زیاتر لەسەر ئەنجامی دیمەنەکەیە، واتە وێنە کۆتاییەکەی پەنجەرەکە، بەلام لە ڕستەی ژمارە (٦٤)دا زیاتر سەرنجی ئاخێوەر لەسەر خودی پەنجەرەکەیە، لە ڕستەی ژمارە (٦٥)دا بە ڕوونیدیارە، کە ئامراز یان هۆکاری شکاندنەکە زەقکراوەتەوە، بەلام لە ڕستەی ژمارە (٦٦)دا بکەری شکاندنەکە گرنگیپێدراوە و خاڵی سەرنجی ئاخێوەرە، کە بۆتە هۆی ڕوودانی شکاندنەکە. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەوە لە گفتوگۆکانی نموونەی ژمارە (٦٧) بڕوانین:

(٦٧)	أ- ئەرێ ئازاد گەیشتە چی ؟ پێی وت ؟!

ب- بەڵێ پێی وت و کچەکەش دڵیشکاند.

أ- چۆن ؟

ب - ئەی ڕەتیکردەوە قوربان و ڕازینەبوو.

أ- جا ئەوەکەی شکانە، ئەوە دروستبوون و نەجاتبوونە.

ئەگەر لە نموونەی ژمارە (٦٧) وردبینەوە، دەبینین، کە وشەی (شکاندن) بە شێوەیەکی ئەنالۆژییانە بەکارهاتووە، چونکە شکاندن بۆ شتومەکی کۆنکرێتە، بەلام لێرەدا بۆ (دڵ) بەکارهاتووە، کە واتای (ڕەتکردنەوە) دەگەیەنێت. جگە لەوەش تێڕوانینی ئاخێوەرەکان بۆ چەمکی (ڕەتکردنەوە) لە یەکتر جیاوازە، هەر یەکەیان بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوەی خۆی لە ژیاندا، واتای بۆ (ڕەتکردنەوە) دیاریکردووە، ئاخێوەری یەکەم بە شێوەیەکی نەرێنی لێیدەڕوانێت، بەلام ئاخێوەری دووەم بە واتای سەر لەنوێ دروستبوونەوە و نەجاتدان لێیدەڕوانێت.

بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە داڕشتەی مۆرفۆلۆژی (ناو+چی) بڕوانین ،کە ئەم داڕشتەیە لە زمانی کوردییدا ناوی پیشە دەهێنێتەکایەوە ،بەلام جگە لە ناوی پیشە زۆرجار ڕوودەدات ،کە بەشێوەیەکی ئەنالۆژییانە ئەم داڕشتەیە هەندێک جار ناوی ئەبستراکت دەهێنێتەکایەوە، وەک لە نموونەی ژمارە (٦٨)دا دەردەکەوێت :

(٦٨)	ساختەچی

ئەم وشەیە بەشێوەیەکی ئەنالۆژییانە، بەپێی تێڕوانینی جودا و ئەزموونی تاقیکراوەی بەجەستەکراوی جیاواز دروستکراوە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لێیبڕوانین دەبینین ،کە وشەی (ساختەچی) بەرانبەر واتای کەسی (فێڵباز، قۆڵبڕ) دەوەستێتەوە، کە وەک پیشەیەکی لێهاتووە و کەسەکەی پێدەناسرێتەوە ،بەلام ئەم واتایە کاتێک لای ئاخێوەر

بوونی دەبێت ،کە ئەزموونی تاقیکراوەی لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا هەبێت، بۆیە ئەم وشەیە بەشێوەی ئەنالۆژی لە ڕووی ڕێزمانەوە دروستبووە، بەڵام لە ڕووی واتاوە واتایەکی ئینسکلۆپیدییانەی هەیە و چەند گۆشەنیگای جودا جودا لە دیاریکردنی واتاکەیدا ڕۆڵ دەگێڕن بۆ نموونە با لە دوو ڕستەی ژمارە (٦٩) و (٧٠) بڕوانین :

(٦٩) بەخوا پیاوێکی ساختەچییە.

(٧٠) ساختەچێتی بە شیرەوە خواردووە.

دەبینین، کە لە ڕستەی ژمارە (٦٩)دا مەبەست لە کەسی (قۆڵبڕ یان فێڵباز)ە ،کە دەستبڕین و فێڵکردنی لە خەڵکی کردۆتە پیشە و پارەی پێپەیدادەکات، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (٧٠)دا زیاتر مەبەست هەردوو تایبەتمەندییەکەیە پێکەوە، واتە پیاوەکە هەردوو خاسیەتی (فێڵبازی و قۆڵبڕین)ی کردۆتە ئەدگاری کەسێتی خۆی و لێیجیانابێتەوە. بێگومان، لە ڕستەی ژمارە (٦٩)دا پیاوەکە پیشەکەی ساختەچێتییە، بەڵام لە ڕستەی ژمارە (٧٠)دا پیاوەکە خاسیەت و ئەدگاری کەسێتییەکەی بووە بە ساختەچی، واتە پیاوی ڕستەی ژمارە(٧٠) قۆناغێکی پێشکەوتووتری ساختەچێتییە، بێگومان، ئەمەش پەیوەستە بە بۆچوون و گۆشەنیگاو پەیپێبردن و ئەزموونی تاقیکراوەی ئەو دووکەسەی، کە دەربارەی هەمان پیاو لە ڕستەی ژمارە (٦٩) و (٧٠)دا دەربڕاوە.

بۆ جەختکردنەوە لەسەر گرنگی دیاردە، یان توانا درکپێکردنەکانی ئاوەزی مرۆڤ و سەلماندنی ڕاستی ئەوەی، کە دیمەن، ڕووداو و هەر شتێک لە چواردەوری مرۆڤدا بوونی هەبێت و ڕووبدات بەپێی مرۆڤەکان و چۆنێتی تێڕوانین و سەرنجدان و پەیپێبردن و درکپێکردنی خودی مرۆڤەکان، دەگۆڕێت و دواتر لە شێوەی داڕشتن و ڕێکخستنی ڕستەکاندا ڕەنگدەدەنەوە. باشترین نموونە بریتییە لە چۆنێتی باسکردنی ڕووداوێکی هاتووچۆ لە لایەن شایەتحاڵەکانەوە، کە هەرچەندە تاکە یەک ڕووداوی دیاریکراو ڕوویداوە، بەڵام هەر یەکێک لە بینەرانی ڕووداوەکە بەپێی گۆشەنیگای خۆی بە داڕشتەی ڕێزمانی جیاواز دایدەڕێژنەوە، هەر وەک لە ڕستەکانی ژمارە (٧١)، (٧٢) ،(٧٣) و (٧٤) دەردەکەوێت :

(٧١) بینەری یەکەم : ئۆتۆمبێلەکە خێرا دەڕۆیشت.

(٧٢) بینەری دووەم : ئۆتۆمبیلەکە ئیستۆپی تیانەمابوو.

(٧٣) بینەری سێیەم : جادەوبان ماڵی عالەمی وێرانکرد.

(٧٤) بینەری چوارەم : پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ هۆکارە.

هەرچەندە ڕستەکانی ژمارە (٧١)، (٧٢)، (٧٣) و (٧٤) باس لە یەک ڕووداوی دیاریکراو دەکەن، بەڵام ئەگەر گوێگر ئاگاداری ڕووداوەکە نەبێت، نازانێت، کە ئاخێوەرەکان بەسەرهاتی یەک ڕووداوی هاتووچۆ دەگێڕنەوە، چونکە هەریەکەیان بەپێی گۆشەنیگا و پەیپێبردنی خۆی باس لە ڕووداوەکە دەکات، کە ئەمەش لە داڕشتنی ڕستەکان دا ڕەنگیداوەتەوە، بینەری یەکەمی ڕووداوەکە بەپێی گۆشەنیگای خۆی خێرا ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکەی بە هۆکاری ڕووداوەکە داناوە، ئەم گۆشەنیگایەشی بە ڕستەی ژمارە (٧١)دا بە قاڵبی ڕێزمانی

[ڕ[ف.ن[ن ئۆتۆمبیل[م.دیاریخەر-ەکە]]][ف.ک[ئەدقێربڵ خێرا[ک. دەڕۆیشت]]]] داڕشتووە.

بەهەمان شێوە بینەری دووەمی ڕووداوەکە بەپێی تێڕوانینی خۆی هۆکاری ڕووداوەکەی دیاریکردووە، کە نەمانی ئیستۆپی ئۆتۆمبیلەکەیە و تێڕوانینەکەشی بە ڕستەی ژمارە (٧٢) بە قاڵبی ڕێزمانی

[ڕ[ف.ن[ن ئۆتۆمبیل[م.دیاریخەر-ەکە]]][ف.ک[تەواوکەر ئیستۆپی[ک. تیانەمابوو]]]] داڕشتووە.

بینەری سێیەمی ڕووداوەکەش بەپێی پەیپێبردنی خۆی هۆکاری ڕووداوەکەی بۆ جادەوبان گەڕاندۆتەوە و ئەم پەیپێبردنەشی بە ڕستەی ژمارە (٧٣) بە قاڵبی ڕێزمانی

[ڕ[ف.ن[ن جادەوبان]][ف.ک[بەرکار ماڵی عالەمی[ک. وێرانکرد]]]] داڕشتووە.

بینەری چوارەمی ڕووداوەکە بەپێی سەرنج و تێگەیشتنی خۆی پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆی بەهۆکاری ڕووداوەکە داناوە، ئەم سەرنجدان و تێگەیشتنەی بە ڕستەی ژمارە (٧٤) بە قاڵبی ڕێزمانی

[ڕ[ف.ن[ن پابەندنەبوون]][ف.ک[بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەیاسا و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ[ک. تەواوکەر هۆکار[ە]]]]] داڕشتووە .

هەرچەندە بینەرانی ڕووداوەکە، باس لە یەک ڕووداو دەکەن، بەڵام تەواو لە یەکتر جیاوازن، کە ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە زمان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ، کە شارەزاییەکانی دەخوڵقێنن و دواتر لە ڕستە و دەربڕاوەکانیدا ڕەنگدەدەنەوە.

توانا درکپێکردنەکانی ئاوەزی مرۆڤ، توانای جیاکردنەوە، پۆلکردن، خستنەپاڵیەک، دەرخستنی لێکچوون، جیاوازی، ناسینەوە و... هتد بە مرۆڤەکان دەبەخشن، جگە لە بیروبۆچوون و پەیپێبردنی مرۆڤەکان خۆیان، لەگەڵ دەوروبەری بەکارهێنان، هەموو ئەمانە شارەزایی مرۆڤ دەنەخشێنن، ئەم شارەزاییەش لەناو یادگەدا دادەکرێت و لە ئەنجامدا نواندنە درکپێکردنەکانی مرۆڤ دێتەکایەوە، کە پێی دەگوترێت ڕێزمان (Dabrowska and Divijak, 2015,P:711)

ئەم تیۆرییە پێیوایە، کە بەکارهێنەری زمانێکی دیاریکراو، دەربارەی زمانەکەی، زۆر زیاتر لە یاسا گشتییەکانی ڕێزمان و یەکەکانی، وەک : (بکەر، بەرکار، تەواوکەر و...هتد)، دەزانێت، بۆ نموونە، لە زماندا زۆر دەربڕاو هەن، کە فۆڕم و واتای دیاریکراویان هەیە، بەڵام ناتوانرێت بەپێی پرەنسیپ و یاساکانی ڕێزمان لێکبدرێنەوە، وەک ئیدیۆمەکان، کە لە ڕاستییدا بەشێکی زۆر لە بەکارهێنانی زمان پێکدەهێنن. هەروەها ئەم تیۆرییە جەختدەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی ئاخێوەر و گوێگر لە چۆنێتی ڕێکخستن و ڕیزکردنی ڕەگەزەکانی ڕستە، واتە چۆنێتی تێگەیشتن، تێڕوانین، گۆشەنیگای ئاخێوەر و گوێگر و زەقکردنەوەی ڕوکارێکی دیاریکراوی دیمەنێک هۆکاری سەرەکین بۆ ڕێکخستن و ڕیزکردنی

ڕەگەزەکان، بەوەی کام بەشەی دیمەنێکی دیاریکراو زەقدەکەنەوە و کام بەشانەی تری دیمەنەکە دەکەن بە باکگراوند و تەرزی ڕستەکان دیاریدەکەن. (Eills,O’Donnell,and Romer,2018, P:165).

زانستی زمانی درکپێکردن، بە تایبەتی بنەمایی بەکارهێنان بە پێچەوانەی زمانەوان و قوتابخانە زمانەوانییەکانی پێش خۆیان، یەکە زمانییەکانی وەک (ڕستە، فرێز و...هتد)، کە بەپێی یاسای ڕێزمانی دیاریکراو هەڵگوێزراون، وەک یەکەی ڕاستەقینەی زمان، سەیرناکات، بەڵکو بە دانەی تیۆریی ناو زمان ئەژماریان دەکات، چونکە هەر یەکێک لەم یەکانە بەپێی یاسایەکی شاوەچەی ناو یاساکان پێکهاتوون، کە لە ڕاستییدا و لە بەکارهێنانی زماندا مەرج نییە دەربڕاو و یەکە زمانییەکان بەو شێوەیە بن، لەو کاتەی زمانەوانەکان خەریکن یاساکان بدۆزنەوە و بەمۆدێلیان بکەن، دەبینرێت لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زماندا بەو جۆرە، بەکارنایەن، چونکە لە بەکارهێنان و دەقەکاندا واتاکان دەردەکەون و تێگەیشتن (کە ئامانجی سەرەکی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی زمانە) بە هۆی ئەو ڕستانەشەوە ڕوودەدەن، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە، یان گۆکردنەوە ناتەواون، هەر بۆیە یاساکان و ڕێزمان و خودی ڕستەش بە بوونێکی تیۆری دادەنێن، کە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان جیاوازن، واتە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی زماندا مەرج نییە پابەندبوون بە ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکانەوە تێگەیشتن و پەیوەندیکردن بسازێنێت، بەڵکو ڕوودەدات لە هەندێک باری ئاخاوتندا ڕستە و دەربڕاوەکان لە ڕووی ڕێزمانەوە، یان گۆکردنەوە، ناتەواون و وەک ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە نموونەیی نین و وابەستەیان نین، بەڵام لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا و لە نێوان ئاخێوەراندا پەیوەندیکردنیان پێئەنجامدەدرێت و تێگەیشتن دەهێنێتەکایەوە. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی، کە ڕێسا و یاسا زمانییەکان زیاتر بوونێکی تیۆریین و توانا درکپێکردنەکانی ئاوەزی مرۆڤ ڕۆڵدەبینێت لە دیاریکردنی واتا و تێگەیاندن و دروستکردنی پەیوندیکردندا. واتە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی زماندا مەرج نییە ڕێسا و یاسا ڕێزمانییەکان و پێوەست بوونی ئاخێوەر پێیانەوە، بەردەوام ڕستەی واتا دروستی ڕێزمان دروست بهێننە ئاراوە، پێچەوانەکەشی تەواو ڕاستە، چونکە ئاخێوەری هەر زمانێک بە کاریگەری ئەزموونی تاقیکراوەی وەرگیراوی بەجەستەکراو لە ئاوەزییدا لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە دەشێت دەربڕاو و ڕستەی وەها بەرهەمبهێنێت، کە تەنها لە ڕووی ڕێزمانەوە، یان لە ڕووی واتاوە، یان لە ڕووی هەردوو ڕێزمان و واتاوە نارێزمانی و نالۆژیکی بێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەزموونی تاقیکراوەی تاکێتی تاک و ئەزموونی تاقیکراوەی کۆی ئەو کۆمەڵەی، کە تاکەکە ئەندامە تێیدا (کە زیاتر مەبەست لە کلتوری کۆمەڵەکەیە) درکپێکردنی بۆی هەبێت و زۆر ئاسان بشتوانرێت پەیوەندیکردنی پێئەنجامبدرێت، واتە زمان دەربڕاوی زۆری تێدایە، کە نارێزمانین، بەڵام پەیوەندیکردنیان پێئەنجامدەدرێت، یان نالۆژیکی و درکپێکردنیان پێبەرهەمدێت، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە ڕستەکانی ژمارە (٧٥) و (٧٦) بڕوانین :

(٧٥) غەڵەتیش مەلا دەکات.

(٧٦) هەتاوەکەی فێنکە.

ئەگەر لەم دوو نموونەیە وردبینەوە نابێت لە ڕووی لۆژیکەوە بە دروست وەربگیرێن، چونکە نالۆژیکین لەبەرئەوەی لە نموونەی ژمارە (٧٥)دا مەلایە، کە غەڵەت دەکات، واتە کەسە، کە کردەیەک جێبەجێدەکات، نەک کردەیەک بتوانێت کەسێک جێبەجێبکات، هەروەها ڕستەی ژمارە (٧٦)دا بە هەمان شێوە نالۆژیکییە، چونکە بەپێی لۆژیک هەتاو گەرمی بەخشە نەک فێنکی، بەلام ئەزموونی تاقیکراوەی ڕاستەقینەی ژیانی ڕۆژانەی ئاخێوەر ئەم دوو جۆرە نالۆژیکییەی ڕستەکان بە لۆژیکی ئەژماردەکات، پەیوەست بە ئەزموونە تاقیکراوە بەجەستەکراوە ئاوەزییەی، کە ئاخێوەران هەیانە بە شێوەیەک لە ڕستەی (٧٥)دا زیاتر مەبەست لەو درکپێکردنەیە، کە ئاخێوەر دەربارەی (مەلا) هەیەتی، چونکە مەلا وەک کەسێکی شارەزا و زانا لە کۆمەڵگادا سەیردەکرێت،بەلام مەرج نییە لە هەموو کاتێکدا هەر مەلا بێت و هەر ڕاستگۆ بێت و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی هەڵەنەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەشێت هەڵەبکات، هەربۆیە وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە مەلاش هەڵەدەکات و بۆ دەرخستنی ئەمە ئاخێوەر لە کاتی گۆکردنی دەربڕاوەکەدا بەو شێوەیە دەریدەبڕێت.

ئەوەی گرنگە بگوترێت ئەوەیە، کە لەم زانستەدا دەربڕاو[1] و ڕستە لە یەکتر جیاوازن، دەربڕاوەکان یەکەی بێهاوتا و بەرهەمهێنراوی هەنووکەیی بارودۆخێکی دیاریکراوی بەکارهێنانی زمانن، بەلام ڕستەکان دانەی لە قاڵبدراوی نەگۆڕ و چەسپاون. دەربڕاوەکان لەوانەیە تاکە وشەیەک بن ،یان فرێزێک بن، یان ڕستەیەک بن بەهۆی هیلاکی، بێتاقەتی، یان نەخۆشی قسەکەرەوە، لە ڕووی ڕێزمان و گۆکردنیشەوە هەڵەبن. ڕستەکان بوونی ئەبستراکتی زمانن، یەکەی بیرین. ڕستەیەک، کە لە فرێزێکی ناویی و فرێزێکی کرداری پێکدێت، تایبەتمەندە و شوێن و ئەرکی هەریەکێکیانی تێدا دیاریکراوە، کەواتە بنەمای ڕستەکان تەرزە شاوەچییەکانی ناو دەربڕاوەکانن، کە جیاوازن لە خودی دەربڕاوەکان، چونکە دەربڕاو هەنووکەییە و بە بێ بیرکردنەوە لە گونجان و ڕاستی و دروستی ڕێزمانی، یان ڕاستی و دروستی گۆکردن، بەکارهێنەری زمان دەریاندەبڕێت، بەلام ڕستەکان بەپێی تەرزە نەگۆڕەکان پێکدێن، هەر بۆیە زانستی زمانی درکپێکردن گرنگیدەدات بە دەربڕاوەکان، نەک ڕستەکان [2].( Evans and Green,2006,P:111). دەشێت دەربڕاوەکان تاکە وشەیەک بن وەک لە نموونەی ژمارە (٧٧)دا دەخرێتەڕوو:

(٧٧)   (چۆنی)

لێرەدا وشەی (چۆنی)، کە ئاخێوەر بەکاریدەهێنێت، زۆرجار بۆ هەواڵپرسین نییە ،بەڵکو وەک دەسپێکێکی قسەکردن ئاخێوەر پەنای بۆ دەبات.

دەربڕاوەکان لەوانەیە فرێزێک بن، وەک لە ئاخاوتنەکانی نموونەکانی ژمارە (٧٨) و (٧٩)دا دەردەکەون:

---

[1]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (Evans,2007:P:217-218)

[2]- لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بە پێچەوانەی ڕێزمانی درکپێکردن گرنگی دەدرێت بە ڕستە و تەرزەکانی ڕستە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:(مەحوی، ٢٠٠١، ل:٢٢٦)

(٧٨)　أ- خۆزگە نەدەهات.

ب- جاکوا ؟

(٧٩)　أ- با ڕۆژێک بچینە دەرەوە

ب- بۆنا ؟

لە نموونەی ژمارە (٧٨- ب)دا(جاکوا) خۆی لە خۆیدا وەڵامێکی هەنووکەییە و لە بارودۆخێکی ئاخاوتنی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت، کە دەربڕاوێکە چەمکی هیوا و خۆزگە دەگەیەنێت.بە هەمان شێوە لە نموونەی ژمارە (٧٩- ب)دا (بۆنا) دەربڕاوێکە، کە ئاخێوەر بۆ کورتبڕی و لە هەمان کاتیشدا بۆ گەیاندن و پیشاندانی چەمکی حەزکردن و ڕازیبوون بەکاریهێناوە.

دەکرێت دەربڕاوەکان ڕستەیەک بن، وەک لە نموونەکانی ژمارە (٨٠) و (٨١)دا دەردەکەوێت :

(٨٠)　أ- بچم کتێبەکان بهێنم ؟

ب- چوو هێنای.

(٨١)　أ- ئەزانی کوڕەکەیان هیلاکە ؟ پێیان وتوون نامێنێت.

ب- وانەڵێیت ! گاڵتە !

ڕستەی (٨٠- ب) وەڵامێکی هەنووکەییە لە کاتی ئاخاوتنی نێوان دوو بەکارهێنەری زمانەکەدا، کە بەشێوەیەک وەڵامە بۆ پرسیاری (بچم کتێبەکان بهێنم؟)، بەڵام دەبێت ئاخێوەر لە وەڵامەکەدا ڕەچاوی کاتی ناو ڕستەکە بکات لەبری (چوو بیهێنێت)، لە وەڵامێکی هەنووکەییدا بێ ڕەچاوکردنی کاتی ڕستەکە دەڵێت (چوو هێنای). بەهەمان شێوە لە ڕستەکانی ژمارە (٨١- آ) و (٨١- ب)دا دەردەکەوێت، کە کاتێک گوێگر هەواڵێکی کاریگەر، کە جێگەی سەرسوڕمانە، دەبیستێت بۆ دەرخستنی سەرسوڕمان و باوەڕ پێنەکردنەکەی بە دەربڕاوەکانی ژمارە (٨١- ب) وەڵامی ئاخێوەر دەداتەوە، کە لە ڕاستییدا ڕستە نین، بەڵام دەربڕاوی پڕواتان و پڕواتاییەکەشیان بەندە بە بارودۆخی گوتن، تێگەیشتن و پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و گوێگر.

## ٢/٤- ٥) بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە داڕشتەی دەقدا:

زانستی زمانی درکپێکردن بە گشتی و تیۆری بنەمایی بەکارهێنان بە تایبەتی، گرنگیدەدات بە بەکارهێنانی زمان و بە بنەمای کۆزانیاریی زمانی دادەنێت. بەکارهێنانی زمانیش لە لایەن ئاخێوەر و گوێگرەوە لە کارلێکی پەیوەندیکردندا، لە دەقەکاندا ئەنجامدەدرێن، هەر بۆیە دەقی بەکارهێنان لەم زانستەدا بە چەق و خاڵی سەرەکیی دادەنرێت، ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر دیاریکردنی واتای وشەکان لە لایەن ئەو دەقانەی، کە تێیاندا دەردەکەون، دەکاتەوە. هەرچەندە وشەکان واتای بەکۆدکراوی فەرهەنگییان هەیە، کە لە ڕێبازی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بە واتای بەکۆدکراو، یان واتای سیمانتیکی خراوەتەڕوو، بەڵام ئەم جۆرە واتایە لە زانستی زمانی

دركپێكرندا به واتایەكی ئەبستراكت دادەنرێت و هەروەها بانگەشەی ئەوە دەكات، كە واتای ڕاستەقینەی وشەكان لە دەقی بەركارهێناندا دەردەكەون و دیاریدەكرێن، واتە هەموو وشەیەک واتایەكی فەرهەنگی هەیە، بەڵام ئەم واتایە واتای تەواو و ڕاستەقینەی وشەكان نین، كاتێک لە دەقێكدا بەكاردەهێنرێن واتاكانیان دەردەكەون، واتە دەقی بەكارهێنان واتای وشە دیاریدەكات (Evans and Green,2006,112-113). ئەمەش بە ڕوونی واتای بەكارهێنان (پراگماتیک) دەگرێتەوە، كە لە تیۆری بنەمایی بەكارهێنان، گرنگییەكی زۆری پێدەدرێت، واتە واتایەكی تر، كە دەق دەیبەخشێتە وشە، جگە لە واتا فەرهەنگییەكەی پێیدەگوترێت واتای بەكارهێنان (پراگماتیک)، لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت وشەكانی زمان جگە لە واتا بەكۆدكراو و باوەكانیان، واتایەكی تریان هەیە، كە لە ئەنجامی بەكارهێنانەوە، دەقەكان بە وشەكانی دەبەخشن، كە پەیوەستە بە بەكارهێنانەوە و واتای ڕاستەقینەی وشەكان دەنەخشێنن. زانستی زمانی دركپێكردن پێیوایە، كە واتای سیمانتیكی واتایەكی ئەبستراكت و نموونەییە و لە بنەڕەتیشدا لە ئەنجامی بەكارهێنانەوە سەریهەڵداوە. ئەوەی لەم زانستەدا گرنگی پێدەدرێت بریتییە لە واتای بەكارهێنان (پراگماتیک) و بە واتای ڕاستەقینەی وشەكانی دادەنێن، كە لە ڕێگەی بەكارهێنانەوە شارەزایی دەربارەیان پەیدادەبێت و لە ڕێگەی پێنج هەستەوەرەكەوە ئەزموون دەكرێن و لە زماندا بەكۆددەكرێن.

ئەم بۆچوونەی زانستی زمانی دركپێكردن لە بنەڕەتدا حەقدانە بە واتای پراگماتیكی و هێنانەوەیەتی بۆ ناوجەرگەی زمانەوانی، جیاواز لە بۆ چوونە باوەكان، كە واتای پراگماتیكی، (واتە واتای بەكارهێنان و خودی بەكارهێنانی زمان) بە زانستێكی یاریدەدەری زمانەوانی دادەنێن، ڕەنگە بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە زمانییە سەر لە نوێ ناونانەوەی ناولێنراوەكان بێت، كە تێیدا كەرەستەیەكی ناولێنراو (هێما بۆ دانراو، بەكۆدكراو) لە لایەن كەسانی خاوەن سەلیقەی زمانەوانی زمانەكەوە بۆ هەر مەبەستێكی (بازرگانی، كەمكردنەوە، زیادەڕۆیی، نازناو.. هتد) سەر لە نوێ ناوی لێدەنرێتەوە، بۆ نموونە، هەر وەک لە نموونەكانی ژمارە (٨٢)، (٨٣)، (٨٤) و (٨٥) دەخرێتەڕوو :

(٨٢) میک زەمینی ← شلەخەجێ.

(٨٣) لاندكرۆزەر ← مۆنیكا، وەنەوشە.

(٨٤) پیكئابی دەبڵ ← مەرزیە.

(٨٥) نوكە ← جەڵتە.

هەر وەک لە نموونەكاندا خراوەتەڕوو، لە ئێستای زمانی كوردییدا ئەم وشانە بەكارهێنانی بەرفراوانیان هەیە و لە بری ناوە ڕەسەن و كۆنەكانیان بەكارهێنەری ئەمڕۆی زمان بەكاریاندەهێنێت.

شایەنی گوتنە، كۆزانیاریی ئاخێوەر و گوێگر لەگەڵ بارودۆخی گوتن و وشەكانی لە ناو دەربڕاوەكاندا بوونیان هەیە و واتای وشە دیاریدەكەن، ئەمانەش ناتوانرێت جیابكرێنەوە لە یەكتر، بەڵكو هەموویان بەیەكەوە واتای وشەكە دیاریدەكەن، با كەمێک لە دەربڕاوەكانی ژمارە (٨٦)، (٨٧)، (٨٨)، (٨٩) ڕابمێنین :

(٨٦)     ئەمەی ڕووئەدات دەستە.

(٨٧)     دەستخۆش.

(٨٨)     دەستت سووکبگرە.

(٨٩)     دەستت قورسبکە، ئینجا وەرە.

لەم دەربڕاوانەدا وشەی (دەست) بە واتای جیاواز، بەپێی وشەکانی پاش و پێش خۆی لەگەڵ کۆزانیاریی ئاخێوەر و گوێگر بەکارهاتووە، لە زمانی کوردییدا وشەی (دەست) بەزۆری وەک (جووڵێنەری بابەت)ێک بەکاردەهێنرێت وەک لە دەربڕاوی ژمارە (٨٦)دا دەردەکەوێت، کە مەبەستەکەی ئەوەیە کەسێک، یان لایەنێک هەیە بە نهێنی لە پشت ڕووداوەکەوەیە و بابەتەکە دەجوڵێنێت. بەهەمان شێوە لە نموونەی ژمارە (٨٧)دا وەک سوپاسکردن لە پاش کردنی کارێک بە کەسێک (گوێگر) گوتراوە.هەروەها نموونەی ژمارە (٨٨)دا داواکارییەکی خوێندکارانە لە مامۆستاکەیان بۆ ئەوەی نمرەی زۆریان لێنەشکێنێت، لە ڕستەی ژمارە (٨٩)شدا داواکارییەکە، بۆ هێنانی دیاری، یان شتومەک، لێرەدا دەردەکەوێت واتای وشە پەیوەستە بە ئاخێوەر و گوێگر و جۆری ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوانیاندا هەیە، لەگەڵ ئەو وشانەی لە دەقەکەدا هاوەڵی وشەکە دەبن. هەر لەم ڕوانگەیەوە، با لە نموونەی ژمارە (٩٠) وردببینەوە:

(٩٠)     قەڵەمەکەم بدەرێ .

دەبینین، کە ڕستەی ژمارە (٩٠) پێدەچێت داواکاری مامۆستا، یان خوێندکارێک بێت و داوای قەڵەمێک بکات، کە پێی بنووسێت، بەهەمان شێوە پێدەچێت داواکاری باخەوانێک بێت و مەبەستی قەڵەمی گوڵەباخ یان دارێک بێت، هەروەها لەوانەیە داواکاری وەستایەکی بیناساز بێت، کە قەڵەم لەو پیشەیەدا شتێکی جیاوازە لە قەڵەمی خوێندکار و باخەوان و کارێکی جیاوازی پێ ئەنجامدەدرێت. لێرەدا بارودۆخی گوتن، پیشە و کۆزانیاری ئاخێوەر و گوێگر هەروەها ژینگە و پەیوەندی نێوانیان واتای وشەکە دیاریدەکەن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەرنجی نموونەی ژمارە (٩١) بدەین :

(٩١)     زۆر خۆشە.

بە سەرنجدان لە نموونەی ژمارە (٩١) دەردەکەوێت، کە بەکارهێنەران خۆیان واتای وشەی (خۆش) بەپێی بۆنە و بوار، شوێنی گوتن، کۆزانیاریی و تێگەیشتنی خۆیان دیاریدەکەن، ڕوونتر پێدەچێت (زۆرخۆشە) وەڵامی یەکێک لەم پرسیارانە بێت، کە ئاخێوەر و گوێگر بەپێی بارودۆخی بەکارهێنان، خۆیان دیاریدەکەن:

أ- ئێرەت پێ باشە ؟

ب- ئاهەنگەکە چۆنە ؟

ت- چۆن سەیرانێکە ؟

پ- تامی ناخۆش نییە ؟

هەر لە ڕوانگەی گرنگی بارودۆخی گوتن لە دیاریکردنی واتای وشەکانی زمان، با لە نموونەی ژمارە (٩٢) بڕوانین:

(٩٢) کێشەی نییە، تەنها بێ دایک و باوکە.

دەبینین لەم ڕستەیەدا واتای (بێ دایک و باوک) کۆزانیاریی بەکارهێنەرانی زمان دیاریدەکەن، بۆ نموونە ئەو کەسانەی، کە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی سەیارە یان سیم کارتی مۆبایل دەکەن، دەربڕاوی (بێ دایک و باوک) بۆ پەسنکردنی ئەو سەیارە یان سیم کارتانەی، کە خاوەنە ڕاستەقینەکانیان دیارنین، بەکاردەهێنن. ئەمەش پەیوەندیی بە شوێنکات و پیشە و کۆزانیاریی کەسەکانەوە هەیە. بەهەمان شێوە، با لە نموونەی ژمارە (٩٣) بڕوانین :

(٩٣) ئەمجارە بلۆکی ئەکەم.

وشەی (بلۆک) لەلایەن ئەو کەسانەوە، کە مۆبایلی زیرەکیان هەیە بەکاردەهێنرێت و کۆزانیارییان دەربارەی هەیە، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەرانبەر بە واتای پشتگوێخستن و وەڵامنەدانەوە، بەکاریدەهێنن، بەڵام لە لایەن ئەو کەسانەی، کە ئەو جۆرە مۆبایلانەیان نییە، یان زانیارییان دەربارەی نییە، بەهەمان واتاو چەمک بەکارناهێنرێت، ڕەنگە لە واتای وشەکە هەر تێنەگەن.

لێرەدا پێویستە بگوترێت، کە وشە پێکهێنەرەکانی دەقەکە، لەگەڵ کۆزانیاریی بەکارهێنەری زمان و بارودۆخی گوتن جیاکردنەوەیان کارێکی گونجاو نییە، چونکە بۆ نەخشاندنی واتای وشەکان تەواو تێکئاڵاو تێکچڕژاون، بە جۆرێک جیاکردنەوەیان ئەستەمە.

## ٢/٤- ٦) بنەمایی بەکارهێنانی زمان لە پێوازۆی زمانپژاندا:

گرنگترین بۆچوونەکانی ئەم تیۆرییە دەربارەی زمانپژان بریتییە لەوەی، کە دەبێت لە ئەرکی پەیوەندیکردنەوە دەستپێبکرێت، واتە پێش زمانپژان منداڵ توانا و ویستی پەیوەندیکردنی تێدایە و بە ڕێگەی ئاڵۆزی نازمانی پەیوەندیکردنەی ئەنجامدەدات، بۆ نموونە وەک هێماکردن بە دەستەکان، یان جوڵاندنی ئەندامەکانی تری جەستە بە ڕێگەی ڕێکخراو، کە کەسانی دەوروبەر لێیانتێدەگەن ئەم جوڵە و هێمایانەش دەبن بە یەکەم قۆناغی زمانپژان. پێدەچێت بەجەستەکردنی فۆڕمەکانی تێگەیشتن و درکپێکردنی کۆمەڵایەتی هاندەرێکی پەیوەندیکردن بن، کە دەبێت بە یەکەم قۆناغی زمانپژان دابنرێن . جوڵە و هێماکان تایبەتن بە مرۆڤ، هەروەک چۆن زمانەکەی بێهاوتایە، بەهەمان شێوە ئەمانەش بێهاوتان، ئاڵۆزن و هەروەک زمان پێویستیان بە لێکدانەوە و تێگەیشتن هەیە و دەقی بەکارهێنان و چۆنێتی و جۆری پەیوەندی کەسەکان، واتاکانیان دیاریدەکەن. (Tomasello, 2009,p: 69-70)

ڕوونتر ئەم تیۆرییە پێیوایە، کە نابێت لێکۆڵینەوەکانی زمانپژانی منداڵ لە خاڵی فێربوونی تاکە وشەی تەنها و دابڕاوەوە دەسپێبکات و دواتر وشەکانیش بە یاسای ئەبستراکتی بێواتا بخاتەپاڵیەک، بەڵکو دەبێت لێکۆڵینەوەکانی زمانپژانی منداڵ بە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی هەموو هێما نازمانییەکان، چۆنییەتی دیاریکردنی واتاکانیان و دەربڕاوە پڕواتاکان دەستپێبکات، ئینجا هەوڵی دەرخستنی چۆنێتی لێکدانەوەی واتا و ئەرکی وشەکان لە ناو دەربڕاوەکاندا، بدات. لە هەمانکاتیشدا هەر لە خودی دەربڕاوەکاندا پێکهاتە ڕێزمانییە ئەبستراکتە پڕواتاکان بدۆزرێنەوە، واتە ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمانپژانی منداڵ بە فێربوونی دەربڕاوی پڕواتا دەستپێدەکات و هەر لەو دەربڕاوانەشەوە زمانەوان دەبێت ئەرک و فۆرمی وشەکان دیاریبکات و داڕشتە ڕێزمانییەکان بدۆزێتە(Tomasello,2003,p:75) بە پێچەوانەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان، کە بە شێوەیەکی گشتی پێیوایە زمانپژانی منداڵ لە ڕێگەی ئامێری زمانپژان و کۆگایەکی دەوڵەمەندی کۆزانیاریی زمانییەوە، کە بە شێوەی بایلۆژییانە پیبەخشراوە، لە ئاوەزدا هەڵگیراوە هاتۆتەکایەوە. (Kapatsinski,2011,p:2) .

پاش قۆناغی پەیوەندیکردنی نازمانی (هێماکان، تێگەیشتن و ڕێککەوتن لەسەر واتاکانیان و وەڵامدانەوە) قۆناغی پەیوەندیکردنی زمانی دەستپێدەکات، خاڵی جیاکەرەوەی بانگەشەکانی ئەم تیۆرییە لەم قۆناغەدا، بریتییە لەوەی، کە زمانپژان بە تاکە وشەی تەنها دەستپێناکات، بەڵکو بە دەربڕاوە پڕواتاکان دەستپێدەکات، کە بریتیین لەو یەکانەی، کە بەکارهێنەران دەتوانن بەهۆیانەوە هەموو مەبەستەکانی پەیوەندیکردنی پێدەرببڕن. ئەم تیۆرییە پێیوایە ناتوانرێت، زمانپژانی منداڵ و توانستە ڕێزمانییەکەی بە دەستپێکردن بە تاکە وشەکان لێکبدرێنەوە، واتە تاکە وشە بەتەنها فێرببێت و دواتر بەهۆی یاسای ڕێزمانی ئەبستراکتی بێواتاوە لێکیانبدات، بەڵکو دەبێت لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی دەربڕاوە پڕواتاکانەوە دەسپێبکرێت، ئینجا لەوە بکۆڵرێتەوە، کە چۆن وشەکانی ناو دەبڕاوەکە لێکبدرێنەوە و لە هەمانکاتیشدا، بەهۆی دەربڕاوەکانەوە پێکهاتە ڕێزمانییە ئەبستراکتە پڕواتاکان بدۆزرێنەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، منداڵ لە دەربڕاوەکانەوە تەرزە ڕێزمانییەکان لەگەڵ خستنەگەڕی توانا درکپێکردنەکانی خۆی وەک (کەتیگۆریکردن و جیاکردنەوە، بەراوردکردن و لێکچوون و جیاوازی، یادگەی زەوەند ..هتد) دەدۆزێتەوە .

یەکێک لە بانگەشە بنەڕەتییەکانی تیۆری بنەمایی بەکارهێنان، بریتییە لەوەی داڕشتەی زمانی لە بەکارهێنانەوە دێتەکایەوە، بەمپێیە منداڵ لە بەکارهێنانەکانی دەوروبەرییەوە پێکهاتەکان فێردەبێت، پاشان وردەکارییەکانی بەکارهێنانی بەهۆی تواناکانی خۆیەوە، لەگەڵ گوێگرتن و لاسایکردنەوەی گەورەکانەوە، فێردەبێت و دواتر تەرزە ڕێزمانییەکان لە ئەنجامی بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی چەند جارەوە فێردەبێت.

هەرچەندە تیۆرییەکانی بنەمایی بەکارهێنان گشتگیرن و زۆر لە لایەنەکانی زمان دەگرنەوە، واتە هەوڵی لێکدانەوەی زۆر لە بوار و لایەنە زمانییەکانی وەک (زمانپژان، فێربوونی زمانی دووەم، گۆڕانی زمانی، واتای زمانی، پێکهاتەی زمانی، ڕێزمانی و ...هتد)، دەدات، بەڵام دەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی بۆچوون و بانگەشەکانی لە دوو گوتەی دروشمئاسادا بخرێنەڕوو (Tomasello, 2009,p: 69) ، کە بریتیین لە :

### ١- واتا بەکارهێنانە :

لێرەدا (واتا بەکارهێنانە) ڕێبازێک پێشکەشدەکات، کە بریتییە لە مەودای سیمانتیکی پەیوەندیکردنی زمانی. ئەم ڕێبازە گرنگی تەواودەدات بە واتا، جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی، کە وشەکانی زمان لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە دێنەکایەوە و بەکارهێنانیشە واتایان پێدەبەخشێت، واتە گرنگیدانی زیاترە بە واتا لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زماندا، هەروەها سەیرکردنی زمانە وەک هۆکارێک بۆ هێنانەدی ئامانجێکی کۆمەڵایەتی، وەک لەوەی زیاتر گرنگی بە یاسا ڕێزمانییەکان بدرێت، کە وەک دەردەکەوێت مەبەست لە واتا ئەو واتایەیە، کە پێیدەگوترێت واتای بەکارهێنان (پراگماتیکی)، کە ئەو واتایەیە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانەوە سەرهەڵدەدات و بە وشەکان دەبەخشرێت، ئەم ڕێبازە پێیوایە، کە هەموو وشەیەک واتایەکی باوی ئەبستراکتی ناو ئاوەزی بەکارهێنەرانی هەیە، بەڵام بەکارهێنانیان لە بۆنەکانی بەکارهێناندا واتاکانیان دیاریدەکات و واتای ڕاستەقینەی وشەکان لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت، واتە دەتوانرێت بگوترێت، کە ئەم ڕێبازە زیاتر واتای بەکارهێنانی وشەکە (واتای پراگماتیکی) بە واتای ڕاستەقینەی وشەکان دادەنێت .

گەر لەم ڕوانگەیەوە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئەکسێنتی سلێمانی بڕوانین، دەبینین زۆر یەکانگیردەبێتەوە لەگەڵ بۆچوونەکەدا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەم سەردەمەی ئێستادا بەهۆی بەکاربردنی شێوەزارەکە وەک زمانێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا و ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی بەسەریداهاتووە لە کورتبڕی و چڕی لە گەیاندنی واتادا، ئاخاوتنی ئاخێوەرانی شێوەزارەکە لە ئێستادا زیاتر لە شێوەی داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا جێبەجێدەکرێت، کە لە بنەڕەتدا هەریەکێک لەو پێکهاتە مۆرفۆسینتاکسیانەی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، واتایەکی سیمانتیکی دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەڵام کاتێک لە دەقەکانی ئاخاوتندا بەکاردێن گەلێک شێوە و جۆری واتای جیاواز دەردەبڕن، کە تەنها و تەنها دەقی بەکارهێنان و ژینگەی زمانی واتاکەی دیاریدەکەن، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ سەلمێنەری بۆچوونی یەکەمی تیۆری بنەمایی بەکارهێنانە لە درکپێکردنی زمانی کوردییدا، بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لەم بەکارهێنانە جیاوازانەی دەربڕاوی (بردمەوە) لە نموونەکانی ژمارە (٩٤)،(٩٥) و (٩٦) ڕابمێنین :

(٩٤) أ- کێ یارییەکەی بردەوە ؟

ب- من بردمەوە .

(٩٥) أ- کتێبەکەت بردەوە ؟

ب- بەڵێ بردمەوە .

(٩٦) أ- گرەوەکەت هەر نەبردەوە ؟

ب- قابیلە هەر زوو بردمەوە .

به تێڕامان له نموونه‌كانی ژماره (٩٤) ،( ٩٥) و (٩٦) ده‌بینین، كه ڕسته‌ی (أ.ب)ی هه‌ر نموونه‌یه‌ك بریتییه له ده‌قێكی جیاواز، كه تێیدا ده‌ربڕاوی (بردمه‌وه) واتایه‌كی به‌كارهێنانی ته‌واو جیاوازی هه‌یه، ئه‌مه وێڕای ئه‌وه‌ی په‌یوه‌سته‌بن به به‌كارهێنانه تایبه‌ته‌كانه‌وه چ له بواری پیشه و پسپۆڕییه زانستییه جیاوازه‌كاندا بێت، چ له بواری لایه‌نه جیاوازه‌كانی ژیاندابێت .

٢- داڕشته له به‌كارهێنانه‌وه سه‌رهه‌ڵده‌دات :

له گوته‌ی (داڕشته له به‌كارهێناوه سه‌رهه‌ڵده‌دات)دا، تیۆری بنه‌مایی به‌كارهێنان بانگه‌شه‌ی ئه‌وه ده‌كات، كه داڕشته زمانییه‌كان له ئه‌نجامی به‌كارهێنانه‌وه سه‌رهه‌ڵده‌ده‌ن، له‌گه‌ڵ ڕه‌تكردنه‌وه‌ی ئه‌و بیروبۆچوونانه‌ی، كه ڕێبازێك پێشكه‌شده‌كه‌ن، كه مه‌ودای ڕێزمانی په‌یوه‌ندییه زمانییه‌كانه، واته زیاتر گرنگی به لایه‌نه ڕێزمانییه‌كانی په‌یوه‌ندیكردنی زمانی ده‌ده‌ن . زمانه‌وانه‌كانی ڕێبازی بنه‌مایی به‌كارهێنان گرنگیدان به ڕێزمانی شێوازبه‌ندی بێواتا ڕه‌تده‌كه‌نه‌وه، له بری ئه‌وه تیشكۆ ده‌خه‌نه‌سه‌ر چۆنێتی هاتنه‌كایه‌ی پێكهاته ڕێزمانییه‌كانی، كه له‌سه‌ر بنه‌مای واتا به‌هۆی به‌كارهێنانه‌وه سه‌ریانهه‌ڵداوه، وه‌ك ئه‌و قاڵبه ڕێزمانییه‌ی به‌هۆی وه‌رگرتن و وه‌رگێڕانه‌وه هاتونه‌ته ناو زمانه‌كه‌وه و له ئێستاشدا وه‌ك قاڵبێكی ڕێزمانی كوردی به شێوه‌یه‌كی هه‌ڵه وه‌ك داڕشته‌یه‌كی ڕه‌سه‌ن، ئاخێوه‌ران له ئاخاوتندا به‌كاریده‌هێنن، هه‌ر وه‌ك له نموونه‌كانی ژماره (٩٧)، (٩٨) و (٩٩)دا ده‌رده‌كه‌وێت :

(٩٧) باپیر خوێندكاری زانكۆی سلێمانییه .

(٩٨) شوێنكاره‌كه‌ی باپیر له كوێیه ؟

(٩٩) هه‌رزان بازاڕی فۆڕیو كراوه‌ته‌وه .

وشه‌كانی (خوێندكار) و (زانكۆ) له نموونه‌ی ژماره (٩٧)دا به پێچه‌وانه‌ی یاسای ڕێزمانی (سه‌ره‌كۆتایی)ی زمانی كوردی پێكهێنراون، یاسای (سه‌ره‌كۆتایی) یاسایه‌كی زمانی كوردییه ،كه وشه، فرێز و ڕسته‌كانی زمانه‌كه‌ی پێ داده‌ڕێژرێت، به‌ڵام وشه‌كانی (خوێندكار) و (زانكۆ) سه‌ری ڕێزمانییان له كۆتاییدا نییه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا له زمانه‌كه‌دا بوونیان هه‌یه و به‌كارده‌هێنرێن و یه‌كێكن له‌و داڕشته ڕێزمانیانه‌ی، كه له‌سه‌ر بنه‌مای واتا به‌هۆی به‌كارهێنانه‌وه سه‌ریانهه‌ڵداوه. له نموونه‌ی ژماره‌ی (٩٨)دا وشه‌ی (شوینكار) وشه‌یه‌كه به واتای شوێنی كاركردن به‌كارده‌هێنرێت، به‌ڵام له ڕاستییدا وشه‌یه‌كه له ڕێگای وه‌رگێڕانی ڕاسته‌وخۆوه هاتۆته ناو زمانی كورییه‌وه، كه ڕاسته‌وخۆ وه‌ك خۆی وه‌رگێڕاوه‌ته سه‌ر زمانی كوردی، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا له‌سه‌ر دوكان و تابلۆكان و ڕیكلامه‌كاندا به‌كارده‌هێنرێت .به‌هه‌مان شێوه وشه‌ی (فۆڕیو)ی نموونه‌ی ژماره (٩٩) به‌هۆی وه‌رگرتنی ڕاسته‌وخۆ و بێ گوێدانه یاساكانی زمانه‌كه، هاتۆته ناو زمانی كوردییه‌وه و ڕۆژانه له‌ناو به‌كارهێنه‌رانی زمانی كوردی له ڕیكلامی كه‌ناڵه‌كانی ڕاگه‌یاندندا، به‌كارده‌هێنرێت و به‌رگوێ ده‌كه‌وێت .

له كاتی ئێستادا، به‌هۆی كردنه‌وه‌ی قوتابخانه ناحكومیه‌كانه‌وه، كه به زۆری خوێندن تێیاندا به زمانی ئینگلیزییه، زمانی خوێندنگه له لایه‌ك و له‌لایه‌كی تریشه‌وه خه‌مساردی كه‌سوكاری خوێندكاران بوونه‌ته هۆی ئه‌وه‌ی، كه زمانی

ئینگلیزی ببێتە جێگرەوەی زمانی کوردی، بە شێوەیەک کە نەک تەنھا زمانی کوردی بەکارناھێنن، بەڵکو ئەگەر لە حاڵەتێکدا بەکاریشیانھێنا، یان دەربڕاوە ئینگلیزییەکان وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی، یان داڕشتە ڕێزمانییەکان وەک داڕشتەی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی دادەڕێژن، ئەمانەش وردە وردە لە ڕێگەی بەکارھێنانەوە دێنە ناو زمانەکە و لە ناو ئاخێوەرانی زمانی کوردییدا بەکاردەھێنرێن. جگە لەمە دەربڕاوەکانی ناو یارییە ئەلکترۆنییەکان و کۆمپیوتەر ھەروەھا بەکارھێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ھۆکارێکی تری بەکارھێنانی ئەو جۆرە داڕشتانەن لە زمانەکەدا، نموونەکانی ژمارە (١٠٠)(١٠١)،(١٠٢)،(١٠٣)،(١٠٤)،(١٠٥)و(١٠٦) سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن:

(١٠٠) لووک فۆری کە.

(١٠١) با بڕۆین بۆ تۆپی ماونتنەکە .

(١٠٢) سیڤن دانەی پێیە.

(١٠٣) پەنجەرەکە شکێنرا بای لیان.

(١٠٤) ئاکسدنت بوو .

(١٠٥) ئەوە چییە ؟ ھەمووی کۆپی پەیستە.

(١٠٦) بەخوا من فانی گۆرانی نیم .

ھەر یەک لەم ڕستانە بە شێوەیەکی دیار لە لایەن زۆربەی ئەو منداڵانەوە دەردەبڕێن، کە زمانی خوێندنیان بریتییە لە زمانی ئینگلیزی .لە نموونەی ژمارە (١٠٠) منداڵەکە لە بری (بەدوایدا بگەڕێ) ڕاستەوخۆ مەبەستەکەی بە زمانی ئینگلیزی، واتە وشەی ئینگلیزی لە قاڵبێکی ڕێزمانی زمانی کوردییدا داڕشتووە . بەھەمان شێوە لە ڕستەی ژمارە (١٠١)دا ئاخێوەر لە بری ئەوەی داواکارییەکەی بە ڕستەیەکی وەک (با بڕۆین بۆ لوتکەی شاخەکە) لەژێر کاریگەری و ھەژموونی زمانی ئینگلیزییدا داواکارییەکەی بەڕستەی ژمارە (١٠١) دەربڕیوە . ھەروەھا لە ڕستەی ژمارە (١٠٢)دا دەردەکەوێت، کە منداڵەکە لە جیاتی ئەوەی بڵێت (حەوت دانەی پێیە)، ئاشکرایە ژمارە حەوتی بە زمانی ئینگلیزی بەپێی ڕەنگدانەوەی ئەزموون، شارەزایی و چۆنێتی داکردنی ناوی ژمارەکان لە ئاوەزییدا ناوی ژمارەیەکی زمانی ئینگلیزی لە قاڵبی ڕستەیەکی زمانی کوردییدا دەربڕیووە، بەھۆی ئەوەی ھەر لە قۆناغی (باخچەوە) ھەندێک جار لە قۆناغی (دایەنگە)شدا ژمارەی پەنجەکان، وێنەی زیندەوەرەکان، میوەکان و یارییەکانیان بە زمانی ئینگلیزی فێردەکرێن. جێگەی سەرنجە، کە لە ڕستەی ژمارە (١٠٣)دا ئاخێوەر بە پێچەوانەوە پێدەچێت بەھۆی تێکەڵبوونی ئەزموون، شارەزاییەکانی خۆی و چۆنێتی داکردنی داڕشتەی بکەرنادیاری لە ئاوەزییدا ،لەگەڵ دەوروبەرێکی زمانی دیاریکراو لە ئەنجامی پەیوەندیکردندا وەھایکردووە، کە وشەی زمانی کوردی لە قاڵبی داڕشتەیەکی بکەرنادیاری زمانی ئینگلیزییدا دابڕێژێت . ھەر بەمپێیە ئاخێوەر ڕستەی ژمارە (١٠٣) دەربڕیوە، کە تێیدا شارەزاییەکانی دەربارەی وشەکانی ھەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی و چۆنێتی داکردنیان لە فەرھەنگی ئاوەزییدا، لەگەڵ چۆنێتی بیرکردنەوەی (بەدوو زمانی جیاواز) دەردەکەوێت، لە ڕستەی ژمارە (١٠٤)شدا بە تەواوی ھەژموونی زمانی ئینگلیزی بەسەر ئاخێوەرەوە ھەست پێدەکرێت .

هەر لەم ڕوانگەیەوە بەهۆی بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی ئامێری کۆمپیوتەرەوە، زۆر لە وشە و ئاماژەکانی هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێوان ئەو کەسانەدا بەکاردەهێنرێت، کە ئەو ئامێرە بەکاردەهێنن و لەوانیشەوە پەڕیوەتەوە بۆ ئاخێوەرەکانی تری زمانەکە، ڕستەی ژمارە (١٠٥) سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، کە تێیدا ئاخێوەر چەمکی (لەبەرگرتنەوە و دانان)ی بە وشەی (کۆپی پەیست)ی دەربڕیوە، کە وشە و ئاماژەی ناو ئامێری کۆمپیوتەرن و لە ئێستادا لە لایەن بەکارهێنەرانی زمانی کوردییەوە بەکاردەهێنرێن . هەروەها وشەکانی ناو بواری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەربڵاوەوە وشە و ئاماژەکانی هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، هەروەک لە ڕستەی ژمارە(١٠٦)دا دەردەکەوێت، کە ئاخێوەر بەهۆی شارەزایی و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وشەکانی ئەو بوارەی تاقیکردۆتەوە و ئەزموونیکردوون و دواتر بەکۆدیکردوون و لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دایکردوون و ڕۆژانە بەکاریاندەهێنێت .

## ٢/٤- ٧) ڕووکارە سەرەکییەکانی بنەمایی بەکارهێنان لە زماندا:

شرۆڤە کارەکییەکانی وەچە پارەکانی یەکەم و شەشەمی پاری چوارەمی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دەسەلمێنێت، کە کۆزانیاریی وشەیی وشەیەک پەیوەستە بە ئەزموونی تاقیکراوەی تاکەکانی ئاخێوەرانەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێت بگوترێت ئەزموونی تاقیکراوەی تاکەکانیش پەیوەستە بە توانای درکپێکردنیان لە (بنەمایی بەکارهێنان)ی کەرەستە زمانییەکانی زمانەکەدا، بۆیە لێرەدا دەکرێت ئەم (سێ) ڕووکارە سەرەکییە بخرێتەڕوو، کە خودی (بنەمایی بەکارهێنان) دیاریدەکەن و ئەمیش ئەزموونی تاقیکراوەی تاکەکە و ئەم ئەزموونەش کۆزانیاریی وشەیی لە سەر وشەکە و کارامەیی تێیدا دەنوێنن، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێت (سێ) لە هەرە سەرەکیترین لەو ڕووکارانە بخرێنەڕوو کە بریتین لە :

### ١- پەیوەندیی نێوان وشە (لێکسیم) و کۆزانیاریی ڕێزمانی:

یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازە، لەبەرئەوەی نواندنە ئەبستراکتەکانی داڕشتە ڕێزمانییەکان لە شارەزایی بەکارهێنەری زمان، لەگەڵ وشە و دەربڕاوەکانی زمانەکەوە دێنەکایەوە، کەواتە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان وشەو کۆزانیاریی ڕێزمانییدا، چونکە وشە و دەربڕاوەکان تەرزی ڕستەکان دیاریدەکەن. بۆ نموونە، کردارێکی وەکو (بردن) ئەم تەرزە لە زمانی کوردییدا دەسەپێنێت: (بکەر، بەرکار، کردار)، واتە دەبێت (بەرکار) لە ڕستەکەدا هەبێت، وەک لە نموونەکانی ژمارە (١٠٧)و(١٠٨)دا بەدیدەکرێت :

(١٠٧) من نامەکە دەبەم.

(١٠٨) کوڕەکە کتێبەکانی برد.

لەم نموونانەدا دەردەکەوێت، کە کۆزانیاری بەکارهێنەری زمانی کوردی بەپێی ئەو شارەزایی و ئەزموونانەی لەگەڵ بەکارهێنانی وشەکاندا هەیەتی داڕشتەی ڕێزمانی ڕستە و دەربڕاوەکانی، کە وشەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت

دەنەخشێنن، واتە بەکارهێنەرەکانی زمانەکە خۆیان تەرزەکان دیاریدەکەن. لەم تێگەیشتنەوە با لە نموونەکانی ژمارە (١٠٩) و (١١٠) بڕوانین :

(١٠٩) أ- کوڕەکەی حاجی کۆچی دواییکردووە .

ب- بەڵێ زانیومە.

(١١٠) أ- لەسەرەوە بڕۆ باشترە .

ب- خەمت نەبێت، ئەزانم.

کرداری وەرگیراو لە چاوگی (زانین) بۆ هەموو دەمەکانی ئاخاوتن داڕشتەی (بکەر+کردار) وەک تەرزێکی تایبەت و جیاواز لە چاوگە تێپەڕەکانی تری زمانی کوردییدا دەسەپێنێت، نموونەکانی ژمارە (١٠٩- ب) و (١١٠- ب) سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن .

٢- دەرکەوتنی دووبارە

یەکێک لەو دیاردانەی، کە لە شیکردنەوەی داڕشتەی زمانی و واتادا ڕۆڵی گرنگی هەیە، بریتییە لە دەرکەوتنی دووبارەی وشەکان، لە بەکارهێنانی زماندا، واتە ئەو یەکانەی، کە چەند جارێک دووبارەدەبنەوە نواندنی ڕەگەزە زمانییەکان لەناو یادگەدا بەهێزتردەکەن و کردەی هێنانەوەی وشەکان ئاسانتردەکەن، کە ئەمەش کاریگەرییەکی بەردەوامی دەبێت لەسەر ڕێکخستنی کۆزانیاریی زمانی لەناو تۆڕبەندی زماندا. (Diessel,2017,p:2)

بەپێی ئەم تیۆرییە، بۆ ئەوەی وشەیەک بە شێوەیەکی سەربەخۆ دابکرێت، دەبێت چەند جارێک لە بەکارهێنانی زماندا دووبارەبێتەوە، کە پێی دەگوترێت (نیشانەی دووبارەبوونەوەی فۆرمی وشە)، مەبەستەکە لێرەدا ئەوەیە، کە هەرکاتێک وشەیەک، یان پێکهاتەیەک بەکاردێت، گرێیەک، یان تەرزی گرێیەک بەکاردەبرێتەوە و دووبارەبوونەوەی ئەم بەکاربردنەوەیە، کاردەکاتە سەر داکردنی وشەکە و دەیگەیەنێتە داکردنی کۆتایی و دەبێت بە یەکەیەکی باوی ڕێزمانی، هەرکاتێک وشەکە یان پێکهاتەکە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی لە بەکارهێناندا وایلێبکات بە سەربەخۆیی دابکرێت پێی دەگوترێت (پارێزراو). ئەم پارێزراوییەش پلەدارە، واتە سەربەخۆ داکردنی دەربڕاوێک بەندە بە پلەی دووبارەبوونەوەکەیەوە، هەر بۆیە وشەیەک لە وشەیەکی تر سەربەخۆترە، ڕوونتر، لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا ئەو وشانەی، کە لە (کۆکردنەوە، یان لە فۆرمی ڕابردوو... هتد)دا (ناوازە) بوونایە، بە سەربەخۆیی لەناو لیستی وشەکانی زمانەکەدا بوون، بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەوە ئەوەی زۆرتر دووبارەبێتەوە لە فەرهەنگدا بەسەربەخۆیی دادەکرێن و پارێزراوتردەبن. (Croft and Cruse,2004,p:292-293). واتە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەکان پێوەری بە سەربەخۆیی داکردنیانە لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییدا، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووکارە، با لە وشەی (ژیر) لە نموونەکانی ژمارە (١١١)،(١١٢)،(١١٣)،(١١٤)و(١١٥) بڕوانین :

(١١١) لانی خوێندکارێکی ژیرە.

(١١٢)   مرۆڤی ژیر، یەکسەر وەڵامناياتەوە .

(١١٣)   ژیر ئەو کەسەیە کە ئەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەروبەردا ئەکات.

(١١٤)   خوێندکاری ژیر خۆشەویستی مامۆستایە.

(١١٥)   ژیر ئەتوانێت لەگەڵ سەختی ژیاندا ململانێبکات.

دووبارەبوونەوەی وشەی (ژیر) لە دەقێکی جیاوازدا و بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی لە گفتوگۆکان و دەقە زمانییەکاندا سەربەخۆیی داکردنی وشەکە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دەسەلمێنێت .[1]




هێڵکاریی ژمارە (٥)

هێڵکاریی دووبارە بونەوە و دەرکەوتنی وشەی (ژیر)

ئەم هێڵکارییە دووبارەبوونەوە و دەرکەوتنی وشەی (ژیر) لە گفتوگۆ و ڕستەکان دەخاتەڕوو، کە دووبارەبوونەوەکەی سەربەخۆیی داکردنی وشەکە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دەسەلمێنێت.

بەکارهێنانی دووبارە و دەرکەوتنی وشەکان و پلەی پارێزراوییان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، بەپێی کات و گۆڕانی ژیانی بەکارهێنەرانی زمان، دەگۆڕێت. واتە ئەو وشەیەی، کە لە سەردەمێکدا ڕێژەی دووبارەبوونەوە و بەکارهێنانی لە پەیوەندیکردن و ئاخاوتنی بەکارهێنەرانی زمانەکەدا، زۆربووە، پێدەچێت لە ژێر کاریگەریی گۆڕانەکانی سەردەم، ژیانی بەکارهێنەران، ئەزموون و جۆری پەیوەندیکردنەکاندا، گۆڕانی بەسەردابێت و بە تێپەڕبوونی کات وشەی دیکە شوێنی بگرێتەوە و تەنگ هەڵبچنێت بە داکردن و پلەی پارێزراوییان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، وەک لە وشەکانی (قاپی) و( دەرگا)ی ئەم نموونانەدا، دەردەکەوێت :

(١١٦)   قاپییەکە داخە .

---

[1]- بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی داکردنی وشەیەک بە دوو یان سێ نموونە ناسەلمێنرێت ،بەڵکو دەبێت لە دەقەکاندا بەشێوەیەکی فراوانتر بەکاربهێنرێت، لێرەدا نووسینی ئەم نموونانە تەنها بۆ شیکردنەوە و دەرخستنی چۆنێتی کارکردنی ڕووکاری دووبارەبوونەوەیە .

(١١٧) قاپییەکە بکەرەوە .

(١١٨) قاپی حەوشە کراوەتەوە، وەرە ژوورێ .

(١١٩) لە قاپی بە .

(١٢٠) دەرگایە .

(١٢١) دەرگاکە بکەرەوە .

(١٢٢) دەرگاکە داخە .

(١٢٣) دەرگای سەربان لەسەرپشتە .

(١٢٤) لە دەرگا بە .

(١٢٥) کێ دەرگای لێکردیتەوە .

(١٢٦) دەرگامان والایە، کێ دێت بەخێربێت .

(١٢٧) دەرگا و دەرگا دەگەڕان .

(١٢٨) دەرگای ماڵەکەیان شکاندووە .

(١٢٩) چەند دەرگای کڕیووە ؟

(١٣٠) دەرگاکان بە ئاسن ئەکەیت، یان بە پلاستیک ؟

(١٣١) دەرگای کەوانتەرەکە لێبووەتەوە .

(١٣٢) دەرگاکان کلیل بە .

(١٣٣) دەرگا و بان داخەن .

(١٣٤) پەنجەرە و دەرگا بخەرە سەرپشت، بەشکو مشکەکە بچێتەدەرەوە .

(١٣٥) دەرگاکان بخنە، با بۆ ژوورەکانی تریش نەچێت .

(١٣٦) باپیر دەرگا و دیواری ماڵەکەی هەموو گۆڕیووە .

(١٣٧) دەرگای سەلاجەکەمان داناخرێت .

(١٣٨) دەسکی دەرگاکە شکاوە .

(١٣٩) سەر دەرگاکانت بیرنەچێت، بیانسڕە.




**هێڵکاریی ژمارە (٦)**

**نزمی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەی (قاپی)**




**هێڵکاریی ژمارە (٧)**

**بەرزی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەی (دەرگا)**

**لەم دووهێڵکارییەدا دەردەکەوێت، کە هەریەک لە وشەکانی (قاپی) و (دەرگا)، هەرچەندە تا ڕادەیەک هاوواتای یەکترن، بەڵام ڕێژەی دووبارەبوونەوە و بەکارهێنانیان لە ئێستای زمانەکەدا، جیاوازە و واتە (دەرگا) لە وشەی (قاپی) کاراترە و ڕێژەی بەکارهێنانی زۆرترە و لە فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەراندا پارێزراوترە، دەتوانرێ بگوترێت وشەی (قاپی) لە ئێستادا تەنها لە لای بەکارهێنەرە بەساڵاچووەکان بەکاردەهێنرێت و وشەی (دەرگا) جێگەی گرتۆتەوە و بەکارهێنانی فراوانترە .**

هەر لە ڕوانگەی دەرکەوتنی دووبارە و گرنگی لە داکردنی وشە و دەربڕاوەکانی زماندا، با لە گۆشەیەکی ترەوە، بڕوانینە وشەکانی (یاری، گەمە، وازی)کردن، کە دەتوانرێت بگوترێت هەمان واتایان هەیە، بەڵام لە ئەکسێنتی سلێمانیدا، زیاتر وشەی (یاری) لە لایەن بەکارهێنەرانی ئەم ئەکسێنتەوە بەکاردەهێنرێت و خاوەنی ڕێژەیەکی بەرزی دووبارەبوونەوەیە، هەر بۆیە لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا، ئەم وشەیە خاوەنی پلەیەکی بەرزی پارێزراوییە، هەروەک لە نموونەکاندا دەخرێتەڕوو :

(١٤٠) منداڵەکان یاری ئەکەن .

(١٤١) باپیر یاری شەترەنج ئەکات .

(١٤٢) لە شەوی بەراتدا یاریکردن بە تەقەمەنی قەدەغەیە .

(١٤٣) ئەمڕۆ باپیر یاریناکات .

(١٤٤) یارییەکە بەردەوامە .

(١٤٥) یاریناکەم .

(١٤٦) یارییەکەیان تێکدا .

(١٤٧) ئەوان یارییەکی جوانیان کرد .

(١٤٨) ئەرێ کێ یارییەکەی بردەوە ؟

(١٤٩) یانەی سیروان بە دوو گۆڵ یارییەکەی بردەوە .

(١٥٠) من حەزم لەو یارییەیە، بەس هیچی لێ نازانم .

(١٥١) یارییەکە گەیشتە چی ؟

(١٥٢) ئەوان یاری بە ئاگر ئەکەن .

(١٥٣) ئاو و ئاگر یارییان لەگەڵ ناکرێت .

(١٥٤) خۆ یاری منداڵان نییە ؟ ڕۆژێک دێت و دە نایەیت .

بەڵام دەتوانرێت بگوترێت، کە وشەکانی (گەمە) و (وازی) بەم ڕێژەیە لە ئێستای ئەکسێنتی سلێمانیدا بەکارناهێنرێن و ڕێژەی دەرکەوتنی دووبارەی ئەوتۆیان نییە، بەهۆی کەمی بەکارهێنانەوە لە فەرهەنگی ئاوەزیی بەکارهێنەرانی ئەکسێنتەکەدا، پلەی پارێزراوییان ئێجگار نزمە، بە جۆرێک پێدەچێت لە ناو ئاخێوەراندا، هەبن، کە نەزانن وشەکانی (گەمە) و (وازی) هاوواتای وشەی (یاری)ن لە زمانی کوردییدا.




**هێڵكاری ژماره (٨)**

**بەرزی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەی (یاری) لە ئەكسێنتی سلێمانییدا**

**لەم هێڵكارییەدا بەرزی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەی (یاری) لە ئەكسێنتی سلێمانیدا دەردەكەوێت، كە ئەمەش بەپێی تیۆری بنەمایی بەكارهێنان سەربەخۆیی داكردنی وشەكە، لە لایەك و لە لایەكی تریش پلەی پارێزراوێتی لە فەرهەنگی ئاوەزیی بەكارهێنانی ئەكسێنتەكەدا دەسەلمێنێت . بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر، با لە وشەكانی (گاڵتە) و (سوعبەت) لەم نموونانەدا وردبینەوە:**

**(١٥٥)   گاڵتەم لەگەڵ كردی .**

**(١٥٦)   سوعبەتم لەگەڵ كردی .**

**وشەكانی (گاڵتە) و (سوعبەت) تا ڕادەیەكی زۆر دەتوانرێت بە دوو وشە هاوواتا ئەژماربكرێن، وشەی (سوعبەت) وشەی زمانێكی جیاوازە و هاتۆتە ناو زمانی كوردییەوە، وەك زۆربەی وشە خوازراوەكان، لە ڕووی سیمانتیكی و فۆنۆلۆژییەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و تەنانەت هەندێك جار یاسای (جێگۆڕكێی دەنگ)، كە یاسایەكی فۆنۆلۆژی زمانی كوردییە بەسەردا جێبەجێدەكرێت و گۆكردنەكەی دەگۆڕێت و بە (/سوبعەت/) گۆدەكرێت. ئەم وشەیە بە هەردوو شێوەكانی (سوعبەت و سوبعەت) لە زمانی كوردییدا بەكارهێنانی هەیە و بە واتای (گاڵتەكردن) بەكارهێنەرانی زمانەكە لەگەڵ خودی وشەی (گاڵتەكردن)، بە كاریاندەهێنن، دەتوانرێت بگوترێت ڕێژەی دووبارەبوونەوە و پلەی پارێزراوییان بەرزە و لە فەرهەنگی ئاوەزییدا بە سەربەخۆیی داكراون، وەك لەم نموونانەدا دەردەكەوێت :**

**(١٥٧)   من بە گاڵتەوە قسەم كرد .**

(١٥٨)    بۆ بە گاڵتەتە، یان بەڕاست ؟

(١٥٩)    ئەوە چییە ؟ هەموو شتێک بە ڕاست ئەگری، گاڵتە نازانیت .

(١٦٠)    دەی بە گاڵتەوە قسەی خۆت کرد.

(١٦١)    بۆ بڕوام پێناکەیت ؟ گاڵتە ناکەم، دەرچوویت .

(١٦٢)    بە گاڵتەم بوو .

(١٦٣)    بە سوعبەتم بوو.

(١٦٤)    بە ڕاستە، یان بە سوعبەت .

(١٦٥)    وریابە، سوعبەت و شت نازانێت .

(١٦٦)    سوعبەت ناکات، قسەکانی بە مەبەست ئەکات .

(١٦٧)    باپیر سوعبەتی لەگەڵ کردی، بۆ کردت بە ڕاست ؟

(١٦٨)    سوعبەت نیوەی ڕاستییە.




هێڵکاریی ژمارە (٩)

ڕێژەی دەرکەوتنی دووبارەی وشەی (گاڵتە)

لە هێڵکاریی ژمارە (٩)دا، ڕێژەی دەرکەوتنی دووبارەی وشەی (گاڵتە) لە لایەن بەکارهێنەرانی زمانەکەوە، خراوەتەڕوو، بەهۆی بەرزی ڕێژەی دووبارەبوونەوە و بەکارهێنانی وشەکەوە، خاوەنی پلەیەکی بەرزی پارێزاوییە لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا.




هێڵكاریی ژماره (١٠)

ڕێژەی دەركەوتنی دووبارەی وشەی (سوعبەت)

له هێڵكاریی ژماره (١٠)دا، ڕێژەی بەرزی دەركەوتنی دووبارەی وشەی (سوعبەت) دەیسەلمێنێت، له ڕسته و دەربڕاوەكانی بەكارهێنەرانی زمانەكەدا، كه تا ڕادەیەك دەتوانرێت بگوترێت، كه لەگەڵ وشەی (گاڵته) بەكاردەهێنرێت و خاوەنی ڕێژەیەكی بەرزی دووبارەبونەوە و پلەیەكی پارێزراوی وەهای هەیه ،كه له فەرهەنگی ئاوەزییدا به سەربەخۆیی دابكرێت.

بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر، با له مۆرفیمەكانی ((-ان)، (- گەل) ،(- هات)، (- جات) و (- وات)) وردبینەوە ،كه له زمانی كوردییدا مۆرفیمەكانی كۆكردنەوەن و وشەكان له چەمكی تاكەوە بۆ كۆ دەگۆڕن، بەڵام بەكارهێنانی مۆرفیمی (-ان) له مۆرفیمەكانی (- گەل، -هات، - جات، - وات) بەرفراوانتره و زۆرتر دووبارەدەبێتەوە، لەگەڵ ئەو وشانەی، كه مۆرفیمەكەیان دەخرێتەپاڵ خاوەنی پلەیەكی بەرزی پارێزراوین له فەرهەنگی ئاوەزییدا، وەك یەكیەكە دادەكرێن، ژمارەیەكی زۆر له وشه هەن، كه به مۆرفیمی (-ان) كۆدەكرێنەوە، به بەراورد بەو وشانەی، كه به مۆرفیمەكانی (- گەل، -هات، - جات، - وات) كۆدەكرێنەوە، دەتوانرێت بگوترێت، له ئێستای زمانەكەدا ئەو وشانەی بەو مۆرفیمانە كۆدەكرێنەوە، ئێجگار كەمن، هەر وەك لەم نموونانەدا دەردەكەوێت:

(١٦٩) مێگەل

(١٧٠) كوڕگەل

(١٧١) گاگەل

(١٧٢) میوەهات

(١٧٣) دێهات

(١٧٤) سەوزەجات

(١٧٥) میوەجات

(١٧٦) سەوزەوات

(١٧٧) شاران

(١٧٨) كوڕان

(١٧٩) كچان

(١٨٠) مەڕان

(١٨١) خوشكان

(١٨٢) برايان

(١٨٣) دايكان

(١٨٤) باوكان

(١٨٥) بەڕێزان

(١٨٦) پوران

(١٨٧) شاخان

(١٨٨) بەردان

(١٨٩) گوڵان

(١٩٠) دڵان




**هێڵكاریی ژمارە(١١)**

**هێڵكاریی دەركەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- گەل) و بەكارهێنانی لە كۆكردنەوەی وشەدا**




**هێڵکاریی ژمارە(١٢)**

**هێڵکاریی دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- هات) و بەکارهێنانی لە کۆکردنەوەی وشەدا**




**هێڵکاریی ژمارە(١٣)**

**هێڵکاریی دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- جات) و بەکارهێنانی لە کۆکردنەوەی وشەدا**




هێڵکاریی ژمارە(١٤)

هێڵکاریی دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- ات) و بەکارهێنانی لە کۆکردنەوەی وشەدا




هێڵکاریی ژمارە(١٥)

هێڵکاریی دەرکەوتنی دووبارەی مۆرفیمی (- ان) و کارایی لە کۆکردنەوەی وشەدا

**هێڵكارییەكانی ژمارە (١١)، (١٢)، (١٣)، (١٤) و (١٥) سەلمێنەری بەرزی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی مۆرفیمی (-ان)ن، لە كۆكردنەوەی وشەدا، بە بەراورد بە مۆرفیمەكانی (- گەل) ،(- هات) ،(- جات) و (- وات)، كە هەریەكەیان دەچنە سەر چەند وشەیەكی دیاریكراو و چەمكی كۆیان پێدەبەخشن .**

**هەر لەم ڕوانگەیەوە، با سەرنج لە مۆرفیمی (- كەر) بدەین، كە لە زمانی كوردییدا بەكارهێنانی فراوانی هەیە، هەرچەندە ویستێك لە ئارادایە، بۆ سنوردار و كۆتوبەندەكردنی بەكارهێنانی ئەم مۆرفیمە، چونكە لەناو بەكارهێنەرانی زمانی كوردییدا وشەی (كەر) واتە (گوێدرێژ) وەك تانە و گاڵتەپێكردن بەكاردەهێنرێت و مرۆڤی پێ پەسندەكرێت هەر بۆیە هەوڵێك لە ئارادایە بۆ سنوردارکردن، یان بەكارنەهێنانی مۆرفیمی (- كەر)، بەڵام لەگەڵ ئەم تێڕوانینەشدا هێشتا مۆرفیمەكە بە شێوەیەكی بەرفراوان بەكاردەهێنرێت و چەمكی بكەری كردار بە وشەكان دەبەخشێت، وەك لەم نموونانەدا دەردەكەویت :**

**(١٩١) باپیر كوڕێكی ئیشكەرە .**

**(١٩٢) باپیر یاریكەرێكی لێهاتووە .**

**(١٩٣) شەڕكەرەكانی دوێنێ گیراون .**

**(١٩٤) ڕاوكەرەكە بە تفەنگ كەوەكانی ڕاوكردبوو .**

**(١٩٥) لە مزگەوتێك لە شاری لەندەن، هێرشكرایە سەر نوێژكەرەكان .**

**(١٩٦) قسەكەر و گوێگر دوو ڕەگەزی بنەڕەتی پەیوەندیكردنن .**

**(١٩٧) دوای گەڕانی زۆر ئینجا نانكەرێكمان دەستكەوت .**




**هێڵكاریی ژمارە(١٦)**

**هێڵكاریی دەركەوتن و كارایی مۆرفیمی (- كەر)**

هەرچەندە لە ئێستادا، هەوڵدەردرێت مۆرفیمی دیکەی وەک (زان، خوان و ...هتد) جێگەی مۆرفیمی (-کەر) لە هەندێک وشەدا بگرنەوە، یان بە تەواوی وشەکە بگۆڕن بە وشەی دیکە، وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت :

(١٩٨) باپیر یاریزانێکی لێهاتووە.

(١٩٩) لە مزگەوتێک لە شاری لەندەن هێرشکرایە سەر نوێژخوێنەکان .

(٢٠٠) ئاخێوەر و گوێگر دوو ڕەگەزی بنەڕەتی پەیوەندیکردنن .

بەڵام لەگەڵ ئەو هەوڵانەشدا، هێشتا مۆرفیمی (- کەر) یەکێکە لەو مۆرفیمانەی، کە ڕێژەیەکی بەرزی دەرکەوتنیان هەیە و لەگەڵ ئەو وشانەی، کە دەخرێتەپاڵیان وەک یەکیەکە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دادەکرێن و خاوەنی پلەیەکی بەرزی پارێزراوییە تێیدا.

## ٣- داکردنی وەک یەکیەکەیی:

تیۆریی بنەمایی بەکارهێنان پێیوایە، کە دەربڕاوەکانی زمان، وشەکان یان پێکهاتە مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانییەکان، وەک یەکیەکە لە فەرهەنگدا داکراون، لەبری ئەوەی وشە و پێشگر و پاشگرەکان، یان بەشەکانی وشەکە جیابکرێتەوە، هەر وەک یەکیەکەی سەربەخۆ لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دادەکرێن.پێکهاتە ڕێزمانییەکان، فرێزبن یاخود هەر جۆر و تەرزێکی ڕستە بن، لەناو فەرهەنگدا بە یەکیەکە دادەکرێن.

بەمەبەستی سەلماندنی دروستی بۆچوونەکەش لە زمانی کوردییدا، هەوڵدەدرێت سێ نموونەی (ڕستە ،دەربڕاوی مۆرفۆلۆژی، دەربڕاوی فۆنۆلۆژی) لە زمانەکەدا وەک نموونە بهێنرێتەوە و تۆڕبەندی پەیوەندییەکانیان لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییدا بنەخشێنرێت تا بسەلمێنرێت، کە هەریەکە لە تەرزی (داڕشتەی ڕستە، داڕشتەی مۆرفۆلۆژی، داڕشتەی فۆنۆلۆژی) وەک یەکیەکە داکراون، بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە نموونەی ژمارە ( ٢٠٢) و هێڵکاریی ژمارە (١٧) بڕوانین :

(٢٠١) ئەمڕۆ باران ئەبارێت .

گەر لە داڕشتەی ڕستەکە وردبینەوە، دەبینین، کە تۆڕبەندێکی پەیوەندی دەنەخشێنێت هەروەک لە هێڵکاریی ژمارە (١٧)دا دیارە، کە بەهۆیەوە چۆنێتی داکردنەکەی لە فەرهەنگی ئاوەزی مرۆڤی کورددا دەخرێتەڕوو .




**هێڵکاری ژمارە (١٧)**

**تۆڕبەندی پەیوەندی سیمانتیکی ڕستەی ( ئەمڕۆ باران ئەبارێت)**

لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت، کە وشەکان بە تۆربەندێک پێکەوەبەستراون، کە تێیدا هەر وشەیەک یەک کۆمەڵ چوارچێوە و مەودای فراوان کارادەکاتەوە، کە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ڕستەکە وەک یەکیەکە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داکراوە، بۆ زیاتر جەسپاندنی گریمانەی تیۆرییەکە و سەلماندنی داکردنی دەربڕاوە زمانییەکان وەک یەکیەکە، با لە ڕستەی ژمارە (٢٠٢) و هێڵکاریی ژمارە (١٨) بڕوانین :

(٢٠٢)   (لە چەندیت ؟)/ لە چەنیت؟/




**هێڵکاری ژمارە ( ١٨ )**

**هێڵکاری ڕستەی پرسیاری (لە چەنیت ؟)**

لەم هێڵكارییەدا داكردنی ڕستەی پرسیاری (لە چەنیت ؟)لە فەرهەنگی ئاوەزی بەكارهێنەری زماندا خراوەتەڕوو ،كە وەك یەكیەكە لە ناو فەرهەنگەكەدا بەكۆدكراوە و داكراوە، ڕێژەی گرتنەوە و فراوانی تۆڕبەندەكە، بەندە بە ڕێژەی كۆزانیاری، ئەزموون و شارەزایی ئاخێوەر و گوێگرەوە، بەستراوەتەوە بە بیستن، یان گۆكردنی ڕستەی (لە چەنیت؟) لە لایەن گوێگر و ئاخێوەرەوە چەمكەكان، تۆڕبەندەكە و تەنانەت وێنەی خوێندنگە، شوێنەكان، تەنانەت ڕووخسار و شێوەی مامۆستا و خوێندكارەكانیش لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا كارادەكاتەوە، كە ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، كە ئەم ڕستەیە وەك یەكەیەك لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دادەكرێت .

بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لە نموونەی ژمارە (٢٠٣) و هێڵكاریی ژمارە (١٩) بڕوانین :

(٢٠٣) كەی ڕوبەهەناری تازە دەرئەچێت؟.




**هێڵکاریی ژمارە (١٩) هێڵکاریی ڕستەی پرسیاری( کەی ڕوبەهەناری تازە دەرئەچێت؟**

لەم هێڵكارییەدا چۆنێتی داكردنی ڕستەی (كەی ڕووبەهەناری تازە دەردەچێت؟) لە فەرهەنگی ئاوەزیی بەكارهێنەری زماندا نەخشێنراوە، ئەمەش بێگومان لە بەكارهێنەرێكەوە بۆ بەكارهێنەرێكی دیكە بەپێی چەندێتی و چۆنێتی ئەو كۆزانیارییانەی، كە دەربارەی (ڕووبەهەنار) هەیانە، دەگۆڕێت، لە ڕاستییدا زانیاری، ئەزموونكردن و تاقیكردنەوەی كەسەكان، هێڵكارییەكە دەنەخشێنێت .

هەر لەم ڕوانگەیەوە، با لە نموونەی ژمارە (٢٠٤) و هێڵكاریی ژمارە (٢٠) وردبینەوە:

(٢٠٤)   قەڵەمەكانتان دانێن، هیچ مەنوسن، كاتتان تەواوبوو.




**هێڵکاریی ژمارە ( ٢٠) هێڵکاریی ڕستەی (قەڵەمەکانتان دانێن، هیچ مەنوسن، کاتتان تەواوبوو)**

**هێڵكاریی ژماره (٢٠)، چۆنێتی داكردنی ڕستەی داخوازی (قەڵەمەكانتان دانێن، هیچ مەنوسن، كاتتان تەواوبوو) پیشاندەدات، كە هەر وشەیەكی چەند مەودایەكی فراوان كارادەكاتەوە، كە سەلمێنەری ڕاستی و دروستی وەك یەكیەكەیی داكردنی پێكهاتە ڕێزمانییەكانە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا. بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر، با لە نموونەی ژماره (٢٠٥) و هێڵكاریی ژماره (٢١) ڕابمێنین :**

**(٢٠٥)   لادێكان ئاوەدانئەكرێنەوە .**




**هێڵکاریی ژمارە (٢١) هێڵکاریی ڕستەی (لادێکان ئاوەدانئەکرێنەوە)**

لەم هێڵکارییەدا، چۆنێتی داکردنی ڕستەیەکی بکەرنادیار وەک یەکیەکە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، نەخشێنراوە، بە بیستن و گۆکردنی ڕستەی (لادێکان ئاوەدانئەکرێنەوە) تۆڕێکی تێکچرژاو لە وشە و چەمک دێنەکایەوە و یەک لە دوای یەک چەمکەکان کارادەبنەوە. ئەمەش سەلمێنەری ئەو بانگەشەیەی تیۆری بنەمایی بەکارهێنانە، کە پێیوایە پێکهاتە ڕێزمانییەکان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا وەک یەکیەکە دادەکرێن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با لە نموونەی (٢٠٦) و هێڵکاریی ژمارە (٢٢) بڕوانین :

(٢٠٦) دەرگای خوێندنگەکان بە ڕووی خوێندکاراندا کرانەوە.

.




**هێڵکاریی ژمارە (٢٢) هێڵکاریی ڕستەی (دەرگای خوێندنگەکان بە ڕووی خوێندکاراندا کرانەوە)**

لەم هێڵکارییەدا چۆنێتی داکردنی ڕستەیەکی بکەرنادیار وەک یەکیەکە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دەخاتەڕوو، کە دەبێتە هۆی کاراکردنەوەی تۆڕبەندێک لە چەمک و وشە، تەنانەت وێنە ئاوەزییەکان، وەرز، کەشوهەوا و ژینگەی خوێندنیش کارادەکاتەوە .

بۆ سەلماندنی داکردنی وشە داڕێژراوەکان وەک یەکیەکە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، با لە نموونەی (٢٠٧) وردبینەوە:

(٢٠٧) فرۆشگە

ئەگەر لە وشەی (فرۆشگە) بڕوانین، دەبینین وشەیەکی داڕێژراوە لە (ڕەگی کردار + /- گە/) پێکهاتووە، (واتای شوێنی کردنی کارێک دەگەیەنێت) و ڕاستەخۆ ئەم تۆڕی پەیوەندییە دەنەخشێنێت :




هێڵکاریی ژمارە (٢٣)

هێڵکاریی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییانەی وشەی (فرۆشگە)

لەم هێڵکارییەدا دیارە وشەی (فرۆشگە) بە وشەکانی تری ناو فەرهەنگی ئاوەزییەوە گرێدراوە، کە بەهەمان یاسای مۆرفۆلۆژی داڕێژراون. بەمەش دەسەلمێت، کە ڕاستەوخۆ وشەکە لە فەرهەنگی ئاوەزییدا داکراوە، کە لە بەکارهێنانی زمانییەوە بەکۆدکراوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە، با لە نموونەی ژمارە (٢٠٨) هێڵکاریی ژمارە (٢٤) بڕوانین :

(٢٠٨) — شاخەوان




**هێڵکاریی ژمارە (٢٤)**

**هێڵکاریی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییانەی وشەی (شاخەوان)**

**دەبینین وشەی (شاخەوان) وشەیەکی داڕێژراوە لە ( ناو+ /- ەوان/) پێکهاتووە، کە زۆرجار واتایەکی نوێ وەک (پیشە، یان خولیای کەسێک) دەگەیەنێت، بە بیستن یان گۆکردنی وشەی (شاخەوان) ڕاستەوخۆ تۆڕێکی پەیوەندی لە نێوان ئەو وشانەی، کە بە مۆرفیمی ( /- ەوان/) وەردەگرن، کارادەبێتەوە. بە هەمان شێوە، با لە نموونەی ژمارە (٢٠٩) و هێڵکاریی ژمارە (٢٥) وردبینەوە :**

**(٢٠٩)   هەڵگرتن**




**هێڵکاریی ژمارە (٢٥)**

**هێڵکاریی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییانەی وشەی (هەڵگرتن)**

**وشەی (هەڵگرتن) وشەیەکی داڕێژراوە لە (پێشگر + ناوی کردار) پێکهاتووە، کە زۆرجار واتای (ئاڕاستەی جووڵەی بەرەو سەرەوە) بە وشەکان دەبەخشێت، لە فەرهەنگی ئاوەزییدا وەک یەکیەکە داکراوە، هەر بۆیە بیستن یان گۆکردنی وشەکانی تری فەرهەنگی ئاوەزی، کە هەمان پێکهاتنیان هەیە کارادەکاتەوە و تۆڕێک دەنەخشێنێت، هەر وەک لە هێڵکاریی ژمارە (٢٤)دا دیارە .**

**بۆ سەلماندنی زیاتری ئەم ڕاستییە، با لە نموونەی ژمارە (٢١٠) و هێڵکاریی ژمارە (٢٦) ڕابمێنین :**

**(٢١٠)      کەس**




**هێڵکاریی ژمارە (٢٦)**

**هێڵکاریی پەیوەندیی فۆنۆلۆژییانەی وشەی (کەس)**

**لەم هێڵکارییەدا پەیوەندیی فۆنۆلۆژییانەی وشەی (کەس) لەگەڵ وشەکانی تری ناو هێڵکارییەکەدا خراوەتەڕوو، کە دوو فۆنیمی سەرەتایان وەک یەک گۆدەکرێن.**

**کەواتە پێکهاتە ڕێزمانییەکان هەرچۆنێک بن لە ناو فەرهەنگەکەدا لە شێوەی تۆڕبەندێکی گشتیدا، هەموویان پێکەوە بەستراون، وشەکانی هاوبەشی سیمانتیکییان هەیە وەک (باران، کشتوکاڵ...هتد) بەیەکەوە بە گرێیەک بەستراون، بەهەمان شێوە پێکهاتە سینتاکسییەکان هەر چۆنێک بن وەک (ڕستەی هەواڵی، ڕستەی پرسیاری، ڕستەی داخوازی.... هتد) وەک یەکیەکەیی ڕێزمانی دادەکرێن.هەروەها وشەکانی، کە پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییان هەیە بە گرێیەکی تری ناو تۆڕبەندەکە بەستراون، وەک (فرۆشگە، خوێندنگە ...هتد)، هەروەها ئەوانەی، کە فۆنۆلۆژییانە لەیەکەوە نزیکن لە هەمان تۆڕبەندا بە گرێی جیاواز لەناو تۆڕبەندکەدا ڕێکخراون، وەک وشەی (کەس،مەڕ) .**

## ١/٣) درکپێکردنی کارەکییانەی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان:

پەیوەست و لە چوارچێوەی بنەما و شیکردنەوەکانی بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، سەرجەم نموونە و شرۆڤەکان بنەمایی (بەکارهێنان) لە هێنانەکایەی کۆزانیاریی وشەیی وشەکان دەسەلمێنن، لێرەدا بۆ مەبەستی زانستێتی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا بۆ ئەنجامدانی لایەنی کارەکییانەی لێکۆڵینەوەکە بە نموونە وەردەگیرێن، بۆ زانین و دەرخستنی گرنگی و بنەمایی ڕەگەزی بەکارهێنان لە زماندا پرسیاریان لەسەر ئامادەدەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا بەشێوەیەکی پوخت واتا و بوار و بارودۆخی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوەکان لە بوارەکەدا ڕووندەکرێتەوە، لە دواییدا بەپێی ئەو بەڵگە و پەڕاوانەی لە دادگا و فەرمانگە یاساییەکاندا دەردەکرێن پرسیار لەسەر خودی وشە و دەربڕاوەکان ئامادەدەکرێت واتە ئەو وشە و دەربڕاوانە ڕووندەکرێنەوە، کە لە بوارەکەدا گرنگن و خاوەنی زۆرترین ڕێژەی دووبارەبوونەوەن بەپێی ئەو دۆزانەی، کە تێیاندا بەکاردەهێنرێن .

هۆکاری هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکانی بواری یاسا وەک کەرەستەی لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، هۆکاری یەکەم بریتییە لە گرنگی بوارەکە لە ڕێکخستنی ژیان و کاروباری ڕۆژانەی خەڵکییدا و بەرکەوتنی بەردەوامی نێوانیان، وەک ژنهێنان، مارەیی، منداڵبوون، میراتی، کۆبەش، گرێبەست، مردن، بەخێوکردن، سکاڵاکردن، گەواهیدان، بەڵگەنامەکان وەک (لە ئامێزگرتن، بەخێوکردن، دابەشنامە، باواننامە، بریکارنامە و... هتد) و...هتد هەستکردن بە پێویستی خەڵکی ئاسایی بە ئاشنابوون و تێگەیشتن لەو وشە و دەربڕاوانەی، کە لەو بوارەدا بەکاردەهێنرێت، هۆکاری دووەمیش بریتییە لە پێویستی سەلماندنی بە بڕشتی زمانی کوردییە بە بوونی وشە و زاراوەی پێویست بەرانبەر ئەو چەمک و واتایانەی لە بوارەکەدا هەن، چونکە تا ئێستاش زۆرێک لە پسپۆڕانی ئەکادیمی و کارەکیی بوارەکە هۆکاری بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوەکانی زمانی عەرەبی بۆ نەبوونی وشە و زاراوەی پێویستی لە زمانی کوردییدا دەگەڕێننەوە، جگە لەوەی ڕێکنەکەوتنێک بەدیدەکریت لەو زمانەی کە لە بواری یاسادا بەکاردێت، بڕیاری هەندێک دادگای وەک دادگای پێداچوونەوە بە زمانی عەرەبی دەردەکرێت، دادگاش هەیە بڕیارەکانی بە زمانی کوردی دەردەکات، پارێزەر هەیە دادبینیەکەی بە زمانی عەرەبی پێشکەشدەکات، بە پێچەوانەشەوە هەیانە بە زمانی کوردی دادبینی پێشکەشدەکەن، ئەم نارێکی و تێکەڵاوییە بە شێوەیەکە وانەوتنەوە و بوارە ئەکادیمییەکەشی لە کۆلیجەکانی یاسادا گرتۆتەوە، لە کۆلێژی یاسای زانکۆی (سلێمانی) وتنەوەی وانەکان بە زمانی کوردییە، بە پێچەوانە لە کۆلیژی یاسای زانکۆی (گەشەپێدانی مرۆیی) خوێندنی وانەکان بە زمانی عەرەبیە، لە هەندێک کۆلێژ ڕێگە بە خوێندکار دەدرێت لە وەڵامدانەوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکاندا هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بەکاربهێنرێت، کۆلێژیش هەیە تەنها ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی دەدات، هۆکاری ئەم نارێکی و تێکەڵاوییە لەو ناوەندانەدا بۆ نەبوونی وشە و دەربڕاوەکان لە زمانی کوردییدا دەگەڕێنرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە هۆکارەکەی دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی، کە لە بنەڕەتدا یاسا و یاسای دادگاکان و خودی دادگا و جۆرەکانی، هەموویان یاسای عێراقین و سەرچاوەی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا هەمان یاسای دەوڵەتی عێراقە. هەر بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە ئامانجە سەرەکییەکەی، کە بریتییە لە سەلماندنی ئەوەی کە کۆزانیاریی وشەکانی زمان لە بەکارهێنانیانەوە

سەرچاوەدەگرن و دێنەکایەوە و لە فەرهەنگی ئاوەزیی بەکارهێنەری زمانەکەدا دەنەخشێنرێن، لە هەمانکاتدا هەوڵێکیشە بۆ سەلماندنی بەبڕشتی زمانی کوردی لە بواری یاسادا .

## ٢/٣) درکپێکردنی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی دەربڕاوە یاساییەکان[١]:

لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، چەند چەمکێکی یاسایی [٢] گرنگ، کە لە لایەن خەڵکی ئاسایی و ئەو کەسانەی لە دادگا، فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەو بوارە کاردەکەن، بەکاردەهێنرێن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی ئەندامەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، شیبکرێنەوە و بخرێنەڕوو، پاشان لە فۆرمی ڕاپرسییدا پرسیاریان لەسەر ئامادەبکرێت و پێشکەش بە کەسی ئاسایی و ئەو کەسانە بکرێت، کە یاساناس و پارێزەرن و لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە و کارکردن و تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی بەردەوامیان، بەپێی کۆزانیاریی و درکپێکردنی خۆیان وەڵامی بابەتەکان بدەنەوە. لێرەدا هەوڵدراوە وشە و دەربڕاوەکان بەپێی گرنگی و ڕێژەی بەربڵاوی و دووبارەبوونەوەیان دیاریبکرێن و هەڵبژێررێن و لە فۆڕمەکەدا پرسیار لەسەر هەندێکیان بکرێت، واتە هەوڵدراوە زیاتر ئەو وشە و دەربڕاوانە هەڵبژێرێن، کە زۆر پێویستن و لە بوارەکەدا خاوەنی ڕێژەیەکی بەرزی بەکارهێنانن[٣] . بۆ تێگەیشتن و دیاریکردنی کۆزانیاریی وشەیی وشە و دەربڕاوەکانی بوارەکە، هەوڵدەدرێت بۆ هەر وشە و دەربڕاوێک خشتەیەکی کۆزانیاریی وشەیی بخرێتەڕوو، کە چێوەی کۆزانیاریی وشەیی وشە و دەربڕاوەکانی تێدا ڕوونبکرێتەوە، کە بریتیین لە :

---

١- هەریەک لەم وشە و دەربڕاوانە هەڵدەگرن چەندین لێکۆڵینەوەی یاساییان لەسەر ئەنجامبدرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی گشت ڕەهەندەکانیان، بەڵام لێرەدا بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوە و پەیپێبراوانە شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

٢- پێدەچێت هەندێک لە وشە و دەربڕاوەکان لە ئاخاوتنی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەدا بە واتای تر بەکاربهێنرێن، بەڵام لێرەدا تەنها مەبەست لەو چەمک و واتایانەیانە کە لە بواری یاسادا هەیانە.

٣- وشەکان لە ( خۆشناو، ٢٠١٧ )، (دادوەر ئیسماعیل (دادوەری دادگای بەرایی سلێمانی)) وەرگیراوە.

١- (تۆمەتبار)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | /ت + ۆ + م + ە + ت + ب + ا + ر / |
| | بەرهەمهێنەر | / تۆمەتبار / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست + ڕەگی سەربەست) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (تۆمەتبار) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ئاوەڵناوی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار،...هتد) وەک (دادگا، دادوەر، گوفتار، دەستگیرکرا...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ... هتد) وەک (دادوەر، دادگا، دەستگیرکرا ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ئاوەڵناوی ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە . |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی لێکۆڵینەوەی دادگادا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بە کەسێک دەگوترێت، کە گومانی ئەنجامدانی تاوانێکی لێبکرێت، بەڵام هێشتا تاوانەکەی بەسەردا ساغنەبووبێتەوە. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (متهم) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (تۆمەتبار) وشەکانی (دادوەر، لێکۆڵینەوە، گوفتار، تاوان، ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (متهم) دەتوانرێت لە بری (تۆمەتبار) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (١)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (تۆمەتبار) لە بواری یاسادا .

٢- (کەتن)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
| --- | --- | --- |
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | /ک + ە+ ت + أ + ن / |
| | بەرهەمهێنەر | / کەتن / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی سادەیە |
| | بەرهەمهێنەر | (کەتن) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناودا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناودا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (تاوان، سزا، سەرپێچی، بەندکردن ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (تاوان، سزا، سەرپێچی، بەندکردن ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە . |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی دادگادا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بە تاوانێک دەگوترێت، کە سزاکەی لە پێنج ساڵ تێپەرنەکات، واتا لە پێنج ساڵ زیاترنەبێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (جنح) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (کەتن) وشەکانی (دادگا، سزا، سەرپێچی، ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (لادان، یان تاوانی بچوک) دەتوانرێت لە بری (کەتن) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٢)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (کەتن) لە بواری یاسادا

**٣- (دەستەبەری)**

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | /د + ە + س + ت + ە + ب + ە + ر + ی / |
| | بەرهەمهێنەر | / دەستەبەری / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست+ناوبەند+ڕەگی سەربەست+م.داڕشتن) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (دەستەبەری) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دەستەبەر، پابەندبوون، قەرەبووکردنەوە،...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دەستەبەر، پابەندبوون، قەرەبووکردنەوە،...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (بانک، دادگا، ...هتد) بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | ئامادەیی کەسێکە بۆ چوونە ژێرباری (سزا، قەرەبووکردنەوە، یان پابەندبوون بەهەر ڕێکارێکەوە) لەبری کەسێکی دیاریکراو. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (کفالە) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (دەستەبەری) وشەکانی (قەرەبووکردنەوە، سزا، پابەندبوون ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (کفالە) دەتوانرێت لە بری (دەستەبەری) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (٣)**

**کۆزانیاریی وشەیی وشەی (دەستەبەری) لە بواری یاسادا**

٤- (ناکام)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ن + ا + ک + ا + م / |
| | بەرهەمهێنەر | / ناکام / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی داڕێژراوە بەپێی یاسای (لاگر+ڕەگی سەربەست) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (ناکام) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە ئاوەڵناوێکی ناو ئاسایە دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ئاوەڵناوی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (تەمەن، لێهاتوویی، چاودێریکردن،...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (تەمەن، لێهاتوویی، چاودێریکردن،...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ئاوەڵناوێکی ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا، فەرمانگەکان) بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | لە یاسادا بەو کەسانە دەگوترێت، کە تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵدایە و نەگەیشتونەتە تەمەنی پێگەشتن. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (قاصر) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (ناکام) وشەکانی (تەمەن، لێهاتوویی، چاودێریکردن ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (قاصر) دەتوانرێت لە بری (ناکام) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٤)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (ناکام) لە بواری یاسادا

**٥- (دەسەڵاتبەندی)**

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / د + ە + س + ە +ڵ + ا + ت + ب + ە + ن + د + ی / |
| | بەرهەمهێنەر | / دەسەڵاتبەندی / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست+م.داڕشتن+ڕەگی سەربەست+م.داڕشتن) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (دەسەڵاتبەندی) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| **ڕێکخستن و شوێنی وشە** | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (موڵک، پارە، لێهاتوویی، زەوتکردن...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (موڵک، پارە، لێهاتوویی، زەوتکردن...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| **ئەرک** | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ئاوەڵناوێکی ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا، دادبینی، فەرمانگەکان) بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| **واتا** | | |
| چەمک | وەرگر | ڕێکارێکی یاساییە، بەرانبەر کەسێک دەکرێت بەهۆیەوە بەشێک لە لێهاتوویی زەوتدەکرێت، واتە مافی دەستکاریکردن و بەکارهێنانی موڵک، یان پارە لە کەسێک دەسەندرێتەوە |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (حجر)بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (دەسەڵاتبەندی) وشەکانی (لێهاتوویی، موڵک، پارە، زەوتکردن ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (حجر) دەتوانرێت لە بری (دەسەڵاتبەندی) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (٥)**

**کۆزانیاریی وشەیی وشەی (دەسەڵاتبەندی) لە بواری یاسادا**

### ٦- (کۆبەش)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ک + ۆ + ب + ە + ش / |
| | بەرهەمهێنەر | / کۆبەش / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست+ڕەگی سەربەست) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (کۆبەش) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (هاوبەش، موڵک، جیاکردنەوە ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (هاوبەش، موڵک، جیاکردنەوە ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا، فەرمانگەکان) بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بە هاوبەشی کۆمەڵە کەسێک لە خاوەندارێتی موڵکێکدا دەگوترێت، کە وەک یەک مافیان تێیدا هەبێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (شیوع)بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (کۆبەش) وشەکانی (موڵک، میراتی، هاوبەشی، جیاکردنەوە ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (شیوع) دەتوانرێت لە بری (کۆبەش) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (٦)**

**کۆزانیاریی وشەیی وشەی (کۆبەش) لە بواری یاسادا**

**٧- (دابەشنامەی شەرعی)**

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / د + ا + ب + ە + ش + ن + ا + م + ە +ی - ش + ە + ر + ع + ی / |
| | بەرهەمهێنەر | / دابەشنامەی شەرعی / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | فرێزێکی خستنەپاڵە بەپێی یاسای (دەرخراو+م.(خستنەپاڵ)+دەرخەر) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (دابەشنامەی شەرعی) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | فرێزەکە لە تەرزی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (نێر و مێ، ناکام، بڕیاردان ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (نێر و مێ، ناکام، بڕیاردان ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی فرێزەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا، فەرمانگەکان) بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بەڵگەیەکە لە دادگای باری کەسێتی دەردەچێت، تایبەتە بە دابەشکردنی میراتی بەسەر میراگترەکاندا، کە تێیدا بەشی کوڕ دوو هێندەی بەشی کچە. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم فرێزە بەرانبەر بە فرێزی (قسام شرعی) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | فرێزی (دابەشنامەی شەرعی) وشەکانی (میراتی، بەش، بڕیاردان ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزی (قسام شرعی) دەتوانرێت لە بری (دابەشنامەی شەرعی) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (٧)**

**کۆزانیاریی وشەیی فرێزی (دابەشنامەی شەرعی) لە بواری یاسادا**

٨- (گەواهیدەر)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / گ + ە + و + ا + هـ + ی + د + ە + ر / |
| | بەرهەمهێنەر | / گەواهیدەر / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی داڕێژراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست+م.دارشتن) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (گەواهیدەر) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ئاوەڵناو و ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ئاوەڵناو و ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (گوفتار، وەرگیراو، سوێندخواردن و...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (گوفتار، وەرگیراو، سوێندخواردن و ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ئاوەڵناو و ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا) بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | کەسێکە، کە بە یەکێک لە هەستەکانی درکی بە ڕووداوێک کردبێت و ڕووداوەکە وەک خۆی لە بەردەم دادگا بگێڕێتەوە. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (شایەت) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (گەواهیدەر) وشەکانی (دادگا، ڕووداو، گێڕانەوە، گوفتار ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (شایەت) دەتوانرێت لە بری (گەواهیدەر) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٨)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (گەواهیدەر) لە بواری یاسادا

### ٩- (لابردنی کۆبەش)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
| --- | --- | --- |
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ل + ا + ب + i + ر + د + i + ن + ی - ک + ۆ + ب + ە + ش / |
| | بەرهەمهێنەر | / لابردنی کۆبەش / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | فرێزێکی خستنەپاڵە بەپێی یاسای (دەرخراو + م.(خستنەپاڵ) + دەرخەر) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (لابردنی کۆبەش) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | فرێزەکە لە تەرزی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (خاوەنداری، موڵک، داماڵین ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (خاوەنداری، موڵک، داماڵین ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی فرێزەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا، فەرمانگەکان)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بریتییە لە داماڵینی هاوبەشی دووکەس، یان زیاتر لە خاوەنداری موڵکێک، زۆرجار میراتگرەکان پەنادەبەنە بەر ئەم لابردنە. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم فرێزە بەرانبەر بە فرێزی (ازالة شیوع) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (لابردنی کۆبەش) وشەکانی (موڵک، داماڵین، داوا،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزی(ازالة شیوع) دەتوانرێت لە بری (لابردنی کۆبەش) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (٩)**

**کۆزانیاریی وشەیی فرێزی (لابرنی کۆبەش) لە بواری یاسادا**

١٠- (دادگای بەرایی)

| فۆرمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆرمی گوتراو) | وەرگر | / د + ا + د + گ + ا + ی – ب + ە + ر + ا + ی + ی / |
| | بەرهەمهێنەر | / دادگای بەرایی / |
| (فۆرمی نووسراو) | وەرگر | فرێزێکی خستنەپاڵە بەپێی یاسای (دەرخراو + م.(خستنەپاڵ) + دەرخەر) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (دادگای بەرایی) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | فرێزەکە لە تەرزی ناوئاسادا بۆ ناولێنانی جۆرێک لە دادگا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزەکە دەبێت ناوئاسا بۆ ناولێنانی جۆرێک لە دادگا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دادگا، بڕیاردان، دادوەر ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دادگا، بڕیاردان، دادوەر ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی فرێزەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | دادگایەکی پلە یەکە لە دادوەرێک پێکدێت، ئەو دۆزانە دەبینێت کە پەیوەندییان بە ناکۆکی لەسەر پارە و موڵکی کەسەکاندا هەیە بە هۆی گرێبەست و مامەڵەوە، هەروەها گۆڕینی ناو و بەرواری لەدایکبوون لەگەڵ شوکردن و ژنهێنان و جیابوونەوەی ئەو کەسانەی کە موسڵمان نین. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم فرێزە بەرانبەر بە فرێزی (محكمة البداءة) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | فرێزی (دادگای بەرایی) وشەکانی (مامەڵە، گرێبەست، ناوگۆڕین، ژنهێنان،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزی(محكمة بداءة) دەتوانرێت لە بری (دادگای بەرایی) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**کۆزانیاریی وشەیی فرێزی (دادگای بەرایی) لە بواری یاسادا**

١١- (لێهاتوویی )

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ل + ێ + ه + ا + ت + وو + ی + ی / |
| | بەرهەمهێنەر | / لێهاتوویی / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی داڕێژراوە بەپێی یاسای (م.داڕشتن + ڕەگ + م.داڕشتن+م.داڕشتن) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (لێهاتوویی) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ئاوەڵناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ئاوەڵناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دەسەڵاتبەندی، ناکام، سەرکاردانان ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دەسەڵاتبەندی، ناکام، سەرکاردانان ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ئاوەڵناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا، فەرمانگەکان)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بەتوانایی کەسێکە، کە بەپێی یاسا دیاریدەکرێت، ئەو کەسە ئەرک و مافی هەیە، کە یاسا بڕیاری لەسەر دەدات، واتە ئایا دەتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات و کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (الأهلیة) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (لێهاتوویی) وشەکانی (ئەرک، ماف، یاسا، نەخۆشی،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی(الأهلیة) دەتوانرێت لە بری (لێهاتوویی) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (١١)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (لێهاتوویی) لە بواری یاسادا

**١٢- (دادگای پێداچوونەوە )**

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / د + ا + د + گ + ا + ی – پ + ێ + دا + چ + وو + ن + ە + و + ە / |
| | بەرهەمهێنەر | / دادگای پێداچوونەوە / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | فرێزێکی خستنەپاڵە بەپێی یاسای<br>(دەرخراو + م.داڕشتن + دەرخەر) پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (دادگای پێداچوونەوە) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | فرێزێکە لە تەرزی ناوئاسادا بۆ ناولێنانی جۆرێک لە دادگا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بۆ ناولێنانی جۆرێک لە دادگا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (پێداچووکار، دادوەر، بڕیاردان ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (پێداچووکار، دادوەر، بڕیاردان ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی فرێزەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | ئەم دادگایە پلەی نییە لە پلەی دادگاکان، بەڵکو بریتییە لە دەستەیەکی دادگەری باڵا، کە چاودێری سەرجەم دادگاکانی تر دەکات و دەتوانێت بڕیارەکانیان هەڵبوەشێنێتەوە. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم فرێزە بەرانبەر بە فرێزی (محكمة التميز) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | فرێزی (دادگای پێداچوونەوە) وشەکانی (دادگا، دادوەر، بڕیاردان، هەڵوەشاندنەوە،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزی(محكمة التميز) دەتوانرێت لە بری (دادگای پێداچوونەوە) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (١٢)**

**کۆزانیاریی وشەیی فرێزی (دادگای پێداچوونەوە) لە بواری یاسادا**

**١٣- (دادوەر )**

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / د + ا + د + و + ە + ر / |
| | بەرهەمهێنەر | / دادوەر/ |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی داڕێژراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست + م.داڕشتن) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (دادوەر) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دادگا، بڕیاردان، گەواهیدەر ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دادگا، بڕیاردان، گەواهیدەر ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | کەسێکە بەپێی یاسا خاوەنی دەسەڵاتە کێشە و دۆزی نێوان کەسە ناکۆکەکان یەکلاییدەکاتەوە و بەپێی یاسا بڕیاردەدات. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (حاکم،قاضي) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (دادوەر) وشەکانی (بڕیاردان، دادگا، دادبینی، .... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکانی (حاکم، قاضي) دەتوانرێت لە بری (دادوەر) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**کۆزانیاریی وشەیی وشەی (دادوەر) لە بواری یاسادا**

### ١٤- (بەڵگەی لەئامێزگرتن )

| فۆڕمی وشه | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ب + ە + ڵ + گ + ە + ی – ل + ە + ئ + ا + م + ێ + ز + گ + ر + ت + i + ن / |
| | بەرهەمهێنەر | / بەڵگەی له ئامێزگرتن / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | فرێزێکی خستنەپاڵە بەپێی یاسای (دەرخراو+م.(خستنەپاڵ)+دەرخەر) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (بەڵگەی لەئامێزگرتن) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشه | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | فرێزێکه له تەرزی ناوئاسادا له ناولێنانی بەڵگەیەکی یاسایی دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزێکه دەبێت له تەرزی ناوئاسادا بۆ ناولێنانی بەڵگەیەکی یاسایی بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (قەواڵە، بەخێوکردن، منداڵ ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (قەواڵە، بەخێوکردن، منداڵ ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر له ژینگەی (دادگا، فەرمانگەکان)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر له بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | قەواڵەیەکە، کە تێیدا کەسێک بۆ بەخێوکردنی منداڵ دیاریدەکرێت، به مەرجێک باوکی منداڵەکە نەبێت . |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم فرێزە بەرانبەر به فرێزی (حجة الحضانة) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | فرێزی (بەڵگەی لەئامێزگرتن) وشەکانی (بەخێوکردن، منداڵ، قەواڵە، ،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکانی (حجة الحضانة) دەتوانرێت له بری (بەڵگەی لەئامێزگرتن) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**کۆزانیاریی وشەیی فرێزی (بەڵگەی لەئامێزگرتن) له بواری یاسادا**

١٥- (بەڵگەی بەخێوكردن)

| فۆڕمی وشە | بەكارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
| --- | --- | --- |
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ب + ە + ڵ + گ + ە + ی – ب + ە + خ + ێ + و + ک + أ + ر + د + أ + ن / |
| | بەرهەمهێنەر | / بەڵگەی بەخێوكردن/ |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | فرێزێكی خستنەپاڵە بەپێی یاسای (دەرخراو+م.(خستنەپاڵ)+دەرخەر) پێكهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (بەڵگەی بەخێوكردن) بەم شێوەیە ڕێنووسدەكرێت . |
| ڕێكخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێكخستنی ڕێزمانی | وەرگر | فرێزێكە لە تەرزی ناوئاسادا لە ناولێنانی بەڵگەیەكی یاسایی دەردەكەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزێكە دەبێت لە تەرزی ناوئاسادا بۆ ناولێنانی بەڵگەیەكی یاسایی بەكاربهێنرێت . |
| پێكەوەهاتنەكان | وەرگر | پێشبینیدەكرێت لەگەڵ (ناو، كردار ...هتد) وەك (منداڵ، بەخێوكردن، بڕیاردان ...هتد) دەربكەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، كردار ...هتد) وەك (منداڵ، بەخێوكردن، بڕیاردان ...هتد) بەكاربهێنرێت. |
| ئەرك | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاكەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەكە ناوئاسایە، بۆیە بەكارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا، فەرمانگەكان)دا بەكاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەكاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمك | وەرگر | بەڵگەنامەیەكی فەرمییە لە دادگای بەرایی دەردەچێت سەبارەت بە بەخێوكردنی كەسێك، كە هیچ سەرپەرشتێكی نەبێت و كەسێك بە كەسێكی تر بە مەبەستی بەخێوكردنی دەسپێردرێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم فرێزە بەرانبەر بە فرێزی (حجة إعالة) بەكاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەكان | وەرگر | فرێزی (بەڵگەی بەخێوكردن) وشەكانی (بەخێوكردن، منداڵ، گەواهیدەر،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزی (حجة إعالة) دەتوانرێت لە بری (بەڵگەی بەخێوكردن) بەكاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**كۆزانیاریی وشەیی فرێزی (بەڵگەی بەخێوكردن) لە بواری یاسادا .**

١٦- (پاشەملە)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / پ + ا + ش + ە + م + ل + ە / |
| | بەرهەمهێنەر | / پاشەملە/ |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست + ناوبەند + ڕەگی سەربەست+م.داڕشتن) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (پاشەملە) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ئاوەڵناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ئاوەڵناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دادگا، بڕیاردان، هەڵوەشاندنەوە، ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (دادگا، بڕیاردان، هەڵوەشاندنەوە، ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ئاوەڵناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | وشەیەکە لە بواری یاسادا بە بەڕێوەچوون و ئەنجامدانی کۆمەڵێک ڕێکاری یاسایی دەگوترێت بەرانبەر بە کەسێک بە بێ ئامادەبوونی خۆی دەکرێت، واتە بە بێ ئامادەبوونی خۆی بڕیاری بەسەردار دەدرێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (الغیابی) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (پاشەملە) وشەکانی (بڕیاردان، ئامادەنەبوو، گەواهیدەر،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (غیابی) دەتوانرێت لە بری (پاشەملە ) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (١٦)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (پاشەملە) لە بواری یاسادا

**١٧- (سکاڵا)**

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
| --- | --- | --- |
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / س + أ + ک + ا + ڵ + ا / |
| | بەرهەمهێنەر | / سکاڵا / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی سادەیە |
| | بەرهەمهێنەر | (سکاڵا) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناودا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناودا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (سکاڵاکار، بڕیاردان، پێداچوونەوە، ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (سکاڵاکار، بڕیاردان، پێداچوونەوە، ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | کاتێک تاوانێک بەرانبەر بە کەسێک ئەنجامدەدرێت کەسەکە خۆی، یان کەس و کارەکەی ئەم سکاڵایە پێشکەشدەکەن، کە خەسڵەتی یاسایی هەیە و لە دادگای لێکۆڵینەوەوە دەجوڵێنرێت . |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (شکوی) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (سکاڵا) وشەکانی (دادگا، لێکۆڵینەوە، تاوان،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (شکوی) دەتوانرێت لە بری (سکاڵا ) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (١٧)**

**کۆزانیاریی وشەیی وشەی (سکاڵا) لە بواری یاسادا**

١٨- (ڕاسپێر)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ڕ + ا + س + پ + ێ + ر / |
| | بەرهەمهێنەر | / ڕاسپێر / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی دارێژراوە بە یاسای (م.داڕشتن + ڕەگی بەند)پێکهاتووە |
| | بەرهەمهێنەر | (ڕاسپێر) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە بە هەردوو تەرزی ئاوەڵناوئاسا و ناوئاسا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ئاوەڵناو ئاسا وناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (ڕاسپاردە، موڵک، موڵک و ماڵ، بەخشین، ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (ڕاسپاردە، موڵک، موڵک و ماڵ، بەخشین، ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە هەم ئاوەڵناوئاسا و هەم ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا و فەرمانگەکان)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بەکەسێک دەوترێت، کە بە ویستی و ئارەزوو خۆی بڕیاربدات لە دوای مردنی خۆی ئەو موڵک و ماڵەی هەیەتی (هەمووی یان بەشێکی)دەبەخشرێتە کەسێکی دیاریکراو. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (الوصي) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (ڕاسپێر) وشەکانی (موڵک و ماڵ، بڕیاردان، بەخشین،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (الوصي) دەتوانرێت لە بری (ڕاسپێر ) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (١٨)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (ڕاسپێر) لە بواری یاسادا

**١٩- (وەفاتنامە)**

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / و + ە + ف + ا + ت + ن + ا + م + ە / |
| | بەرهەمهێنەر | / وەفاتنامە / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بە یاسای (ڕەگی سەربەست+ڕەگی سەربەست) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (وەفاتنامە) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| **ڕێکخستن و شوێنی وشە** | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناوئاسا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسا دا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (گەواهیدەر، دادوەر، سەلماند...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (گەواهیدەر، دادوەر، سەلماند...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| **ئەرک** | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بلاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاویتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا و فەرمانگەکان)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| **واتا** | | |
| چەمک | وەرگر | یەکێکە لەو بەڵگانەی، کە دادگای باری کەسێتی دەریدەکات، کاتێک گەواهیدەر لەسەر مردن و بینینی تەرمی کەسێک هەبێت، ئەم بەڵگەنامەیە بە فەرمی و بە بڕیاری دادگا مردنی کەسێک دەسەلمێنێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (حجة الوفاة) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (وەفاتنامە) وشەکانی (مردوو، گەواهیدەر، سەلماندن،...هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (حجة الوفاة) دەتوانرێت لە بری (وەفاتنامە ) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**کۆزانیاریی وشەیی وشەی (وفاتنامە) لە بواری یاسادا**

**٢٠- (کەلێن)**

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
| --- | --- | --- |
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ک + ە + ل + ێـ + ن / |
| | بەرهەمهێنەر | / کەلێن / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی دارێژراوە بە یاسای (ڕەگی سەربەست+م.داڕشتن) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (کەلێن) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناوئاسا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسا دا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (مادە، بڕگە، بڕیار، یاسا ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (مادە، بڕگە، بڕیار، یاسا ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بلاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا )دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بریتییە لە خاڵی لاوازی یاسا و مادەکان، کە پارێزەران بە ئاسانی بەکاریاندەهێنن لە کاتی دادبینیدا پشتیپێدەبەستن و شارەزای ئەو خاڵانەن . |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (ثغرة) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (کەلێن) وشەکانی (دادگا، ماددە، بڕگە، یاسا، پارێزەر،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (ثغرة) دەتوانرێت لە بری (کەلێن ) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**کۆزانیاریی وشەیی وشەی (کەلێن) لە بواری یاسادا**

## ٢١- (پەڵپگرتن)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە |
| --- | --- | --- |
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / پ + ە + ڵ + i + پ + گ +i+ ر + ت + i + ن / |
| | بەرهەمهێنەر | / پەڵپگرتن / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بە یاسای (ڕەگی سەربەست+داڕێژراو) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (پەڵپگرتن) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناوئاسا بۆ ڕێکارێکی دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسا بۆ ڕێکارێکی دا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (بڕیاری پاشەملە، دادگا ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (بڕیاری پاشەملە، دادگا ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا )دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | جۆرێکی تانووتە، کە تەنها لە بڕیاری پاشەملە دەگیرێت، واتە بەبێ ئامادەبوونی کەسەکە دادگا بڕیاری بەسەردا دەدات و دواتر کەسەکە دەتوانێت ئەم پەڵپەبگرێت بە مەرجێک بڕیارەکە پاشەملە بێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (اعتراض) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (پەڵپگرتن) وشەکانی (بڕیاری پاشەملە، کەسی ئامادەنەبوو، زەرەرمەند، ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (اعتراض) دەتوانرێت لە بری (پەڵپگرتن ) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٢١)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (پەڵپگرتن) لە بواری یاسادا

### ٢٢- (قەڵسکردن)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ق + ە + ڵ + i + س + ک + i + ر + د + i + ن / |
| | بەرهەمهێنەر | / قەڵسکردن / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بە یاسای (ڕەگی سەربەست + داڕێژراو (ڕەگ+م.ک+م.داڕشتن)) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (قەڵسکردن) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ناوئاسا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (هەڕەشە، قەڵسکەر، بڕیار ...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (هەڕەشە، قەڵسکەر، بڕیار ...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا )دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بریتییە لە هەڕەشەکردن لە کەسێک بە ئاشکراکردنی زانیارییەکی دیاریکراو ئەگەر کەسەکە داواکاری قەڵسەکەرەکە جێبەجێنەکات . |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (ابتزاز) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (قەڵسکرن) وشەکانی (هەڕەشە، قەڵسکەر، داواکاری، ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (ابتزاز) دەتوانرێت لە بری (قەڵسکردن ) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٢٢)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (قەڵسکرن) لە بواری یاسادا

### ٢٣- (بەڵگەنامەی پێسپێری)

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ب + ە + ڵ + گ + ە + ن + ا + م + ە + ی - پ + ێ + س + پ + ێ + ڕ + ی / |
| | بەرهەمهێنەر | / بەڵگەنامەی پێسپێری / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | فرێزێکی خستنەپاڵە بەپێی یاسای (دەرخراو+دەرخەر) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (بەڵگەنامەی پێسپێری) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | فرێزەکە لە تەرزی ناوئاسا بۆ ناونانی بەڵگەنامەیەکی یاسایی دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | فرێزەکە دەبێت لە تەرزی ناوئاسا بۆ ناونانی بەڵگەنامەیەکی یاساییدا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (سەرپەرشتی، منداڵ، دایک، بڕیاردان...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (سەرپەرشتی، منداڵ، دایک، بڕیاردان...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی فرێزەکە ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا،فەرمانگەکان)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بەڵگەنامەیەکە، بەپێی بڕیاری دادگا دەردەکرێت، بەهۆیەوە کەسێکی نزیکی منداڵ (لە پاش مردنی باوکی) وەک سەرپەرشتی منداڵەکە دیاریدەکرێت. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم فرێزە بەرانبەر بە وشەی (حجة الوصاية) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | فرێزی (بەڵگەنامەی پێسپێری) وشەکانی (هەڕەشە، قەڵسکەر، داواکاری، ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (حجة الوصاية) دەتوانرێت لە بری (بەڵگەنامەی پێسپێری) بەکاربهێنرێت. |

**خشتەی ژمارە (٢٣)**

**کۆزانیاریی وشەیی فرێزی (بەڵگەنامەی پێسپێری) لە بواری یاسادا**

٢٤- (تاوانکار )

| فۆڕمی وشە | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ت + ا + و + ا + ن + ک + ا + ر / |
| | بەرهەمهێنەر | / تاوانکار / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست+ڕەگی سەربەست) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (تاوانکار) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ئاوەڵناوی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ئاوەڵناوی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (تاوان، دادگایی، سزادان، بڕیاردان...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (تاوان، دادگایی، سزادان، بڕیاردان...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکی ئاوەڵناوی ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بەکەسێک دەگوترێت کە لە دادگای لێکۆڵینەوە بگوێزرێتەوە بۆ دادگای تایبەتمەند، تێیدا تاوانباربکرێت، لە تاوانی ئاساییدا پێی دەگوترێت تاوانبار، بەڵام لەو تاوانانەی ئابڕووبەرن پێی دەگوترێت تاوانکار. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (مجرم) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (تاوانکار) وشەکانی (دادگایی، تاوان، سزادان، بڕیاردان ... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (مجرم) دەتوانرێت لە بری (تاوانکار) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٢٤)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (تاوانکار ) لە بواری یاسادا

٢٥- (تاوانبار )

| فۆڕمی وشه | بەکارهێنەری زمان | ئەو گرفتانەی ڕووبەرووی دەبنەوە |
|---|---|---|
| (فۆڕمی گوتراو) | وەرگر | / ت + ا + و + ا + ن + ب + ا + ر / |
| | بەرهەمهێنەر | / تاوانبار / |
| (فۆڕمی نووسراو) | وەرگر | وشەیەکی لێکدراوە بەپێی یاسای (ڕەگی سەربەست+ڕەگی سەربەست) پێکهاتووە. |
| | بەرهەمهێنەر | (تاوانبار) بەم شێوەیە ڕێنووسدەکرێت . |
| ڕێکخستن و شوێنی وشە | | |
| ڕێکخستنی ڕێزمانی | وەرگر | وشەکە لە تەرزی ئاوەڵناوی ناوئاسادا دەردەکەوێت . |
| | بەرهەمهێنەر | وشەکە دەبێت لە تەرزی ئاوەڵناوی ناوئاسادا بەکاربهێنرێت . |
| پێکەوەهاتنەکان | وەرگر | پێشبینیدەکرێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (تاوان، دادگایی، سزادان، بڕیاردان...هتد) دەربکەوێت. |
| | بەرهەمهێنەر | دەبێت لەگەڵ (ناو، کردار ...هتد) وەک (تاوان، دادگایی، سزادان، بڕیاردان...هتد) بەکاربهێنرێت. |
| ئەرک | | |
| دووبارەبوونەوە | وەرگر | بە واتاکەی خۆی بڵاو و باوە. |
| | بەرهەمهێنەر | لەبەرئەوەی وشەکی ئاوەڵناوی ناوئاسایە، بۆیە بەکارهێنانەوەی چەند جارەیە. |
| گونجاوێتی | وەرگر | زیاتر لە ژینگەی (دادگا)دا بەکاردێت . |
| | بەرهەمهێنەر | زیاتر لە بواری یاسادا بەکاردەهێنرێت . |
| واتا | | |
| چەمک | وەرگر | بەکەسێک دەگوترێت، کە تۆمەتێکی درابێتەپاڵ دادگا گەیشتبێتە ئەو باوەڕەی، کە تاوانەکەی ئەنجامداوە، دوای ڕووبەڕووکردنەوەی تۆمەتەکە کەسەکە لە تۆمەتبارەوە دەبێت بە تاوانبار. |
| | بەرهەمهێنەر | پێویستە خودی ئەم وشەیە بەرانبەر بە وشەی (مدان) بەکاربهێنرێت. |
| پەیوەستگییەکان | وەرگر | وشەی (تاوانبار) وشەکانی (تۆمەت، ڕووبەڕووکردنەوە، دادگایی،... هتد) دەهێنێتەوە بیر. |
| | بەرهەمهێنەر | وشەی (مدان) دەتوانرێت لە بری (تاوانبار) بەکاربهێنرێت. |

خشتەی ژمارە (٢٥)

کۆزانیاریی وشەیی وشەی (تاوانبار ) لە بواری یاسادا

### ٣/٣) پاساودانی کارەکیبیانەی کۆزانیاریی وشەیی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە فەرهەنگی ئاوەزیی مرۆڤی کورددا

لەبەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کار لە سەر کۆزانیاریی وشەیی کرا و هەوڵدرا لە ڕێگەی نموونە و شیکردنەوەی نموونەکانەوە گرنگی و بنەمایی بەکارهێنانی وشەکان لە لایەن ئاخێوەر و گوێگرەوە بخرێتەڕوو، بۆ سەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی ئەم بنەماییە، بە پێویست دەزانرێت لەم بەشەدا وەک لێکۆڵینەوەیەکی زانستی پشت بە فۆرمی ڕاپرسی ببەسترێت. ئەو پرسیارانەی لە فۆڕمەکەدا دادەنرێن لە پێناو خزمەتکردنی دوو تەوەرەی سەرەکییدا دەبن، تەوەرەی یەکەم سەلماندنی ئەوەی، کە کۆزانیاریی وشەیی لە بەکارهێنانەوە دێتەکایەوە، تەوەرەی دووەم سەلماندنی بەبڕشتی زمانی کوردییە بۆ گشت بوارەکان( وەرگرتنی بواری یاسایی بە نموونە) .

ڕاپرسی یەکێکە لە دیارترین ئەو ئامرازانەی لە لێکۆڵینەوەی زانستییدا بەکاردەهێنرێت، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەی بوارە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکاندا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە هۆکاری بەدەستهێنانی داتا و ئەو زانیارییانەیە، کە پەیوەندییان بە بابەت و کێشەی لێکۆڵینەوەکانەوە هەیە. لێکۆڵەری هەر بوارێک بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەی پێویستی بە قوڵبوونەوە و وردبوونەوەی زانستییانەی بابەت و کێشەی لێکۆڵینەوەکەیەتی دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕاپرسییەوە ئەم کارانەبکات و ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەی بپێکێت. هەر لەبەرئەمەیە، لێکۆڵەر پەنادەباتە بەر ئەنجامدانی ڕاپرسی، واتە وەرگرتنی ڕای کۆمەڵە کەسێک، کە لێکۆڵەر بەپێی پێویستی و جۆری لێکۆڵینەوەکەی دیاریاندەکات، هەندێک جار لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە ڕاپرسییەکە ئەنجامدەدرێت، زۆربەی جاریش پەنادەبرێتەبەر فۆڕمی ڕاپرسی، کە یەکێکە لە باوترین ئەو ئامرازانەی بۆ وەرگرتنی ڕای کەسانی تر، یان کۆمەڵێک دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، فۆڕمی ڕاپرسی فۆڕمێکە، کە لە لایەن لێکۆڵەرەوە ئامادەدەکرێت، ئامادەکردن و دیزاینکردنی فۆڕمەکە دەبێت بە شێوەیەک بێت، کە خزمەت بە لێکۆڵینەوەکە بکات و ئەنجامی چاوەڕوانکراو بپێکێت. لەم ڕوانگەیەوە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسییدا، لە سەرەتاوە ئامانجە سەرەکییەکان دیاریکراوە و پاشان پرسیارەکان بەپێی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ئامادەکراوە، لە ڕاستییدا کردەی ئامادەکردن و دیزاینی فۆڕمەکە گرنگییەکی زۆری هەیە لە سەرکەوتنی ڕاپرسییەکەدا، هەربۆیە پرسیارەکان ورد و پوخت داڕێژاون بە جۆرێک کەسەکان بە ئاسانی لێیانتێبگەن، لە هەمانکاتیشدا هەوڵدراوە پرسیارەکان سەرنجڕاکێشەر بن و وەڕسکەرنەبن . لە پاش ئامادەکردن و دانانی پرسیارەکان، لێکۆڵەر ڕێگەی دەستی و ڕێگەی ئەلکترۆنی گرتەبەر بۆ بڵاوکردنەوەی فۆڕمەکان لە دوای وەرگرتن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، فۆڕمەکان لە لایەن لێکۆڵەرەوە کۆکراونەتەوە. دوای کردەی کۆکردنەوەکە یەکێک لە بەرنامە ئامارییەکان بۆ شیکردنەوەی داتاکان و لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامە شیکارییەکانی گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە، هەڵبژێردراوە.

هەر بۆ ئەم مەبەستەش فۆڕمی ڕاپرسی (أ) و (ب) ئامادەكراون، بەشێوەیەک ئامانجی فۆڕمی (أ) بریتی دەبێت لە سەلماندنی زیاتری بنەمایی بەكارهێنان لە هێنانەكایەی كۆزانیاریی وشەییدا، لەم پێناوەشدا فۆڕمەكە بەسەر هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)دا بە شێوازێكی هەڕەمەكی دابەشدەكرێت، كە لە بوارە جیاوازەكانی (خوێندكار، مامۆستا، فەرمانبەر، پیشەوەر و ... هتد)ییدا كاردەكەن و ئاستە جیاوازەكانی (سەرەتایی، ناوەندی، زانكۆ و باڵا) لەخۆدەگرێت . خودی پرسیارەكانیش دەربارەی (بیستن، پەیوەستێتی، واتا و بەكارهێنانی (هەشت) وشە و دەربڕاوی یاسایی، كە خاوەنی زۆرترین ڕێژەی دوبارەبوونەوەن لە ژیانی ڕۆژانە و كاروباری دادگاكاندا ئەنجامدەدرێن. ئامانجی فۆڕمی (ب)یش بۆ سەلماندنی بەبڕشتی زمانی كوردی لە بواری یاسادا بۆ ئەم مەبەستەش فۆڕمەكە بەسەر هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)دا بە شێوازێكی هەڕەمەكی دابەشدەكرێت، كە لە بوارەكانی (فەرمانبەر، پارێزەر و دادەور)ییدا كاردەكەن و ئاستە جیاوازەكانی (ناوەندی، زانكۆ، باڵا) لە خۆدەگرێت، خودی پرسیارەكانیش دەربارەی بەكارهێنان و واتای وشەكان دەكرێن و لە چوارچێوەی پێنج پرسیاردا ڕێكدەخرێن.

پاش بڵاوكردنەوە و بەدەستهێنانەوەی فۆڕمەكان، زانیاری و داتاكانی ناو فۆڕمەكان بە بەكارهێنانی بەرنامەی ئاماریی (SPSS)[1] شیكردنەوەیان بۆ ئەنجامدەدرێت، ئەم بەرنامەیە یەكێكە لە دەركەوتووترین بەرنامە ئامارییەكان، كە لە بواری لێكۆڵینەوەی زانستییدا بەكاردەهێنرێت و تایبەتە بە شیكاری ئاماریی ڕاپرسییەكان.

---

[1] - بەرنامەی (SPSS) بەرنامەیەكی ئامارییە ناوەكەی بریتییە لە كورتكراوەی (Statistical Package for the Social Sciences) بە واتای چەپكە ئامارییەكانی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، یەكەم وەشانی ئەم بەرنامەیە لە ساڵی ( ١٩٦٨) دا دەركەوت سەرەتای داهێنانەكەی دەگەڕێتەوە بۆ سێ خوێندكار بە ناوەكانی (Nie , Bent , Hull)، كە بابەتی پرۆژەی قۆناغی چوارەمیان بوو، دواتر گەشەسەندی بەخۆیەوە بینی و گۆڕانكاری بەسەرداهات، ئەم بەرنامەیە چەند وەشانێكی هەیە ئەم بەرنامەیە یەكێكە لە جێبەجێكردنە ئامارییەكانی، كە لە ژێر چەتری (ویندوز)دا كاردەكەن، بەرنامەكە خۆی بریتییە لە كۆمەڵە لیست و ئامرازێک، كە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت ئەو داتا و زانیارییانەی لێكۆڵەر لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسی، چاوپێكەوتن و تێبینیكردنەكانەوە بە دەستیهێناون بخاتە ناو بەرنامەكەوە و لە پاشاندا شیكردنەوەی ئامارییانەیان بۆ ئەنجامبدرێت . واتە زانیاری و داتاكان دەكرێن بەو هێمایانەی، كە لە لایەن خودی لێكۆڵەرەوە دادەنرێن، بۆ ئەوەی لە بەرنامەكەدا زانیاری و داتاكان بنوێنن، ئینجا داخڵ دەكرێن و دواتر نموونەیەكی تاقیكراوەی گونجاو بۆ زانیاری و داتاكان (هێماكان) هەڵدەبژێردرێت، لەگەڵ دیاریكردنی ئەو گۆڕاوانەی، كە لێكۆڵەر دەیەوێت شیكردنەوەیان بۆ ئەنجامبدات .

هۆكاری هەڵبژاردنی بەرنامە (SPSS v.23) دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بەرنامەكە، كە خۆی لە چەند خاڵێكدا دەبینێتەوە:-

یەكەم : ئەوەی ئەم بەرنامەیە لە بەرنامەكانی تر جیادەكاتەوە و گرنگییەكی زۆری پێبەخشیوە، ئەوەیە لەگەڵ زۆربەی بەرنامەكانی (office)دا دەگونجێت.

دووەم : ئەم بەرنامەیە خاوەنی توانایەكی زۆرە لە دەرهێنانی ڕاپۆرتی ئاماری لە دوای چارەسەركردنی داتا تێكراوەكان.

سێیەم : بەرنامەكە، لە بواری لێكۆڵینەوەی زانستییدا خاوەنی بەرزترین ڕێژەی بەكارهێنانە و زۆرتر بۆ شیكردنەوەی داتا ژمارەییەكانی ناو لێكۆڵینەوەی زانستی بەكاردەهێنرێت.

## شیکردنەوەی ئاماری ڕاپرسی بەشی (أ)

ئامانجی ئەم ڕاپرسییە، سەلماندنی گرنگی و بنەمایی بەکارهێنانە لە هێنانەکایەی کۆزانیاریی وشەیی وشەکانی زماندا، بۆ ئەم مەبەستەش، وشە و دەربڕاوەکانی بواری یاسا بە نموونە وەرگیراون و پرسیاریان لەسەر ئامادەکراوە و بە چەند کەسێکی جیاوازی نێو کۆمەڵگە پێشکەشکراون.

ژمارەی فۆڕمە پڕکراوەکانی بەشی (أ) بریتی بوو لە (٢٥)[1]فۆڕم بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەم فۆڕمانە بە شێوازێکی هەڕەمەکی بەسەر (٢٥) بەشداربوودا دابەشکران، کە (١٠) بەشداربوویان لە ڕەگەزی (مێ) بەڕێژەی (٤٠٪) و (١٥)یان بەڕێژەی (٦٠٪) لە ڕەگەزی نێربوون هەر وەک لە خشتەی ژمارە (٢٦) و چارتی ژمارە(١)دا دەردەکەوێت.

| ڕەگەزی بەشداربوو | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژە، ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ١٥ | ٪٦٠ |
| مێ | ١٠ | ٪٤٠ |
| کۆی گشتی | ٢٥ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٦)

زانیاری لەسەر بەشداربووان لە ڕووی ڕەگەزەوە




چارتی ژمارە (١)

ڕەگەزی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە

[1]- ژمارەی فۆڕمەکان لە (٢٥) فۆڕم تێپەڕناکات، ئەمەش لەپێناو دوورکەوتنەوە لەو هەڵانەی لەکاتی وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لە (٣٠) فۆڕم پەیدادەبن، کە بە هەڵەی لادراو ناودەبرێن، هەروەها لەبەرئەوەی جۆری ڕاپرسییەکە هەڕەمەکییە، دەبێت ژمارەی بەشداربووەکان لە (١٨ – ٣٠) بەشداربووبن، کە ناسراوە بە دابەشبوونی ئاسایی و تێیدا بەشداربووەکان دەبنە نمایندەی کۆمەڵگەکە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (Anthoine, Moret, Regnault, Sébille, and Hardouin .(2014) p.p. 2.) و (جودة، ٢٠٠٨ ، لا ٢٧) .

ژمارە و ڕێژەی بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەوارییان برتیبیوو لە (١) ئاستی سەرەتایی بەڕێژەی (٤٪)، (٥)یان ئاستی ناوەندی بەڕێژەی (٢٠٪)، (١٥)یان ئاستی زانکۆ بەڕێژەی (٦٠٪)و (٤)یان ئاستی باڵابوون بە ڕێژەی (١٦٪)، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢٧) و چارتی ژمارە (٢)دا دەردەکەوێت

| ئاستی خوێندەواری بەشداربوو | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژە، ٪ |
|---|---|---|
| سەرەتایی | ١ | ٪٤ |
| ناوەندی | ٥ | ٪٢٠ |
| زانکۆ | ١٥ | ٪٦٠ |
| باڵا | ٤ | ٪١٦ |
| کۆی گشتی | ٢٥ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٢٧)

زانیاری لەسەر بەشداربووان لە ڕووی ئاستی خوێندنەوە




چارتی ژمارە (٢)

ئاستی خوێندەواری بەشداربووانی ڕاپرسییەکە

**ژماره و ڕێژەی بەشداربووان بەپێی بواری کارکردن بریتیبوون لە (٣) خوێندکار،بە ڕێژەی (١٢٪)، (٦) مامۆستا، بە ڕێژەی(٢٤٪)، (١٠) فەرمانبەر بەرێژەی (٤٠٪)، (٢) پیشەوەر، بەرێژەی (٨٪) و (٤)هیتر، بە ڕێژەی (١٦٪)، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢٨) و چارتی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت .**

| ڕێژە، ٪ | ژمارەی بەشداربوو | بواری کارکردنی بەشداربوو |
|---|---|---|
| ١٢٪ | ٣ | خوێندکار |
| ٢٤٪ | ٦ | مامۆستا |
| ٤٠٪ | ١٠ | فەرمانبەر |
| ٨٪ | ٢ | پیشەوەر |
| ١٦٪ | ٤ | هیتر |
| ١٠٠٪ | ٢٥ | کۆی گشتی |

**خشتەی ژمارە (٢٨)**

**زانیاری لەسەر بەشداربووان ڕووی پیشەوە**




**چارتی ژمارە (٣)**

**بەشداربووان لە ڕووی پیشەوە**

**لەم ڕاپرسییەدا دەربارەی هەر وشە و دەربڕاوێک پێنج پرسیار ئاڕاستەی بەشداربووکراوە، بە جۆرێک پرسیاری یەکەم دەربارەی بیستنی وشە و دەربڕاوەکانە ئامانج لەم پرسیارە زانینی ئاستی کۆزانیاریی وشەیی بەشداربووە، لەگەڵ دڵنیابوون لە ڕاستی وەڵامەکانیان لە پرسیارەکانی دواتردا، پرسیاری دووەم وەرگرتنی ڕای بەشداربوو بووە، سەبارەت بە پەیوەستی وشە و دەربڕاوەکان، پرسیاری سێیەم دەربارەی گەیاندنی واتایەکی نزیک لە واتای**

ڕاستەقینەی وشە و دەربڕاوەکان، پرسیاری چوارەم بۆ وەرگرتنی ڕای بەشداربوو تەرخانکراوە، پێنجەم پرسیاریش تایبەتە بە بەکارهێنانی وشەکە. لێرەدا شیکردنەوە بۆ پرسیاری یەکەم، دووەم، پێنجەم ئەنجامدەدرێت، پرسیاری سێیەم و چوارەم زیاتر بۆ بەرچاوڕوونی پێشکەشکراوە.لێرەدا وەڵامی پرسیاری یەکەم بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو وشە و دەربڕاوەکان بەیەکەوە دەخرێتەڕوو، دیارە زۆرترین ڕێژەی بیستنی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا بە ڕێژەی (٧٤.٨٧٪) بیستراوە لە لایەن بەشداربووانی ڕاپرسییەکەوە، کە زیاترین ڕێژەش لەو بەشداربووانە فەرمانبەرانن، بە ڕێژەی (٤٣٪) بیستوویانن، زۆرترین ڕێژەش مامۆستایانن، کە بە ڕێژەی (٣٦٪) نەیانبیستوون، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٢٩) و چارتی ژمارە (٤) و (٥)دا دەردەکەوێت:

| | | | (خوێندکار، مامۆستا، فەرمانبەر، پیشەوەر، هیتر)بواری کارکردن | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | خوێندکار | مامۆستا | فەرمانبەر | پیشەوەر | هیتر | کۆ |
| بیستن | بەڵێ | ٪ لە بیستن | ٪٨.٧ | ٢٠.١٪ | ٪٤٣ | ٪٦.٧ | ٪٢١.٥ | ٪٧٤.٨٧ |
| | نەخێر | ٪ لە بیستن | ٪٢٢ | ٪٣٦ | ٪٣٠ | ٪١٢ | ٪٠ | ٪٢٥.١٣ |

خشتەی ژمارە ( ٢٩ )

ئەنجامی تایبەت بە بیستنی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا




چارتی ژمارە (٤)

ڕێژەی بیستنی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان لە زمانی کوردییدا لەلایەن چینە جیاجیاکانەوە.




چارتی ژمارە (٥)

ڕێژەی بیستنی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان بەگشتی لە لایەن سەرجەم چینەکانەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا

بەهەمان شێوە وەڵامی پرسیاری پێنجەمیش بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان لە خشتەی ژمارە (٣٠) و چارتەکانی ژمارە(٦) و (٧)دا دەخرێتەڕوو. بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی (٧٠٪)ی بەشداربووان (زۆرکەم، کەم) وشە و دەربڕاوەکان بەکاردەهێنن. ڕێژەی (٢٤.٨٧٪)ی بەشداربووان (مامناوەند)بەکاریاندەهێنن، ڕێژەی (٤.٥٦٪)ی بەشداربووان (زۆر)بەکاریاندەهێنن، هەروەها ڕێژەی (٠.٥١٪)ی بەشداربووان(زۆر زۆر) بەکاریاندەهێنن.

| بەکارهێنان لە ژیانی ڕۆژانەدا | | | (خوێندکار،مامۆستا،فەرمانبەر،پیشەوەر،هتد)بواری کارکردن | | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | خوێندکار | مامۆستا | فەرمانبەر | پیشەوەر | هیتر | |
| | زۆرکەم | بەکارهینان ٪ | ١٢.٥٪ | ٣٦.٣٪ | ٣١.٣٪ | ٦.٣٪ | ١٣.٨٪ | ٤٠.٦٠٪ |
| | کەم | بەکارهینان ٪ | ١٥.٥٪ | ١٥.٥٪ | ٥٠.٠٪ | ٨.٦٪ | ١٠.٣٪ | ٢٩.٤٤٪ |
| | مامناوەند | بەکارهینان ٪ | ٨.٢٪ | ١٤.٣٪ | ٤٠.٨٪ | ١٢.٢٪ | ٢٤.٥٪ | ٢٤.٨٧٪ |
| | زۆر | بەکارهینان ٪ | ٠٪ | ٢٢.٢٪ | ٤٤.٤٪ | ٠٪ | ٣٣.٣٪ | ٤.٥٦٪ |
| | زۆرزۆر | بەکارهینان ٪ | ٠٪ | ٠٪ | ٠٪ | ٠٪ | ٠٪ | ٠ ٪ |

خشتەی ژمارە (٣٠)

ئەنجامی پرسیاری پێنجەم تایبەت بە بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا




**چارتی ژمارە (٦)**

**ئەنجامی پرسیاری پێنجەم تایبەت بە بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا**




**چارتی ژمارە (٧)**

**ڕێژەی بەکارهێنانی (وشە و دەربڕاوەکان) لە ژیانی ڕۆژانەدا**

لێرەدا هەوڵدەدرێت بۆ هەریەکێک لە وشە و دەربڕاوەکان شیکردنەوەی تایبەت ئەنجامبدرێت :

**یەکەم : (تۆمەتبار)**

بەپێی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی، وشەی (تۆمەتبار) بە کەسێک دەگوترێت، کە گومانی ئەنجامدانی تاوانێکی لێبکرێت، بەڵام هێشتا تاوانەکەی بەسەردا ساغنەبوبێتەوە، وشەکە دەبێت ئاوەڵناوی ناوئاسا لەگەڵ وشەکانی(دادوەر، گوفتار...هتد)بەکاربهێنرێت، وەڵامی بەشداربووان دەربارەی ئەم وشەیە هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣١) و چارتەکانی ژمارە (٨)دا دەردەکەوێت ڕێژەی (٨١.٦٪)ی بەشداربووان (زۆرکەم، کەم) بەکاریاندەهێنن، هەربۆیە تەنها ڕێژەی (٨.٢٪)یان وەڵامی ڕاستیان هەڵبژاردووە، ئەمەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەکارهێنانی وشە بە تێگەیشتن و درکپێکردنیان دەسەلمێنێت.

| | | بەکارهێنانی وشەی (تۆمەتبار) لە ژیانی ڕۆژانەدا | | | | کۆی گشتی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆرکەم | کەم | ماناوەند | زۆر | |
| وشەی (تۆمەتبار) پەیوەستە بە | کاریگی باش | ٪٢ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤.١ |
| | کاریگی خراپ | ٪١٦.٣ | ٪٥٥.١ | ٪١٢.٢ | ٪٤.١ | ٪٨٧.٨ |
| | بە هیچیان | ٪٢.١ | ٪٤.١ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٨.٢ |
| کۆی گشتی ٪ | | ٪٢٠.٤ | ٪٦١.٢ | ٪١٤.٣ | ٪٤.١ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ( ٣١ )**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( تۆمەتبار ) لەژیانی ڕۆژانەدا**







**چارتی ژمارە (٨)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( تۆمەتبار ) لەژیانی ڕۆژانەدا**

**دووەم : (کەتن )**

بەپێی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی، وشەی (کەتن ) بە تاوانێک دەگوترێت، کە سزاکەی لە پێنج ساڵ تێپەڕنەکات، دەبێت وەک ناوێک لەگەڵ وشەکانی (تاوان، سەرپێچی، سزا و....هتد)دا بەکاربهێنرێت. وەڵامی بەشداربووان دەربارەی ئەم وشەیە هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣٢) و چارتەکانی ژمارە (٩)دا دەردەکەوێت ڕێژەی (٧٨٪) بەشداربووان (زۆرکەم، کەم) وشەکە لە ژیان ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕێژەی (٨٨٪)یان وەڵامی ڕاستیان هەڵبژاردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وشەکە جگە لەو واتایەی، کە لە بواری یاسادا هەیەتی لە ئاخاوتنی ئاسایشدا بە(کاریگەری خراپ) دادەنێرت، واتە هەرچەندە وشەکە (زۆرکەم، کەم) بەکاردەهێنرێت، بەڵام زۆربەی بەشداربووان وەڵامی ڕاستیان داوەتەوە.

| | | بەکارهێنانی وشەی (کەتن ) لە ژیانی ڕۆژانەدا | | | | کۆی گشتی، ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆرکەم | کەم | ماماناوەند | زۆر | |
| وشەی(کەتن) پەیوەستە بە | کاریگەری باش | ٪٢ | ٪٠ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٤ |
| | کاریگەری خراپ | ٪١٠ | ٪٦٤ | ٪١٠ | ٪٤ | ٪٨٨ |
| | بە هیچیانەوە | ٪٢ | ٪٠ | ٪٦ | ٪٠ | ٪٨ |
| کۆی گشتی، ٪ | | ٪١٤ | ٪٦٤ | ٪١٨ | ٪٤ | ٪١٠٠ |

**خشتەی (٣٢)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( کەتن ) لە ژیانی ڕۆژانەدا**




**چارتی (٩)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( کەتن ) لە ژیانی ڕۆژانەدا**

**سێیەم : دەستەبەری**

هەروەک لە خشتەی کۆزانیاریی وشەیی، وشەی (دەستەبەری)دا خراوەتەڕوو، ئامادەیی کەسێکە بۆ چوونە ژێرباری سزا، قەرەبووکردنەوە، یان پابەندبوون بە هەر ڕێکارێکەوە لەبری کەسێکی دیاریکراو، دەبێت ناوئاسا لەگەڵ وشەکانی وەک (دەستەبەر، پابەندبوون، قەرەبووکردنەوە و ...هتد)بەکاربهێنرێت، وەڵامی بەشداربووان لە خشتەی ژمارە(٣٣) و چارەتەکانی ژمارە (١٠)دا دەردەکەوێت، کە ڕێژەی (٦٢٪)ی بەشداربووان (زۆرکەم، کەم) لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن هەربۆیە ڕێژەی(٣٢٪)یان وەڵامی ڕاستیان (لەبری کەسێتی) هەڵبژاردووە.

| | | بەکارهێنانی وشەی(دەستەبەری) لە ژیانی ڕۆژاندا | | | | کۆی گشتی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆرکەم | کەم | مامناوەند | زۆر | |
| وشەی (دەستەبەری) پەیوەستە بە | لەبری کەسێتی | ٪١٨ | ٪٠ | ٪١٢ | ٪٢ | ٪٣٢ |
| | داگیرکردن | ٪١٢ | ٪١٤ | ٪٢ | ٪٠ | ٪٢٨ |
| | هیچیان | ٪١٦ | ٪٢ | ٪٢٢ | ٪٠ | ٪٤٠ |
| کۆی گشتی ٪ | | ٪٤٦ | ٪١٦ | ٪٣٦ | ٪٢ | ٪١٠٠ |

**خشتەی (٣٣)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( دەستەبەری ) لە ژیانی ڕۆژانەدا**







**چارتی (١٠)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( دەستەبەری ) لە ژیانی ڕۆژانەدا**

**چوارەم: ناکام**

بەپێی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی، وشەی (ناکام) لە بواری یاسادا (ناکام ) بەو کەسانە دەگوترێت کە تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵییدایە و نەگەیشتونەتە تەمەنی پێگەیشتن، وەک ئاوەڵناو دەبیت لەگەڵ وشەکانی(تەمەن، لێهاتووی، چاودێری) بەکاربهێنرێت. وەڵامی بەشداربووان دەربارەی وشەی (ناکام) هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣٤) و چارتەکانی ژمارە (١١)دا دەخرێتەڕوو، ڕێژەی (٧٢٪)ی بەشداربووان ئەم وشەیە (زۆرکەم، کەم) لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنن، هەر بۆیە تەنها ڕێژەی (٢٨٪) یان وەڵامی ڕاستیان هەڵبژاردووە و ڕێژەی (٧٢٪) یان بە وشەی هەڵەوە پەیوەستییانکردووە.

| | | ئایا لە ژیانی ڕۆژانەتدا وشەی(ناکام) بەکاردەهێنیت | | | | کۆی گشتی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆرکەم | کەم | مامناوەند | زۆر | |
| وشەی (ناکام) پەیوەستە بە | نەخۆشی | ٪٢٨ | ٪١٦ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٤٨ |
| | لێهاتوویی | ٪٠ | ٪١٦ | ٪٤ | ٪٤ | ٪٢٤ |
| | تەمەن | ٪٤ | ٪٨ | ٪٨ | ٪٨ | ٪٢٨ |
| کۆی گشتی ٪ | | ٪٣٢ | ٪٤٠ | ٪١٦ | ٪١٢ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٣٤)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( ناکام ) لە ژیانی ڕۆژانەدا**




**چارتی ژمارە (١١)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( ناکام ) لە ژیانی ڕۆژانەدا**

**پێنجەم : دەسەڵاتبەندی**

**لە خشتەی کۆزانیاریی وشەیی، وشەی (دەسەڵاتبەندی)دا چەمک و واتاکەی خراوتەڕوو، کە ڕێکارێکی یاساییە، بەرانبەر کەسێک دەگیرێتەبەر و بەشێک لە لێهاتوویی زەوتدەکرێت، واتە مافی دەستکاریکردن و بەکارهێنانی موڵک و پارەی لێدەسەندرێتەوە، وشەکە ناوئاسا دەبێت لەگەڵ وشەکانی (موڵک، پارە، لێهاتوویی، زەوتکردن و...هتد) بەکاربهێنرێت. وەڵامی بەشداربووان دەربارەی ئەم وشەیە هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣٥) و چارتەکانی ژمارە(١٢)دا دەردەکەوێت.ڕێژەی (٩١.٦٪)ی بەشداربووان (زۆرکەم، کەم) لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن، هەربۆیە ڕێژەی (٤١.٧٪)یان وەڵامە هەڵەکەیان هەڵبژاردووە و پەیوەستیانکردووە بە (تەمەن)ەوە.**

| | | ئایا لەژیانی ڕۆژانەتدا وشەی (دەسەڵاتبەندی) بەکاردەهێنیت | | | کۆی گشتی، ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆرکەم | کەم | ماماناوەند | |
| وشەی (دەسەڵاتبەندی) پەیوەستەبە | لێهاتوویی | ٪١٦.٧ | ٪٤.٢ | ٪٨.٣ | ٪٢٩.٢ |
| | نەخۆشی | ٪١٢.٥ | ٪١٦.٧ | ٪٠ | ٪٢٩.٢ |
| | تەمەن | ٪٤١.٧ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤١.٧ |
| کۆی گشتی، ٪ | | ٪٧٠.٨ | ٪٢٠.٨ | ٪٨.٣ | ٪١٠٠ |

**خشتەی (٣٥)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( دەسەڵاتبەندی) لە ژیانی ڕۆژانەدا**







**چارتی ژمارە (١٢)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( دەسەڵاتبەندی) لە ژیانی ڕۆژانەدا**

### شەشەم: کۆبەش

بەپێی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی، وشەی (کۆبەش)، وشەکە بە هاوبەشی کۆمەڵە کەسێک لە خاوەنداریتی موڵکێکدا دەگوترێت، کە مافیان تێیدا هەبێت. دەبێت وشەکە ناوئاسا لەگەڵ وشەکانی (هاوبەش، موڵک، لابردن و ...هتد) بەکاربهێنرێت. وەڵامی بەشداربووان دەربارەی ئەم وشەیە لە خشتەی ژمارە (٣٦) و چارتەکانی ژمارە (١٣)دا دەردەکەوێت، ڕێژەی (٧٠.٩٪)ی بەشداربووان (زۆرکەم، کەم) لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنن، بەڵام (٧٩.٢٪)یان وەڵامی ڕاستیان هەڵبژاردووە و بە (میراتی)یەوە پەیوەستیانکردووە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیستنی وشەکە و شارەزایی بەشداربووان وەک ئاخێوەری زمانی کوردی پەیپێبراوانە و بە پشتبەستن بە سەلیقەی زمانییان (کۆبەش)یان بە (میراتی)یەوە پەیوەستکردووە .

| | | بەکارهێنانی وشەی (کۆبەش) لە ژیانی ڕۆژانەدا | | | | کۆی گشتی ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆرکەم | کەم | مامناوەند | زۆر | |
| وشەی (کۆبەش) پەیوەستە بە | میراتی | ٪١٢.٥ | ٪٣٧.٥ | ٪٢٥ | ٪٤.٢ | ٪٧٩.٢ |
| | خزمایەتی | ٪٤.٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤.٢ |
| | پەیوەندی نییە | ٪١٢.٥ | ٪٤.٢ | ٪٠ | ٪٠ | ٪١٦.٧ |
| کۆی گشتی ٪ | | ٪٢٩.٢ | ٪٤١.٧ | ٪٢٥ | ٪٤.٢ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣٦ )

ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی  وشەی ( کۆبەش) لە ژیانی ڕۆژانەدا




چارتی ژمارە (١٣)

ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی  وشەی ( کۆبەش) لە ژیانی ڕۆژانەدا

**حەوتەم : دابەشنامەی شەرعی**

بەپێی خشتەی کۆزانیاریی، فرێزی(دابەشنامەی شەرعی)، بەڵگەیەکە لە دادگای باری کەسێتی دەردەچێت، تایبەتە بە دابەشکردنی میراتی بەسەر میراتگرەکاندا، کە تێیدا بەشی کوڕ، دوو هێندەی بەشی کچە بەپێی (شەریعەتی ئایینی ئیسلام). ئەم فرێزە ناوئاسا وشەکانی (میراتی، بەشی نێر و مێ، بڕیاردان و ...هتد) دەهێنێتەوە بیر. وەڵامەکان دەربارەی ئەم فرێزە لە خشتەی ژمارە (٣٧) و چارتەکانی ژمارە (١٤)دەخرێتەڕوو، ڕێژەی (٧٦٪) بەشداربووان (زۆرکەم و کەم) لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن، لە هەمان کاتدا ڕێژەی ( ٧٢٪)یان وەڵامی ڕاستیان هەڵبژاردووە و بە (میراتی)یەوە پەیوەستیانکردووە، ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شارەزایی ئایینی و بیروباوەڕەوە هەیە، چونکە بە بینینی وشەی (شەرعی) لە فرێزەکەدا بەشداربوو وشەی (میراتی) بەبیرداهاتۆتەوە.

| | | بەکارهێنانی وشەی (دابەشنامەی شەرعی) لە ژیانی ڕۆژانەدا | | | کۆی گشتی٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆرکەم | کەم | مامناوەند | |
| وشەی(دابەشنامەی شەرعی) پەیوەستە بە | میراتی | ٪٣٦ | ٪١٢ | ٪٢٤ | ٪٧٢ |
| | خزمایەتی | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ | ٪٠ |
| | پەیوەندی نییە | ٪٢٤ | ٪٤ | ٪٠ | ٪٢٨ |
| کۆی گشتی ٪ | | ٪٦٠ | ٪١٦ | ٪٢٤ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٣٧)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی فرێزی ( دابەشنامەی شەرعی) لە ژیانی ڕۆژانەدا**




**چارتی ژمارە (١٤)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی فرێزی ( دابەشنامەی شەرعی) لە ژیانی ڕۆژانەدا**

## هەشتەم : گەواهیدەر

بەپێی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی، وشەی (گەواهیدەر)، کەسێکە، کە بە یەکێک لە هەستەکانی درکی بە رووداوێک کردبێت و رووداوەکە وەک خۆی لەبەردەم دادگا بگێڕێتەوە. وشەکە ئاوەڵناو و ناوئاسا لەگەڵ وشەکانی (گوفتار، سوێندخواردن، بینین، بیستن، گێڕانەوە و ...هتد)بەکاردەهێنرێت. وەڵامی بەشداربووان دەربارەی وشەی (گەواهیدەر) لە خشتەی ژمارە (٣٨) و چارتەکانی ژمارە (١٥) دەردەکەوێت رێژەی (٥٤.١٪)ی بەشداربووان (زۆرکەم، کەم ) لە ژیانی رۆژانەیاندا بەکاریدەهێنن، بەڵام لەهەمانکاتدا رێژەی (٧٩.٢٪)یان وەڵامی راستیان هەڵبژاردووە و بە (سوێندخواردن)ەوە پەیوەستیانکردووە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشداربووان بە پشتبەستن بە شارەزاییان لە بەکارهێنانی وشەکانی زمانەکەیاندا پێشبینی ئەوەیان کردووە، کە دەبێت ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی (سوێندخواردن)دا دەربکەوێت.

| | | بەکارهێنانی وشەی(گەواهیدەر) لە ژیانی رۆژانەدا | | | کۆی گشتی٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | زۆرکەم | کەم | ماناوەند | |
| وشەی (گەواهیدەر) پەیوەستە بە | دادوەری | ٪٨.٣ | ٪٤.٢ | ٪٤.٢ | ٪١٦.٧ |
| | سوێندخواردن | ٪١٢.٥ | ٪٢٩.٢ | ٪٣٧.٥ | ٪٧٩.٢ |
| | پەیوەندی نییە | ٪٠ | ٪٠ | ٪٤.٢ | ٪٤.٢ |
| کۆی گشتی ٪ | | ٪٢٠.٨ | ٪٣٣.٣ | ٪٤٥.٨ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣٨)

ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( گەواهیدەر ) لە ژیانی رۆژانەدا







چارتی ژمارە (١٥)

ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنان و کۆزانیاریی وشەیی وشەی ( گەواهیدەر ) لە ژیانی رۆژانەدا

## شیکردنەوەی ئاماری ڕاپرسی بەشی (ب):

ئامانجی ئەم بەشە سەلماندنی بەبڕشتی زمانی کوردییە لە بواری یاسادا، بۆ ئەم مەبەستەش فۆڕمەکان بە شێوازێکی هەڕەمەکی بەسەر چەند چینێک، کە لە بواری یاسادا کاردەکەن، پێشکەشکراون، ژمارەیان (٢٩)[1] بەشداربووە، کە (٢١) لە بەشداربووان لە ڕەگەزی (نێر) بە ڕێژەی (٧١.٤٣٪) و (٨)یان لە ڕەگەزی (مێ)ن بە ڕێژەی (٢٨.٥٧٪)، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣٩) و چارتی ژمارە(١٦)دا دەردەکەوێت :

| ڕەگەزی بەشداربوو | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژە، ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٢١ | ٧١.٤٣٪ |
| مێ | ٨ | ٢٨.٥٧٪ |
| کۆی گشتی | ٢٩ | ١٠٠٪ |

خشتەی ژمارە (٣٩)

زانیاری لەسەر بەشداربووان لە ڕووی ڕەگەزەوە




چارتی ژمارە (١٦)

ڕەگەزی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە

---

[1]- ژمارەی فۆڕمەکان لە (٢٩) فۆرم تێپەڕناکات، ئەمەش لەپێناو دوورکەوتنەوە لەو هەڵانەی لەکاتی وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆرتر لە (٣٠) فۆڕم پەیدادەبن، کە بە هەڵەی لادراو ناودەبرێن، هەروەها لەبەرئەوەی جۆری ڕاپرسییەکە هەڕەمەکییە، دەبێت ژمارەی بەشداربووەکان لە (١٨ – ٣٠) بەشداربووبن، کە ناسراوە بە دابەشبوونی ئاسایی و تێیدا بەشداربووەکان دەبنە نمایەندەی کۆمەڵگەکە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (Anthoine, Moret, Regnault, Sébille, and Hardouin .(2014) p.p. 2.) و (جودة، ٢٠٠٨ ، لا ٢٧) .

ژمارە و ڕێژەی بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەوارییان پێکهاتبوون لە (١)بالا بە ڕێژەی (٣.٤٪)، (٢٨) زانکۆ بە ڕێژەی (٩٦.٥٪)، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤٠) و چارتی ژمارە (١٧)دا دەردەکەوێت:

| ئاستی خوێندەواری بەشداربوو | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژە، ٪ |
|---|---|---|
| بالا | ١ | ٪٣.٤ |
| زانکۆ | ٢٨ | ٪٩٦.٥ |
| کۆی گشتی | ٢٩ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٤٠)

زانیاری لەسەر بەشداربوان لە ڕووی ئاستی خوێندنەوە




چارتی ژمارە (١٧)

ئاستی خوێندەواری بەشداربووانی ڕاپرسییەکە

ژماره و ڕێژەی بەشداربووان بەپێی بواری کارکردن بریتیبوون لە (٣) دادوەر بە ڕێژەی (١٠.٣٤٪)، (١٩) پارێزەر بە ڕێژەی (٦٥.٥٢٪)، (٧) فەرمانبەر بە ڕێژەی(٢٤.١٤٪) هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤١) و چارتی ژمارە (١٨)دا دەردەکەوێت .

| بواری کارکردنی بەشداربوو | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژە ٪ |
|---|---|---|
| دادوەر | ٣ | ٪١٠.٣٤ |
| پارێزەر | ١٩ | ٪٦٥.٥٢ |
| فەرمانبەر | ٧ | ٪٢٤.١٤ |
| کۆی گشتی | ٢٩ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە (٤١)

زانیاری لەسەر بەشداربووان ڕووی پیشەوە




چارتی ژمارە (١٨)

بەشداربووان لە ڕووی پیشەوە

لەبەر ئامانجی ڕاپرسییەکە هەوڵدراوە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەکاندا تەنها تیشک بخرێتەسەر بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوەکان، واتە تەنها پرسیارەکانی یەکەم، سێیەم و چوارەم خراونەتە بەر شیکردنەوە، چونکە پرسیاری دووەم تەنها لە پێناو وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تردا پێشکەشکراوە، لێرەدا شێوازی کارکردن بریتییە لە وەرگرتنی وشە و دەربڕاوەکان بە گشتی و دواتر خستنەڕووی ڕێژەی ئەو بەشداربووانەی، کە لە ئاخاوتنی نێو دادگا(لەگەڵ هاوپیشەکانیان، لەگەڵ کەسانی ئاسایی، لە چاوپێکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن)، پاشان لە زمانی نووسینیاندا

بەکاریاندەهێنن. بۆ خستنەڕووی ڕێژەی بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان لە زمانی کوردییدا بڕوانە خشتەی ژمارە (٤٢) و چارتی ژمارە (١٩)، کە تێیدا دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا بریتییە لە (٧٠.٨٪)، کە لە لایەن بەشداربووانی ڕاپرسییەکەوە بە (بەڵێ) هاتووە، کە زۆرترین ڕێژەیان پارێزەران بوون، کە ئەو وشە و دەربڕاوانە بەکاردەهێنن بە ڕێژەی (٤٧.٣٪)، لە هەمانکاتدا ڕێژەی (٢٠.٣٪)یان بەکاریاناهێنن، هۆکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان پارێزەربوون، ڕێژەکەیان (٦.٣٤) ئەوەندەی دادوەرەکان بووە و (٢.٧١)ی ئەوەندەی فەرمانبەران بووە، لە ڕاستییدا هۆی بەرزی ئەم ڕێژەیەیان بۆ کەمی دادوەر و فەرمانبەرانە لە دادگاکاندا دەگەڕێتەوە، هەربۆیە هەموو ڕاپرسییەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی پارێزەرەکانەوە. لەهەمانکاتدا لە نێو خودی بەشداربووەکاندا دادوەرەکان زۆرترین کەسن ئەو وشە و دەربڕاوانە بەکاردەهێنن بە ڕێژەی (٨٦.٤١٪) بە دوایدا پارێزەرەکان دێن، کە ڕێژەی بەکارهێنانیان دەگاتە (٦٩.٩٩٪)، پاشان فەرمانبەران دێن بە ڕێژەی(٦٦.١١٪).

| بواری کارکردن (فەرمانبەر، پارێزەر، دادوەر) | بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان | | ڕێژەی (بەڵێ) لە بەکارهێنان بەپێی ژمارەی بەشداربووان |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | |
| فەرمانبەر | ٪١٤.٦ | ٪٧.٥ | ٪٦٦.١١ |
| پارێزەر | ٪٤٧.٣ | ٪٢٠.٣ | ٪٦٩.٩٩ |
| دادوەر | ٪٨.٩ | ٪١.٤ | ٪٨٦.٤١ |
| کۆی گشتی | ٪٧٠.٨ | ٪٢٩.٢ | |

خشتەی ژمارە (٤٢)

ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەمی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا




چارتی ژمارە (١٩)

بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان لە لایەن (دادوەر، پارێزەر، فەرمانبەر)انەوە

هەرووەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێدرا لەبەر ئامانجی لێکۆڵینەوەکە سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان بە یەک (نەزانراو) دانراوان، هەرچەندە لە فۆرمەکاندا (١٠) وشە و دەربڕاو هەن، وەڵامی پرسیاری سێیەم (أ)ی بەشداربووان دەربارەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوەکان لە ئاخاوتن لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا، بە گشتی زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا لەلای گشت بەشداربووان بریتییە لە (٢٧.٧٪) بەشێوەیەکی زۆر بەکاردێت و لە کاتێکدا کەمترینیان (١٩.٤٪)ی بەشداربووەکان، دەڵێن زۆر کەم بەکاریاندەهێنن. لە خشتەی ژمارە (٤٣) چارتەکانی ژمارە (٢٠) و(٢١)دا دەخرێتەڕوو:

| بواری کارکردن (فەرمانبەر، پارێزەر، دادوەر) | بەکارهێنانی لە ئاخاوتن لەگەڵ هاوپیشەکاندا -پ٣-١ | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زۆرکەم | کەم | مامناوەند | زۆر |
| فەرمانبەر | ٦.١٪ | ٤.٧٪ | ٥.٨٪ | ٠.٥٪ |
| پارێزەر | ٢٢.٣٪ | ١١.٥٪ | ١٤.٧٪ | ١٩.٤٪ |
| دادوەر | ٣.٢٪ | ٣.٢٪ | ٠.٧٪ | ٣.٢٪ |
| کۆی گشتی | ٣١.٧٪ | ١٩.٤٪ | ٢١.٢٪ | ٢٧.٧٪ |

**خشتەی ژمارە (٤٣)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا لەنێو بەشداربوواندا و لە کاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا**




**چارتی ژمارە (٢٠)**

**بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە ئاخاوتنیان لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا (پ٣-أ) .**




**چارتی ژمارە (٢١)**

**کۆی گشتی بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە ئاخاوتنیان لەگەڵ هاوپیشەکانیاندا (پ٣-أ) .**

بۆ وەڵامی پرسیاری سێیەم(ب)، کە تایبەت بوو بە بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوەکان لە ئاخاوتنی بەشداربووان لەگەڵ کەسانی ئاساییدا بە گشتی زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لەگەڵ کەسانی ئاساییدا (سکاڵاکار، داواکار و...هتد) لە لای گشت بەشداربووان بەشێوەیەکی زۆر بە ڕێژەی (٢٧.٣٪) بەکاردێن، لە کاتێکدا کەمترینیان بە ڕێژەی (٢٨.١٠٪) ی بەشداربووەکان دەڵێن زۆر کەم بەکاریاندەهێنن، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤٤) و چارتەکانی ژمارە(٢٢) و (٢٣)دا خراوەتەڕوو، بە ڕوونی دیارە، کە زۆرترین ڕێژەی بەکارنەهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە ئاخاوتن لەگەڵ کەسانی ئاساییدا لە نیوان پارێزەرەکاندا دەردەکەوێت، کە ڕێژەکەی (٢٠.١٠٪) بووە، لە کاتێکدا کەمترینیان لە لای دادوەرەکان بووە، چونکە ڕێژەی (٢.٥٪)ی دادوەرەکانن، بە دوایاندا فەرمانبەرەکان دێن.

| بواری کارکردن (فەرمانبەر، پارێزەر، دادوەر) | بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوەکان لە ئاخاوتنیان لەگەڵ کەسانی ئاساییدا پ٣-ب | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زۆرکەم | کەم | مامناوەند | زۆر |
| فەرمانبەر | ٪٥.٤ | ٪٥.٤ | ٪٦.١ | ٪٤.٧ |
| پارێزەر | ٪٢٠.١ | ٪١١.٥ | ٪١٧.٦ | ٪١٨.٧ |
| دادوەر | ٪٢.٥ | ٪٢.٥ | ٪١.٤ | ٪٤.٠ |
| کۆی گشتی | ٪٢٨.١ | ٪١٩.٤ | ٪٢٥.٢ | ٪٢٧.٣ |

**خشتەی ژمارە (٤٤)**

**ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە نێو بەشداربووان لە کاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ کەسانی ئاساییدا (سکاڵاکەر، داواکار و ...هتد) ( پ٣-ب)**




**چارتی ژمارە (٢٢)**

**بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە ئاخاوتن لەگەڵ کەسانی ئاساییدا ( سکاڵاکار، داواکار و...هتد) (پ٣-ب) .**




**چارتی ژمارە (٢٣)**

**کۆی گشتی بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە ئاخاوتن لەگەڵ کەسانی ئاساییدا ( سکاڵاکار، داواکار، ... (پ٣-ب) .**

وەڵامی پرسیاری سێیەم-ت، بەشداربووان دەربارەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە خشتەی ژمارە (٤٥) و چارتەکانی ژمارە (٢٤) و (٢٥) دەخرێتەڕوو، کە زۆرترین ڕێژەی بەکارنەهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە ئاخاوتن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندندا لە نێوان پارێزەرەکاندا دەردەکەوێت، کە ڕێژەکەی (٢٧.٤٠٪) بووە، لە کاتێکدا کەمترینیان لە لای دادوەرەکان بووە کە ڕێژەی (١.١٠٪)ی دادوەرەکانن، کە زۆر کەم بەکاریاندەهێنن، بە دوایاندا فەرمانبەرەکان دێن .

| بواری کارکردن (فەرمانبەر، پارێزەر،دادوەر) | بەکارهێنانی وشە یا دەربڕاوە یاساییەکان لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن پ٣-ت | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زۆرکەم | کەم | مامناوەند | زۆر |
| فەرمانبەر | ٤.٨٪ | ٧.٤٪ | ٦.٧٪ | ٣.٣٪ |
| پارێزەر | ٢٧.٤٪ | ١٤.٨٪ | ١٣.٧٪ | ١٤.١٪ |
| دادوەر | ١.١٪ | ٠.٧٪ | ٣.٠٪ | ٣.٠٪ |
| کۆی گشتی ٪ | ٣٣.٣٪ | ٢٣.٠٪ | ٢٣.٣٪ | ٢٠.٤٪ |

خشتەی (٤٥)

ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی کوردییدا لەنێو بەشداربووان لە کاتی ئاخاوتن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ( پ٣-ت)




چارتی ژمارە (٢٤)

بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووانەوە لە ئاخاوتن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ( تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ... (پ٣-ت) .




چارتی ژمارە (٢٥)

کۆی گشتی بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لەلایەن سەرجەم بەشداربووان لە ئاخاوتن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ( تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ... (پ٣-ت) .

وەڵامی پرسیاری چوارەم بەشداربووان دەربارەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی نووسیندا لە خشتەی ژمارە (٤٦) و چارتەکانی ژمارە(٢٦) و (٢٧)دا خراوەتەڕوو، بە گشتی زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی نووسیندا لە لای گشت بەشداربووەکان بریتییە لە ڕێژەی (٤٢.٨٪)، کە بەشێوەیەکی زۆر بەکاردێت و لە کاتێکدا کەمترینیان ڕێژەی (٢٦.٦٪)ی بەشداربووەکان زۆر کەم بەکاریاندەهێنن. بە ڕوونی دیارە، کە زۆرترین ڕێژەی بەکارنەهێنانی وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی نووسیندا لە نیوان پارێزەرەکاندا دەردەکەوێت کە ڕێژەکەی (١٩.٨٪) بووە، لە کاتێکدا کەمترینیان لە لای دادوەرەکان بووە بە ڕێژەی (١.١٠٪) ی دادوەرەکانن زۆر کەم بەکاریاندەهێنن بە دوایاندا فەرمانبەرەکان دێن .

| بواری کارکردن (فەرمانبەر، پارێزەر،دادوەر) | بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوەکان لە زمانی نووسیندا پ-٤ | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زۆرکەم | کەم | مامناوەند | زۆر |
| فەرمانبەر | ٪٥.٨ | ٪٤.٠ | ٪٥.٨ | ٪٦.١ |
| پارێزەر | ٪١٩.٨ | ٪٩.٧ | ٪١٠.٨ | ٪٢٧.٧ |
| دادوەر | ٪١.١ | ٪٠.٠ | ٪٠.٤ | ٪٩.٠ |
| ٪ کۆی گشتی | ٪٢٦.٦ | ٪١٣.٧ | ٪١٦.٩ | ٪٤٢.٨ |

خشتەی ژمارە (٤٦)

ئەنجامی تایبەت بە بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە زمانی نووسیندا (پ-٤)




**چارتی ژمارە (٢٦)**

**بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە زمانی نووسیندا (پ-٤) .**




**چارتی ژمارە (٢٧)**

**بەکارهێنانی سەرجەم وشە و دەربڕاوە یاساییەکان لە لایەن سەرجەم بەشداربووان لە زمانی نووسیندا (پ-٤) .**

لە بەراوردکردنی خشتەی کۆزانیاریی وشەیی وشە و دەربڕاوە پاساییەکانی (٢/٣) و ڕادە و ڕێژەی کۆزانیاریی بەچەمککراوی ئاخێوەرانی زمانی کوردی، کە لە خشتە و چارتە ئامارییەکانی (٣/٣)ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو ڕاستییە پاساودان دەکرێت، کە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری کورد ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە شارەزایی کۆکراوەی هەستەوەرییانەی بەچەمککراو لە فەرهەنگی ئاوەزییدا. ئەمە جگە لە پاساودانی ئەو ڕاستییەش، کە لە لایەکەوە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری کورد وابەستەی ڕادە و ڕێژەی چۆنێتی و چییەتی بەکارهێنانە زمانییەکانی زمانەکەیە، لە لایەکی تریشەوە نەشارەزایی و نەبوونی کارامەیی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیی هەندێک ئاخێوەری کورددا بێ بڕشتی فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردی ناسەلمێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تەنها بوونی ئەو ڕێژانەی ئاوخێوەری ئاسایی و ئاخێوەری پسپۆڕی بواری پاسا، کە لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا شارەزاییان دەربارەی (کۆزانیاریی وشەیی) وشە و دەربڕاوە پاساییەکان هەیە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، کە فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردی خاوەنی داڕشتەی کۆزانیاریی وشەیی بواری پاسایە و بگرە بەبڕشتیشە، بوونی ڕێژەی دیاریکراو لە ئاخێوەران، کە شارەزاییان دەربارەی (کۆزانیاریی وشەیی) وشە و دەربڕاوە پاساییەکان نییە، بەڵگەی ڕوونی ئەو سەلماندنەن، کە ئەم ئاخێوەرانە بۆیە لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا هیچ کۆزانیارییەکی وشەیی دەربارەی ئەو وشە و دەربڕاوە پاساییانەیان نییە، چونکە لە بنەڕەتدا هیچ شارەزاییەک و ئەزموونێکی بەچەمککراوییان دەربارەی ئەو وشە و دەربڕاوانە نییە.

لە ڕاستییدا داهێنانی (خشتەی کۆزانیاریی وشەیی) لە بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە تەنها بۆ سەلماندنی بوونی (فەرهەنگی ئاوەزی) نییە لە زماندا، بەڵکو پێوەر و بنەمایەکیشە بۆ چەسپاندنی ئەوەی، کە (فەرهەنگی ئاوەزی) هەر لە بنەڕەتدا ئەبستراکت نییە، چونکە خودی ئەو کۆزانیارییە وشەییانە تەنها و تەنها لە شارەزایی بەچەمککراوەوە سەرچاوە دەگرن و تەنها ئاخێوەری بە ئەزموون لەو بوارەدا، بەشێوەیەکی ڕەوان توانای بەکارهێنانی زمانی کوردی هەیە. ئەمەش ڕاستەوخۆ بەڵگەی (بنەمایی بەکارهێنان)ە لە پێوازۆی بەچەمککردنی (کۆزانیاریی وشەیی) وشە و دەربڕاوەکانی زمانەکەدا.

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی فۆڕمە ڕاپرسییەکانی پاری سێیەمی بەشی سێیەم پاساودانی دروستی (بنەمایی بەکارهێنان)ە لە بەچەمککردنی کۆزانیاریی وشەییدا و جەختکردنەوەشە لەسەر بەبڕشتی فەرهەنگی ئاوەزیی زمانی کوردی وەک زمانێکی ڕەسەنی خاوەن ڕیشەی کۆزانیاردار، کە دەتوانێت لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و گشت بوارە جیاواز و پسپۆڕی و ئەکادمییەکاندا بەکاربهێنرێت. بۆیە لەم شرۆڤە تەتەڵەکراوانەوە ئەو چەمکە درکپێکراوە هەڵدەهێنجرێت، کە ئەوە هەندێک بەکاربەری زمانی کوردییە ویستی نییە، یان توانست و توانای نییە زمانی کوردی وەک زمانی زانست و ئەکادیمی بەکاربهێنێت، نەک بێ بڕشتی زمانی کوردی.

# ئەنجام

لە ئەنجامی شیکردنەوەی و لێکدانەوە تیۆریی و کارەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، چەند ئەنجامێک دەستەبەر دەکرێت:

١- مرۆڤ بە ڕێژەیەکی زۆر پەیپێبردن و تێگەیشتنی بۆ ڕاستی و جیهانی دەرەوە لە لایەن سروشتی جەستە و توانا درکپێکردنەکانییەوە دەهێننەئاراوە، واتە لە ڕێگەی جەستە و هەستەوەرەکانییەوە ،ژینگە و دەوروبەری ئەزموون دەکات و تاقیدەکاتەوە، پاشان تێگەیشتنەکانی بنیاتدەنێت و لە ئاوەزییدا دایدەکات، بە کۆدیدەکات و پاشان بەهۆی وشە و دەربڕاوەکانەوە دەریدەبڕێت .

٢- بانگەشە و تێڕوانینی زانستی زمانی درکپێکردن بە گشتی و سیمانتیکی درکپێکردن، ئەوە دەسەلمێنێت، کە فەرهەنگی ئاوەزی بریتییە لە فەرهەنگی داڕشتەی چەمکی .

٣- کۆزانیاریی وشەیی بریتییە لە کۆزانیاریی بەکارهێنانی زمان، واتە ئەو کۆزانیارییەی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا چوارچێوەی بۆ دادەڕێژرێت و دەنەخشرێنرێت، بریتییە لە کۆزانیاریی بەکارهێنانی وشەکان .

٤- گۆڕان و چەسپاندنی کۆزانیاریی وشەیی ناو فەرهەنگی ئاوەزیی بەکارهێنەری زمان پەیوەست بە پێڕەوی ناوەکی زمانەوە وابەستەی گۆڕانی بۆنە و بوارەکانی بەکارهێنانی وشەکانن لە زمانەکەدا.

٥- توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ وەک (پەیپێبردن، تێڕوانین، گۆشەنیگا ....هتد) لە داڕشتن و ڕێکخستنی ڕستەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، واتە ئەو توانایانە داڕشتەی قاڵبە ڕێزمانییەکان دادەڕێژن .

٦- قاڵبی ڕێزمانی زمانی کوردی داڕشتەیەکی نەرمونیانە، واتە داڕشتە ڕێزمانییەکان وابەستەی چۆنێتی و چەندێتی کارامەیی کۆزانیاریی وشەیی بەکارهێنەری زمانەکەن .

٧- وشەکانی زمان جگە لە واتا بەکۆدکراوە باوەکانیان، خاوەنی واتای ترن، کە دەقەکان بە وشەکانی دەبەخشن، تەنانەت داڕشتەی ڕێزمانییەکانی وەک مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردییدا، جگە لە واتا سیمانتیکییە دیاریکراوەکانیان، بەهۆی ئەو دەقانەی تێیاندا بەکاردەهێنرێت، چەندین شێوە و جۆری واتای جیاوا دەردەبڕن .

٨- وشە، دەربڕاو و جۆر و تەرزە جیاوازەکانی ڕستە وەک یەکیەکەی سەربەخۆ لە فەرهەنگی ئاوەزییدا دادەکرێن لەگەڵ یەکدا تۆربەندئاسا پێکەوەبەستراون .

٩- فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری کورد ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە شارەزایی کۆکراوەی هەستەوەرییانەی بەچەمککراو، کە وابەستەی ڕادە و ڕێژەی چۆنێتی بەکارهێنانی زمانەکەیانە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا .

١٠- زمانی کوردی زمانێکی بە بڕشتە و لە توانایدایە هەروەک بواری یاسا لە سەرجەم بوارەکانی تری ژیان، گشت بوارە جیاواز و پسپۆڕی و ئەکادیمیەکاندا بەکاربهێنرێت .

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردییەکان

**کتێب:**

**١. بەکر عومەر عەلی (2014) چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر .**

**٢. شیلان عومەر حسێن (2012) پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.**

**٣. غازی عەلی خورشید (2008) سایکۆلۆجیای زمان ( ئێمە چۆن قسە دەکەین، دەبیستین، دەخوێنینەوە، دەنوسین و بیردەکەینەوە ) هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.**

**٤. کاروان عومەر قادر (2008) ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.**

**٥. کاروان عومەر قادر (2012) فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.**

**٦. محەمەدی مەحوی (2001) ڕستەسازی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.**

**٧. محەمەدی مەحوی (2001) زمان و زانستی زمان سلێمانی، چاپخانەی سەردەم .**

**٨. محەمەدی مەحوی (2009) کۆمەڵێک زمانەوان مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی .**

**٩. محەمەدی مەحوی، کاروان عومەر قادر، شیلان عمر حسێن (2010) دروستەی کردار بنەماو دیاردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .**

**گۆڤار:**

**١٠. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (2016) لێکدانەوەی تاف و کات لە زمانپژانی منداڵی کوردا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، بەشی (B) ژمارە (50) .**

**١١. کاروان عومەر قادر (2012) سیستمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، بەشی (B) ژمارە (34) .**

**١٢. کاروان عومەر قادر (2017) داڕشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەشی (4) ژمارە(13).**

**١٣. کاروان عومەر قادر (2019) کەسێتی قسەکەی ڕەسەن لە نێوان ئەفسانەو زانستدا ( هەڵە تێگەیشتنی چەمکییانەی زاراوە زانستییە ئینگلیزییەکانی وانەی زانستی پۆلی یەکەم وەک نموونە، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، ڕەزامەندی بلاوکردنەوە، بلاونەکراوە.**

**١٤. ئاڤێستا کەمال مەحموود و شاخەوان جەلال فەرەج (2013) ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمە زمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووهەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، بەشی (B) ژمارە(43).**

**نامەی زانكۆیی بڵاونەكراوە:**

١٥. ئەبوبكر عومەر قادر، ٢٠٠٣، بەراوردێكی مۆرفۆسینتاكسی لە زمانی كوردی و فارسی دا، نامەی دكتۆرا، سلێمانی.

١٦. بەهرە سەلام حمەغریب (٢٠١٦) شرۆڤەكردنی مەرجی راستەقینەیی لە واتی زمانییدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.

